

# ئاوگوست

# ستریندبێرگ

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە (٧١٠)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.org**

# ئاوگوست

# ستریندبێرگ

ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن
بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن

دانا ڕەئووف

سلێمانی ٢٠١٤

ناوی کتێب: ئاوگوست ستریندبێرگ
نووسینی: دانا ڕەئووف
بابەت: لێکۆڵینەوە/ بیۆگرافیا
دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٧٠٠
نرخ: ٤٥٠٠ دینار
چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٤
کوردستان ــ سلێمانی
**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٣٢)ی ساڵی ٢٠١٤ پێ دراوە**
**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©**

## ناواخن

دەروازەیەک ........ ١١

**بەشی یەکەم**

منداڵی و سەرەتاکانی ژیان ........ ١٧

**بەشی دووەم**

ستریندبێرگی نووسەر ........ ٢٥

شانۆ و دەسپێکی گرینگ ........ ٣١

ئوستاد ئولۆف ........ ٣٢

**بەشی سێیەم**

سەرەتای عیشقێکی گەورە و ناوبانگێکی ئەدەبی ........ ٣٩

ژووری سوور ........ ٤٧

**بەشی چوارەم**

سەفەر و ژیانی تاراوگە ........ ٥٥

سیری و چیرۆکەکانی (ژنومێردایەتی) و شەڕی دژ بە ئافرەت ...... ٦١

ژنومێردایەتی و کۆتایی سەرەتای شەڕێکی درێژخایەن ........ ٦٣

دەگەڕێمەوە ... ........ ٦٦

گەشتی خەیاڵستان ........ ٦٨

کاپتن و شەڕێکی دۆڕاو ........ ٧٠

کوڕی کارەکەر ........ ٧٤

**بەشی پێنجەم**

باوک، خاتوو ژولیا و سەرەتایەکی نوێ لە دانیمارک .................. ٧٧
گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک .............................................. ٨٤
خاتوو ژولیا .................................................................................. ٨٨
خاتوو ژولیا و گەمەی دەسەڵات ..................................................... ٩١
ستریندبێرگ و نیتشە ..................................................................... ١٠٦
ستریندبێرگ و شانۆیەکی ئەزموونگەری ........................................ ٩٥
پاریا، ئەڵتەرناتیڤ یان تەقەلای خۆ ڕزگارکردن ........................... ٩٨

**بەشی شەشەم**

گەڕانەوەیەکی کاتی، جیابوونەوە و سەرلەنوێ هاوسەرگیریکردن ... ١٠٣
گەشتێک بەناو سروشتی سوێد و دەستبەردان لە سیری ............ ١٠٩
ستریندبێرگێکی وێنەکێش و وەهمی ژیانێکی تر ......................... ١١٢
بەرلین ............................................................................................ ١١٦
ستریندبێرگ و فریدا ئوول .............................................................. ١٢١
لە مانگی هەنگوینییەوە بۆ لەندەن ................................................... ١٢٢
زەنگی نائارامی ................................................................................ ١٢٥
شێشتین و نزیکبوونەوە لە کۆتایی ................................................ ١٣٠

**بەشی حەوتەم**

دۆزەخی ژیان و ڕۆمانی دۆزەخ ...................................................... ١٣٢
پاریس، دەروازەیەک بۆ دۆزەخێکی دەروونی .............................. ١٣٥
دامەزراندنی شانۆیەکی نوێ و سەرکەوتنەکانی ستریندبێرگ .... ١٣٧
هۆتێلی ئۆرفیلە و یادەوەرییە نهێنیئامێزەکان ............................... ١٤٦

**بەشی هەشتەم**

کۆتایی بازنەکە و گەڕانەوەیەکی یەکجارەکی ............................... ١٥٣
دوا سەفەری ستریندبێرگ بۆ پاریس ............................................ ١٦٠
گەڕانەوە بۆ سوێد، گەڕانەوە بۆ سەر شانۆکان .......................... ١٦٦
ناوبانگ و سەرەتای عیشقێکی تر .................................................. ١٦٥

**بەشی نۆیەم**

خاتوو بۆسە، کورپەیەکی بچووکتان لە من دەوێت ........................ ١٧٧
ستریندبێرگ و هاوسەرگیریی سێیەم ............................................ ١٧٩
خەونەنمایشێک ........................................................................... ١٨٥
پێناسەی ستریندبێرگ بۆ خەونەنمایشێک ..................................... ١٨٦

**بەشی دەیەم**

لە "ئاڵا ڕەشەکان"ەوە بۆ... ........................................................ ١٩٥
بیتهۆڤن و شەوچەرەی مۆسیقا ...................................................... ١٩٩
چاپی یەکەمی "ئاڵا ڕەشەکان" ...................................................... ٢٠٠
کتێبە شینەکان ........................................................................... ٢٠٢
ستریندبێرگ لە چوار کتێبی شیندا ................................................. ٢٠٤
دوا چیرۆکەکان ........................................................................... ٢٠٨

**بەشی یازدە**

شانۆی ئینتیم و خەونە دێرینەکەی ستریندبێرگ ............................ ٢١١
کاریگەریی ئەڵمانییەکان بەسەر سوێدەوە ..................................... ٢١٥
ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە هەوڵەکانی ستریندبێرگ ..................... ٢١٦
دامەزراندنی شانۆی ئینتیم ............................................................ ٢١٨

(ژوورەنمایش) و سەرەتاکانی شانۆی ئینتیم ................................ ٢٢٣
سۆناتای تارمایی ................................................................ ٢٢٧
نامەی کراوە بۆ ئەندامەکانی شانۆی ئینتیم ................................ ٢٢٩
شانۆی ئینتیم و هەستانەوەیەکی تر ................................................ ٢٣٣

**بەشی دوازدە**


لەدەستدانی تەواوی هارییەت بۆسە و... ........................................ ٢٣٧
فانی فالکنەر و ڕێگەیەکی تر بۆ خۆشەویستی ................................ ٢٤٣
تاوەری شین و ژیانێکی تەنیایی ................................................ ٢٤٦
هاوینێکی تەنیا و شانۆنامە مێژووییەکان ...................................... ٢٥٧
فانی فالکنەر، ئەلتەرناتیڤ یان شازادەی... ...................................... ٢٥٠
کەوشەکانی ئەبو قاسم .......................................................... ٢٥٢
شارێگە و دوا گۆرانیی ستریندبێرگ .............................................. ٢٥٦

**بەشی سیازدە**

دوا شەڕ و ناکۆکییەکانی ستریندبێرگ .......................................... ٢٦١
سنوورە فراوانەکانی زمان و گەردوونێکی بێکۆتا ................................ ٢٦٨

**بەشی چواردە**

مەرگ و دوا وێستگەکانی ژیان .................................................. ٢٧٣
شای شاعیران و شاعیری گەل .................................................. ٢٧٩
سەرچاوەکان ...................................................................... ٢٨٥
بە سوێدی ........................................................................ ٢٨٥
بە کوردی ........................................................................ ٢٨٧
فیلم .............................................................................. ٢٨٧



به تاسه و تامەزرۆیی بەهەشتەوە لەدایك بووم، وەك منداڵێك بۆ قێزەونیی بوون گریام، هەستم دەكرد، لەنێو خزم و كەسوكار و كۆمەڵگەدا، بێگانەم. هەر لە سەردەمی منداڵیمەوە بە دوای خودای خۆمدا گەڕام، بەڵام شەیتانم دۆزییەوە. من لە گەنجیمدا خاچی مەسیحم لە كۆڵ نا و حاشام لە خودایەك كرد، كە قایلمەندە بەوەی ببێتە كەڵەگای كۆیلەگەلێك، كە دەستی جەللادەكانیان ماچ دەكەن.

ئاوگوست سترێندبێرگ
لە كتێبی "دۆزەخ"ەوە

**دەروازەیەك**

تا ئێستا چەندین جار کارم لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی نووسەری سوێدی (ئاوگوست ستریندبێرگ) بە کوردی و بە سوێدی کردووە. یەکەم بەرکەوتنەکانیشم لەگەڵ ئەم نووسەرە، دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا قوتابی بووم و ڕۆژانە کارمان لەسەر شانۆنامەکانی دەکرد.

لە سوێدیش، کە زێدی ئەم نووسەرەیە، زیاتر بە ژیان و بەرهەمەکانی ئاشنابووم، فێربوونی زمانی سوێدی ئەو دەرگایەی بۆ کردمەوە، کە ڕاستەوخۆ بەرهەمەکانی بەو زمانە بخوێنمەوە، کە پێی نووسراون.

ستریندبێرگ قۆناغێکی گەورە و گرینگی ژیانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و ئەدەبیی سوێدە و هیچ کەسێک ناتوانێت لە دەرەوەی ئەم ژینگەیە و وڵاتی سوێدەوە و لە دەرەوەی ئەو فەرهەنگە سوێدییەوە، بە تەواوی لە ستریندبێرگ تێبگات.

نووسەری بە ئەزموونی سوێدی و ستریندبێرگناس (یان میردال) دەڵێت: "لە سوێد ستریندبێرگ گرینگییەکی تایبەتی بۆ ئێمە هەیە. ئەو بۆ ئێمە تەنها نووسەرێک نییە، ئەو ژیانێکە، هەروەها ئەویش هەر وای دەخواست. ئەو خودی خۆی لە ئێمەدا نووسیوە."

ستریندبێرگ بەشێکە لە سیمبوڵە نەتەوەییەکانی وڵاتی سوێد و سوێدییەکان، وەک مینیومێنتێکی نەتەوایەتی مامەڵەی لەگەڵ

دەکەن و ڕێز لەو کولتووره دەوڵەمەنده دەگرن، که ئەم نووسەره له دوای خۆی بەجێی هێشتووه.

ستریندبێرگ یەکجار فرەبەرهەم بووه و هەموو فۆرم و شێوازەکانی نووسین: ڕۆمان، پرۆسه، شیعر، کورتەچیرۆک، نۆڤێلت، شانۆنامه، پەخشان، ڕیپۆرتاژ، سەفەرنامه، گوتار، ڕەخنەی هونەری و ئەدەبی و مێژوویی تاقیکردووەتەوه. هەروەها دەسەڵاتێکی ئەفسووناویی بەسەر زمانەوه هەبووه، وا له زمان و وشه و دەستەواژەکان دەکات و به شێوەیەک بەکاریان دەهێنێت، هەروەک ئەوەی تازه بن و هەرگیز لەوەوبەر، نه له ئێستا و نه له ڕابردوو و نه له داهاتوودا بەو شێوەیه بەکارنەهێنرابن. به نووسین و داهێنانەکانی توانیویەتی زمانی سوێدی و دراما و شانۆی جیهانی نوێ بکاتەوه و لەسەر ئاستی جیهان، چەندین دەرگا و هەلومەرجی تر و جودا به ڕووی ئەدەب و هونەردا بکاتەوه، تا ئێستایش کۆی بەرهەمەکانی له ٧٢ بەرگدا و نامەکانیشی له ٢٢ بەرگدا چاپکراون.

هیچ نووسەرێکی سوێدی هێندەی ستریندبێرگ له ناو نووسینەکانیدا نەژیاوه، هیچ کەسێکیش هێندەی ئەو بۆ نووسینەکانی نەژیاوه و هەرگیز حەزی به دونیای نهێنیئامێز و شاردنەوەی شتگەل نەکردووه و وەک نووسەریش کاری ئەوه بووه پەرده لەسەر نهێنییەکانی خۆی و کەسانی تر و کۆمەڵگه هەڵبماڵێت.

ستریندبێرگ بەردەوام لەگەڵ خۆی، دەورووبەرەکەی و کۆمەڵگەیشدا لە کێشە و دابڕاندا بووە، بە شێوازی تر بیری کردووەتەوە، نووسیویەتی و بە فۆرمی جۆراوجۆر بەرهەمی تری خوڵقاندووە. ستریندبێرگ کەسێکی گەڕۆک و نائارام بووە، لە هیچ شوێنێک هەستی بە ئاسوودەیی نەکردووە و بە بەردەوامی هەموو شتەکانی لە دوای خۆیەوە: ڕاستییەکان، بیروبۆچوونەکانی، هاوڕێکانی، ژنەکانی، منداڵەکانی، ناونیشانەکانی، شار و وڵاتەکانی بەجێهێشتووە. ئەم گەڕۆکییەیش بەشێک بووە لە بەرهەمەکانی، هەموو وێستگەی شەمەنەفەرەکان، ژووری کرێگرتە، هۆتێل، موتێل، ژووری ساکاری گوندەکان، شارە گەورەکان و وڵاتان، تەنها لە ڕووی جوگرافییەوە شوێنێک نەبوون بۆ جێگەی گوزەرانی ئەو، بەڵکو ئەو شوێنانە، بەپێی ڕەوشی ئەو ڕۆژگارەی خۆی و بەپێی بارودۆخەکان بوونەتە شیعر، وێنە و سمبوڵ و لە کارەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، هەموو بەرهەمەکانیشی ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆین، کۆی بەرهەمەکانی بریتین لە بیۆگرافیایەکی گشتگر و گەورەی ژیانی.

نووسەری سویدی (ئولۆف لاگەرکرانس) کە یەکێک لە چڕترین و باشترین کتێبەکانی لەسەر ژیانی ستریندبێرگ نووسیوە، دەڵێت: "نووسینی بیۆگرافیای ستریندبێرگ، کە تەنها ٦٣ ساڵ ژیاوە، وەک ئەوە وایە بیۆگرافیای کەسێک بنووسیت، کە ٦٣٠ ساڵ ژیابێت."

هەر لەبەر ئەوەیشە زۆربەی پسپۆڕەکانی بواری ژیان و شیکردنەوەی بەرهەمەکانی ستریندبێرگ، دووپاتی ئەوەیان کردووەتەوە، کە تەنها یەک ستریندبێرگ نییە، بەڵکو چەندین ستریندبێرگ هەن و هەر هەمووشیان لەگەڵ یەکتریدا لە شەڕدا بوون، لە ململانێیەکی سەختی سۆز و عەقڵدا بوون. ستریندبێرگ، خۆی زۆر جار ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (ئەوان لەو بڕوایەدا بوون بە بێدەنگی یان بە پیسی دەکوژن، بەڵام من ناتوانم بمرم، لەبەرئەوەی وا لەدایک بووم، کە بژیم و سەرکەوتن بەدەست بێنم.) یان لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (من بۆ ئەوە نانووسم، کە پێی دەگوترێت شیعر، دەنووسم بۆ ئەوەی بە شەڕ بێم.)

ئەم نووسەرە هەمیشە بەگومان و دوودڵ بووە، گومان جۆرە پرنسیپێک بووە لە ژیانیدا، گومان لە هەموو شتێک و لە هەموو کەسێک، ئەمەیش بنەمایەکی پتەوی گومان و دوودڵییە لە خودی خۆی. شەڕی ژن و پیاو، یەکێک لە بابەتە سەرەکی و گرینگەکانی ئەدەبی ستریندبێرگ پێکدەهێنێت، ئەمەیش شتێکی ئاساییە، چونکە ستریندبێرگ لە زۆربەی ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامەکانیدا، وێنەی ژن و پیاوی لە ڕووبەڕووبوونەوەدا کێشاوە و هەمیشە ژن و پیاو لەگەڵ یەکتر لە شەڕدا بوون.

ئەم نووسەرە تەنانەت بە ژنەکانیشی نامۆ بووە، لە ژیانیدا سێ جار ژنی هێناوە، بەڵام هەرگیز ئارام و دڵنیا نەبووە، نە لەگەڵ ژنەکانی و نە لەگەڵ هیچ ژن و کەسێکی تردا. ئەو هەر بە تەنها دژی ئافرەت نەبووە، بەڵکو دژی خۆی و هەموو کەسێکی تریش بووە، چونکە مرۆڤێکی نامۆ و ناتەبا و جیاواز بووە.

ئەم نووسەرە تەنها لایەنێکی گرینگی ئەدەب و کولتووری سوێدی نییە، بەڵکو بەشێکە لە تەوژمە هونەری و فیکری و تەنانەت سیاسییەکانی ئەودەمەی ئەورووپا و بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ کردوون و لەناویاندا و لەگەڵیاندا ژیاوە. زۆربەی ژیانیشی، کە لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە فەڕەنسا، سویسرا، دانیمارک و ئەڵمانیا دەباتە سەر، ئەو هەلومەرجە ئەوروپییەی بۆ دەخوڵقێنن.

ستریندبێرگ کەسێکی تەنیا و نامۆ بووە، لەبەرئەوە لەگەڵ کەس هەڵی نەکردووە. بێگومان ئەم تەنیاییە لە ئەدەبەکەشیدا، لە هەڵسوکەوتی کەسایەتی و لە بەشێکی زۆری کاراکتەرە بەرجەستەکراوەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە: کاراکتەری (باوک) هیچ کەسێک نییە، جگە لە دوژمنەکانی، کە بتوانێت دوو قسەیان لەگەڵدا بکات. (خاتوو ژولیا) چەندە بە باوکی نامۆیە، هێندەیش بە جان و کریستین، ئەمە جگە لە کاراکتەری سەرەکیی (دۆزەخ) کە لە دۆزەخ و زیندەخەونێکی ترسناکدا، بە تەنیا و دوور لە هەموو دونیا دەژی.

ستریندبێرگ بۆ زاڵبوون بەسەر نامۆیی ژیان و تەنیاییەکی ڕەهادا، هەموو کارێکی کردووە: مامۆستایی، کۆمبارسی شانۆ، ڕۆژنامەنووسی، کارمەندی کتێبخانە، ڕەخنەگری کۆمەڵگە، کیمیاگەر، ئاڵتون دروستکەر، وێنەکێش، وێنەگر، دامەزرێنەری شانۆ و شانۆکار، بێگومان لە سەرووی هەموو ئەمانەیشەوە کاری نووسین.

کەسیش لە خۆی باشتر باسی ژیان و بیۆگرافیای خۆی نەکردووە. هەموو ژیانی لە دید و بۆچوونی جۆراوجۆرەوە، لە

ڕوانگەی پەیوەندییەکانی و گەشت و ناکۆکییەکانییەوە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و بوونەتە شیعر و ئەدەب.

ئەم نووسەرە لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا، لە هەموو کاتێک زیاتر بیری لە پەیوەندییەکانی نێوان شیعر و ژیان کردووەتەوە. لە شیعردا ژیاوە و ژیانی کردووە بە شیعرێکی بەرز، بە شانۆنامەیەکی خەونئامێز و لە ژیانێکی ئەندێشەئامێزەوە بە ڕاڕەوەکانی ئەدەبێکی پڕ لە ژیانی کەسێکی بێپەروادا گەڕاوە. ستریندبێرگ تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی، بە بەردەوامییەوە لە دوودڵیدا ژیاوە و ئەم پرسیارانەی لە خۆی کردووە: من لە کوێم؟ چۆن هاتووم بۆ ئێرە؟ ئێستا من بووم بە چی و چی بکەم؟ بەڵام لەو گەڕانە بەردەوامە گەردوونییەیدا نەیدەتوانی لە خاڵێکدا بگیرسێتەوە یان لە تەنها دونیایەکدا بژی، هەر لەبەر ئەوەیشە لە کۆتاییدا دەگاتە مەسیحییەت و بڕوایەکی قووڵی دینی، تەنها بڕوا ئەوی گەیاندووەتە خاڵە ناکۆتاکانی ڕۆح.

هیوادارم ئەم کتێبەی منیش بە شێوەیەک لە شێوەکان وەڵامی ئەو پرسیارانەی دابێتەوە و زەمینەیەکی لەباری بۆ تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی زیاتری ژیان و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە گەورەیە خۆش کردبێت.

**دانا ڕەئووف**

**١٠/ ٥ / ٢٠١٣**

**ستۆکهۆڵم**



# بەشی یەکەم
# منداڵی و سەرەتاکانی ژیان

یوهان ئاوگوست ستریندبێرگ ڕۆژی بیستودووی مانگی یەکی ساڵی ١٨٤٩، لە ناوچەی (ڕیدەرهۆڵمن) لە شاری ستۆکهۆڵم لە دایک بووە. باوکی (کارل ئۆسکار) ١٨١١ – ١٨٨٢ بە کاروباری بازرگانییەوە خەریک بووە، دایکیشی (ئولریکا ئێلێۆنۆرا نۆرلین) ١٨٢٣– ١٨٦٢، ئافرەتێکی کەنیزەک و بەردەست بووە لە لای باوکی. بنەماڵەی ستریندبێرگ لە باوکییەوە خەڵکی ناوچەی (نۆرلاند) واتە باکووری سوێد بوون، باپیری (زەکەرییاس ستریندبێرگ)، ساڵی ١٧٥٨ لە خێزانێکی کەشیشی دەسترۆیشتوو لە دایک بووە، باوکی قەشەی ناوچەی (یمتلاند) دەبێت، باپیری ستریندبێرگ هەر زوو ناوچەکەی خۆیان بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ستۆکهۆڵم.

باپیری ستریندبێرگ کەسایەتییەکی بەهێزی هەبووە و بە ئاسانی کاری کردووەتە سەر خەڵک و بە هەنگاوی پتەو و خێرا چووەتە پێشەوە. لە ستۆکهۆڵم پلەوپایەی سەربازی بە دەست دەهێنێت، لە هەمانکاتدا ڕێکخراوێکی گەنجان بۆ سەما و مۆسیقا و شانۆ دادەمەزرێنێت و چەند شانۆنامەیەکیش بۆ ئەو ڕێکخراوە دەنووسێت.

ئەم بنەماڵەیە بە بازرگانی و کاروباری کەشتیی هەڵمییەوە، کە تازە هاتبووە سوێد، خەریک بوون. باوکی ستریندبێرگ، کارل ئۆسکار لە باوک و براکانییەوە ئەم پیشەیەی بۆ دەمێنێتەوە، وەک کارمەندێکی ئەو کەشتییانە کاری بازرگانی دەکات.

ستریندبێرگ سەرەتا لەگەڵ باوکیدا، دواتر لەگەڵ هاوڕێکانیدا هاوینان بە کەشتیی هەڵمیی سەردانی دوورگەکانی دەورووبەری ستۆکهۆڵم دەکات، ئەم گەشتانەیش بوونەتە جێگەی سەرنجی و هەر لەم ڕێگەیەشەوە لە سروشت نزیک بووەتەوە، لێی ڕاماوە، لێی کۆڵیوەتەوە و خۆشەویستیی سروشت و دەریای لە لا دروست بووە، ئەمەیش بە درێژایی ژیانی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

هاوینی دوورگەکان، دەنگی کەشتییە هەڵمییەکان، شەپۆلی زەریا و دوورگە و دارستانەکان بۆ ستریندبێرگ دەبنە هێماگەلی منالّییەکی بێگەرد، دەسپێکی ژیان لە سروشتێکی دەستلێنەدراو و تێڕامانێکی ئەبەدی. کارل ئۆسکاری باوکی، پەیوەندییەکی دلّداریی لەگەڵ ئولریکا ئێلیۆنۆرا نۆرلین هەبووە و بەرلەوەی لە ساڵی ١٨٤٧دا هاوسەرگیری بکەن، دوو منداڵی لێی بووە: ئاکسل و ئۆسکار. دوای ئەوان ئاوگوست، ئولوۆف و ئەمجا سێ کچی تر، ئاننا، ئەلیزابێت و ئێلیۆنۆرا لە دایک دەبن.

هەموو خوشک و براکانی ستریندبێرگ بەهرەی مۆسیقاییان هەبووە و مۆسیقا شتێکی هاوبەشی ژیانی ئەم خێزانە بووە. ئێلیۆنۆرا پیانۆی ژەنیوە. ئاننا و ئۆسکار کەمانچەژەن و ئاکسل چەلۆ، ئاکسل لە بەرەنجامدا دەبێتە هونەرمەندێکی مۆسیقیی ددانپێدانراو و مۆسیقایش دەبێتە پیشەی سەرەکیی ژیانی.

ستریندبێرگ لە شیعر و بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا، باسی شەوچەرە و مۆسیقای شەوانی ناو بنەماڵەکەیان دەکات، هەر لێرەیشەوە ئارەزووی بۆ مۆسیقا پەرە دەسێنێت و لەنێو

بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. بێتهۆڤن و شۆپان دەبنە دوو کۆمپۆستیۆر و مۆسیقاری گەورە و نزیک لە ڕۆحی ستریندبێرگەوە، کە بەردەوام گوێیان لێ دەگرێت.

باوکی ستریندبێرگ ساڵی ١٨٥٣ زیانێکی زۆر دەکات و بەم هۆیەوە نابووت دەبێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکی خراپیش بەسەر ڕەوتی ژیانی ئەو بنەماڵەیەوە جێ دێڵێت.

ساڵی ١٨٧٥، دوای ئەوەی باری گوزەران و بازرگانییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشووی خۆی، باوکی ئا لەم کاتەدا کاروکاسپییەکەیان بە (ئۆسکار)ی کوڕی دەسپێرێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی سەرەتای ناکۆکییەک لە نێوان ستریندبێرگ و باوکیدا، کە هەرگیز ڕەوتی ئاسایی و سروشتی خۆی وەرناگرێتەوە.



ستریندبێرگ بە درێژایی ژیانی لەگەڵ باوکیدا ناکۆک دەبێت و پەیوەندییەکانی نێوانیان پەیوەندیی باوک و کوڕ لەخۆ ناگرن. هەر لەسەر زمانی کاراکتەری (نەناسراو) لە شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)دا، کە کارێکی چڕی بیوگرافییە و لە ساڵی ١٨٩٨دا بەشی یەکەمی لە پاریس

نووسیوە، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە یەکێک لە گوناهەکانی ئەوەیە ئامادەی بەخاکسپاردنی باوکی نەبووە، بەڵام بە پێچەوانەوە دایکی زۆر خۆشویستووە و پەیوەندییەکی گەرم و پڕ لە سۆز و خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە.


دایکی ستریندبێرگ لە چینێکی هەژاردا گەورە بووە، باوکی بە کاروباری بەرگدروونەوە خەریک بووە و جگە لە ئولریکا ئێلیۆنۆرا، پازدە منداڵی تری هەبووە، پێنجیان هەر بە منداڵی مردوون. دایک و باوکی ستریندبێرگ بڕوایەکی قووڵ و پتەویان بە مەسیحییەت هەبووە، منداڵەکانیان فێری ئەوە کردبوو نوێژ بکەن، هەموو یەکشەموانێکیش سەردانی کڵێسایان کردووە، هەر لێرەوە، لە سەرەتاکانی تەمەنیەوە، بە دابونەریتە ئایینییەکان و بیروباوەڕی مەسیحییەت پەروەردە دەکرێت. لە کڵێسای ڕیدەرهۆڵمن بە پادشاکانی سوێد ئاشنا دەبێت، لەم کڵێسایەدا سێ پادشای سوێدی بە خاک سپێردراون: گوستاڤ ئادۆڵفی دووەم و کارلی دوانزەیەم، کە لە بەرەکانی شەڕدا کوژراون، هەروەها گوستاڤی سێیەم، کە ئەویش لەناو خانووبەرەی ئۆپێرادا لە ستۆکهۆڵم دەکوژرێت.

ستریندبێرگ زۆرجار سەردانی ئەم کڵێسایەی کردووە، لە گۆڕی ئەم پادشایانە وردبووەتەوە و بیری لە ژیانیان کردووەتەوە، دواتر ژیانی ئەم سێ پادشایە لە سێ شانۆنامەی جیاوازدا دەنووسێت.

ستریندبێرگ هەر لە منداڵییەوە کەسێکی شەرمن و گۆشەگیر بووە، ئاکسلی برای گوتوویەتی: "ستریندبێرگ بە

منداڵی، بۆ ئەوەی کەس سەیری نەکات، چووەتە ناو کەنتۆرەکانەوە و بە دزییەوە دەرپێکەی ژێرەوەی گۆڕیوە." هاوڕێکانی قوتابخانەیشی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە کەسێکی هێمن بووە و هەرگیز نەبووەتە جێگەی سەرنجی کەس. لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەموو ژیانیدا حەزی بە قەرەباڵغی کردووە، پێی خۆش بووە خەڵک ببینێت و خەڵک لە دەوری بن، لەم ڕووەوە خۆی گوتوویەتی: "بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆح و ژیانێکی ئازاد، تێکەڵاوبوونی خەڵک هەر زۆر گرینگە، تا زیاتر خەڵک ببینیت و قسەیان لەگەڵدا بکەیت، زیاتر دید و بۆچوونت دەبێت و ئەزموونەکانی ژیانت دەوڵەمەندتر دەبن."


هیچ نووسەرێکی باکووری ئەورووپا هێندەی ستریندبێرگ شادمان و بەختیار نەبووە بەوەی، کە لەسەر مێزی خواردن و خواردنەوە لەگەڵ هاوڕێکانی دابنیشێت، بەڵام هەمیشە شتێکی بچووک، پەیڤێکی لابەلا، دانیشتنێکی جیاواز بێزاری کردووە و میزاجی تێکداوە. بێگومان لە نووسینەکانیدا بە وردی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە هەمیشە شتێک لەم دانیشتنانەدا هەڕەشەی لەو ساتە پڕ لە خۆشی و بەختیارییانە کردووە.



ستریندبێرگ هەر لە سەرەتاکانی ژیانییەوە، لە هەر شتێک نیگەران بوایە، لە هەر کەسێک تووڕە بوایە یان تووشی هەر ناکۆکییەک ببوایە، گوتوویەتی: (خۆم دەکوژم و کۆتایی بە ژیانم دەهێنم.) ئەم دەستەواژەیەیش لە فەرهەنگی ئەم نووسەرەدا دەبێت بە جۆرە (کاردانەوە و تووڕەبوونێکی بەهێز). "خۆم دەکوژم" دەبێتە هێمایەک بۆ ستریندبێرگ کە ساڵ بە ساڵ وەک مرۆڤ، لە دونیای فەنتازیاوە نزیک دەبێتەوە و لە جیهانی شیعر و نووسینەکانیدا دەژی، تەنها ڕووداوێکی بچووک یان خەونێکی ناخۆش بەس بووە بۆ ئەوەی مەرگ لە نزیکەوە ببینێت.

لەوانەیە بیرکردنەوە لە خۆکوشتن بۆ ئەو بە ڕاستی تەقەلایەک بووبێت بۆ خۆکوشتن، بەڵام هەموو پسپۆڕ و شارەزایانی بواری ستریندبێرگ ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە خۆکوشتن لە لای ستریندبێرگ، مانای خۆکوشتن ناگەیەنێت و جۆرە گوزارشتێک بووە لە ڕەوشی ژیانی خۆی، لە بێزاری، لە تووڕەبوونێکی بەردەوام و لە نزیکەوە بینینی مەرگ و هەستکردن بە مردن.

یەکێک لە گەورەترین کارەسات و ڕووداوەکانی ژیانی خێزانی و خانەوادەکەی، نەخۆشیی دایکی و مردنە کتوپڕەکەی دەبێت. ئولریکا نۆرلینی دایکی لە بیستی مانگی مارتی ساڵی ١٨٦٢دا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. ستریندبێرگ لەو دەمەدا تەمەنی تەنها سیازدە ساڵان دەبێت و بە مردنی دایکی تووشی پەژارە و ئازارێکی زۆر دەبێت و خەم بە قووڵی دایدەگرێت، تا دوا ساتەکانی تەمەنیشی هەر بیری لە دایکی کردووەتەوە.



# بەشی دووەم

# ستریندبێرگی نووسەر

پاییزی ساڵی ١٨٦٧ ستریندبێرگ له زانكۆی ئۆپسالا دەست دەكات به خوێندنی زانستی دەرمان، بەڵام لەسەر خوێندن بەردەوام نابێت و دەگەڕێتەوە بۆ ستۆكهۆڵم تا له شانۆی پادشایەتی ببێت به ئەكتەر. وەک ئەكتەر بو ڕۆڵی زۆر بچووک و لاوەكی له چەند شانۆگەرییەكدا بەشداری دەكات، بەڵام ئەو بەهرە هونەرییەی نابێت تا ببێتە ئەكتەر، خۆیشی هەست به بێبەهرەیی خۆی له بواری نواندندا دەكات، لەبەر ئەوە له كار و پیشەی ئەكتەری دەكشێتەوە و لەبری ئەوە هەوڵ دەدات دەقی شانۆیی بنووسێت.

ستریندبێرگ له ڕۆمانی (كوڕی كارەكەر) كه بیۆگرافیای ژیانی خۆیەتی، چەندین ساڵ دواتر نووسیویەتی، باسی ئەم ڕووداوەی كردووە و بەم شێوەیە ئەو یادەوەرییانەی دەگێڕێتەوە: "له شانۆی پادشایەتیدا داوای ئەوەم كرد، یەكێک له ڕۆڵە سەرەكییەكانم بدەنێ و وەک ئەكتەریش دامبمەزرێنن." بەڵام ئەو داوایەی جێبەجی ناكرێت و لەبری ئەوە پێی دەڵێن، كه بچێت هونەری نواندن بخوێنێت و دوایی بگەڕێتەوە.

ئەم وەڵامە ستریندبێرگ تووشی نائومێدیی دەكات، به دڵی پڕ له گریانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، چەند ڕۆژێک دواتر شانۆنامەیەكی كۆمیدی له دوو بەشدا دەنووسێت. ئەم شانۆنامەیە، وەک كاردانەوەیەكی ئەو ڕووداوەی شانۆی پادشایەتی دەنووسێت و هەموو شانۆنامەكەیش به چوار ڕۆژ تەواو دەكات.

له نێوان ساڵانی ١٨٧٠ – ١٨٧٢دا له زانکۆی ئۆپسالا، سەرلەنوێ دەست دەکات به خوێندن، بەڵام کاتەکانی زیاتر له ستۆکهۆڵم بەسەر دەبات و تەنها له تاقیکردنەوەی (لاتین) دەردەچێت.

ستریندبێرگ هەوڵ دەدات له ئۆپسالا زمانەکانی باکوور، ئێستێتیکا و زمانه مۆدێرنەکان بخوێنێت، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆ به دەست ناهێنێت و به تەواوی دەگەڕێتەوه بۆ ستۆکهۆڵم، ئەمەیش کێشەکانی لەگەڵ باوکی زیاتر قووڵ دەکاتەوه.

هەرچەنده ستریندبێرگ هیچ بڕوانامەیەک بەدەست ناهێنێت و ناتوانێت خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، بەڵام هەر لەم قۆناغەدا ستایلێکی تایبەت به خۆی دەدۆزێتەوه، زمانێکی شیعری بەکار دەهێنێت و خۆیشی بڕیاری ئەوه دەدات ببێته نووسەر. هەر لەم دەمەیشدا دەست دەکات به نووسینی نامه. له سەرەتاوه، که دەزانێت دەیەوێت ببێت به نووسەر و له جیهانی ئەدەب و هونەردا دەژی، به خەتێکی گەوره دەست دەکات به نامەنووسین و بەم شێوەیەیش دەبێته یەکێک له گەورەترین و سەیرترین نووسەری نامەنووس له هەموو ئەدەبی جیهانیدا.

یەکێک له نامه بەرایییەکانی، که له بزربوون ڕزگاری بووه، دەگەڕێتەوه بۆ ساڵی ١٨٥٨، که له تەمەنی نۆ ساڵیدا، له گەشتێکی پشووی هاویندا بۆ ماڵەوەی نووسیوه. نامەکانیش له ڕووی درێژی، ناوەڕۆک و تۆنی نووسینەکانیانەوه جیاوازییان هەیه و زۆربەیان به زمانێکی ئەدەبی نووسراون.

ستریندبێرگ له بەشێکی زۆری ژیانیدا، بەتایبەتی له نێوان تەمەنی بیستویەک ساڵی و پەنجا ساڵیدا، نامەی لەگەڵ ئامۆزایەکیدا (یوهان ئۆسکار ستریندبێرگ) گۆڕیوەتەوە و بە بەردەوامی سەبارەت بە هەموو شتێک، گەورە و بچووک دواوە: کە بۆ هەموو شتێک ڕادەکات، کە لە لای دایکی گریاوە یان بۆ هەندێک شت خۆی هەڵکێشاوە، چووەتە دونیای فەنتازیاوە، لە خەڵک تووڕە بووە، پلانی خۆکوشتنی داناوە، باسی عیشقی خۆی کردووە و شەڕی لەگەڵ دونیای ئافرەت کردووە... هتد. هەر لەم نامانەدا بە وردی پەردە لەسەر هەموو خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ژیانی هەڵدەماڵێت و باسی شتە تایبەتییەکانی دەکات و بە تەواوی خۆی لە بەردەم ئاوێنەی ژیاندا ڕووت دەکاتەوە. لەم نامانەوە دەتوانین شوێنپێی ژیانی ستریندبێرگ بکەوین، هەندێک جار سەعات بە سەعات و لە هەموو چەشن و جۆرێک و بۆ هەموو کەسێک نامەی نووسیوە، نامەکانی چ لە ڕووی چۆنایەتی و چ لە ڕووی چەندایەتیشەوە جێگەی سەرنجن و بەشێکی گرینگی ژیانی ستریندبێرگ دەخەنە ژێر تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوەوە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ستریندبێرگیش، کە بەم شێوە بەربڵاوە نامەی نووسیوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەم نووسەرە کەسێکی کەمدوو و شەرمن بووە و بۆ ئەو نامەنووسین ئامرازێکی گرینگی پەیوەندیکردن بووە بە دونیای دەرەوە.

ستریندبێرگ لە نامەکانیدا چی تر ئەو کەسە شەرمنە نەبووە و بووەتە پاڵەوانێکی ڕامنەکراو و سڵی لە هیچ کەسێک

نەکردووەتەوە و هیچ شتێک بەربەست نەبووە لە بەردەمیدا، ئەمە جگە لەوەی نامەنووسین بۆ ئەو پەیامێک بووە و ویستوویەتی ئامانجێک بپێکێت، هەروەها بەشێکی درێژی ژیانی لە دەرەوەی وڵات، لە ئەڵمانیا، فەڕەنسا، سویسرا، دانیمارک بەسەربردووە و لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ سوێد، بە نامەنووسین بەردەوام بووە. هەر خۆیشی بەرپرسیاری یەکەمی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بووە و لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بووە لەگەڵ ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕیژیسۆر، ئەکتەر، دەزگای چاپەمەنی و وەرگێڕەکانیدا، ئەم پەیوەندییانەیش لە ڕێگەی نامەکانییەوە بووە. دیارە نامەکانیشی بە ڕاشکاوی و دڵێکی کراوەوە نووسیوە. بە بێ هیچ سانسۆرێک باسی شتە تایبەتییەکانی دەکات، چ لە ڕووی دەروونییەوە بووبێت یان لە ڕووی داراییەوە، یان لە ڕووی پەیوەندییە ئیرۆتیکییەکانی و بیروبۆچوونە ڕادیکاڵ و سیاسییەکانییەوە بووبێت. ئەو نامانەیش، کە لە ساڵی ١٨٨٠ بە دواوە نووسیونی، مەودایەکی فراوانیان لە خۆگرتووە، نامەکان درێژتر و هەمەلایەنن و بەوپەڕی ئاگاییەوە نووسراون. زۆرجار گرانە بزانرێت مەبەستی لە چ شتێکە، شیعرە یان کاراکتەری بەرهەمە ئەدەبی و شانۆییەکانییەتی دەدوێن، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە ستریندبێرگ لەم نامانەدا چیی نووسیبێت و بۆ کێی ناردبێت، مرۆڤ ڕووبەڕووی زمانێکی ئەدەبیی باڵا دەبێتەوە.

## شانۆ و دەستپێکی گرینگ

یەکێک لە شانۆنامە بەراییەکانی ستریندبێرگ، لە سیی مانگی نۆی ساڵی ١٨٧٠دا، کە تەمەنی تەنها بیستویەک ساڵان دەبێت، لەسەر شانۆی پادشایەتی پێشکەش دەکرێت. ئەم نمایشە دەبێتە ڕووداوێکی گەورە لە ژیانی ئەودا؛ بۆ یەکەمجار ناوی دەچێتە ڕیپۆرتواری شانۆی پادشایەتییەوە و ڕۆژنامەکان شانۆنامەکەی هەڵدەسەنگێنن و وەک شانۆنامەنووسیش مامەڵە لەگەڵ خۆی دەکەن. هەرچەندە ڕەخنەگرەکان هێرش دەکەنە سەر دەقەکە، بەڵام ستریندبێرگ بەم شانۆنامەیە یەکەم هەوڵەکانی بە فەرمیبوونی خۆی، وەک نووسەرێک دەخاتە ڕوو، بەتایبەتی شانۆنامەکەی لەو شانۆیەدا نمایش دەکرێت، کە چەند ساڵێک لەوەوبەر تەنها وەک کۆمبارسێک مامەڵەیان لەگەڵدا کردبوو. لەبەر ئەوە هێندە گرینگی نادات بە ڕەخنەکان و باکی بە ڕەخنەگرەکان نابێت.

ستریندبێرگ دوای ساڵێک، وەک شانۆنامەنووس دەگەڕێتەوە بۆ شانۆی پاشایەتی؛ لە ١٦ی مانگی دەی ساڵی ١٨٧١دا شانۆنامەیەکی کورتی یەک پەردەیی، بە نێوی (لە ڕۆم) پێشکەش دەکرێتەوە. لە یەکەم ڕۆژی ئەو نمایشەدا، بە ڕێکەوت (شا کارڵی پانزەیەم) پادشای ئەوکاتەی سوێد لەوێ دەبێت، نمایشەکە سەرنجی ڕادەکێشێت، لەبەر ئەوە وەک پاداشتێک و هاندانێکی ئەو نووسەرە گەنجە، دووسەد کرۆنی پێ دەبەخشێت.

ستریندبێرگ لە هەمان ساڵدا، وەک ڕۆژنامەنووس و دواتریش مامۆستا دەست بە کار دەبێت و زیاتر لە ناوەندە

ئەدەبی و هونەرییەکاندا دەناسرێت. هەر لەم ساڵانەدا یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بڵاودەکاتەوە، کە بەرجەستەی ژیانی ئۆپسالای دەکات و شاری ئۆپسالا لە ڕووداوەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها هەر لە مۆتیڤەکانی ئۆپسالاوە ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکانی دەنووسێت، لە شێوازە ڕۆمانتیکییەکان دوور دەکەوێتەوە و بنەماکانی ئەدەبێکی واقیعی ڕۆ دەنێت.



**ئوستاد ئولۆف**

ستریندبێرگ هاوینی ساڵی ١٨٧٢ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دەچن بۆ دوورگەی شیمن، کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای ستۆکهۆڵمەوە. ستریندبێرگ ئەو دوورگەیەی زۆر خۆشویستووە و چەند جارێکی تر لە تەمەنی گەنجێتیدا وەک میوانی هاوینە سەردانی کردووە.

لەم دوورگەیەدا، لەناو هاوڕێکانیدا و لەناو سروشتە جوانەکەیدا، بە ماوەیەکی کورت؛ لە نێوان سەرەتای مانگی شەش و مانگی هەشتدا، شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆف) دەنووسێت. ئەوکاتە تەمەنی تەنها بیستوسێ ساڵان بووە، ئەمەیش سەرەتای ئاماژەکانی بلیمەتیی ئەم نووسەرە گەورەیە

ئاشکرا دەکات. ئوستاد ئولۆف، شانۆنامەیەکی ئاینیی و مێژووییە، لە ناوەڕۆکێکی چڕ، دیدێکی قووڵی شانۆیی، زمانێکی ساکار، وێناکردنی کاراکتەری بەهێز و زیندوو، پەیوەندییەکی میکانیزمغی نێوان کاراکتەرەکان، ئەتمۆسفێر، ڕۆنانێکی درامیی پتەو و خوێندنەوەیەکی نوێی مێژوودا، بەرجەستەی دیدێکی ڕیفۆرمخوازانە دەکات. لە ڕووی تەکنیکیشەوە، لە کۆمەڵە دیمەنێکی کورت و سانا پێکهاتووە. ستریندبێرگ لەو تەمەنەیدا سوودێکی زۆری لە تەکنیکی شانۆییە مێژووییەکانی شەکسپیر وەرگرتووە و مێژووی لە زەمەنێکی نوێ و لە دیدێکی ترەوە ڕاڤە کردووە، شانۆنامەکەیش لە ژینگەیەکی کاتۆلیکیدا باسی کەسایەتیی (ئولاوس پیتری)ی قەشە دەکات؛ ئەم قەشەیە گەنجێکی ئیمانداری سوێدی بووە، بەڵام ئەزموونێکی زۆری لە کار و پێشەی قەشەییدا نەبووە و لە هەندێک گەمەی نێوان کڵێسا و دەسەڵات نەگەیشتووە. لەگەڵ ئەوەیشدا چەندین ڕیفۆرم دەکات و گەرەکی بووە سەرکردایەتیی تەوژمێکی ڕادیکاڵ و پڕ لە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی سوێدیدا بەرپا بکات، بەڵام ئەم قەشە گەنجە لە هەموو کار و پلانەکانیدا سەرکەوتوو نابێت، هۆکارەکەیشی لە پێش هەموو شتێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ملکەچیی ئەم سەرکردە ڕادیکاڵە گەنجە بۆ بەشێکی زۆر لە یاساکانی دەوڵەت و هێزی دەسەڵات. ئولاوس پێتری لە زەمەنی (گوستاڤ ڤاسا)دا ژیاوە، گوستاڤ ڤاسایش پادشایەکی دەسەڵاتدا و بەهێز بووە، لەبەر ئەوە ئولاوس پێتری نەیتوانیوە بە هیچ شێوەیەک ململانێی ئەم پادشایە بکات.

هۆڵی کڵێساکان لەم شانۆنامەیەدا، دەبنە بەشێک لە شانۆی ڕووداوەکان، زەنگی ئەو کڵێسایانەیش هەندێک جار لە دوورەوە دەبیستریێت و بەمەیش ڕۆڵی کڵێسامان بۆ دەخاتە ڕوو.

ئەم دەقەی ستریندبێرگ، لەسەر ئاستێکی تر و لە چەندین پلاندا، باسی دەسەلاّت، دەسەلاّتی سیاسی و دەسەلاّتی دینی، هەروەها کێشەی نێوان ئەم دوو دەسەلاّتەیش دەکات. دەسەلاّتە ئاسمانییەکان بە دەسەلاّتی سیاسیی سەر زەوی و ناو کۆمەڵگە بەراورد دەکات، کۆیاندەکاتەوە، لێکیان جیادەکاتەوە، ڕووبەڕووی یەکیان دەکاتەوە و ئاماژەیش بە مەسەلە ترسناکەکانی بەکارهێنانی دەسەلاّت و دەسەلاّتی دینی دەکات.

لەم شانۆنامەیەدا چەندین وێنە، دیدی جیاواز و هەست و سۆزی نووسەرێکی گەنج، پێکدادەچن و بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ئەم پێکداچوون و بەرکەوتنەیش لە کۆتاییدا لە هێڵێکی لۆژیکیی ستروکتوری دراماکەدا کۆدەبنەوە و دیدە گشتگرەکەی شانۆنامەکە پێکدەهێنێت.

ستریندبێرگ، لە هەموو دیمەنێکی ئەم دەقەیدا، وەک نووسەرێکی گەنج دەیەوێت پێشبڕکێ لەگەڵ نووسەرە گەورەکانی دونیادا بکات، لەم پێشبڕکێیەیشدا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت و تەکانێکی بەهێزیش بە شانۆی سوێدی ئەدات.

ستریندبێرگ وێنەیەکی بێخەوشی خۆی لە (ئوستاد ئولۆف)دا بەرجەستە دەکات، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ئەوەوە، کە ئولۆف لە

دیدگایەکی فراوانەوە، لە مەسەلەکانی ڕزگارکردنی ئیسرائیل، کە مەسەلەیەکی ناوەندە لە کولتووری ئەورووپیدا، هێماگەلی مرۆڤایەتی، پێغەمبەرەکان، هەڵگرانی بیروباوەڕی ڕاستی، بێگومان کەسایەتیی (مەسیح)یش، کە ڕێگەپێشاندەری ئازارهەڵگرەکانە. دراماکە، لەم دەروازانەوە جگە لەوەی جۆرە بیروباوەڕێکی دینی لەخۆدەگرێت، لە هەمان کاتدا تێڕوانینێکی گەردوونی بۆ شتەکانیش دەخاتە ڕوو.

شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆف) دادەنرێت بە شۆڕشێکی هونەری لە پرۆسەی نووسین و شانۆی سوێدی و خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگ و بنەڕەتییە. دراما و شانۆی سوێدی بەر لە (ئوستاد ئولۆف) لە ڕەوتێکی درامای ڕۆمانتیکی، مێژوویی و تراجیدیای مێژوویی و کۆمێدیدا دەسوڕایەوە و مۆرکی شانۆیەکی درامای خێزانی و خێزانە بۆرژوازییەکانی لە خۆ گرتبوو، بەڵام ستریندبێرگ بەم شانۆنامەیەی، بنەماکانی دراما و شانۆی سوێدی ڕۆنایەوە، تەکنیکی نواندن، دیالۆگ، ڕۆنانی درامی، کاراکتەر و مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەرۆکە دراميیەکاندا، شانۆی سوێدی گەیاندە ئاستێکی تر. ستریندبێرگ، کە شانۆنامەکەی لە مانگی هەشتدا تەواو دەکات، یەکەوڕاست دەینێرێت بۆ شانۆی پادشایەتی، بەڵام (ئوستاد ئولۆف) لەو شانۆیەدا هیچ گرینگییەکی پێ نادرێت و بێ ئەوەی بیخوێننەوە، دەینێرنەوە بۆ ستریندبێرگ.

کە شانۆی پادشایەتی دەست دەنێت بە ڕووی ئەم شانۆنامە گەورەیەوە، ستریندبێرگ سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر

شانۆنامەکە و دەست دەکاتەوە بە دارشتنەوەی: دیمەنەکان چڕتر دەکاتەوە، کاراکتەرە سەرەکییەکان، بەتایبەتیش (ئوستاد ئولۆف) و (ئەلاوس پێتری)، زیاتر ڕوون دەکاتەوە و ململانێ سیاسییەکەیش لە نێوان کڵێسا و کۆشکی پادشادا دەبەستێتەوە بە بنەما گشتییەکەی دراماکەوە. ستریندبێرگ ئەم گۆڕانکارییانە لە شانۆنامەکەدا دەکات، بەو هیوایەی کارمەندانی شانۆی پادشایەتی ئاوڕێکی تری لێ بدەنەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی سەیری دەقەکە بکەن، دەینێرنەوە بۆ ستریندبێرگ.

لە ساڵی ١٨٧٤یشدا (شانۆیەکی نوێ) دەکرێتەوە، ستریندبێرگ بەو هیوایە دەبێت (ئوستاد ئولۆف) بە بۆنەی کردنەوەی ئەم شانۆیەوە نمایش بکرێت، لەبەر ئەوە لە مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٧٤دا دەینێرێت بۆ ئەم شانۆ نوێیە، بەڵام ئەم شانۆیەیش هەر دوای چەند ڕۆژێک بۆی دەگەڕێنێتەوە.


لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی ستریندبێرگ بۆ نمایشکردنی ئەم شانۆنامەیە، بەڵام ئوستاد ئولۆف تا دە ساڵ لەسەر هیچ شانۆیەک پێشکەش ناکرێت.

شارەزایانی بواری لێکۆڵینەوەی ژیان و بەرهەمەکانی ستریندبێرگ دووپاتی ئەوەیان کردووەتەوە، کە هەموو ژیانی ئەم نووسەرە لە نێوان ساڵانی ١٨٧٢ – ١٨٧٧دا بەشێک بووە لە شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆف)، ستریندبێرگ و ئوستاد ئولۆف وەک دوانە و دوو برای بە سکێک لەدایکبوو وا بوون. یەکێکیان لە خوێن و گۆشت و ئەویتریشیان بەرجەستەیەکی شیعری،

سێبەرێک کە لە واقیع و ڕەنگدانەوەیەکی ئەندێشەئامێز پێکهاتووە.

ستریندبێرگ لەم ساڵانەدا باری دارایی و گوزەرانی ژیانی ئاڵۆز دەبێت، خاوەنقەرزەکان ڕێگەی پێ دەگرن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیش لە پاییزی ساڵی ۱۸۷۳دا ڕادەکات و بۆ ماوەیەک لە یەکێک لە شانۆکانی شاری یۆتۆبۆری، وەک کۆمبارس بە مووچەیەکی کەم کار دەکات. هەر ساڵی ۱۸۷۳، لە کاتێکدا خاوەنقەرزەکان ڕاوی دەنێن و خۆیشی لە ڕووداوەکانی شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆف)دا دەژی، بابەتێک لە ڕۆژنامەی (داگسنیهێتەر) بڵاودەکاتەوە، ئەم بابەتە پێشوازییەکی گەرمی لێدەکردێت. زمانەکەی، ناوەڕۆکی بابەتەکە و ستایلی نووسینەکەی بۆ دەستەی نووسەرانی ئەو ڕۆژنامەیە نوێ دەبێت. لەبەر ئەوە، لە مانگی دوانزەی هەمان ساڵدا، لەو ڕۆژنامەیەدا دادەمەزرێت، بەڵام بەهۆی گوتارە توند و گاڵتەئامێزەکانییەوە بەردەوام نابێت، سەرەتا دەیانەوێت گوتارەکانی سانسۆر بکەن، ئەمەیش بێئەنجام دەبێت و پاش ماوەیەک دەری دەکەن.

ستریندبێرگ ساڵی ۱۸۷٤ لە کتێبخانەی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم کاری دەست دەکەوێت، باری گرانی گوزەرانی هەندێک و بۆ ماوەیەک باش دەبێت. هەر لەم کتێبخانەیەشدا ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێت لە مێژووی سوێد بکۆڵێتەوە، ئەم کتێبخانەیە دەروازەیەکی تری بۆ دەکاتەوە بە ڕووی ئەدەب و سەرچاوە ئەدەبییەکاندا.



# بەشی سێیەم
# سەرەتای عیشقێکی گەورە و
# ناوبانگێکی ئەدەبی

ستریندبێرگ لە مانگی پێنجی ساڵی ١٨٧٥دا لە ڕێگەی یەکێک لە هاوڕێ کچەکانییەوە، ئافرەتێکی سوێدی/ فینلەندی دەناسێت، کە ژنی ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپای ئەوکاتەی سوێد دەبێت. ئەم خێزانە، کارل گوستاف فرانگێل و سیری فۆن ئێسنی ژنی هەوادارانی شانۆ دەبن، هەر لەم ڕێگەیەیشەوە ستریندبێرگ بە تەواوی خۆی نزیک دەکاتەوە لێیان. لە پاییزی ساڵی ١٨٧٥دا ئەم پەیوەندییە قووڵ دەبێتەوە. ستریندبێرگ هەموو ڕۆژێک سەردانی ئەم ماڵە دەکات و دەبێتە ڕاوێژکارێکی شانۆیی ئەم خێزانە، بەتایبەتیش کە خاتوو (سیری فۆن ئێسن) خەونی نواندن و شانۆی دەبێت، دەیەوێت وەک ئەکتەر لەسەر شانۆ دەربکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ژنی سەربازێکی ناسراو بووە، ئەو خەونەی بۆ نەهاتووەتە دی. ستریندبێرگ هانی دەدات، بنووسێت و لەبری ئەکتەر ببێتە نووسەر و ئامادەیی خۆیشی پیشان دەدات بۆ هەموو یارمەتییەک لەم بوارەدا. لەم نێوانەدا ستریندبێرگ و سیری ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاتر لە یەک نزیک دەبنەوە، پەیوەندییەکەیان پەرەدەسێنێت، لە هاوڕێ و ڕاوێژکارەوە دەچێت بۆ پەیوەندییەکی خۆشەویستی و ستریندبێرگ زیاتر هانی دەدات کە دەستبەرداری مێردەکەی بێت.

سیری خۆی لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا دەبینێتەوە، لە سەرێکەوە ئاشقی ستریندبێرگ دەبێت و هەست دەکات لە مێردەکەی دوور دەکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا مێردەکەی و

بنەماڵەکەی بە هەموو شێوەیەک دژی ئەوەن، کە سیری بچێتە سەر شانۆ و ببێت بە ئەکتەر.

وازهێنان لە مێردەکەی و هاوسەرگیرییەکی تازە لەگەڵ ستریندبێرگ سەربەستییەکی تەواوی پێدەبەخشێت، دەتوانێت ببێت بە ئەکتەر و زیاتر لە شانۆکانەوە نزیک ببێتەوە.

ستریندبێرگ نامەیەک بۆ سیری دەنووسێت، هانی دەدات لە مێردەکەی جیاببێتەوە، لە هەمان کاتدا پەیمانی ژیانێکی تری پێ دەبەخشێت: "خۆشەویستەکەم، ئێوە لەو بڕوایەدان کە بیرێکی فرە تیژتان نییە [...] منیش ئەو مێشکە گەورەیەم نییە، بەڵام ئاگر، ئاگری من گەورەترین ئاگرە لە سوێددا، گەر ئێوە دەتانەوێت ئەوا ئاگر بەردەدەمە ئەو هێلانە بێکەڵکە! ئێوە خاوەنی ئەو ئاگرەن، ئەمە ئەو بڵێسەی ئاگرەیە کە ئێوەی تووشی نائارامی کردووە و ئازارتان دەدات، کە چەندین ساڵ خۆی لە ژێر پشکۆکانیدا حەشار داوە و چەندین گەوج و شێتی نەفرەتی هەوڵی کوژاندنەوەیان داوە. وەرە! خەونە مەزنەکەی خۆتان بهێننە دی! بۆ ئەوەی ببن بە ئەکتەر، من شانۆیەکی تایبەتیتان بۆ دروست دەکەم – لەگەڵ ئێوە دەور دەبینم و دەنووسم و ئێوەم خۆشدەوێت – ئێوە گوناهێکی گەورە بە ویژدانتانەوەیە! ئێوە ویستووتانە بیرێکی فرە تیژتان پێ ببەخشرێت، بەڵام ناوێرن ببنە شەهیدێک [...] ئەوەی بڕیارت بۆ داوە جێبەجێی بکە و ببە بە ئەکتەرێکی گەورە یان بە نووسەر! [...] ئێوە لەوە دەترسن ببنە هاوسەری من – لە کەسایەتیی من دەترسن – ئا، کەواتە ئێوە ئەوە نازانن، کە من گۆچانی ئەفسووناویم هەیە، کە دەریاکان دەکێشێت بە چیا بەردینەکاندا، کە

من دەتوانم شیعر لە دونیایەکی پیسدا، گەر پێویست بکات دەربهێنم."

ستریندبێرگ و سیری فۆن ئێسن لە سیی مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٧٧دا هاوسەرگیری دەکەن. ستریندبێرگ، چەندین ساڵ دواتر لە ڕۆمانی (ئەفسانەکان)دا دەنووسێت: "یەکشەممەیەکی زستان، خۆم ئامادەکرد ژیانە پیسە گەنجێتییەکەم وەلاوە بنێم و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ژنە بکەم کە خۆشم دەوێت." هەر لەو ڕۆمانەدا، ئاماژەی بۆ ئەوەیش کردووە، کە ڕۆژی دوایی هەستێکی نامۆ دایگرتووە و چووەتە قاوەخانەیەکی بچووکی ژێرزەمینێکەوە و لەوێ بە تەنیا نانی بەیانیی خواردووە.

ئەم هاوسەرگیرییەی نێوان ستریندبێرگ و سیری بێ گیروگرفت نابێت، هەرچەندە سیری بەختیارییەکی گەورە و خۆشەویستییەکی قووڵ بە ستریندبێرگ دەبەخشێت؛ لە هەمان کاتدا ئازارێکی تاڵ و ژیانێکی دۆزەخئاسایش چیرۆکی ژیانی ئەم دوو مرۆڤە پێکدەهێنن. ئەم ژیانە پڕ لە کێشەیەیش بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، هەر بۆ نموونە بە ماوەیەکی کورت دوای زەماوەندەکەیان منداڵێکیان دەبێت، ئەم منداڵە بەر لە هاوسەرگیرییەکەیان، لە سەرەتای پەیوەندییەکەیاندا دروست دەبێت. ئەم دوو هاوسەرە گەنجە بە فەرمی ئەم منداڵە، کە نۆبەرە و بەرهەمی ئەوینەکەیان دەبێت، ڕەتدەکەنەوە، هەر ئەو ڕۆژەی لە دایک دەبێت بە نهێنی دەیدەن بە مامانێک و لە کۆڵ خۆیانی دەکەنەوە. دوای دوو ڕۆژ ئەو منداڵە دەمرێت، لەبەر ئەوەی مامانەکە نان و ئاوی تەواوی ناداتێ، وەرگرتنی

منداڵەکەیش لە لایەن ئەو مامانەوە، هەر بۆ ئەوە بووە، کە بە زووترین کات لە دونیادا نەمێنێت.

باوکی ستریندبێرگ بەر لەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی بکات، دوو کوڕی لێ دەبێت، بەڵام هەرگیز ئەو دوو کوڕە لە باوکایەتیی خۆی بێ بەش ناکات و بە فەرمی وەک هەموو منداڵەکانی تری دەیانکات بە کوڕی خۆی.

سیری تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەم کردەوەیەی خۆیان خۆش نابێت، هەمیشە بە کردارێکی نامرۆڤانە و قێزەون باسی کردووە و ویژدانی پاک نەبووەتەوە و بە شێوەیەکی گشتی و ڕاستەوخۆیش ستریندبێرگ بە تاوانباری یەکەمی ئەو ڕەفتارە قێزەونە تاوانبار کردووە.

سیری دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ستریندبێرگ دەکات، یەکێک لە خەونەکانی دێتە دی و بۆ ماوەیەک لە شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم دەبێتە ئەکتەر.

ستریندبێرگ، لە کاتێکدا کێشەکانی لەگەڵ سیری لە هەڵکشاندا دەبێت، سەرلەنوێ کار لە شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆف)دا دەکاتەوە، بەو هیوایەی لەسەر شانۆکان پێشکەش بکرێت، لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە لە مانگی پێنجیساڵی ١٨٧٦دا بۆ (سیری)دا نووسیوە، دەڵێت: "ئوستاد ئولۆف تەواو بوو، من ئیتر لە هیچ شتێک ناترسم." بەڵام شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆف) لەگەڵ هەموو ئەو دەستکارییانەی ستریندبێرگ لە دەقەکەیدا دەیکات، سەرلەنوێ لە شانۆی پادشایەتی پشتگوێ دەخرێت، ئەمیش وا لە ستریندبێرگ دەکات بۆ ماوەیەک لە

نووسینی دەقی شانۆیی دووربکەویتەوە و بیر لە شێوازەکانی تری نووسین، بەتایبەتی کورتەچیرۆک، پەخشان، شیعر و ڕۆمان بکاتەوە.

هەروەها ستریندبێرگ بیر لەوە دەکاتەوە گۆڤارێکی تایبەت بە خۆی دەربکات و بەم شێوەیەیش پێویستی بەوە نەبێت نووسینەکانی لە شوێنی تر بڵاوبکاتەوە. لە مانگی نۆی ساڵی ١٨٧٦دا یەکەم ژمارەی ئەو گۆڤارە بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام تەنها ئەو ژمارەیە دەردەچێت و ناتوانێت بەردەوام بێت. ستریندبێرگ بە وەستانی ئەم گۆڤارە، سیری تاوانبار دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە سیری هۆکاری وەستانی گۆڤارەکەی بووە، بەبێ ئەوەی بتوانێت دەستنیشانی ئەو هۆکارانە بکات. کە گۆڤارەکەیش دەوەستێت، بە تەنیا سەفەرێکی کورت بۆ پاریس دەکات، وەختێ دەگەڕێتەوە زنجیرەگوتارێک سەبارەت بە پاریس، لە مانگی یانزە و دوانزەدا لە ڕۆژنامەی داگسنیهێتەر بڵاودەکاتەوە. ستریندبێرگ لەم گوتارانەیدا یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەکانی خۆی لەگەڵ ڕێبازی ئیمپرۆشیونیزم باس دەکات، ئەمە جگە لەوەی باسی ئەو شانۆنامانەیش دەکات، کە لەسەر شانۆکانی پاریس، بەتایبەتی شانۆی (ئۆدیۆن) دەیانبینێت.

هەر دوای ئەم سەفەرەی پاریس، دەگەڕێتەوە بۆ سەر خوێندن لە ئۆپسالا و کۆمەڵەچیرۆکی (دەفر و جۆگەرەش) دەنووسێت، ئەم کۆمەڵەچیرۆکە لە مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٧٧دا لە دەزگای ئەلبێرت بۆنیەر بڵاودەکرێتەوە. ستریندبێرگ لەم چیرۆکانەدا توانایەکی بێسنووری خۆی لە نووسینی پەخشان و بەکارهێنانی زمانی سویدیدا بەکار دەهێنێت.

گرفتەکانی هاوسەرگیری و کێشەکانی نێوان ستریندبێرگ و سیری گەورەتر دەبن. ژیانێکی ئاڵۆزی پڕ لە کێشە و شەڕ دەبێتە دیاردەیەکی ڕۆژانە. ستریندبێرگ ڕقێکی ئەستووری بەرامبەر سیری لە لا دروست دەبێت و بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت بریندراری بکات، هەر بۆ نموونە ساڵی ١٨٩٠ لە نامەکانیدا، کە بۆ هاوڕێیەکی خۆی ناردووە، دەڵێت: "شەوێک دوای گەڕانەوە لە مەیخانە، چووم بۆ لای چەند سۆزانییەک، لە هەمان ماڵدا کە لەوەوبەر زەماوەندی من و سیریی تیا کرابوو." ئەمەیش جۆرە لەزەتێک بووە بۆ ستریندبێرگ، بۆ ئەوەی یەکێک لە جوانترین یادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ سیری ناشیرین بکات و بە تەواوی بیشێوێنێت.

لەگەڵ ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ژیانی خێزانی و کێشە دەروونییەکانیدا، ستریندبێرگ بەردەوام دەبێت لەسەر نووسین، لە هەمان کاتدا تووشی قەرزارییەکی زۆر دەبێت.

ستریندبێرگ هەمیشە هەژار بووە، قەرزی لە هەموو کەسێک کردووە و خاوەنقەرزەکان بە دوایەوە بوون، هەروەها هەموو بانکەکانی سویدیش ناوی دەخەنە لیستی ڕەشەوە. ساڵی ١٨٧٩، ئەم بارودۆخە زۆر ئاڵۆز دەبێت. هەر لەبەر ئەوە ناچار دەبێت تەنانەت ئاڵتوون و کەلوپەلەکانی سیریش بفرۆشێت، هەندێکیشیان بخاتە ڕەهنەوە بۆ ئەوەی پارەیان پێ وەربگرێت. لە ئەنجامدا هێندە قەرزار بووە، کە چیی تر نەیتوانیوە بچێتە دەرەوە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی لەدەست خاوەنقەرزەکان ڕزگاری بێت، بانگەشەی نابووتبوونی خۆی ڕاگەیاندووە.

## ژووری سوور



ستریندبێرگ ئەم ڕەوش و بارودۆخە بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (ژووری سوور) لە شەو و ڕۆژێکدا دەگۆڕێت. بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانە ناوبانگێکی ئەدەبیی گەورەی بۆ دەستەبەر دەکات، سەرمایەیەکی باشی دەست دەکەوێت و ڕۆمانەکەیش بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت، ئەمەیش بە شێوەیەکی کاتی لە دەست قەرزەکانی ڕزگاری دەکات و دەتوانێت خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات.

(ژووری سوور) کە لەژێر کاریگەریی نووسەری ئینگلیزی (چارلز دیکنز)دا نووسراوە، بە شێوەیەکی کۆمێدی ڕەخنەیەکی توندوتیژی کۆمەڵایەتییە و تا ئاستێکی بەرز دیاردە ناهەموارەکانی کۆمەڵ، لە هەموو ڕووەکانییەوە دەخاتە ڕوو. خودی خۆیشی وەک کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە، دەبێتە مۆدێلێک و خاوەنقەرزەکان هەمیشە بە دوایدا ڕادەکەن.

(ژووری سوور) دەبێتە جێگەی گفتوگۆیەکی درێژ و سەرنجڕاکێش، ئەم ڕۆمانە تەنها سەرکەوتنێکی ئەدەبیی گەورە نابێت بۆ ستریندبێرگ، بەڵکو تێپەڕاندن و نوێکردنەوەیەکی

بێسنوور و وەرچەرخانێکی گرینگ بووە لە هەموو ئەدەبی سوێدیدا.

ڕەخنەگرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی ئەدەبی سوێدیدا دەنگێکی سروشتی دەبیسترێت و هەموومان تووشی جۆرە خورپە و داچڵەکینێک دەکات، بەتایبەتی ئێمە هەموومان هەر لەسەر دەنگە بەرزەکەی شیعرێکی ناسروشتی و ڕۆمانتیکی ڕاهاتووین. ڕۆمانی (ژووری سوور) دەرگایەکی تری بە ڕووی ئەدەبی سوێدیدا کردەوە. ستریندبێرگ دەچێتە سەر شەقامەکان، لەناو دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکانەوە، لە قاوەخانە و مەیخانە و کۆڵان و گەلەرییەکانەوە، دێتە دەرەوە و زمانێکی تایبەت لەو شوێنانەوە، لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

(ژووری سوور) هەموو دەرگاکان بۆ ستریندبێرگ دەکاتەوە؛ هەر بە ماوەیەکی کەم دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (ژووری سوور)، چەند کۆمەڵەچیرۆک و دیوانی شیعر بڵاودەکاتەوە، ئەم سەرکەوتنە ئەدەبییە گەورەیە ڕێگە بۆ شانۆنامەکانی، بەتایبەتی (ئوستاد ئولۆف)، کە دە ساڵ لەوەوبەر نووسی بووی، دەکاتەوە.

ستریندبێرگ سەرلەنوێ شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆف) دەنێرێت بۆ (شانۆی نوێ) و ئەمجارە بە چاوێکی ترەوە شانۆنامەکە دەخوێننەوە و یەکسەر ئەو بڕیارەیش دەدەن، کە (ئوستاد ئولۆف) نمایش بکەن. (شانۆی نوێ) لە سیی مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٨١دا، شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆف) بە

سەرکەوتنێکی گەورەوە پێشکەش دەکەن، ستریندبێرگ خۆی لەبەر شپرزەیی ناوێرێت ئامادەی شەوی یەکەمی نمایشەکە بێت و لە ماڵەوە چاوەڕوانی ئەنجامەکەی و کاردانەوەی بینەران دەکات.

ستریندبێرگ دە ساڵ چاوەڕوانی پێشکەشکردنی ئەم شانۆنامەیەی دەکات، زۆربەی شانۆکان، تەنانەت (شانۆی نوێ) بە نەخێر وەڵامی دەدەنەوە، دوای ئەو هەموو چاوەڕوانییە، دەقی شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆف) بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایش دەکرێت. ڕەخنەگرەکان ستایشی کارەکە دەکەن و ستریندبێرگ وەک نووسەرێکی گەورە ڕێزی لێ دەگیرێت.

سەرکەوتنی ئەم دەقە ڕیفۆرمخوازە، کە ستریندبێرگ لە تەمەنی لاوێتیدا نووسیبووی، شتێکی یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ دوارۆژی هونەری و ڕەوتی نووسینی ئەم نووسەرە، بەتایبەتیش لە بواری شانۆدا.

ئەم سەرکەوتنە ئەدەبی و هونەرییانە چەندە دەروازەیەکی واڵا بۆ ستریندبێرگ دەکەنەوە، هێندەیش کێشەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە و دامودەزگا و شانۆکان و کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکانی تردا ئاڵۆز دەکات، بۆیە هەست بە دژایەتیکردن دەکات، دوژمنێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا دەکات و ژیانی دەخاتە نێو چەقی چەندین کێشە و ململانێی قووڵ و هەمەچەشنەوە.

ئەم سەرکەوتنە ئەدەبی و هونەرییانە هانی ستریندبێرگ دەدەن بە شێوەیەکی تر بیر بکاتەوە، زیاتر خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات و لە دید و بۆچوونێکی تری باڵا و فراوانەوە

بڕوانێته خۆی و ڕۆڵی خۆی له کۆمهڵگهدا، ههروهها بۆ یهکلاکردنهوهی ئهو ڕۆڵهی خۆی، له مانگی ههشتی ساڵی ۱۸۸۲دا واز له کاروباری کتێبخانهی پادشایهتی دههێنێت و به تهواوی ههموو ژیانی بۆ نووسین تهرخان دهکات.

ئهم نووسهره له نێوان ساڵانی ۱۸۸۰- ۱۸۸۲دا کتێبێک به ناوی (ستۆکهۆلمی کۆن) سهرهتا به زنجیرهگوتار له ڕۆژنامهکاندا و دواتر به کتێبێک بڵاودهکاتهوه، ئهم کتێبه ههر لهو سهردهمهدا دهبێته شاکارێکی کلاسیکی و خوێنهرێکی زۆری دهبێت، له ماوهی ساڵێکدا دووجار چاپ دهکرێتهوه.

ستریندبێرگ له پاڵ ئهم کتێبهیدا و ههر له نێوان ساڵانی ۱۸۸۱ – ۱۸۸۲دا بهرههمێکی گهوره به ناوی (گهلی سوێد)، که لێکۆڵینهوهیهکه له مێژووی کولتوور و فهرههنگی سوێد، تهواو دهکات. بهم بهرههمهیش دابونهریته میللییهکان، کولتوور و فهرههنگی سوێد، مێژووی نووسین و ئهدهبی سوێدی شیدهکاتهوه و لهژێر تیشکی بۆچوون و دیدێکی تازه و ڕادیکاڵهوه دهیانخاتهڕوو.



ئهم کتێبه که به شاکارێکی پێشڕهو له نووسینهوهی مێژووی گهلی سوێدیدا ههژمار دهکرێت، دهکهوێته بهر ڕهخنهیهکی توندی

ئەکادیمی و پسپۆڕەکانی بواری مێژووەوە. ستریندبێرگ لەم کتێبە گەورەیەدا، کە زیاتر لە هەزار لاپەڕەیە، مێژووی خەڵکی سوێد، نەک پادشاکانی، لە دیدێکی سیاسیی ڕادیکاڵیزمەوە دەنووسێتەوە و ڕەخنەیەکی توندیش لە سیستەمی پادشایەتی و بنەماڵەی پادشاکانی سوێد دەگرێت، هەروەها ڕەخنە لە نووسەرە دیارەکانی ئەو سەردەمەیش دەگرێت، کە تەنها خۆیان بە مێژووی پادشاکانەوە خەریککردووە و مێژووی ئەو گەلەیان لەبیرکردووە، کە پادشاکانی دروستکردووە.

ستریندبێرگ هەستی دەکرد بەم کتێبەی هەموو گەلی سوێدی کردووە بە دوژمنی خۆی. لە نامەیەکدا بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی نووسیویەتی: "خۆم بە تەنها لەم دۆزەخەی کردوومەتەوە وەستاوم. تەنیا کەسێکیش نییە، کە نەیەوێت من لەم ئاگرەدا نەسووتێنێت! لەو بڕوایەدام بە هەڵە لە گەلەکەی خۆم گەیشتووم، ئەمانە کۆمەڵە کەسێکی گێل و نەفام و کۆنخوازن و تەنانەت چەند کەسێکیش نییە لەگەڵ مندا هاوڕا بێت."

هەر لەم کاتانەدا و لەسەر داوای (شانۆی نوێ)یش سێ دەقی شانۆنامەی تر: نهێنی ئاهەنگەکە، ژنەکەی ئاغای بێنگت و سەفەرە بەختەوەرەکەی پێر دەنووسێت، کە ڕاستەوخۆ لەسەر ئەم شانۆیە پێشکەش دەکرێن.

(سەفەرە بەختەوەرەکەی پێر) کە لە دەقەکانی تری جیاوازە، شانۆنامەیەکی سەرگوزشتەئاسای پڕ لە فەنتازیایە. (پێر) وەک پاڵەوانێک لە تاوەری کڵێسایەکدا، لەگەڵ باوکە پیر و لەرزۆکەکەی گەورە دەبێت. ئەم پاڵەوانە لەسەر تاوەرەکەوە، بە بەرزاییەوە

سەیری شار دەکات و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: "سەیری ئەم تابلۆ شەڕانگێزەی، کە مرۆڤ ناویان لێ ناوە ژیان."  ئەم پاڵەوانە هەستێکی بەهێزی نامۆبوونی بەرامبەر ئەو شارە و خودی خۆی دەبێت. (پێر) داخوازییەکانی لە لایەن کەسایەتییەکی وەهمیی سەرگوزشتەکانەوە دێتە دی و بە ئاسانی و بە یارمەتیی ئەو لە بارودۆخی ئەم کاراکتەرەوە دەچێتە ئەوی تریانەوە. دەبێتە خەلیفەی وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی و هەست بە هێز و دەسەڵاتێکی بەهێز دەکات یان دەبێتە کەسێکی ڕیفۆرمخواز و هەڵگری ڕاستییەکان و پیاوێکی گەورە، لە شارێکدا، کە وێنەیەکی کاریکاتێریی ستۆکهۆڵمە. ئەم کاراکتەرە هەست بە هێزی سروشت و خۆشەویستی دەکات، هەر وەک (پێر گینت)ی ئیبسن سەفەرێکی ئەفسووناوی بە دونیادا دەکات و دەقەکەیش لەو ستایلەی شانۆنامەکەی ئیبسنەوە نزیکە.

هەموو شانۆنامەکە لە جیهانێکی فەنتازیئامێزدا وەک سەرگوزشتە دێرینەکان دەسوڕێتەوە، بە یارمەتیی فیگورە داستانییەکان، دیمەنەکان لە ژینگەیەکی ئارام و ئەتمۆسفیرێکی پڕ لە خۆشیدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. (پێر) بە یارمەتیی جیهانێکی وەهمی لە گەمەیەکی سیحریدا خۆی دەخزێنێتە چەندین جیهانی جیاوازەوە، ئەمەیش هێماگەلێکی ئاشکرای کەسایەتیی ستریندبێرگ خۆیەتی.

هەر لەم کاتەیشدا، کە دەرگای شانۆکان بۆ ستریندبێرگ دەکرێنەوە و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ناوبانگی بۆ بەدەست دەهێنن، (سیری)ی ژنی کارەکەی لە شانۆی پادشایەتی لەدەست

دەدات و ستریندبێرگ ناچار دەبێت لەناو هاورێ شانۆکارەکانیدا هەوڵی دۆزینەوەی کاری بۆ بدات.

ستریندبێرگ لە هەمان کاتدا و لە هاوینی هەمان ساڵدا بە ماوەیەکی کورت ڕۆمانی (مەملەکەتی نوێ)، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ڕەخنە و شەڕی نێوەندە ئەدەبییەکە دەنووسێت.  ئەم ڕۆمانە لە مانگی هەشتی ساڵی ١٨٨٢دا دەنێرێت بۆ بڵاوکردنەوە.


(مەملەکەتی نوێ) لە دە بەش پێکهاتووە و لە ژێر کاریگەریی (مارک توین و چارلز دیکنز) نووسراوە، ڕیتمێکی خێرای هەیە و ڕەخنەیەکی توندوتیژی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت و بە توندی هێرش دەکاتە سەر بنەما و سترەکتۆرە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیرییەکەی سوێد و چینی دەسەڵاتی سوێدی لە وێنەیەکی گاڵتەئامێز و کاریکاتۆریدا دەخاتە ڕوو.

ئەو ستایلە ساتیرییەی لە ڕۆمانی (ژووری سوور)دا بەکارهاتووە، لە (مەملەکەتی نوێ)دا زیاتر قووڵ دەبێتەوە، مەودا کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونییەکانی فراوانتر دەبێت و لە زۆر ڕوویشەوە زمانێکی زبرتر و توندوتیژتر بەکارهاتووە.

ستریندبێرگ بنەماکانی تەنزێکی گاڵتەئامێز دەکاتە ترادیشونێک و زۆرجار لە نووسینەکانیدا، بەتایبەتی لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سترەکتۆری دەسەڵاتی سوێدیدا دەگەڕێتەوە سەری و بەکاری دەهێنێت. کە (مەملەکەتی نوێ) لە مانگی نۆی ساڵی ١٨٨٢دا بڵاودەکرێتەوە، وەک بومەلەرزەیەک ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکەی ئەودەمەی کۆمەڵگەی سوێدی

دەلەرزێنێت. هەموو ڕۆژنامەکان هێرش دەکەنە سەر ئەم مەملەکەتە نوێیەی ستریندبێرگ، بەڵام هەندێک کەس و ڕۆژنامەیش دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، کە قسەی ڕاست هەمیشە هەر ڕەقە و لەناو دەنگە ناڕەزاییەکاندا هەندێک دەنگی پشتگیری و بەرگریکردن دەردەکەون.

ستریندبێرگ لە مانگی دەی ساڵی ١٨٨٢دا بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەچیرۆکێک و لەسەر ئاستێکی بەرزی هونەری وەڵامی هەموو هێرش و ڕەخنەکان دەداتەوە، لە ساڵی ١٨٨٣یشدا بە دیوانێکی شیعر بە ناوی (شیعرەکان)، هێندەی تر بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات. ئەم دیوانە شیعرییەی لە بەرگێکی میتۆلۆژیدا نووسیوە، دیدگایەکی ئایندەخوازی و شۆڕشگێڕانە لەخۆدەگرێت و خۆی لە وێنەی خواوەندەکانی میتۆلۆژیایی باکووری ئەورووپادا بەرجەستە کردووە. کە ئەم دیوانە شیعرە دەنووسێت، بڕیاری ئەوەیش دەدات لە سوێد بچێتە دەرەوە و ژیانی تاراوگە بۆ خۆی هەڵبژێرێت.



# بەشی چوارەم
# سەفەر و ژیانی تاراوگە

ستریندبێرگ مانگی نۆی ساڵی ١٨٨٣ بە شەمەندەفەر لەگەڵ خێزانەکەی: سیری و هەردوو کچەکەیان، کارینی سێ ساڵان و گریتەی دوو ساڵان، لە ستۆکهۆڵمەوە بەرەو فەرەنسا دەکەونە ڕێ، هەروەها دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (بۆنیەر)یش لە ڕێککەوتنێکدا، کە ستریندبێرگ دیوانە شیعرێکیان بۆ بنووسێت ٣٥٠٠ فرانکی بۆ ئەم سەفەرە پێ دەدەن.

سیری، کە دووگیان دەبێت بەم سەفەرە خۆشحاڵ نابێت، ئەوەیش دەزانێت ئەم سەفەرە بۆ ئەو مانای ژیانێکی تەنیایی و لەبارچوونی هیواکانی دەگەیەنێت. پلانەکانی ستریندبێرگ و تەنانەت خێزانەکەیشی وا بووە، کە ستریندبێرگ تەنها وەرزی زستان لە فەرەنسا بمێنێتەوە، سیری و منداڵەکان بگەڕێنەوە و سیری لە سوێد منداڵی سێیەمیانی ببێت، بۆ ئەم مەبەستەیش خانووبەرەیەکی لە دوورگەی (شیمن) بە کرێ گرتبوو، بەڵام ئەم پلانە بەم شێوەیە نابێت و ئەم خێزانە هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ ئەو دوورگەیە.

ئەم سەفەرە بۆ ستریندبێرگ خۆیشی دەبێتە سەرەتای دوورکەوتنەوەیەکی درێژخایەن و تا پانزە ساڵ لە سەفەرێکی بەردەوامی دوورودرێژ و دژواردا دەبێت.

ژیانی تاراوگە و تێکەڵاوبوونی خەڵک و سەردانی پایتەختە گرینگە کولتوورییەکانی ئەورووپا یارمەتیی ستریندبێرگ دەدات، کە بە ئازادی بیر بکاتەوە و وەک هونەرمەندێکی سەربەست مامەڵە لەگەڵ خۆی و کارەکانی و دەوروبەرەکەیدا بکات، بەڵام

خەونەکانی سیری، کە ببێتە ئەکتەر، دوای چەند نمایشکی کورت، لە ساڵی ١٨٨٨دا لە دانیمارک کۆتاییان پێدێت.

ستریندبێرگ و خێزانەکەی سەرەتا لە شارێکی بچووک بە ناوی (گریز)، چەند میلێک لە ڕۆژهەڵاتی پاریسەوە جێگیر دەبن، هەرچەندە لەم شارە بچووکەدا زۆر نامێننەوە، بەڵام دەبێتە شوێنێکی گرینگ بۆ ستریندبێرگ و هەمیشە دەگەڕێتەوە و سەردانی دەکات. بەشێک لە نووسینەکانی، بەتایبەتی ڕۆمانی (کوڕی کارەکەر) لەو شارە دەنووسێت، هەر لەوێشەوە نامەکانی بۆ سوێد و ئەورووپا دەنێرێت. دوای چەند مانگێک دەگوێزنەوە بۆ پاریس، لەوێ تێکەڵاوی نووسەر و هونەرمەندەکان دەبێت و دەکەوێتە وێنەکێشانیش. لە پاریس تووشی کۆمەڵێک گرفت دێن، سەرمایەکەیان بەرەو تەواوبوون دەڕوات و باری ئابوورییەکی خراپ هەڕەشەیان لێ دەکات، بەڵام دەقی شانۆی (سەفەرە بەختەوەرەکەی پێر) ڕزگاریان دەکات. ئەم شانۆنامەیە لە بیستودووی مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٨٤دا بە سەرکەوتنێکی جەماوەریی گەورەوە نمایش دەکرێت، بەمەیش داراییەکی باش بۆ خۆی و خێزانەکەی دەستەبەر دەکات. ئەم پارەیە ئەو هەلەیان بۆ دەڕەخسێنێت، کە لەگەڵ خێزانەکەی فەڕەنسا بەجێ بهێڵن و بەرەو سویسرا بکەونە ڕێ. دارستان و شاخوداخ و سروشتە جوانەکەی سویسرا کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر دەروونی ستریندبێرگەوە دەبێت، ئەم کاریگەرییەش هەر لە دەستپێکی ئەم گەشتەوە، لە شەمەندەفەرەکەدا بە ڕێگەی سویسراوە دەردەکەوێت، کاتێ لە پەنجەرەکانی شەمەندەفەرەکەوە جوانیی ئەو سروشتە سەرنجی ڕادەکێشێت و لە یەکێک لە نامەکانیدا نووسیویەتی: "ژنەکەم

دەستی کرد بە گریان، منیش هەر وەک سمۆرە بە پارەوی شەمەندەفەرەکەدا رامدەکرد، بۆ ئەوەی لە هەموو پەنجەرەکانی ئەمبەر و ئەوبەرەوە، لە یەک کاتدا سەیری دەرەوە بکەم."

ستریندبێرگ لە سویسرا هەستی بە جۆرە ئارامییەک، جۆرە ئازادییەک و خودی خۆی وەک نووسەرێک کردووە، کە لە نزیک ناوەندە کولتوورییە گەورەکانی ئەوروپاوە ژیاوە.


ستریندبێرگ لە سەرەتای ئەم سەفەرانەیدا بە شێوەیەکی گشتگر و قووڵ، تەنگژە و کێشەکانی خۆی وەک شاعیرێک، کە بە ویستی خۆی ژیانی دیسپۆرای هەڵبژاردووە، دەخاتە ڕوو. لەم گێژاوەدا دیوانێکی تری شیعر بە ناوی (بەدەم خەونی شەوگارەکانەوە) دەنووسێت، شیعرەکانی ئەم دیوانە بریتین لە کۆمەڵە شەوێک، شاعیر لە هەر یەکێک لەم شەوانە/ شیعرانەدا، وەک باڵندەی کەناری دەریاکان، لە تاراوگەوە، بە سەفەری ئەندێشە و ڕۆحێکی بێدارەوە دەگەڕێتەوە بۆ سوێد. لەو خەونانەیدا بە بەرزاییەوە بەسەر شارەوە دەوەستێت و بە رامانەوە لێی دەڕوانێت، هەر شەوەیشی، وەک کاراکتەری (پێر) لە شانۆنامەی (سەفەرە بەختەوەرەکەی پێر)، بەسەر بەرزایی شوێنێکەوە، بۆ نموونە تاوەرە بەرزەکانی کڵێساکان، سەربانە بەرزەکانی مۆزەخانەی نەتەوایەتی یان کتێبخانەی پادشایەتییەوە دەنیشێتەوە، شەوێکیش تەرخان دەکات بۆ سەردانی ئەو گۆڕستانەی، کە دایکی تیا بە خاک سپێردراوە.

ستریندبێرگ لە سویسرا، جگە لە بەرهەمی ئەدەبی، کۆمەڵێک گوتار دەنووسێت، کە لە سوێد بە زنجیرە بڵاویان دەکاتەوە. لەم گوتارانەدا، لە ڕوانگەی دید و بیروبۆچوونێکی سیاسی و

کۆمەڵایەتییەوە ڕاڤەی ڕووداوە چاوەڕوانکراو و نەکراوەکان دەکات، ئامۆژگارییەکانی تۆمار دەکات و چارەنووسی هەموو جیهان لەم گوتارانەدا کۆدەکاتەوە.

ساڵی ١٨٨٤، ئەم گوتارانە کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی لە کتێبێکدا بڵاو بکرێنەوە، لە هەمان کاتدا لە نامەیەکدا بۆ دەزگای (بۆنیەر) کە کتێبەکە چاپ دەکەن، دەنووسێت: "ئەم گوتارانە کلیلێکن بۆ کردنەوەی هەموو ژیانی من، وەک نووسەرێک و لە ساڵی ١٨٧٢ـەوە بیریان لێ دەکەمەوە و لەگەڵیاندا ژیاوم."

هەر بە ماوەیەکی کەم ستریندبێرگ نامیلکەیەکی تر بە ناوی (یاداشتەکانی بێئومێدێک)ـەوە بڵاو دەکاتەوە، لەو نامیلکەیەدا دەڵێت: "دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا سەرەتای ئەو شەڕەیە، کە یەخەی مرۆڤ دەگرێت. ئێمە لە لایەن میر و سەرکردە و قەشە و بلیمەتەکانەوە بەڕێوە دەبرێین، بۆ ئەوەی دیموکراسییەکی ڕاستەقینەیش دروست بکەین، دەبێت هەموو هاووڵاتییەک خۆی ببێت بە جەنگاوەر، پیاوی دەوڵەت، قەشە و شاعیر."



"Jag kommer hem!"

*(Illustration till August Strindbergs mottagande i Stockholm.)*

Så helsas han, en sanningstolk,
af tusenstämmig röst.
Och hyllningen utaf vårt folk
går djupt utur dess bröst.
Det vet, att han är öppet *sann*,
det känner, tänker, tror som han.

På tankens stora, fria fält
ej kommenderas man,
som nummerkarlen i sitt tält,
ej anden bindas kan.
han tål ej våld och barbari,
han sväfvar ljus och glad och fri.

Så helsas »gudsförsmädaren»,
så helsas han i dag,
den sakramentets »hädaren»,
som dömas skall af lag.
En stark och mäktig opinion,
som tränger genom vår nation!

Skall man mot denna sätta lag
och tunga samvetsband?
Nej, fritt man andas vill i dag
uti vårt fosterland.
Ej våldets makt ger samvetsro,
men fritt man tänka vill och tro!

لە ساڵی ١٨٨٤ەوە تەوژمێکی بەهێزی دەنگی ئافرەتان لە کۆمەڵگەکانی وڵاتانی باکووری ئەورووپادا دەردەکەون، بابەت لە بارەی سێکس و جەستەی ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، بە شێوەیەکی ئاشکرا و چڕتر بڵاودەبنەوە.

شانۆنامەی (ماڵی بووکەڵە)ی شانۆنامەنووسی نەرویژی (هنریک ئیبسن) ڕێگەخۆشکەرێکی گەورە دەبێت بۆ ئەم تەوژمە. ستریندبێرگیش لە سوێد بە هەموو شێوەیەک دژی ئەم جووڵانەوەیە و ئافرەتان و ڕۆڵی ئافرەتان دەبێت.

ستریندبێرگ لەم ساڵانەدا، لە دیدی ژیانی هاوسەرگیریی خۆیەوە ئاماژە بۆ هەموو بزووتنەوەکانی ئافرەتان دەکات، وەک دوژمنی خۆی سەیریان دەکات و زمانێکی زبر و توندوتیژیان بەرامبەر بە کار دەهێنێت. ستریندبێرگ سەرەتا (سیری)ی ژنی وەک هێماگەلێک بۆ ئەم هێرشە توندوتیژ و زمانە زبرە بە کار دەهێنێت، بە دڵێکی پیسەوە، بێئارام و بێسرەوت تەماشایان دەکات.

سیری دەبێتە ئەو شەیتانەی کە ستریندبێرگ دەیەوێت بەردبارانی بکات، ئابڕووی بەرێت و هەر لە ڕێگەی سیریشەوە نەفرەتی پڕ لە ڕق و کینە و دوژمنکارانەی خۆی دەکاتە هەموو نەژادی ئافرەت. سیری، لەم قۆناغەی ژیانیدا دەبێتە مۆدێلێکیش بۆ بەرهەمەکانی و ڕۆڵێکی گرینگ لە ژیانی ستریندبێرگی نووسەردا دەبینێت، دەبێتە هاوبەشی گەمەیەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی خودی ئەو درامایەی ستریندبێرگ تیایدا دەژیا. گەر (نورا) لە شانۆنامەی (ماڵی بووکەڵە)دا واز لە ماڵ و منداڵ دەهێنێت و وەک نارەزاییەک دەچێتە دەرەوە و دەرگای ماڵەکەیان بە توندی بەدوای خۆیدا دەدات بە یەکدا، ئەوا (سیری) لە لای ستریندبێرگ دەبێتە (نورا)یەکی بەند و ڕووبەڕووی هەموو جۆرە سووکایەتیپێکردن و سەرکۆنەکردنێک دەبێتەوە.

شانۆنامەی (باوک)یش، کە ستریندبێرگ ساڵی ١٨٨٧ دەینووسێت، یەکەم تەقەلای ئەو درامایەیە: ژن دەبێتە کەسێکی بێسیما، پیاویش ئەو کەسەیە، کە بە پیلانەکانی ئافرەت لەناودەچێت، بەڵام سەرەتای ئەم ناکۆکییانە و دید و تێڕوانینی خۆی بەرامبەر بە ئافرەت، لە چیرۆکەکانی (ژنومێردایەتی) بڵاودەکاتەوە.

## ژنومێردایەتی و کۆتایی سەرەتای شەڕێکی درێژخایەن



ستریندبێرگ لە پاییزی ١٨٨٤دا، بەشی یەکەمی چیرۆکەکانی (ژنومێردایەتی) بڵاودەکاتەوە. ئەم چیرۆکانە بە شێوازێکی گەمەئامێز و زمانێکی شیعری و دیدێکی والاوە، کە لەوەوبەر لە ئەدەبی سوێدیدا بەو شێوەیە نەنووسرابێت، دەخاتە بازاڕەکانەوە.

ستریندبێرگ لەم کتێبەیدا، کە دوانزە چیرۆکی ژن و ژنخوازی و هاوسەرگیرین، بە زمانێکی ڕاستەوخۆ و ئازاد و بە شێوەیەکی ئاشکرا

باسی جووتبوونی ژن و پیاو، دەستپەڕ و هەندێک گرفت و مەسەلەی تری سێکسیی ناو خێزان دەکات، ئەمانەیش بۆ ئەو کاتەی سوێد تابوو بوون و بۆ هیچ کەسێک نەبووە ڕێسا و یاسا ئایینی و کۆمەڵایەتی و مۆڕاڵییەکان، بینراو و نەبینراوەکان ببەزێنێت. هەر لەبەرئەوە بڵاوکردنەوەی ئەو چیرۆکانە گیروگرفت و کێشەیەکی زۆر بۆ ستریندبێرگ دەنێنەوە. مانگی دەی ساڵی ١٨٨٤ بە بڕیاری وەزیری ناوخۆی ئەوکاتە، بە تاوانی پێشێلکردنی یاساکانی (ئازادیی چاپەمەنی)، دژایەتیکردن و هێرشکردنە سەر کۆمەڵگە و بنەما تەقلیدییەکانی خێزان و پەیوەندییەکانی ژن و پیاو، کتێبەکە لە بازاڕەکاندا کۆدەکەنەوە و ستریندبێرگیش دەدەن بە دادگا.

بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆ، کە پشت بە هەندێک لە پەرەگرافەکانی یاسای چاپەمەنیی ئەوکاتە دەبەستێت، بەتایبەتیش (کفر و سووکایەتیکردن بە خودا و بەها دینییە پیرۆزەکان) بەسەر ستریندبێرگدا دەسەپێنن، بەڵام بەر لەوەی پۆلیس بگاتە سەر کتێبخانەکان، هەموو نوسخەکانی ئەو کتێبە دەفرۆشرێت و لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ئەو مەسەلەیە دەبێتە ڕووداوێکی گەورە و بەسەر زمانی هەموو کەسێکەوە دەبێت. قەدەغەکردنی ئەو کتێبە دەبێتە باسی ناو ڕۆشنبیران، گۆڤار و ڕۆژنامەکان، هونەرمەند و سیاسەتمەدارەکان، تەنانەت خوێنەر و خەڵکی ئاساییش.

ستریندبێرگ لە ڕوانگەی مەسەلەکانی خێزان و هاوسەرگیری و کەسایەتیی ئافرەتەوە، بەوپەڕی وریاییەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر دین و بنەما ئابوورییەکانی کۆمەڵگە و وڵاتیش. نەیارەکانی ستریندبێرگ ئەم هەلە دەقۆزنەوە،

وەک خاڵێکی بێهێزی ستریندبێرگ دەبینن و چەندین بڕگەی یاسایی دەدۆزنەوە تا ستریندبێرگی پێ تاوانبار بکەن و لەو ڕێگەیەیشەوە بتوانن سنووڕێکی بۆ دابنێن.

هەرچەندە ستریندبێرگ لەم کاتەدا لە سویسرا دەژیا، بەڵام کتێبەکەی دەدرێتە دادگا، دادگایش داوای ئەوە دەکات، کە ستریندبێرگ دەبێت خۆی لە دادگا ئامادەبێت و بەرگری لە خۆی بکات. لە سەرەتادا ستریندبێرگ بە هیچ شێوەیەک ئامادە نابێت بگەڕێتەوە بۆ سوێد، لەبری ئەوە گوتارێکی بەرگری دەنووسێت، بەم شێوەیەیش دەزگای (بۆنیەر) کە کتێبەکەی بڵاوکردووەتەوە، دەخاتە بەردەم تەنگەژەیەکی یاسایی و داراییشەوە.

ستریندبێرگ لە نامەیەکدا بۆ دەزگای بۆنیەر بەهانەی نەگەڕانەوەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ئەمە مەسەلەیەکی گرینگە و پەیوەندیی بە ئازادیی ڕادەربڕین و مافی بڵاوکردنەوەوە هەیە: "ئەم مەسەلەیەی من زۆر گەورەیە! هێندە گەورەیە، کە ناکرێت تەنها بەسەر شانی منەوە بێت، چونکە ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەندیی بە ئایندەمانەوە هەیە، ئەمەیش لە دەرەوەی دەسەڵاتی مندایە." دادگا بەم گوتارە قایل نابێت و سووردەبێت لەسەر ئامادەبوونی خۆی لە بەردەم دادگادا، نەیارەکانیشی مەسەلەکە دژی ستریندبێرگ بە کار دەهێنن و پشێوییەکی گەورە هەموو ستۆکهۆڵم دەگرێتەوە.

بەڕێوەبەری دەزگای بۆنیەر ناچار دەبێت بچێت بۆ سویسرا، لەوێ ستریندبێرگ قایل بکات و پێکەوە بگەڕێنەوە بۆ ستۆکهۆڵم، تا لە بەردەمی دادگادا بەرگری لە خۆی و کتێبەکەی بکات.

**دەگەڕێمەوە**

کە ستریندبێرگ بە شەمەندەفەر دەگاتە سەنتەری ستۆکهۆڵم، زیاتر لە هەزار کەس لە گەنجە ڕادیکاڵەکان، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی گەورەدا پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکەن. هەر لەگەڵ دەرکەوتنی لە دەرگای شەمەندەفەرەکەوە، بە هەزارەها کەس بۆ بەخێرهاتنەوە شەپقەکانیان بە ئاسماندا هەڵدەدەن و بە یەک دەنگ هاوار دەکەن.

یەکێک لە ڕۆژنامەکان دوای باسکردنی ئەم پێشوازییە شکۆمەندە و بڵاوکردنەوەی ڕیپۆرتاژەکانیان لەسەر گەڕانەوەی ستریندبێرگ، نووسیویەتی: "ئەم ڕۆژە هەرگیز لەو مێژووە نوێیەی سویدەوە، کە لەم ساتەوە دەست پێدەکات، لەبیر ناچێتەوە." ستریندبێرگ سڵاوی لە جەماوەرەکەی کردووە و هەر لە دەرگای شەمەندەفەرەکەوە ڕووی کردووەتە خەڵکەکە و گوتویەتی: "زۆر شادمانم، کە خەریکە بتوانین هەوا هەڵمژین. کە من سەفەرم کرد لەم وڵاتەدا نەماندەتوانی هەناسە بدەین. من سوپاسی ئەم پێشوازییەی ئێوە دەکەم، هەروەها ئەوەیشتان بۆ دووبارە دەکەمەوە، کە هەر شتێک ڕوو بدات، من واز لە پەیامی خۆم ناهێنم."

بەم شێوەیە مامەڵەکردن لەگەل ستریندبێرگ و قەدەغەکردنی کتێبەکەی، خوێنەر و جەماوەرێکی گەورەی بۆ کۆدەکاتەوە، خەڵکی دەیانەوێت بە هەر شێوەیەک بووە کتێبەکەیان دەست بکەوێت و بیخوێننەوە، لەبەر ئەوە نرخەکەی چەندین قات بەرزدەبێتەوە، لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشرێت و ئەمدەست و

ئەودەست دەکات. هەر بە بۆنەی گەڕانەوەی ستریندبێرگ و بۆ پشتگیریکردن لە قەڵەم و هەڵوێستەکانی ئەم نووسەرە، هەموو شانۆکان دەقە شانۆییەکانی ستریندبێرگ پێشکەش دەکەن. بینەران بە لێشاو ڕوو دەکەنە شانۆکان و بە شێوەئاهەنگێکی میللی و گوتارخوێندنەوە بەرگری لە نووسەرەکەیان دەکەن و ناڕەزایی بەرامبەر بڕیارەکەی دادگا دەردەبڕن.

ستریندبێرگ لە دادگا بەرگرییەکی بەهێز لە خۆی دەکات و بە هەموو شێوەیەک بەرپەرچی ئەوە دەداتەوە، کە بێڕێزیی بە خوا کردبێت، بۆ ئەم مەبەستەیش شیعر و نووسینەکانی خۆی بە کار دەهێنێت و نموونەیان لێ دەهێنێتەوە و بۆیان ڕاڤە دەکات. دادگایش دەکەوێتە ژێر چەندین گوشارەوە؛ یەکەم وەزیری ناوخۆی ئەوکاتە و ئەو کەسانەی لە بەرەی ئەودا دەبن و دەیانەوێت بە هەر شێوەیەک بووە ستریندبێرگ بە سزای خۆی بگات، دووەم هەندێک لەو سیاسەتمەدارانەی کە بە توندی هەر لە بنەڕەتەوە دژی ئەم دادگاییکردنە دەبن و بەرگری لە ستریندبێرگ دەکەن، سێیەمیشیان ئەو جەماوەرە گەورەیەی دژی ئەم دادگایە لەسەر شەقامەکان و بەردەرگای دادگاکەدا کۆدەبنەوە.

دواجار دادگا ناچار دەبێت ستریندبێرگ لە هەموو ئەو تۆمەتانەی خرابوونە پاڵی، ئازاد بکات. کە ستریندبێرگ لە دەرگای دادگاکە دێتە دەرەوە هەزارەها کەس لە خۆپیشاندانێکدا بەسەر ئەم نووسەرەدا هەڵدەدەن و پشتگیریی خۆیانی بۆ دووپات دەکەنەوە. ستریندبێرگ ڕاستەوخۆ قسە بۆ جەماوەرەکە

دەکات و دەڵێت: "من سوپاسی ئەم پشتگیری و پیاهەڵدانەتان دەکەم، بەڵام ئەمە وەک پشتگیری و پیاهەڵدانێک بۆ خۆم نازانم، بەڵکو بە دەربڕینی هەستی بەختیاری دەزانم بۆ ئەو سەرکەوتنەی، کە بیری ئازاد و وشەی ئازاد بەدەستی هێناوە." بەڵام ئەو بارودۆخە گرژە کولتووری و ئەدەبییە دژ بە ستریندبێرگ هەر دەمێنێتەوە، مەسەلەکەیش دەبێتە مەسەلەیەکی سیاسی و کێشەی نێوان پارتییە سیاسییەکان.

## گەشتی خەیاڵستان

هەر بۆ ڕۆژی دوایی ستریندبێرگ دەگەڕێتەوە بۆ سویسرا، ڕاستەوخۆیش لە شێوازی نامەنووسیندا، ڕاپۆرتێک لەسەر ئەم سەفەرە و دادگاییکردنەکەی و هەروەها کتێبەکەیش دەنووسێت. لەم ڕاپۆرتەیدا هێندەی تر پێ لە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ئافرەت، ژینگەی کولتووری سوێد، دوژمنەکانی و ئەو نەوە گەنجە ڕادیکاڵەی، کە خەریکە هاوسەنگیی هێز و کێشەکان دەگۆڕن، دادەگرێت. ڕاپۆرتەکە هەر زوو فۆرمی کتێبێک وەردەگرێت، نووسەر بە ناوی (گەشتی خەیاڵستان)ـەوە بڵاوی دەکاتەوە و بەم شێوەیە کۆتایی پێدەهێنێت: "ماڵئاوا سوێد! لە ئەورووپا ڕەشەبایەکی توند هەڵدەکات، بۆ ئەوەی هێزی شەپۆلەکان ببنە وانەیەک بۆ باکوور، بەڵام ئێستا باوبۆرانیشە! بارۆمەترەکانیش ئاماژە بۆ بومەلەرزە دەکەن."

ستریندبێرگ کە دەگەڕێتەوە، کار لەسەر ئەوە دەکات ئەم چیرۆکانە بە فەڕەنسی بڵاوبکرێنەوە، ئەم هەوڵانەیشی

سەردەگرێت و چیرۆکەکانی (ژنومێردایەتی) لە ساڵی ١٨٨٥دا بە زمانی فەرەنسی لە لایەن دەزگایەکی سویسرییەوە و بە یارمەتیی ماددیی ستریندبێرگ خۆی بڵاو دەکرێتەوە. چاپە فەرەنسییەکە ڕەواجی زۆر دەبێت، لە سویسرا و لە فەرەنسایش دەفرۆشرێت و ستریندبێرگ ئەو برە پارەیەی دەست دەکەوێتەوە کە لە پرۆژەکەدا دابنابوو. ستریندبێرگ لە ساڵی ١٨٨٦دا بەرگی دووەمی (ژنومێردایەتی) بڵاو دەکاتەوە، لەم بەشەیاندا ڕەشبینترە و بە تەواوی دژی ئافرەت و سیریی ژنی نووسراوە. لە چیرۆکەکانی ئەم بەرگەدا ئافرەت بووە بە دوژمنێکی دێوەزمە، قێزەوەن و دەبێت بە هەموو شێوەیەک دژی بووەستیتەوە. لەم بەشەدا، بە ئاشکراتر هێرش دەکاتە سەر (سیری)ی ژنی و وەک کەسێکی بێبەهرە، بەدمەست، دایکێکی بێکەڵک و خراپ و کەسێکی بێباک و بێپەروا لەگەڵ مێردەکەی باسی دەکات.

لە ساڵی١٨٨٦ بە دواوە سیری دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە ستریندبێرگ شێت بووە و تووشی چەندین نەخۆشیی دەروونی هاتووە. ستریندبێرگ وەڵامی ئەم وتانەی سیری بەوە دەداتەوە: "سیری دەیەوێت من بەوە تاوانبار بکات، کە شێت بووم، بەمە دەیەوێت بمخاتە نەخۆشخانەی دەروونی و لە شێتخانەکاندا توندم بکات." ئەمەیش ڕێک و ڕاست شانۆنامەی (باوک)ە، کە ستریندبێرگ پاڵەوانی سەرەکیی شانۆنامەکەی خۆیەتی. شانۆنامەی (باوک) لەسەر بنەماکانی مۆتیڤی ئیرەیی و شەڕی ژن و پیاو نووسراوە، ئەمەیش ستریندبێرگی لەو گومان و

تاوانانە پاک نەکردووەتەوە، کە دژی سیری لە مێشکیدا بوون، بە پێچەوانەوە ئەگەر خۆی بەو قەیرانە دەروونی و کێشە دژوارانەی هاوسەرگیرییەی خۆیدا تێنەپەڕیبا، هەرگیز نەیدەتوانی کاراکتەری (کاپتن) لە شانۆنامەی (باوک)دا بنووسێت.

## کاپتن و شەڕێکی دۆڕاو

کاپتن، کە کاراکتەری سەرەکیی تراجیدیای (باوک)ە و بە شێوازێکی ناتورالیزم نووسراوە، لاپەڕەیەکی تری ژیانی هاوسەرگیریی ستریندبێرگ و سیری لە ئاستێکی باڵای کێشەکاندا بەرجەستە دەکات. کاپتن لە پەردەی یەکەمدا وەک هێمایەکی زەبر و دەسەڵات، بە جلوبەرگی سەربازی و جزمەی ئەسپسوارییەوە دەردەکەوێت، بەڵام لە دوا دیمەندا وەک کەسێکی بێهێز، شێت و بێئیرادە و بەزیو خۆی دەدات بەدەست چارەنووسەوە.

کاپتن هەر ئەفسەر نییە، بەڵکو لە دەرەوەی کاروباری سەربازیشەوە وەک ئەماتۆرێک خەریکی تاقیکردنەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەی زانستە سروشتییەکانە. ئەم کاپتنە کچێکی هەیە ناوی (بێرتا)یە و ژنەکەیشی (لاورا)ی ناوە؛ لاورا ئافرەتێکی بەهێزە و لایەنێکی کێشە و ململانێکانی ئەم تراجیدیایەیە. کێشە و ململانێیەکی سەخت لە نێوان کاپتن و لاورادا هەیە، بۆ نموونە لاورا دەیەوێت کچەکەیان (بێرتا) ببێت بە وێنەکێش و لەو بوارەدا خوێندن تەواو بکات و بڕوانامەی هونەری وێنەکێشان بەدەست بهێنێت، بەڵام کاپتنی باوکی نایەوێت و ئەو بڕیارەیشی

به تاکەلایەنی داوە، کە کچەکەی ببێت بە مامۆستا. لاورا دەیەوێت کچەکەیان سەر بە چینێکی بەرز بێت و بە پایەکانی کۆمەڵگەدا سەربکەوێت، کاپتن بە پێچەوانەوە دەیەوێت (بێرتا) کەسێکی ئاسایی بێت، شوو بکات و وەچە بخاتەوە و منداڵەکانی پەروەردە بکات. لە ئەنجامی ئەم دوو بۆچوونەیشەوە کێشەیەکی گەورە لە نێوان ئەم ژن و مێردەدا دروست دەبێت و هەموو هاوسەرگیرییەکەیان ڕووبەڕووی مەترسییەکی چارەنووسساز دەبێتەوە. کێشەیەک لەسەر ژیان و مەرگ بە شێوەیەکی چڕ و بەبێ هیچ جۆرە نەرمینواندنێک دەست پێدەکات. کاپتن دەیەوێت لەم مەسەلەیەدا حساب بۆ قسەی ئەو، وەک باوکێک بکرێت، لاورایش هەموو چەکێک بە کار دەهێنێت بۆ ئەوەی بەسەر ئیرادەی مێردەکەیدا سەربکەوێت.

لاورا شەڕێکی توندی دەروونی لەگەڵ کاپتن دەکات، گومانی لە لا دروست دەکات، کە ئەو باوکی (بێرتا)ی کچیان نییە.

کاپتن، کە پیاوەتیی ئەو دەخرێتە ژێر گومان و پرسیار و مەترسییەوە، لەم شەڕەدا هۆشی خۆی لەدەست دەدات و لە بارودۆخێکی گرانی دەروونیدا چرایەک بە داگیرساوی دەگرێتە لاورای ژنی، بەمەیش شەڕەکە دەدۆڕێنێت. لە دیمەنی کۆتاییدا بە بەڵگە و ڕێنمایی پزیشک و یارمەتیی دایەنە پیرەکەی، کە تا ئەوکاتەیش لەگەڵیان دەژی، کاپتن بەند دەکەن و لە کراسێکی تایبەتمەندی فەقیانەدرێژی شێتخانەکاندا قۆڵبەستی دەکەن.

کاراکتەری کاپتن هێمایەکی بەهێز و ئاشکرای ستریندبێرگ خۆیەتی، ئەو کێشە گەورە ئاڵۆزەی کە لە خودی ستریندبێرگدایە،

کێشەی نێوان پیاو و ژن، لە نێوان ئەو حەزەی کە دەیەوێت بەسەر نەژادی ژندا سەربکەوێت، یان بە تەواوی ملکەچی بێت، لەم شانۆنامەیەدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر شەکسپیر و لە شانۆنامەی (بازرگانی ڤێنیسیا)وە، کاپتن دەبەستێتەوە بە کاراکتەری (شایلۆک)ـەوە و مەودایەکی تری قووڵ و مرۆڤایەتیی پێ دەبەخشێت. کاپتن لە ساتێکدا دەبێت بە شایلۆک و مەنەلۆگە بەناوبانگەکەی ئەو، کە وەک جوولەکەیەک ئەو مافەی نییە بژی، دەبێتە ڕەگەزی پیاو و پیاو بەرامبەر بە ژن ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە دەبێتەوە، کە شایلۆکی جوولەکە ڕووبەڕووی بووەتەوە.

کاپتن لە پەردەی دووەمدا وەک شایلۆکی جوولەکە دەڵێت: "ئا، با پیاویش بم، دەگریم. بۆ پیاو چاوی نییە، پیاو دەستی نییە، ئەندامی لەش، ڕۆح، حەز، جۆشی نییە؟ بە هەمان خواردن ناژیێ، بە هەمان چەک بریندار نابێ، وەک ئافرەت بە هەمان هاوین و زستان، گەرما و سەرمای نابێ؟ گەر سەرە نووکێکمان تێراکەن، خوێنمان لێ نایەت؟ گەر ختوکەمان بدەن، پێناکەنین؟ گەر دەرمانخواردمان بکەن، نامرین؟ بۆچی پیاوێک بۆی نییە نارەزایی دەرببڕێ؟ سەربازێک بۆی نییە بگری؟"

وەک لەوەوبەر ئاماژەم بۆ کردووە، ستریندبێرگ لەم مەنەلۆگەی شایلۆکدا، وشەی (جوولەکە) دەگۆڕێت، لەبری ئەوە وشەی (پیاو) بەکاردەهێنێت. ستریندبێرگ دەیەوێت بەم گۆڕانکارییە ساکارە و وەرگرتنی ئەم دیمەنە لە شەکسپیرەوە مەودایەکی تر لە دەرەوەی چەمکەکانی زەمەنەوە بەم کاراکتەرە

ببەخشێت، لە هەمان کاتدا، کە بە هیچ شێوەیەک شیکردنەوەی لە مەدارەکانی نەژاد و ئایینەوە بۆ نەکرێت.

ستریندبێرگ گرینگییەکی زۆری داوە بە دراماتۆرگی و چڕکردنەوەی ململانێ و کێشە جیاوازەکان، چڕکردنەوەی ئەو ململانێیەی، کە لە خودی پاڵەوانەکاندایە.

ستریندبێرگ لە نامەیەکدا بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (بۆنیەر) سەبارەت بە شانۆنامەی (باوک) دەڵێت: "شانۆگەریی باوک بەرجەستەی درامایەکی سەردەمە، مۆرکێکی نامۆ لە خۆ دەگرێت. نامۆیە لەبەر ئەوەی ململانێ لە نێوان گیاندایە نەک پاڵەوان، لەبەر ئەوەی جەنگی بیروباوەڕە نەک خەنجەر. ئەدیبەکانی فەرەنسا تا ئێستا دەگەڕێن بۆ شێوازێکی دروست، بەڵام من دۆزیمەوە."

ئەم شانۆنامەیە لەگەڵ شانۆنامەی (خاتوو ژولیا)دا بوونە دوو دەقی گرینگ و لەبەرچاو بۆ پراکتیزەکردنی ڕێبازی ناتورالیزم، شوێنپێ هەڵگرانی بزووتنەوەی ناتورالیزم لە ئەورووپا بە گشتی و فەرەنسا بەتایبەتی بڕوایان وابوو ستریندبێرگ ئەو سەرکردە نوێیەیە، کە گەیشت.

ستریندبێرگ باری ئابووریی خراپ دەبێتەوە، لە سویسراوە دەگوێزنەوە بۆ فەرەنسا و سەرلەنوێ لە شارۆچکەی (گرێز) خانوویەک بۆ ماوەی ساڵێک بە کرێ دەگرێت. پەیوەندییەکانی بە سیری ژنیەوە باشتر نابێت، بەڵکو ئاڵۆزییەکان دەبنە کۆمەڵێک دیمەنی چیرۆکەکانی (ژنومێردایەتی) و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، لەنێو نائارامی، بەدحاڵیبوون، دڵپیسی، سەرکۆنەکردن و تەنانەت ئەشکەنجە و لێدانیشدا بەرجەستە دەبنەوە.

### کوڕی کارەکەر

ستریندبێرگ ساڵی ١٨٨٦ لەگەڵ ئەم ژیانە پڕ لە کێشە و ناخۆشەیدا، بە سەرلەبەری ژیانی خۆیدا دەچێتەوە و یەکێک لە گەورەترین کتێبەکانی، ڕۆمانی (کوڕی کارەکەر) دەنووسێت.

ستریندبێرگ لەم تەمەنەیدا دوای ئەوەی هەردوو بەرگی کتێبی (ژنومێردایەتی) بڵاودەکاتەوە، هەست بەوە دەکات کاتی ئەوە هاتووە بیوگرافیای ژیانی و بیرەوەرییەکانی بنووسێت، هەرچەندە ئەم نووسەرە هەمیشە لە نووسینەکانیدا سوودی لە ژیان و ئەزموونی خۆی وەرگرتووە و ژیانی بە هەموو هەڵکشان و داکشانێکەوە سەرچاوەیەکی گرینگ و ڕاستەوخۆی نووسینەکانی بووە، بەڵام (کوڕی کارەکەر) دەبێت بە سەرەتای بیۆگرافیایەکی ورد و دەوڵەمەندی ژیانی ئەم نووسەرە.

ستریندبێرگ هەست بەوە دەکات، کە دەبێت بە هەر شێوەیەک بووە خۆی لە ڕابوردووی ڕزگار بکات، بەڵام لەم بەرهەمەیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕابوردووی ژیانی، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ و لە ئێستادا بتوانێت بە شێوەیەکی تر دەست پێبکاتەوە.

بەشی یەکەم و دووەمی ئەم ڕۆمانە لە بەهار و سەرەتای هاویندا دەنووسێت و ڕووداوەکانی دەستپێکی ژیانی، وەک کوڕی کارەکەرێک لە خۆ دەگرێت؛ پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیش ناوی (یوهان)ە، یوهانیش ناوی یەکەم و ڕاستەوخۆی ستریندبێرگ خۆیەتی. لە دوو بەشی یەکەمدا باسی سەردەمی منداڵی تا ساڵەکانی ١٨٧٢ دەکات و بەرجەستەیەکی

ورد و ئاشكرای ساتە دەرەكی و ناوەكییەكانی ژیانی خۆی لەو ساڵانەدا دەكات، هەروەها ستریندبێرگ توانیویەتی لەم ڕۆمانەیدا وێنەیەكی دەوڵەمەندی گۆڕانكاری و بەرەو پێشەوەچوونەكانی كۆمەڵگەی سوێدی لە دوای ناوەڕاستی ساڵەكانی ١٨٠٠ەكانەوە بخاتە ڕوو، ئەمە جگە لە ژیان و گوزەرانی خەڵكی ستۆكهۆڵم، سترەكتۆری شارەكە، گوند و شار و شارۆچكەكانی دەوروبەری ستۆكهۆڵم: جیاوازییەكان، بارودۆخە هاوچەشنەكان، ئاستی گوزەران و بنەما كۆمەڵایەتی و سیاسییەكەی سوێد بخاتە ڕوو. لە هەمان كاتدا پۆترێتی ژیانی ئەو كەسانەی لە نزیكییەوە ژیاون، لە دیدێكی شیكاری و سایكۆلۆژییەوە بە بنەمای ڕووداوەكانی ڕۆمانەكەوە، دەخاتە ڕوو.

دوای نووسینی بەشی یەكەم و دووەمی ئەم ڕۆمانە، فەڕەنسا و شارۆچكەی (گرێز) بەجێ دەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ سویسرا. لە سویسرایش بەشی سێیەم و چوارەم دەنووسێت، بەڵام ئەم دوو بەشەیان لە ساڵی ١٩٠٩دا، دوای سەرلەنوێ ئامادەكردن و پیاچوونەوە و كارتێداكردن، بەر لە مردنی خۆی بە چەند ساڵێک بڵاوكراونەتەوە.

ستریندبێرگ لە بەشی سێیەمدا باسی ژیانی هەرزەكاریی خۆی لە نێوان ساڵانی ١٨٧٢ – ١٨٧٥دا دەكات، بەشی چوارەمیشی، كە ستریندبێرگ بە (مێژووی نووسینی بەرهەمەكانمە، ڕەخنەی خۆمە لە دراماكانم) ئاماژەی بۆ كردووە، بە شێوەیەكی دۆكیۆمێنتاری باسی كەسایەتیی خۆی و

بەرهەمەکانی، هەر لە ڕۆمانی (ژووری سوور)ەوە تا دەگاتە دوابەشی (کوڕی کارەکەر) دەکات. هەرچەندە ڕۆمانی (کوڕی کارەکەر) لەسەر بنەما دۆکیۆمێنتارییەکانی ژیانی ستریندبێرگ و بیرەوەرییەکانی و ئەو ژینگە و دەوروو‌بەرەی، کە تیادا ژیاوە، نووسراون و بە شێوەیەکی چڕ و بە هەموو وردەکارییەکانییەوە ژیانی ئەم نووسەرە، لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەگێڕێتەوە، نەفەسێکی قووڵی هونەری و تەکنیکی تایبەت بە گێڕانەوە و زمانێکی باڵای ئەدەبی و شیعری لەخۆدەگرێت.

ستریندبێرگ لە (کوڕی کارەکەر)دا ژیانی تێکەڵ بە دید و هزرێکی پڕ لە فەنتازیا و داهێنان کردووە و هەر لەو ڕوانگەیەیشەوە سەبارەت بە کۆمەڵگە، دەوروو‌بەر و ئەو سەردەمەی تیا ژیاوە، بە شێوەیەکی هونەری دەدوێت، بەمەیش تەکنیک و فۆرمێکی نوێی بۆ گێڕانەوەی (بیرەوەری) لە ئەدەبی هاوچەرخی سوێدیدا خوڵقاندووە.



# بەشی پێنجەم

## باوك، خاتوو ژولیا و
## سەرەتایەكی نوێ لە دانیمارك

ستریندبێرگ، دوای ئەوەی بەشی سێیەم و چوارەمی ڕۆمانی (کوڕی کارەکەر) لە سویسرا دەنووسێت، ماڵ و منداڵ دەپێچێتەوە و لە سویسراوە دەڕۆن بۆ ئەڵمانیا. لە ئەڵمانیاوە بە تەنیا سەفەرێکی خێرا دەکات بۆ نەمسا و لەوێوە دەڕوات بۆ کۆپنهاگن، لە مانگی شەشی ساڵی ١٨٨٧یشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا، بۆ لای خێزانەکەی.

هاوینی ساڵی ١٨٨٧ ژیانی هاوسەرگیری ستریندبێرگ و پەیوەندییەکانی لەسەر هەموو ئاستەکان بە سیرییەوە بە تەواوی تێکدەچێت، باری دەروونیشی لە خراپترین دۆخدا دەبێت و باری ئابووریی هەموو خێزانەکەیش دەگاتە سەر ئاستی سفر. لەم دۆخەی ژیانی ڕۆژانەیدا ڕۆمانی (دانیشتوانانی ئێمسئوێ)، کە دەبێتە یەکێک لە ڕۆمانە هەرە خۆشەویست و بەربڵاوەکانی لەناو خەڵکدا، دەنووسێت. خاتوو (فلود) پاڵەوانی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە، بێوەژنێکی دەوڵەمەند، لە دوورگەی هێمسیۆ، کە یەکێکە لە کۆ دوورگە قەشەنگەکانی ستۆکهۆڵم، دەژی. لەبەر ئەوەی (گوستن)ی کوڕی هەر بە ڕاوەماسی و ڕاوەوە خەریکە، کێڵگە و باخ و باخاتەکەیان وشک دەکات، خاتوو (فلود)یش ناچار دەبێت جووتیارێک بە ناوی (کاڵسۆن)ەوە ڕابگرێت تا کاروبارەکانیان بۆ بەڕێوەبەرێت.

ئەم (کاڵسۆن)ە کەسێکی لەبلەبان، شارەزا، ئازا و بە دەستوبرد دەبێت، بە ماوەیەکی کەم باخ و باخاتەکەی (فلود) دەبووژێنێتەوە، پەیوەندییەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی لەگەڵ کچانی دوورگەکە دەبەستێت و خاتوو (فلود)یش دەستەمۆ دەکات،

دوایش بە ئاسانی لەخشتەی دەبات و بە تەماعی سەروەتەکەی هاوسەرگیریی لەگەڵ دەکات. کاڵسۆن سیستەمی ژیانی خاتوو (فلود) و بنەماڵەکەی و خەڵکی دوورگەکەیش تێکدەدات، سەرەتا بە مەرگی فلود و دواتریش بە مەرگی کاڵسۆن خۆیشی کۆتایی دێت.

ستریندبێرگ بە زمانێکی شیعری، کۆمیدیا و تراجیدیا تێکەڵاو دەکات، وێنەیەکی بەرزی دانیشتوانی ئەو دوورگەیە و وەرزەکانی ساڵ، جەژن و بۆنە میللییەکان و پەیوەندییەکانی خەڵکی، ئیرەیی، دڵپیسی، داوێنپیسی، خیانەت، دڵداری، میوانداری، ئاهەنگ و بەدمەستی و شەرابخواردنەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاویش دەخاتە ڕوو.

وەرزی زستان و گرانیی باری ژیانی ئەم دوورگەیەیش دەبێتە هێما و بەشێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەی ڕووداوەکانی بەشی کۆتایی ئەم ڕۆمانە و چارەنووسی خاتوو (فلود) و (کاڵسۆن) خۆیشی. خاتوو (فلود) کاراکتەرێکی فرەڕەهەند و فرەمەودایە. ستریندبێرگ بەوپەڕی وریاییەوە بونیادی کاراکتەرەکەی چنیوە و لە کاراکتەرەکانی تر جیای کردووەتەوە، بۆ نموونە ئەم کاراکتەرە لە یەک کاتدا کاراکتەری (میدیا)ی گریکی و (ئۆتێلۆ)ی شەکسپیریشە، میدیایە لەو ڕووەوەی عیشقێکی گەورەی بۆ کاڵسۆن هەیە، کە هەست دەکات کاڵسۆن خیانەتی لێ دەکات و پەیوەندیی بە ژنی ترەوە هەیە، دەیەوێت بە هەموو شێوەیەک تۆڵەی لێ بکاتەوە، ئیرەیی و

دڵپیسییەکەیشی وێنەی ئۆتێلۆیەکی میللی و نوێی کۆمەڵگەی سوێدییە.

ستریندبێرگ ئەم ڕۆمانە بۆ ئەوە دەنووسێت تا بتوانێت هەندێک پارەی دەست بکەوێت، لە هەمان کاتدا بەو هیوایەی ناو و ناوبانگی خۆی لە سوێد بە دەست بێنێتەوە، بەتایبەتی دوای بڵاوکردنەوەی بەشی دووەمی چیرۆکەکانی (ژنومێردایەتی)، خوێنەرەکانی لێی دەتەکێنەوە، وەک کەسێکی توندوتیژ و بێبەزەیی و دژ بە ئافرەت ئاماژەی بۆ دەکرێت.

ستریندبێرگ لە مانگی یانزەی ساڵی ١٨٨٧دا کتوپڕ بڕیار دەدات بگوێزنەوە بۆ دانیمارک، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارە کتوپڕەیش ئەوە دەبێت، کە شانۆنامەی (باوک) بۆ یەکەم جار لە ( گازینۆ شانۆ) لە کۆپنهاگن پێشکەش دەکرێت.

گازینۆ شانۆ، کە لەوەوپێش چەند بەرهەمێکی تریان پێشکەش کردبوو، دەیانویست بە نمایشکردنی (باوک) ئاستی هونەری شانۆکەیان بەرز بکەنەوە، لە هەمان کاتدا ستریندبێرگ بە شانۆی دانیمارکی و بینەرانی ئەو وڵاتە بناسێنن.

دواپرۆڤەی شانۆنامەی (باوک)، بەر لە شەوی یەکەمی نمایش، بە ئامادەبوونی ستریندبێرگ خۆی، لە ناوەڕاستی مانگی یانزەدا پێشکەش دەکرێت.  نمایشەکە کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر هەست و هۆشی ستریندبێرگ، هەست بە ناڕەحەتی و هەڵچوونێکی دەروونی و بێزاری و ئازاری ویژدان دەکات.

ستریندبێرگ، بۆ یەکەم جار لەم نمایشەدا بە شێوەیەکی کردەیی و لەسەر شانۆ سەیری ئەو دیمەنانە دەکات، کە لە


ژیانی خۆیدا ڕوویان داوە، گوێی لەو دیالۆگانە دەبێت، کە لە ژیانی ڕۆژانە و هاوسەرگیریی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە و خۆی و سیری لەسەر شانۆ و لە دوورەوە و لە شەڕێکی سەختدا دەبینێت. نمایشەکە دەبێتە سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ژیانێکی پڕ لە کێشە، هاوسەرگیرییەکی ناهەموار، خۆشەویستییەکی پڕ لە قین و دەروونێکی ڕەش و نەخۆش.

ستریندبێرگ دوای نمایشەکە، نامەیەک بۆ یەکێک لە هاوڕێ نووسەرەکانی دەنووسێت، باسی خەون، مەرگ و ژیان دەکات: "وا هەست دەکەم بە دەم خەوەوە دەڕۆم؛ وەکو ئەوەی شیعر و ژیان تێکەڵاوی یەکتر بووبن. من چیی تر نازانم (باوک) شیعرە یان ژیانی من؛ بەڵام لە هەر کات و چرکەساتێکدا بێت لەمە هەر دەگەم، کە لەوەیش گەیشتم بە تەواوی بە هۆی شێتبوون یان ئازاری ویژدان و بیر لە خۆکوشتنەوە دەڕوخێم. بە هۆی زۆریی شیعرەوە ژیانم بووە بە سێبەری خەیاڵ؛ من لەو بڕوایەدا نیم، کە بەسەر زەویدا دەڕۆم، لە ئەتمۆسفێرێکدا دەسوڕێمەوە، کە هیچ کێشێکی نییە، بەڵام لە تاریکیدا بزربووە. ئەگەر ڕووناکیش بێتە ئەم تاریکییەوە، ئەوا دەکەومە خوارەوە و تێکدەشکێم!" ستریندبێرگ چەندین جار دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە، کە ئەو بۆیە هێندە فرەبەرهەمە، چونکە شیعر و واقیع، خەون و فەنتازیا تێکەڵاو دەکات، هەموو شتێک بۆ ئەو کراوەیە، وەک نووسەرێک ئازادە، ئەمەیش بۆ ئەو، ئەوەی گەیاندووە، کە ژیانی خۆی و ئەو کەسانەیشی لە نزیک ئەوەوە

و لەگەڵ ئەو ژیاون، بکاتە قوربانی و لە بەرهەمەکانیدا بیانکات بە شیعر و بەکاریان بهێنێت.

لە دانیمارک نمایشی (باوک) سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ڕەخنەگرەکان لە دوو لایەنەوە (نمایشەکە/ دەقەکە) هەڵدەسەنگێنن و لە زۆر ڕووەوە دەیبەستنەوە بە ژیانی (ستریندبێرگ/ سیری)یەوە و ستریندبێرگ ڕووبەڕووی حەقیقەتێکی تاڵی ژیانی خۆی، وەک نووسەرێک لە بەرهەمەکانیدا و بەرهەمێک لە ژیانی خۆیدا، دەکەنەوە. هەندێک لە دیمەنەکانی نمایشەکەیش ترس لە لای بینەران، بەتایبەتی ئەو بینەرە نەریتگەرانەی، کە هەڵسوکەوتی کاپتنیان بە لاوە قێزەوەن بووە، دروست دەکات.

ستریندبێرگ دوای نمایشی (باوک) بەبێ ئەوەی گوێ بداتە خێزانەکەی، زۆربەی کاتەکانی لە قاوەخانە، مەیخانە و ناو هاوڕێ نوێیەکانیدا دەباتە سەر، ئەمەیش کار دەکاتە سەر باری ئابووریيان و ناچار دەبن، ئەو هۆتێلەی لێی دابەزیبوون، چۆڵ بکەن و لە دەرەوەی شار، بچنە خانوویەکی گەورەی هاوینەوە و بە کولەمەرگی بژین.


Holtibus pridie Cal. Jan.
MDCCCLXXXIX.

Carissime Doctor!

Θέλω, θέλω μανῆναι!
Litteras tuas non sine perturbatione accepi et tibi gratias ago.
Rectius vives, Licini, neque altum
Semper urgendo, neque dum procellas
Cautus horrescis nimium premendo
Litus iniquum.
Interdum juvat insanire!
Vale et Fave!
Strindberg (Deus, optimus maximus).

**گوتاری**

**بەرگری لەخۆکردنی شێتێك**

لە سەرەتادا ڕۆمانی (دانیشتوانانی ئێمسئوێ)، ئەو داهاتە بۆ ستریندبێرگ دابین ناکات، کە ستریندبێرگ خەونی پێوە دەبینی، لەبەر ئەوە دەبێت بنووسێت، بەرهەمی تازە بڵاوبکاتەوە و پارە پەیدا بکات.

لەم نێوانەدا ڕۆمانی (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) کە لەوەوبەر لە فەڕەنسا دەستی بە نووسینی کردبوو، تەواو دەکات. (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) بە فەڕەنسی دەنووسێت، هەندێک لە بۆچوونەکان، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ستریندبێرگ بۆیە زمانی فەڕەنسیی بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە هەڵبژاردووە، چونکە زمانێکی بێگانە ئەو دەروازەیەی بۆ کردووەتەوە تا بتوانێت باسی مەسەلە خودگەرا و تایبەتمەندییەکانی ژیانی خۆی بکات، بەو شێوەیەیش بوارێکی دەروونی لە نێوان خودی خۆی، ئەوی نووسەر لە لایەک و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە و ئەو زمانە بێگانەیەدا، لە لایەکی ترەوە دروست بکات.

بەڵام ستریندبێرگ دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە، کە بۆیە ئەو ڕۆمانەی بە زمانی فەڕەنسی نووسیوە، تا هەستی (سیری)ی ژنی بریندار نەکات. هەندێک لە ڕەخنەگرە سوێدییەکان

بۆچوونێکی تریان هەیە و زیاتر لەو بڕوایەدان، کە ستریندبێرگ هەر لە سەرەتاوە ئەو پلانەی هەبووە بە فەڕەنسی بنووسێت، بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی کولتووری، لە نێوەندە فەڕەنسییەکەدا بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، بەم شێوەیەیش ناوبانگی سنوورەکانی سوێد ببەزێنێت و پێگەیەکی ئەورووپی بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

ستریندبێرگ هەوڵی داوە لەم ڕۆمانەیدا سنوورێک بۆ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ (سیری) دابنێت، گەڕاوە بە دوای وردەکاری و بەڵگەی داوێنپیسی و پەردەهەڵماڵین لەسەر تاوانە مۆراڵییەکانی سیری، نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەم کتێبەیدا تەنها هەر پەردە لە ڕووی خۆی و سیری و گرفتەکانیان هەڵناماڵێت، هەروەها ژیانی مێردەکەی پێشووی سیری (کارڵ گوستاف فرانگێل) و بنەماڵەکەیشیان دەبێتە بەشێک لەم ڕۆمانە و هێرشیان دەکرێتە سەر. ئەمە جگە لەوەی، بە ڕوونی قینی پڕ لە ژەهری خۆی بەسەر ڕەگەزی ئافرەتدا دەڕێژێت و داوای ئەوە دەکات، کە هەموو مافە کۆمەڵایەتییەکان لە ئافرەت زەوت بکرێت.

ستریندبێرگ ئافرەت بە نیمچە مەیموون و زیندەوەری بێبایەخ بەراورد دەکات: سیانزە جار لە ساڵێکدا بە هۆی کاتەکانی سوڕی خوێنەوە، شێت و نەخۆش و شەڕانگیز، بە تەواوی لە دەستدانی هۆش لە کاتی سکپڕی و زاوزێدا، بە بێ بەرپرسیاری لە هەموو ژیانیدا، گوناهبار، بە نەژاد تاوانبار، ئاژەڵێکی دڕندە، بە بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن،

هەروەها ستریندبێرگ بەم شێوەیە باسی سیری، کە لەم ڕۆمانەدا ناوی (ماریا)ی لێ ناوە دەکات: "ئاگرەکەی دەروونی کوژاوەتەوە، تەمەنی بەرەو گەیین چوون دەڕوات! ئەو ڕۆژە چ کارەساتێک بوو، کە ددانی پێشەوەی کەوت! ماریای بەستەزمان! دەگری و توند خۆیم پێوە دەنووسێنێت، داوام لێ دەکات لە خۆشەویستیی ئەو نەکەوم!  تەمەنی بەسەر چووە، قژی کاڵبووەتەوە، مەمکەکانی وەک شەپۆلی دوای باوبۆران داکەوتوون، قادرمەکان بۆ قاچە بچووکەکانی دەبنە هۆی ماندووبوون و سنگی بە هەمان هێز و شێوەی جاران کار ناکەن."

(گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) لەگەڵ هەموو توندوتیژییەکاندا، بە ڕۆمانێک دادەنرێت، کە باسی خۆشەویستی دەکات و وزەی لە ئاستە بەرزەکانی خۆشەویستییەوە وەرگرتووە، خۆشەویستی سترەکتۆر و ئەتمۆسفێری ڕووداوەکانی پێکهێناوە.

هەموو ڕەخنەگرەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەم ڕۆمانە بە یەکێک لە ڕۆمانە گەورەکانی خۆشەویستی دادەنرێت لە ئەدەبی سوێدیدا، چەندە ستریندبێرگ بە شێوەیەکی سارد و بێ هەست و هۆش، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سیری یەکلا کردووەتەوە، هێندەیش شیکاریی قووڵی سایکۆلۆژیی چڕ و وردە. لەگەڵ ئەوەیشدا، کە ئەم ڕۆمانەی بە یەکێک لە کارە ترسناکەکانی هەژمار دەکرێت، بەڵام بە هەمان شێوەیش بە یەکێک لە ڕۆمانە

ناتەبا و جیاواز و گرینگەکان لە ئەدەبی ئەورووپیشدا ئاماژەی بۆ دەکرێت.

ستریندبێرگ لە دانیمارک، بە ماوەیەکی کەم و لە مانگی سێی ساڵی ١٨٨٨دا بە تەواوی لەم ڕۆمانە دەبێتەوە، بێگومان خۆیشی هەستی بە زمانە زبر و قەڵەمە توندوتیژ و هێرشە چڕ و بەهێزەکانی کردووە، لەبەر ئەوە نەیویستووە بڵاوی بکاتەوە و لە چەندین نامەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە دەبێت لە ئەرشیفی بنەماڵەکەیاندا بمێنێتەوە و هەرگیز بە سوێدی بڵاو نەکرێتەوە. دواجار ڕۆمانەکە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩١٤دا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سوێدی و لە ساڵی ١٩٧٦یشدا، بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی تەواو بە سوێدی بڵاوکراوەتەوە.

هەرچەندە ڕۆمانەکە بە فەڕەنسی نووسراوە و ستریندبێرگ بە هەموو شێوەیەک هەوڵی داوە تا خۆی لە ژیاندا بێت، بە سوێدی بڵاونەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو گفتوگۆ گەرم و چڕ و دوورودرێژەی لە سوێد خوڵقاندووە، بەڵام ستریندبێرگ پێویستی بە پارە بووە و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەیش لەگەڵ هەموو شتێکدا برە پارەیەکی بۆ دابینکردووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هەرگیز پەشیمان نەبووە لە نووسینی ئەم ڕۆمانە و لە نامەیەکیدا دەڵێت: "یان ئەوەتا ئەم ڕۆمانە بنووسم یان بمرم، منیش نامەوێت بمرم، بەڵام تووشی ئازار دەبم، کە دەبینم هەندێک کەس بەم ڕۆمانە بریندار دەبن، ئەمەیش لەبەر ئەوە نا، کە ئەوان بێگوناهن، بەڵکو لەبەر ئەوەی مرۆڤن."

ستریندبێرگ له هه‌مان کاتدا له‌بری ئه‌وه کار بۆ ئه‌وه ده‌کات شانۆنامه‌ی (باوک) به فه‌ڕه‌نسی بڵاوبکرێته‌وه، له‌سه‌ر شانۆکانی پاریس نمایش بکرێت و شه‌ڕی پێگه‌ی هونه‌ریی خۆی به‌رێته‌وه، هه‌روه‌ها دوای ته‌واوکردنی ڕۆمانی (گوتاری به‌رگری له‌خۆکردنی شێتێک)، ڕاسته‌وخۆ بۆ دابینکردنی گوزه‌رانی ژیانی خۆی و خێزانه‌که‌ی، چیرۆکی (زه‌نگلێده‌ره ڕۆمانسییه‌که‌ی دوورگه‌ی ڕۆن) ده‌نووسێت و ده‌ینێرێت بۆ ده‌زگای بۆنیه‌ر. به‌م شێوه‌یه ئه‌م نووسه‌ره له‌نێو ته‌نگه‌ژه ده‌روونی و ماددییه‌کاندا له بیرکردنه‌وه و نووسین ناکه‌وێت و هه‌میشه ئه‌ڵته‌رناتیڤی بڵاوکردنه‌وه‌ی هه‌بووه.

**خاتوو ژولیا**

ستریندبێرگ ناچار ده‌بێت هاوینی ساڵی ١٨٨٨ سه‌رله‌نوێ بگوێزێته‌وه، سیری و منداڵه‌کانی کۆده‌کاته‌وه و چه‌ند ژوورێک له کۆشکێک له دوورگه‌یه‌کی ده‌ره‌وه‌ی شاری کۆپنهاگن، به ناوی (سکوڤلیست)ه‌وه، به نرخێکی هه‌رزان ده‌گرێت.

خاوه‌نی ئه‌م کۆشکه ئافره‌تێک بووه، که ژیانی له‌ناو ئاژه‌ڵدا بردووه‌ته سه‌ر و له باخچه‌ی ئه‌م کۆشکه‌دا، هه‌موو جۆره باڵنده و ئاژه‌ڵێک: سه‌گ، که‌روێشک، قه‌ل، کۆتر، مریشک، که‌ڵه‌شێر و بیستودوو مه‌ڕی به خێو کردووه.

کۆشکه‌که‌یش خانووبه‌ره‌یه‌کی گه‌وره‌ی کۆن و داڕووخاو بووه و ئه‌و ئاژه‌ڵانه به ئاره‌زووی خۆیان ته‌راتێنیان تێدا کردووه؛ پیاوێک و خوشکه گه‌نجه‌که‌ی، که لای ئه‌و ئافره‌ته کاریان کردووه، له به‌شێکی تری ئه‌م کۆشکه‌دا ژیاون.

ستریندبێرگ لە هەندێک نامەی ئەو دەمەیدا، باسی ئەم کۆشکە، ئاژەڵەکان، پیسیی شوێنەکە و ئەو دونیا پشێوەی لەو کۆشکەدا کۆبووەتەوە کردووە.

خوشکی پیاوەکە تەمەنی تەنها شانزە ساڵان دەبێت، ستریندبێرگ بە بەرچاوی سیری ژنیەوە پەیوەندییەکی خۆشەویستیی کاتیی لەگەڵ دروست دەکات و لە یەکێک لە ژووره چۆڵەکانی ئەم کەلاوەیەدا دەستی بۆ دەبات و چەند جارێک سێکسی لەگەڵدا دەکات، ئەمەیش چەندین کێشە بۆ ستریندبێرگ دروست دەکات، لەوانە برای ئەم کچە، کە کەسێکی شەڕانی و بەدمەستە، ئەم مەسەلەیە دەقۆزێتەوە تا پارە لە ستریندبێرگ بکێشێتەوە، کە بۆیشی ناچێتە سەر دەکەوێتە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و ناوزڕانی ستریندبێرگ، بۆ نموونە کە خوشکەکەی سکی پڕە و ستریندبێرگ لاقەی کچێکی شانزە ساڵانی کردووە. شەڕ و ئاژاوە دروست دەبێت، برای کچەکە دەمانچە لە ستریندبێرگ دەردەهێنێت، ستریندبێرگ و خێزانەکەی ناچار دەبن لە سەرەتای مانگی نۆدا، کۆشکەکە چۆڵ بکەن و بەرەو کۆپنهاگن هەڵبێن.

ستریندبێرگ لەم هاوینەدا، کە لەم کۆشکەدا دەژی، بە وردی لە هەڵسوکەوتی ئەو خانمە و پیاو و خوشکەکەی دەڕوانێت و شیکاریی دەروونییان بۆ دەکات، هەروەها لەو کۆشکە داڕووخاوەدا لەناو ئاژەڵ و خۆڵوخاشاک و باڵندە و دەوروبەرێکی پیس و کۆمەڵێک کێشە لەدوانەهاتووەکانی لەگەڵ (سیری)ی ژنی، لاقەکردنی ئافرەتێکی گەنجی شانزە ساڵ، کە

دەبێتە سەردێری ڕۆژنامە دانیمارکییەکان، شەڕی براکەی و ئەو پەیوەندییە شاراوەیەیشی، کە لە نێوان خاتوونی خاوەن کۆشکەکە و برای کچەکەدا هەبووە، شانۆنامەی (خاتوو ژولیا) دەنووسێت.

ئەو شتانەی لەو کۆشکەدا ڕوو ئەدەن، ئەو کەسانەی لەوێدا دەژین و کێشەکانیان، ئەو پەیوەندییانەی لە نێوانیاندایە و پێگەی کەسایەتییەکان، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەم شانۆنامەیەدا ڕەنگ دەدەنەوە. شانۆنامەکەیش لەسەر ئەو پرنسیپە نوێیەی ستریندبێرگ، کە بۆ شانۆنامەکانی ئەو قۆناغەی دادەڕێژێت، دەنووسێت. پرنسیپەکان بریتی بوون لە: هەموو ڕووداوەکانی شانۆنامەکە، بەبێ گۆڕانکاریی دیکۆر، دیمەن و پەردە، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا ڕووبدات و تەنها چەند کاراکتەرێکیش لە خۆ بگرێت، بۆ نموونە لە خاتوو ژولیادا، مەتبەخی کۆشکەکە دەبێت بە شوێنی ڕووداوی شانۆنامەکە، تەنها سێ کاراکتەریش، خاتوو ژولیا، یان و کریستین ڕۆڵەکان بەرجەستە دەکەن.

ستریندبێرگ هەر لەم ماوەیەدا و بەپێی ئەو پرنسیپە هونەرییەی، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، جگە لە شانۆنامەی خاتوو ژولیا، شانۆنامەی خاوەنقەرز، بەهێزترینیان، سموم و پاریا دەنووسێت.

**خاتوو ژولیا و گەمەی دەسەڵات**

که شانۆنامەکه له ئێوارەی جەژنی (چلەی هاوین)دا دەست پێدەکات، خاتوو ژولیا خاوەنی دەسەڵاتە، شاژنی سەر شانۆیە، ئەو بڕیار دەدات و هەموو شتەکان به (یان)یشەوه لەژێر دەست و پێی ئەودان. داوا له (یان) دەکات سەمای لەگەڵ بکات، پێکەوه بچنه دەرەوه، شەراب بخۆنەوه، پێڵاوەکانی ماچ بکات و هانیشی دەدات، که دەستپێشخەریی گەمەیەکی ئیرۆتیکیی لەگەڵدا بکات. خاتوو ژولیا به شێوەیەکی ناشایستانه ڕەفتار دەکات، گەمەکه ئاڵۆز دەبێت و ڕووداوەکان چەند ڕێچکەیەکی جیاواز له خۆ دەگرن تا دەگەنه ئەو ئاستەی (یان) وەک (سۆزانییەک) ئاماژه بۆ خاتوو ژولیا دەکات. ڕووداوەکانی شانۆنامەکەیش دەگەنه ئاستێکی کارەساتئاسا و (یان) له هەموو ئەو بەڵێن و پەیمانانەی به خاتوو ژولیای دابوو پەشیمان دەبێتەوه، لەبری ئەوه سەرکۆنەی دەکات و به چاوێکی سووک تێی دەڕوانێت. له ئەنجامدا خاتوو ژولیا به هاندانی (یان) کۆتایی به ژیانی خۆی دەهێنێت.

ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا، شەڕی ڕەگەز، مەسەلەی چینایەتی، دەسەڵات، خۆشەویستی و ئارەزووه سێکسییەکان چڕ دەکاتەوه و لەودیو پەیوەندییەکانەوه، سروشته ئاڵۆز و هەمەچەشن و جوداکەی مرۆڤمان بۆ شی دەکاتەوه.

گەمەی دەسەڵات لەم شەڕه چڕەدا، له چەقی ڕووداوەکاندایە، هەموو پەیوەندییەکان له بنەماکانی چەمکی دەسەڵات و میکانیزمێکی فره ڕەهەندی دەسەڵاتەوه کار دەکەن: خاتوو ژولیا

کچی کۆنتێکی دەوڵەمەند و پایەبەرزە، لە ڕێگەی دەسەڵاتی باوکیەوە خاوەن پێگە و دەسەڵاتە و گەمە بە کەسایەتیی (یان)ی خزمەتکار دەکات.

(یان) هەرچەندە خزمەتکارە، بەڵام کەسێکی بەئەزموون و تێگەیشتووە، لەم ڕێگەیەیشەوە دەسەڵاتی ڕەگەزی (نێرینە)ی خۆی بە کار دەهێنێت، تا گەر بۆ ساتێکیش بووە لە ئاستی دەسەڵاتێکی ڕەهادا، بەتایبەتی بەرامبەر بە خاتوو ژولیا خۆی دەربخات، بەڵام کە سێبەری (کۆنت) لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە، وەک تارماییەکی ترسناک دەردەکەوێت، تەرازووی گەمەی دەسەڵاتیش چ لە لای (یان) و چ لە لای خاتوو ژولیا دەگۆڕێت. (یان) دەبێتەوە بە خزمەتکارە گوێڕایەڵ و ملکەچەکە، بەڵام خاتوو ژولیا گەمەکە دەدۆڕێنێت. ستریندبێرگ شەڕی ڕەگەزەکان، بە شێوەیەکی گشتی دەبەستێتەوە بە چەمکی دەسەڵاتەوە، خاتوو ژولیا لەبەر ئەوەی سەر بە ڕەگەزی ئافرەتە، هەرچەندە پایەی کۆمەڵایەتیشی بەرزە، بەڵام شەڕەکە دەدۆڕێنێت و لەسەر پێشنیاری (یان) کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

شانۆنامەی (خاتوو ژولیا) هەر وەک (باوک) بەشێکە لە پرۆگرامە ناتورالیستییەکەی ستریندبێرگ بۆ شانۆ؛ چڕکردنەوەی دیدی شەڕێکی توندی بیروباوەڕە، نەک خەنجەر، ململانێی گیانە نەک پاڵەوان، وەک خۆی ئاماژەی بۆ کردووە.

ستریندبێرگ لەگەڵ شانۆنامەکەدا، گوتارێک دەنووسێت، کە دەبێتە دەروازە و پێشەکی بۆ خاتوو ژولیا، لەو پێشەکییەدا بنەما و نموونەیەکی باڵای شانۆیەکی ناتورالیستیی ڕوون دەکاتەوە. گوتارەکەی ستریندبێرگ نەک تەنها بووە مانیفێستێکی گرینگ بۆ

بزووتنەوەی شانۆ و ئەدەبی ناتوراليزم لە هەموو ئەورووپادا، بەڵكو بووە دۆكيۆمێنتێكی گرينگ لە مێژووی شانۆی هاوچەرخی جيهاندا.

ستريندبێرگ لەو گوتارەدا دەڵێت: "/.../ هێشتا فۆرمی تازە بۆ ناوەرۆكی تازە نەدۆزراوەتەوە، بۆيە ناوەرۆكە تازەكان فۆرمە كۆنەكانيان شكاندووە. من لەم شانۆنامەيەدا هەوڵم نەداوە شتێكی تازە بكەم، لەبەر ئەوەی ئەمە شتێكی مەحاڵە، بەڵام هەوڵی تازەگەريم لە فۆرمەكەدا داوە، بەپێی ئەو داخوازييانەی، كە بە بۆچوونی من، نەوەی نوێ بۆ فۆرمی ئەم هونەرە هەيانە." [...] نەخشە و پلانی شانۆنامەكە تۆكمە و بەهێزە و لە ڕاستيدا، تايبەتە بە دوو كەس، من هەر خۆم بەم دوو كەسەوە بەستووەتەوە، تەنها يەك كاراكتەری لاوەكيشم تێوە گلاندووە، كە چێشتلێنەرەكەيە."

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێكردنە ئەوەيە، كە (خاتوو ژوليا) لە سوێد، بە شێوەيەكی بەهێز بەربەرەكانی دەكرێت، سانسۆری شانۆ ڕێگە بە نمايشكردنی ئەم شانۆنامەيە نادات: مەسەلە چينايەتييەكان، سێكسواليتی، پەيوەنديی پياو و ژن، بۆ زياتر لە پەنجا ساڵ ڕێگە لە نمايشكردنی خاتوو ژوليا دەگرن، دەقەكەيش لە لايەن دەزگای بۆنيەر، كە زۆربەی بەرهەمەكانی ستريندبێرگی بڵاودەكردەوە، هەردوو شانۆنامەی (باوك) و (خاتوو ژوليا) بڵاوناكاتەوە. هەر لەم قۆناغەدا، لە پاريس، بە تايبەتی لە مانگی سێی ساڵی ١٨٨٧دا، ئەندريە ئەنتوان شانۆی سەربەست *Theatre Libre*ی دامەزراندبوو، بەو هيوايەی ئەو تەوژمە نوێيەی شانۆی ناتوراليزم، كە لە پاريس سەری هەڵدابوو بكاتە بنەمايەكی هونەری و زۆلا، تۆڵستۆی، ئيبسن، هاوبتمان... هتد پێشكەش بكات.

ستریندبێرگ هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری چالاکییەکانی ئەم شانۆیە دەبێت، نامە بۆ ئەندریە ئەنتوان دەنووسێت و تەقەلا ناتورالیستییەکانی خۆی بۆ باس دەکات. ئەندریە ئەنتوان ئامادەیی خۆی بۆ دەردەبڕێت، کە شانۆنامەی (باوک) لە پاریس پێشکەش بکات، بەڵام لەبری ئەوە شانۆنامەی (تارماییەکان)ی هێنریک ئیبسن نمایش دەکەن. ستریندبێرگ بێهیوا نابێت، لەبری ئەوە هەوڵ دەدات خاتوو ژولیا و خاوەنقەرز، کە هەردووکیان وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی فەرەنسی، لەسەر شانۆی سەربەست نمایش بکرێن.

ستریندبێرگ لەم ڕەوشە و بەدەم ڕەحمەتی چاوەڕوانیی نمایشکردنی شانۆنامەکانیەوە، دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بە خۆی، بە تەنها چارەسەر دەزانێت.



### ستریندبێرگ و نیتشە

لە مانگی یانزەی ساڵی ١٨٨٨دا، کە ستریندبێرگ بیر لە دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بە خۆی دەکاتەوە، هەندێک لە کتێبەکانی نیتشە دەخوێنێتەوە، ئەو کتێبانە دەبنە جێگەی سەرنج و گرینگپێدانی و سەرلەنوێ بە بایەخەوە دەیانخوێنێتەوە و بە دوای دید و بیروبۆچوونەکانی نیتشە، بەتایبەت (مرۆڤی باڵا)دا

دەگەڕێت.

ستریندبێرگ لە کۆپنهاگن و لە ڕێگەی هەندێک لە هاوڕێ دانیمارکییەکانییەوە نیتشە دەناسێت، لە مانگی یانزەی ساڵی ١٨٨٨یشدا دەکەونە پەیوەندیکردن، نامە دەگۆڕنەوە و کتێب بۆ یەکتری دەنێرن. هەر لەم ساڵەدا لەسەر داوای (نیتشە)، پەیوەندی و نامەگۆڕینەوەکانیان چڕ و فراوانتر دەکەنەوە. نیتشە بە گەرمی ستایشی شانۆنامەی (باوک) دەکات، کە ئەو بە زمانی فەڕەنسی خوێندبوویەوە، ئەم پەیوەندییەیش بۆ ستریندبێرگ گرینگ دەبێت و بە بایەخەوە بەرەوڕووی دەچێت. ستریندبێرگ خۆی لە چەمکی (مرۆڤی باڵا)ی نیتشەدا دەبینێتەوە و لەو چەمکە فەلسەفییەوە لە پێگەی خۆی دەڕوانێت و هەندێک لە چەمکە فەلسەفییەکانی نیتشەیش لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

## ستریندبێرگ و شانۆیەکی ئەزموونگەری

ستریندبێرگ لە مانگی یانزەی ساڵی ١٨٨٨دا، وەک مۆدێلێکی بچووکی شانۆ سەربەستەکەی ئەندریە ئەنتوان، شانۆیەکی ئەزموونگەری ئەسکەندەناڤی لە دانیمارک دادەمەزرێنێت، ئەم شانۆیە دواتر بە (تەقەلا شانۆییەکانی ستریندبێرگ) ناوزەد دەکرێت. ئەم شانۆ ئەزموونگەرییەی ستریندبێرگ تەمەنی زۆر نابێت، بەڵام لەو تەمەنە کورتەی ژیانیدا، چەندین چالاکیی چڕ و تەقەلای شانۆییان، بە یارمەتی و هاریکاریی سیری دەبێت.

ستریندبێرگ لە سەرەتای مانگی یانزە و دوانزەدا هەوڵی پەیداکردنی سپۆنسەر و پشتگیریی دارایی دەدات، چەند ئەکتەرێک لە خۆی کۆ دەکاتەوە و بە دوای دەقی شانۆیی

گونجاودا دەگەڕێت و نامە بۆ دۆست و دوژمن دەنێرێت و داوای یارمەتییان لێ دەکات، هەروەها لە ڕۆژنامەکاندا دید و مانیفێستی هونەری شانۆکەی بڵاودەکاتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە شانۆکەی ئامادەیە، هەموو دەقێکی شانۆیی، بەتایبەتی ئەو دەقانەی باسی ئەمڕۆ دەکەن، درێژ نین و پێویستیان بە گروپێکی گەورە نییە، پێشکەش بکەن.

(سیری)ی ژنی، کە ژیانی هاوسەرگیرییان لە جاران باشتر نابێت، بە هەموو شێوەیەک یارمەتیی ستریندبێرگ دەدات، ستریندبێرگیش پەنا بۆ سیری دەبات، کە وەک ئەکتەر لە شانۆکەیدا کار بکات. (خاتوو ژولیا، خاوەنقەرز و بەهێزترینیان) دەخەنە یەکەم ڕێپۆرتواری شانۆکەیانەوە و ڕاستەوخۆیش دەست دەکەن بە پرۆڤە لە شانۆنامەی (خاتوو ژولیا)دا.

سیری بەم پرۆژەیە زۆر دڵخۆش دەبێت و بە چانسێکی گەورەی دەزانێت، کە وەک ئەکتەر سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ سەر شانۆکان. دامەزراندنی ئەم شانۆیە و خەونی پرۆژە و بیرکردنەوە لە نمایشکردنی خاتوو ژولیا، پەیوەندییەکانی نێوان ستریندبێرگ و سیری هێدی دەکاتەوە و ژیانی هاوسەرگیرییان بۆ ماوەیەکی تر ڕزگار دەکات. هەرچەندە ستریندبێرگ لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم شانۆیەدا باسی ئەوەی کردبوو، کە چەند شانۆنامەنووسێک لە خۆی کۆدەکاتەوە، تا شانۆنامەکانیان پێشکەش بکرێت و گفتوگۆی هونەری بکەن، بەڵام سەرەتای ساڵی ١٨٨٩ لەم قسەیەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە و پێ لەسەر

ئەوە دادەگرێت، کە ئەم شانۆیە تەنها دەقەکانی خۆی پێشکەش دەکات.

ستریندبێرگ لە پاییزی هەمان ساڵدا، بەر لە کردنەوەی شانۆکەی، هەردوو شانۆنامەی خاتوو ژولیا و خاوەنقەرز، کە پێکەوە لە هاوینی ساڵی ڕابوردوو لە کۆشکەکە نووسیبوونی، لە دوو کتێبدا چاپ دەکات. ڕەخنەگرە سویدی و دانیمارکییەکانیش هێرشێکی بەهێز و توندوتیژ دەکەنە سەر شانۆنامەی خاتوو ژولیا، ڕەخنەکان زیاتر ناوەڕۆک و زمانی دەقەکە دەگرنەوە، مەسەلەی چینایەتی و دەسەڵات و ژن و پیاو، بەو شێوەیەی ستریندبێرگ لە خاتوو ژولیادا باسی کردبوو، بۆ ئەو ڕۆژگارەی ئەو وڵاتانە نەدەگونجان.

ستریندبێرگ دەیەوێت لەبەر ئەم هۆکارانە و وەک وەڵامێکیش بۆ ڕەخنەگرەکان، شانۆکەی بە نمایشی (خاتوو ژولیا) بکاتەوە، ئەوە پێشانی ڕەخنەگرەکانی بدات ئەوان هەڵەن و ئەو دەقێکی کراوە و سەردەمییانەی نووسیوە.

دوای پرۆڤەیەکی دوورودرێژ وماندووبوون، بڕیار دەدەن شانۆنامەی خاتوو ژولیا لە سەرەتای مانگی سێی ساڵی ١٨٨٩دا لە کۆپنهاگن پێشکەش بکرێت. ڕۆژێک بەر لە شەوی یەکەمی نمایشەکە، لە گەرمەی دوا پرۆڤەکاندا پۆلیس بە بڕیاری قەدەغەکردنی خاتوو ژولیاوە دێنە شانۆکەوە و پرۆڤەکانیان دەوەستێت، ئەمەیش کارەساتێکی گەورە دەبێت، چ بۆ ستریندبێرگ و چ بۆ (سیری)ی ژنی.

سانسۆر ئەو دەقەی بە شیاو نەدەزانی، کە لەسەر شانۆ نمایش بکرێت و لەگەڵ هەموو تەقەلاکانی سیری، کە تەنانەت هانا دەبات بۆ وەزیری ناوخۆی دانیمارک، دوا پرۆڤەکانی نمایشەکە ڕادەگیرێت و هەرگیز ناگاتە شەوی یەکەمی نمایش.

ستریندبێرگ نایەوێت کۆڵ بدات و هەروا بە ئاسانی خۆی بدات بە دەستەوە، لەبەر ئەوە خێرا بڕیار دەدات شانۆنامەی پاریا، کە تازە نووسیبووی، لەگەڵ بەهێزترینیان پێشکەش بکرێت.

**پاریا، ئەلتەرناتیف یان تەقەلای خۆڕزگارکردن**

(پاریا) شانۆنامەیەکی کورتی یەک پەردەییە، ستریندبێرگ بە دەستکارییەوە لە چیرۆکێکی (ئوولا هانسسۆن)ەوە ئامادەی کردووە و دوو کاراکتەر: میستەر X "ئێکس" ئارکیۆلۆگە، میستەر Y "وای" ڕێبوارێکە و لە ئەمەریکاوە هاتووە، لە خۆ دەگرێت، هەردووکیشیان چوونەتە تەمەنەوە.

لە دەستپێکی شانۆنامەکەوە، هەردوو کاراکتەرەکە بە هێمنی و لەسەرخۆ دەکەونە گفتوگۆ، بەڵام هێدی هێدی ڕیتمی ئەو گفتوگۆیە بەرەو هەڵچوون و گرژییەکی تەواو دەچێت.

کاراکتەری ئێکس، بە مەبەستی پارەقەرزکردن لە بانکێک ئیمزایەکی ساختەی کردووە، لە ئەنجامی ئەو کارە ساختەیەیدا هەڵدێت بۆ ئەمەریکا و لەوێ خۆی دەشارێتەوە، کاراکتەری وای-یش، لە تەمەنی لاوێتیدا پیاوێکی کوشتووە. کاراکتەری ئێکس هەڕەشە لە وای دەکات، پەردە لەسەر تاوانەکەی

هەڵماڵێت، بەڵام ئەو خۆیشی تاوانبارە. لە نێوان دیالۆگ و گفتوگۆی ئەم دوو کاراکتەرەدا گەلێ بیرۆکەی گرینگ سەبارەت بە چەمکەکانی تاوان، سزا، ئاکار و بەهای مرۆڤایەتی دەخرێنە ڕوو.

ستریندبێرگ بە تەواوی لەم دەقەیدا کاریگەریی فەلسەفە و تێڕوانینە فکرییەکانی (فرێدریک نیتشە) و بیرۆکەی مرۆڤی سوپەرمانی پێوە دیارە، گفتوگۆی ئەو دوو مرۆڤە دەبێتە کێشەیەکی ئاشکرای دوو تاوانبار، لە هەمان کاتدا تاوانبارکردن، سووکایەتیکردن بە یەکتری و دۆزینەوەی ئاڵتوون و زۆر شتی تر. دەقەکە خوێندنەوەیەکی گرینگی ستریندبێرگە بۆ دەستەبەرکردنی بیرۆکەی تاوان، دەروونناسی، یاساکانی پزیشکیی دادپەروەری لە لایەک و بیرۆکەی هاوکێشەی مرۆڤە بەهێزەکان بەرامبەر بێهێزەکان، لە لایەکی دیکەوە.

مەسەلەی هێز دەبێتە پرۆسەیەکی گرینگی گرفتە سەرەکییەکان، هەردوو کاراکتەرەکەیش دەبنە ئامرازێکی دووفاقیی ئەو کێشەیە: کێشەی هێز و دەسەڵات، دەسەڵات وەک ئامرازێکی گرینگی هێز دەبێتە هێماگەلێکی دیاریکراو.

ستریندبێرگ دەیویست بەم شانۆنامەیەی وەڵامی دەسەڵاتی سانسۆر بداتەوە، تاوانباریان بکات و ڕووبەڕووی دادگای شانۆ بچووکەکەی خۆیانی بکاتەوە.

(پاریا) لە نۆی مانگی سێی ساڵی ١٨٨٩دا نمایش دەکرێت و بۆ شانۆ ئەزموونگەرییەکەی ستریندبێرگ سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت، بەڵام شانۆنامەی (بەهێزترینیان) ئەو

سەرکەوتنە بەدەست ناهێنێت، سیری کە ڕۆڵی سەرەکیی شانۆنامەکە دەبینێت، فریای ئەوە ناکەوێت، دوای پرۆڤەکانی خاتوو ژولیا، بە چڕی کار لە ڕۆڵەکەیدا بکات و بە باشی خۆی ئامادە بکات. ڕەخنەگرەکانیش توندوتیژ و بێبەزەیی دەبن.

هەرچەندە ستریندبێرگ بە هۆی دامەزراندنی ئەم شانۆیە و ڕاگرتنی خاتوو ژولیاوە زەرەرێکی زۆری ماددی دەکات، بەڵام لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ سەرلەنوێ پێشکەشکردنەوەی خاتوو ژولیا. دواتر لە ناوەڕاستی مانگی سێدا بڕیاری ئەوە دەدرێت، کە خاتوو ژولیا بۆ خوێندکارەکانی کۆپنهاگن لە یانەیەکی قوتابیانی زانکۆی کۆپنهاگن، لەژێر چاودێرییەکی بەهێزی سانسۆر و پۆلیسدا بۆ بینەرێکی هەڵبژاردە پێشکەش بکرێت، ئەم هەوڵەیش بۆ سیری هەر بە کارەسات دەکەوێتەوە؛ ستریندبێرگ سیری تاوانبار دەکات، کە پەیوەندییەکی دڵداریی لەگەڵ ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی (یان) دەبینێت هەیە و دەستیشیان تێکەڵاو کردووە.

سەرلەنوێ مەسەلەی داوێنپیسیی سیری، کە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە، سەرهەڵدەداتەوە، پرۆسەی (ژنومێردایەتی) دووبارە دەبێتەوە و سیری دەکەوێتەوە بەر نەفرەتی پڕ لە ژەهر و گومانی ستریندبێرگ.

دوای ئەوە شانۆکەی ستریندبێرگ دادەخرێت، خۆیشی بە قەرزێکی زۆرەوە هەست دەکات، چیی تر لە دانیمارک جێگەی نابێتەوە و پێویستە بەرەو شوێنێکی تر هەڵبێت، ئەمە جگە

لەوەی ڕۆژنامەکانی دانیمارکیش لە هێرشکردنە سەر ئەم نووسەرە ناکەون.

لە هەژدەی مانگی سێدا لە نامەیەکدا بۆ ئاکسلی برای دەنووسێت: "ئەم هەموو وزەیەم لەم ساڵەدا بەکارهێناوە! دانیشتوانانی ئێمسئویَ، پاریا، سموم و چوارسەد نامەم نووسیوە، شانۆنامەکانم بۆ شانۆ دەرهێناون و سیمینارێکم سەبارەت بە درامای مۆدێرن نووسیوە، دەمەتەقێکردن، یارمەتیی ترسنۆکەکان بۆ ئەوەی بێنە گۆ، پرۆڤەکردن، ڕێنماییکردن، هەمووی لە یەکی مانگی جەنیوەرییەوە! بە خۆراییش، ئیتر لەوە زیاتر ناتوانم! لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ نەفرەتییەک نایەوێت یارمەتیم بدات؟"

هەر دوای چەند ساڵێک شانۆنامەی (خاتوو ژولیا) سەرکەوتنە نێونەتەوەییەکانی لە دەرەوەی وڵاتی سوێد و ئەسکەندەناڤیاوە بەدەست دەهێنێت: بۆ یەکەمجار، ساڵی ١٨٩٢ لە بەرلین، لە ساڵی ١٨٩٣یشدا لە پاریس، ئەندریە ئەنتوان لە شانۆ سەربەستەکەی خۆی نمایشی دەکات.



# بەشی شەشەم

## گەڕانەوەیەکی کاتی،

## جیابوونەوە و سەرلەنوێ هاوسەرگیریکردن

ستریندبێرگ، له مانگی چواری ساڵی ١٨٨٩دا دوای شەش ساڵ له دەرەوەی وڵات، له کۆپنهاگنەوه دەگەڕێتەوه بۆ سوید و له یەکێک له هۆتێلەکانی شاری مالمۆیدا دادەبەزێت، بەڵام سیری و منداڵەکانی، دوو کچ و کوڕێک له دانیمارک دەمێننەوه. هەر له مالمۆ یەکێک له هونەرمەندە هاوڕێ دێرینەکانی، ئاوگوست لیندبێرگ، ئەکتەر و ڕێژیسۆری شانۆیی دەبینێت و لەسەر ئامادەکردنی ڕۆمانی (دانیشتوانانی ئێمسئوێ) بۆ شانۆ ڕێکدەکەون.

ستریندبێرگ ناتوانێت زۆر له مالمۆ بمێنێتەوه، هەر له کۆتایی هەمان مانگدا، دەگەڕێتەوه بۆ ستۆکهۆڵم، له ستۆکهۆڵمیشەوه خۆی دەگەیەنێتە دوورگەی (ساندهامن). لەم دوورگەیەدا یادەوەرییەکانی چەند ساڵەی، بەتایبەتی لەگەڵ سیری و ڕۆژانی پڕ له ئەڤین و خۆشەویستی دەیوروژێنێت، دەکەوێتە نامەنووسین و بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت سیری بگاتە لای. له یەکێک له نامەکانیدا دەڵێت: "سیری من پارچەپارچە دەمرم – لەگەڵ ئەوەیشدا ناتوانم ڕقم له تۆ بێت! بۆ ماوەیەک لەمەوبەر منت نەکوشت، ڕزگارم ببوایه له هەموو ئازارێک! لەگەڵ منداڵەکان وەرن بۆ ئێرە، لێمگەڕێ با جارێکی تریش له وەهمی بەختیاریدا بژیم..." تەنهایی و ژیانی ئەو دوورگەیه و یادەوەرییەکان هەستێکی بەتینی خۆشەویستی، یادەوەرییەکی گەرم و حەزێکی بێوێنەی بۆ (سیری)ی له لا زیندوو دەکاتەوه، هەست بە گوناهـ و ئازاری ویژدان و پەرۆشییەکی بێپایان دەکات. هەر بۆیە لەو نامانەدا، کە یەک له

دوای یەک بۆ سیری دەنێرێت، دووپاتی ئەوەی بۆ کردووەتەوە، ئەگەر: "لەگەڵ منداڵەکان بگەڕێیتەوە بۆ سوید و بێن بۆ لای من، ئەوە ژیانێکی خۆش، لەو ساتانە و لە چاوتروکانێکدا دەژیین." کە سیری و منداڵەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ سوید و خۆیان دەگەیەننە دوورگەی (ساندهامن)، هەر پاش چەند ڕۆژێک دۆزەخی ژن و مێردایەتی دەرگاکانی بۆ ستریندبێرگ و سیری دەخاتەوە سەر پشت. (کارین) کچی ستریندبێرگ، لە یەکێک لە نامەکانیدا ئەوە دەگێڕێتەوە، کە چۆن ستریندبێرگ لەم دوورگەیەدا دەمانچەی لە (سیری)ی دایکی دەرهێناوە: "سیری چاوی بڕیبووە چاوی ستریندبێرگ و گوتی، بمکوژە! بەڵام ستریندبێرگ دەمانچەکەی خستەوە گیرفانی و گوتی: نەخێر، تۆ شایەنی گوللەیەکیش نییت." ئەم ژیانە تراجیدیایە هەر بەردەوام دەبێت، سیری و منداڵەکان دەگەڕێنەوە بۆ ستۆکهۆڵم، ستریندبێرگیش بە تەنها دەمێنێتەوە.

ستریندبێرگ نەیدەتوانی بێ ئافرەت بژی، بەڵام لەگەڵ سروشتی ئەو نەدەگونجان؛ هەر لەگەڵ ئەو ئافرەتانەیش پێکدەهات، کە نەیاندەتوانی دەستبەرداری ژیانی تایبەتیی خۆیان بن و لەسەر بنەما ئایدیالییەکان، وەک ئەو خەونی پێوە دەبینی، خێزانی بۆ ببەن بە ڕێوە. هەر لەبەر ئەو هۆکارانەیش، لەگەڵ هیچ ئافرەتێک تا سەر نەدەمایەوە، یان ئەو وازی دەهێنا، یاخود ئەوان ماڵئاوایی هەتاهەتاییان لێ دەکرد.

کە دەگەڕێتەوە هەست بەو گۆڕانکارییانە دەکات، کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەسەر کۆمەڵگەی سویددا هاتووە.

ئێستا ئەو بۆ سویدێکی دەوڵەمەند گەڕاوەتەوە و ئەو سویدە هەژارە نییە، کە بەر لە شەش ساڵ بەجێی هێشتبوو. سوید هەنگاوی خێرای بەرەو کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی دەنا، ئەمەیش بەسەر بژێوی و ڕەوتی گوزەرانی ژیانی خەڵکی و دارایی وڵاتەوە دیار دەبێت.

هەر لە سەرەتای ئەم قۆناغەی ژیانیدا، لەو دوورگەیەی دەمانچە لە سیری دەردەهێنێت، دەست دەکات بە نووسینی شیعر، لە شیعرەکانیشیدا ئەو گۆڕانکارییانە ڕەنگ دەدەنەوە. لە پاڵ شیعرەکانیشدا دەست دەکات بە نووسینی چەند ڕۆمانێک، وەک خۆیشی ئاماژەی بۆ دەکات، دەیەوێت ڕووبەڕووی نووسەری فەرەنسی (فیکتۆر هۆگۆ) بووەستێتەوە و شان بدات لە شانی ئەو.

ڕۆمانی (لە ئەوسەری دوورگەگەل) گرینگترین بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەی نووسینی ستریندبێرگن. ئەم ڕۆمانە لە ژیانی خۆی، لە گەشتەکانییەوە، لە تێڕوانینەکانییەوە بۆ سروشت و دین، لە بەراوردکارییەکانییەوە لەگەڵ نووسەرە گەورەکانی ئەو سەردەمەی ئەورووپا و لە شەڕەکانییەوە لەگەڵ ئافرەتدا، سەرچاوەیان گرتووە. ئەکسل پاڵەوانی ڕۆمانەکە، هێزێکی گەورەی لە سەروو تواناکانی مرۆڤی ئاسایی و سروشتەوە هەیە، دەتوانێت پێشبینیی ڕووداوەکان بکات و لەودیو سنوورەکانی واقیعەوە شتەکان ببینێت.

ستریندبێرگ لەم ڕۆمانەیدا وەک زۆربەی ڕۆمانەکانی تری، تراجیدیا و کۆمێدیا لەسەر هەموو ئاستەکان تێکەڵاو دەکات، لە هەندێک ڕوویشەوە سیمایەکی ئاهەنگئامێز لەخۆدەگرێت و

بنەماکانی ئۆپێرایەکی (تراجیدی/ کۆمێدی) دەبەخشێت بە ڕووداو و کاراکتەر و ئەتمۆسفێری گشتیی ڕۆمانەکە.

که کار له نووسینی ئەم ڕۆمانەیدا دەکات، لە ستۆکهۆڵم و لە شانۆی پادشایەتی خەریکی خۆ ئامادەکردن دەبن بۆ پێشکەشکردنی شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆف).

ئەم نمایشەی شانۆی پادشایەتی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت، ستریندبێرگ و هەردوو کچەکەی (کارین و گرێته) ئامادەی شەوی یەکەمی نەمایشەکە دەبن. دوای پێشکەشکردنی (ئوستاد ئولۆف)، لەسەر داوای بینەران ستریندبێرگ دەچێتە سەر تەختەی شانۆ و وەڵامی چەپڵەڕێزانی بینەران دەداتەوە و تاجەگوڵێکی گەورەیش لە سەری دەنێن. ڕۆژی دوایی تێکڕای ڕۆژنامەکان و ڕەخنەگرە دیارەکانی ئەو دەمە بە نمایشەکەدا هەڵدەدەن و ئاماژە بۆ بەهێزیی دەقەکە و توانای نووسەر وەک شانۆنامەنووسێکی بێوێنە، دەکەن.

هەر لەم هاوینەدا شانبەشانی شیعر و ڕۆمانەکانی، دەکەوێتە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی (بەلزاک) و بە دیدە ناتورالیستییەکەی ئەو نووسەرە سەرسام دەبێت؛ فەلسەفەی تێڕوانینێکی ناتورالیزم و بنەما هونەری و فیکرییەکانی بەلزاک بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە ڕۆمانەکانی ئەو قۆناغەی ژیانیدا ڕەنگدەدەنەوە، هەروەها ستریندبێرگ و بەلزاک دەبنە دوو هاوڕێی نزیکیش. بەلزاک یەکێکە لەو کەسە کەمانەی، کە ئاستی هاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ ستریندبێرگ هەر بەرەوپێشەوە دەڕوات و ئەو پەیوەندییەی نێوانیان هەرگیز تێکناچێت.

**گەشتێك بەناو سروشتی سوێد و دەستبەرداربوون لە سیری**

ستریندبێرگ هەمیشە بیری لە سروشتی سوێد کردووەتەوە، کە لە تاراوگەیش ژیاوە تەنها شتێک کە یادی کردبێت سروشتی جوانی سوێد بووە، ژیان لە دوورگەکان، وەرزەکانی ساڵ، گەشتی پاپۆڕی هەڵمی و دیمەنی دەریاکان لە بەرهەمەکانیدا ئامادەییەکی بەردەوامیان هەبووە، هەروەها زۆرجار گەلی سوێد و ئەو خەڵکەی لەو سروشتەدا ژیاون، لە پەیوەندییەکی دینامیکی و بزۆزدا هزری ئەم نووسەرەیان داگیرکردووە، چەندین جار بیری لە سروشت و خەڵکی سوێد کردووەتەوە و ویستویەتی لە سروشتەوە، لە چیا و دارستان و ڕووبار و دوورگەکانەوە باسی خەڵکەکەی بکات، سروشت و خەڵک لە شاکارێکی گەورەدا کۆبکاتەوە. کە دەشگەڕێتەوە بۆ سوێد، ئەم هەلەی بۆ دەرەخسێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٨٩٠دا، بە یارمەتیی دەزگای بڵاوکردنەوەی بۆنیەر، لە باکووری سوێدەوە گەشتێکی هونەری لە شێوازی ڕیپۆرتاژێکدا دەست پێدەکات: هەر شەوەی لە شوێنێک دەمێنێتەوە، بە بەلەم و شەمەندەفەر و هەندێک جار بە پیادەیش دەگەڕێت، وێنە دەگرێت و ڕاپۆرت دەنووسێت، باسی خەڵکی سوێد و سروشت دەکات. لەم شار بۆ ئەو شار، لەو هەرێم بۆ ئەو هەرێم و لەم دوورگەیەوە بۆ ئەوی تریان.

ستریندبێرگ دەیەوێت خاڵە هاوبەشەکانی نێوان خەڵکی بدۆزێتەوە، پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە سروشتەوە، بە وەرزەکانی ساڵەوە و تەنانەت بە ئاژەڵەکانیشەوە شی بکاتەوە و خوێندنەوەی خۆیان بۆ بکات. لە یەکێک لە نامەکانی ئەم

گەشتەیدا، نووسیویەتی: "ماندوو، پیس، تەنها، بێ پارە و هەژار. جلەکانی بەرم، بە ئارەقەی جەستەم ڕزیوون."

مانەوەی ستریندبێرگ لە ستۆکهۆڵم، دواتریش دەستکردن بەم گەشتەی بەنێو سروشتی سوێددا هێندەی تر لە سیری و منداڵەکانی دوور دەخاتەوە و لە نامەیەکدا بەر لەوەی لەو گەشتەی بگەڕێتەوە، کە بۆ (سیری)ی ناردووە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو "لەمەودوا دەیەوێت بە تەنها بژی و با ئەوان مشوری خۆیان بخۆن."

پەیوەندییەکانی ستریندبێرگ و سیری زیاتر لە جاران ئاڵۆز دەبێ، دەکەونە سەرکۆنە و تاوانبارکردنی یەکتری و بزرکردنی هەموو شتێکی جوان و یادەوەرییەکی شیرین لە نێوانیاندا. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٩٠ەوە هاوسەرگیرییەکەیان بە تەواوی بەرەو قۆناغی کۆتایی و جیابوونەوەیەکی یەکجارەکی دەڕوات. ستریندبێرگ دەیەوێت بە هەموو شێوەیەک، لە بەردەمی خەڵکی و کڵێسا و یاسایشدا سیری بشکێنێت، تاوانباری بکات و خۆی وەک قوربانییەک پیشان بدات، قەشەکانی کڵێسایش لایەنگیری ستریندبێرگ دەکەن و بە هەردوو لا، سیری لە گۆشەیەکی تەسکی موراڵ و هاوسەرگیری و تەنانەت دینیشدا، گیر دەکەن و هەموو تاوانەکان دەخەنە ملی ئەو.

دوای بڕیاری کەنیسە، کە لەو سەردەمەدا هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەر لە یاسا لە کڵێسە گیرساونەتەوە، تەڵاق و جیابوونەوەی سیری و ستریندبێرگ لە ساڵی ١٨٩١دا دەنێردرێت بۆ دادگا. هەرچەندە سیری بە هەموو شێوەیەک

هەوڵ دەدات ڕەوشەکە هێور بکاتەوە، داوای لێبوردن لە ستریندبێرگ دەکات و هەندێک لە هەڵە و گوناهەکان دەخاتە سەر شان و ئەستۆی خۆی، دادگایش هەروەک کڵێسا بە هەموو شێوەیەک لایەنگیری ستریندبێرگ دەکات، ئەویش درێخی ناکات و هەموو دەسەڵاتی پیاوسالاری، ناوبانگ و کەسایەتیی خۆی، چ لە کڵێسا و چ لە دادگا بەکاردەهێنێت، بەڵگەی نادروست، تەنانەت هەوڵی ئەوەیش دەدات شاهێدی درۆزن  کۆبکاتەوە.

لە مانگی سێی ساڵی ١٨٩١دا بەپێی بڕیاری دادگا، سیری فۆن ئێسن و ئاوگۆست ستریندبێرگ لە یەکتری جیادەکرێنەوە؛ منداڵەکان دەکەونە لای سیری، بڕە پارەیەکی کەمیش وەک نەفەقە، مانگانە لە ستریندبێرگ بۆ منداڵەکان دەبڕدرێتەوە. ستریندبێرگ دوای جیابوونەوەیش دەیەوێت کێشە بۆ سیری بنێتەوە، بۆ نموونە هەوڵ دەدات بڕیاری دادگا فەرامۆش بکات و منداڵەکانیان لە سیری بکات و جیایان بکاتەوە.

بۆ ئەوەی ئەم مەبەستەی بۆ بچێتە سەر چەندین تاوان دەخاتە پاڵ سیری، لەوانە بەدڕەوشتی، بەدمەستی، دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ ئافرەتی تردا و پەروەردەکردنێکی نادروست بۆ منداڵەکان. ستریندبێرگ خۆی وەک باوکێک هیچ گرینگی بە منداڵەکانی نادات، ئەو بڕە پارەیەیشی دادگا دەیبڕێتەوە بۆیان، نادات و خۆی لێ دەدزێتەوە و هەموو شتێک پشتگوێ دەخات.

سەرلەنوێ مەسەلەکە دەکەوێتەوە دادگا، سیری چەندین بەڵگە دژی بەڵگەکانی ستریندبێرگ کۆدەکاتەوە، خەڵکانێک لە دادگا پشتی دەگرن، کە ڕۆژی دادگایش نزیک دەبێتەوە،

ستریندبێرگ وڵات بەجێ دەهێڵێت، بە پاپۆڕ لە نەرویژ و لە ڕێگەی لەندەنەوە خۆی دەگەیەنێتە پاریس، بەڵام زۆر نامێنێتەوە، دەگەڕێتەوە و خۆی لە کۆدوورگەکانی دەوروبەری ستۆکهۆڵم دەشارێتەوە، بەمەیش هەموو داواکانی لە دادگا دەدۆڕێنێت. بەم شێوەیە پەردەی ژیانی هاوسەرگیریی پڕ لە کێشەی سیری و ستریندبێرگ بە یەکجارەکی دادەدرێتەوە.

ستریندبێرگ دوای جیابوونەوەی لە سیری هێندەی تر تووشی گومان و دوودڵی و بڕوانەبوون بە هەموو شتێک دەبێت و لەنێو خەم و تاریکییەکی ڕەهادا دەژی، لەگەڵ ئەوەیشدا دەکەوێتە لێکۆڵینەوەی زانستە سروشتییەکان، هەروەها بە ماوەیەکی کەم چەندین بەرهەمی ئەدەبی و شانۆنامە دەنووسێت، بۆ نموونە ساڵی ١٨٩١ و لە ماوەی نۆ مانگدا حەوت شانۆنامە (یەکەم ورياكردنەوە، لە بەردەم مەرگدا، خۆشەویستی دایک، تاقمێک) و ... هتد دەنووسێت، کە هەرهەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان باسی دابڕان و جیابوونەوە دەکەن. یەکێک لەو شانۆنامە کورتانەی لە ساڵی ١٨٩٢دا دوای جیابوونەوەی لە سیری دەینووسێت، شانۆنامەی (یاریکردن بە ئاگر)ە. ئەم دەقە، کە ستریندبێرگ بە کۆمیدیایەکی یەکپەردەیی ئاماژەی بۆ کردووە، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ژیانی خۆی و پەیوەندییەکانییەتی. هەرچەندە ستریندبێرگ شانۆنامەکەی بە کۆمیدیا ناوزەد کردووە، بەڵام کۆمیدیایەکی ڕەشە و لە چەندین ڕووەوە، لە بنەمای ئەزموونی ژیانی خۆیەوە، باسی ڕەوش و پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو دەکات: وێنەکێشێکی گەنج و ژنەکەی لە یەکێک لە خانووە هاوینەکانی دورگەیەکدا دەژین، ڕۆژێک یەکێک لە هاوڕێکانی ئەم

وێنەکێشە سەردانیان دەکات، گەمەیەکی ئیرۆتیکی دەست پێدەکات و هێندەیش نابات ژنی وێنەکێشەکە و میوانەکەیان پەیوەندییەکی خۆشەویستی دەست پێدەکەن. هەروەها ستریندبێرگ جگە لە شانۆنامە، شیعر و نۆڤلێت و کورتەچیرۆک دەنووسێت و هەست بەو بۆشاییە گەورەیە دەکات، کە منداڵەکانی لە دوای خۆیانەوە بەجێیان هێشتووە.

## ستریندبێرگی وێنەکێش و وەهمی ژیانێکی تر

ستریندبێرگ هەر لەم ساڵەدا دەکەوێتە وێنەکێشان و چەند تابلۆیەک دروست دەکات، بەو نیازەی بیانفرۆشێت و هەندێک باری گرانی ئابووریی ببوژێنێتەوە، بەڵام تابلۆکانی هیچ ڕەواجێکیان نابێت و ئەو پارەیەی خەونی پێوە دەبینی دەستی ناکەوێت. وێنەکێشان بەها و ڕۆڵێکی تایبەتمەندی لە ژیانی ستریندبێرگدا هەبووە، ئەم کارەیشی لە نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و زۆرجار وێنەی ئەو جیهانە پڕ لە هەڵچوونەی ناوەوەی دەروونی خۆی کێشاوە، جیهانێک لە نێوان ئاسمان و دەریاچە گەورەکاندا لە پێکداچووندان. ستریندبێرگ بە وێنەکێشان و لە تابلۆکانیەوە وەهمێکی بۆ ژیانێکی تر و پەیوەندییەکی جودا بە سروشتەوە خوڵقاندووە، وەهمی ژیان و خەونی واقیع و دوورکەوتنەوە لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان بەرەو وێنەکێشانیان دەبات.

تابلۆکانی ستریندبێرگ دابەش دەکرێن بەسەر سێ قۆناغدا، یەکەم قۆناغ لە تەمەنی لاویدا، بەتایبەتیش ساڵانی ١٨٧٠، تابلۆکانی ئەم قۆناغە زیاتر هەنگاوێکی بەرایین و خۆئامادەکردن

بووە، قۆناغی دووەمی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی ١٨٩٠، بەتایبەتیش ساڵی ١٨٩٢، دوای جیابوونەوەی لە سیری، ستایلی تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە، دواقۆناغیش لە ساڵی ١٩٠٠ـەوە دەست پێدەکات. لە تێکڕای تابلۆکانیدا دەریا، ئاسمان، کازیوەی بەرەبەیان و کەناری دەریاکان مۆتیڤێکی گرینگی سروشتن؛ سروشت شێوازێکی میتۆلۆژی لە خۆ دەگرێت و لە چیرۆکەکانی خولْقاندنی گەردوون و ئاستەکانی دۆزەخ و لە دونیایەکی ئەندێشە و وەهمەوە نزیک دەبێتەوە.

ستریندبێرگ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: "لە کاتی پشووەکانمدا، کە هیچ ناکەم، وێنە دەکێشم. بۆ ئەوەی تابلۆیەکیش دروست بکەم، خامێکی مامناوەندی یان گەورە هەڵدەبژێرم، بە شێوەیەک بتوانم تابلۆکە بە دوو یان سێ سەعات تەواو بکەم، هەر هێندەی ئیلهامم هەبێت."

ستریندبێرگ ستایل و شێوازێکی تایبەتیی لە وێنەکێشاندا هەبووە، لە میتۆد و ڕێبازە ئەبستراکت و ئەزموونگەرییەکانەوە نزیکبووەتەوە. لە هەندێک ڕووەوە زۆر لە پێش سەردەمەکەی خۆیەوە بووە، بۆ نموونە گەچی تێکەڵاوی ڕەنگەکان کردووە تا مەودایەکی قووڵ و لە هەمان کاتدا سترەکتۆرێکی بەرفراوان لەخۆبگرێت، هەروەها بە ئاگر ڕەنگەکانی سووتاندووە و ڕەنگی تری لێ دروستکردوون، بۆ ئەوەی کاریگەرییان زیاتر و بەهێزتر بێت.

بارودۆخی دەروونی، بێپارەیی، جیابوونەوە لە ماڵ و منداڵ، هەستکردن بە دابڕانی هونەری، ناکۆکی لەگەڵ هاوڕێ و چینە

ڕۆشنبیرەکەی سوید، وا لەستریندبێرگ دەکەن سەرلەنوێ بیر لە سەفەر و سوید بەجێهێشتن بکاتەوە.


(ئوولا هانسسۆن)ی هاوڕێی، کە لەو کاتەدا لە بەرلین دەژیا، نامەیەکی بۆ دەنووسێت و هانی دەدات بەرەو بەرلین بکەوێتە ڕێ، بەتایبەتی ئەوە بیری ستریندبێرگ دەخاتەوە، کە ئەو لە ئەڵمانیا گەورەیە: "ئەگەر تۆ بێیت بۆ ئێرە بە چەپڵەڕێزان پێشوازیت لێ دەکرێت، تۆ لێرە زیاتر شانس و لایەنگرانت هەن، کە بە هیچ شێوەیەک هەستی پێ ناکرێت."

ستریندبێرگ سەرباری هەموو کێشە دەروونییەکان، بێدەرامەتی و دابڕان، شانۆییەکانیشی لە سوید پێشکەش نەدەکران، هەروەها لەگەڵ ناوەندە ڕۆشنبیرییەکەی ئەو سەردەمەی سوید، لە ناکۆکییەکی بەهێزی هەمەلایەندا دەبێت، ئەمەیش کاری کردبووە سەر ڕەواجی بەرهەمەکانی و لە بازاڕەکاندا نەدەفرۆشران. ئەمانە هەموویان ستریندبێرگیان تووشی بێهیوایی کردبوو، لەبەر ئەوە زوو دەگاتە بڕیاری کۆتایی و پشت دەکاتە وڵات و سەرلەنوێ سوید بەجێ دەهێڵێتەوە.

ستریندبێرگ لە مانگی نۆی ساڵی ١٨٩٢دا لە ستۆکهۆڵمەوە، نائارامییەکەی، دوودڵییەکەی، پەژارە و بارە گرانە داراییەکەی لەگەڵ خۆی دەبات و بەرەو ئەڵمانیا دەکەوێتە ڕێ. ئەڵمانیا لەو سەردەمەدا لە قۆناغی ڕێنیسانسدا بوو، بووبوو بە پایتەختێکی کولتووری و وڵاتێکی جیهانی، مەسەلە و دیدە کولتوورییەکان

بایەخێکی بێهاوتایان دەبێت و بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە توانا ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی دەرەوەی ئەڵمانیایش.

بەشێکی زۆر لە نووسەر و هونەرمەندەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی باکووری ئەورووپا لە ئەڵمانیا دەژیان. لەم کاتەدا بەشێک لە شانۆنامەکانی ستریندبێرگ وەرگێردرابوونە سەر زمانی ئەڵمانی، باوک و خاتوو ژولیا لە بەرلین و شارەکانی تری ئەڵمانیا نمایش کرابوون.




**بەرلین**

ستریندبێرگ سەرەتا لە بەرلین جێگیر دەبێت، بیر لەوە دەکاتەوە گەلەرییەکی فۆتۆگرافی بکاتەوە، پلانەکانی سەرکەوتوو نابن، ئەو سوێدییانەیش کە لەوێ دەژین سەرەتا دەبنە هاوڕێ و پاش ماوەیەکیش بە دوژمن و جێگە بە خۆی ناگرێت و تەنها لە ماوەی شەش مانگدا چوار جار ماڵ دەگوێزێتەوە. ستریندبێرگ لە زستانی ساڵی ١٨٩٢دا لە بەرلین چەندین سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، گوتار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکاتەوە، شانۆنامەی (خاوەنقەرز) بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایش دەکرێت. (خاوەنقەرز) نزیکە لە سترەکتۆر و ژینگە و ئەتمۆسفێری

شانۆنامەی (باوک)ەوە و ستریندبێرگ، کە هاوینی ساڵی ١٨٨٨ لەگەڵ شانۆنامەی (خاتوو ژولیا) دەینووسێت، بەشێک بووە لە پرۆگرامە نوێیەکەی بۆ شانۆیەکی ڕیالیزم و ناتورالیزمی.

لەم شانۆنامەیەدا پیاوێک بەبێ ئەوەی هیچ چەکێک بەرز بکاتەوە، مێردی ژنە کۆنەکەی دەکوژێت. ڕووداوەکانی شانۆنامەکە، لە هاویندا و لە دوورگەیەکدا ڕوو دەدات: ژنومێردێکی بەختیاری هونەرمەند، ئادۆڵف و تێکلا لە خانوویەکی ساکاری کرێگرتەی هاوینەدا دەژین، لەپڕ گوستاڤ، کە مێردی پێشووی تێکلا بووە، هەر وەک قارچک هەڵدەتۆقێت. گوستاڤ بۆ ئەوە هاتووە پەیوەندیی ئەم ژنومێردە بەختیارە تێک بدات و لە یەکتر جیا بکاتەوە. گوستاڤ گیرۆدەی تۆڵەسەندنەوەیە و دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بووە زیان بە تێکلا بگەیەنێت، تێکدانی هاوسەرگیرییەکەیشی یەکێکە لە ئامانجەکانی.

ئەم کاراکتەرە دیدێکی پڕ لە قین و شەڕخوازانەی بەرامبەر بە ئافرەت هەیە، بە بڕوای ئەو ئافرەت تەنها (قورێکی) بێ فۆرمی ژێردەستی پیاوە، تا بەو شێوەیەی دەیەوێت پەیکەرێکی جوانی و خۆشی بۆ خۆی لێ دروست بکات، هەروەها دەقەکە پڕە لە هێرشی گرۆتێکسانە بۆ سەر نەژادی ئافرەت و گاڵتەکردن بە چەمکەکانی یەکسانیی نێوان پیاو و ژن.

ئەم شانۆنامەیە کاریگەرییەکی زۆری دەبێت، ڕەخنەگرە ئەڵمانییەکان بە ستایشەوە سەیری دەکەن و بینەرانیش بەوپەڕی هێزەوە ئامێزی بۆ دەکەنەوە. ئەو هۆکارانەیش کە ئەم

شانۆگەرییە لە بەرلین دەکاتە یەکێک لە سەرکەوتنەکانی ستریندبێرگ: زمانی دەقەکە، کێشە چڕە پڕ لە ڕووداوەکانی نێوان ئەو سێ کاراکتەرە، مەسەلەکانی هاوسەرگیری، ئیرەیی، دڵپیسی و بەستنەوەی ئەم مۆتیڤانەیش بە کاراکتەرەکان و بەرجەستەکردنی لە ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا، هەروەها ستریندبێرگ لە دیدێکی گشتگر و مەودایەکی قووڵی فراوانی بنەما سەرەکییەکانی دەروونی مرۆڤەوە کاراکتەرەکانی ڕۆناون و شیکردنەوەی سایکۆلۆژیی بۆ کردوون، بە شێوەیەک کە پابەندی هیچ شوێن و کاتێک نابن. هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیش بینەرەکانی ئەم شانۆنامەیە لە ئەڵمانیا خۆیان لە ڕووداوەکاندا، لە کاراکتەرەکاندا و تەنانەت لەو زمانەی، کە کاراکتەرەکان پێی دەدوێن، دەدۆزنەوە.

گەنجێکی ئەڵمانی بە ناوی (ئێمیل شێرین) لە یەکەم شەوی نمایشی (خاوەنقەرز)دا ئامادە دەبێت، ئەم گەنجە زمانی سوێدی دەزانێت و وەرگێڕیش بووە، نمایشەکە هێندە کاری تێدەکات، کە لە نمایشەکە دێتە دەرەوە بڕیار دەدات هەموو ژیانی خۆی بۆ وەرگێڕانی شانۆنامەکانی ستریندبێرگ تەرخان بکات. ئێمیل شێرین بە پەرۆشەوە دەکەوێتە وەرگێڕانی شانۆنامەکانی ستریندبێرگ، هەروەها دەشبێتە زمانحاڵی ئەم نووسەرە لە ئەڵمانیا.

لە هەمان کاتدا، کە شانۆنامەی (خاوەنقەرز) لە بەرلین نمایش دەکرا، خاتوو ژۆلیا لە پاریس، بەم شێوەیەیش ستریندبێرگ لە ڕێگەی شانۆنامەکانییەوە دەبێتە ناوێکی نێونەتەوەیی و

شانۆنامەکانی لە پایتەختە گەورەکانی ئەورووپادا نمایش دەکرێن.

ستریندبێرگ لە بەرلین گوزەرانێکی باش بۆ خۆی دابین دەکات و بە شاری دووەمی لەدایکبوونی خۆی دەزانێت: بەیانیان لە باخچەکاندا پیاسە دەکات، نیوەڕوان دەنووسێت، بە شەویش دوای پرۆڤەی شانۆکان، لە بارەکاندا دادەنیشێت و خۆی مەست دەکات.

ستریندبێرگ یەکێک لە بارە گرینگەکانی ئەودەمەی بەرلین دەکاتە ماڵی خۆی، لەوێ هاوڕێکانی دەبینێت، لەوێ دەنووسێت، دەخوێنێتەوە، ئافرەت دەبینێت و کاروبارەکانی ڕادەپەڕێنێت.

ستریندبێرگ لە بەرلین لەگەڵ وێنەکێشێکی نەرویژی ئێدوارد مۆنک، نووسەری فینلەندی ئەدۆڵف پاوڵ، پزیشکێکی ئەڵمانی کارڵ لودڤیگ شلایش، نووسەر و مۆسیقاژەنێکی پۆلۆنی پزریبسێزکی، شاعیری ئەڵمانی ڕیشارد دێمەل و چەند نووسەر و هونەرمەندێکی وێنەکێشی تری نەرویژی و دانیمارکی، لەو بارەدا بە بەردەوامی کۆبوونەتەوە. ئەمانە هەموویان تەمەنیان لە ستریندبێرگ کەمتر دەبێت، هەر لەبەر ئەوەیشە ستریندبێرگ بە مامۆستا و ڕێنیشاندەری خۆیان دەزانن، خۆیشی هەر بەو شێوەیە ڕەفتاری کردووە. ئەم گروپە بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەرییان بەسەر ستریندبێرگەوە دەبێت. ئێدوارد مونک وێنەیەکی بەناوبانگی ستریندبێرگ دەکێشێت، ئەوانی تر لە بیرەوەری، نووسین و نامە و کتێبەکانیاندا باسی ستریندبێرگیان

به باشی و به خراپی کردووه، خۆشەویستی و ڕێزی بۆ دەردەبڕن، هەروەها ڕق و قینێکی زۆریش.

ستریندبێرگ  لەم قۆناغەی تەمەنیدا بەرهەمی تازەی کەم دەبێت، ژیانی بارەکان، تێکەڵاوبوونی خەڵک و پەیوەندییە دڵدارییەکانی، هەموو کاتەکانی دەبەن و هەست بە پەرشوبڵاوی دەکات و زیاتر لەسەر بەرهەمەکانی پێشووی دەژی، برەو بە پێگە و ناوبانگی خۆی دەدات و پەیوەندیی تازە دروست دەکات.

ناوبانگی وەک دوژمنی ئافرەت دەگاتە بەرلین، ژنانی بەرلین ئەمە بە جۆرە لەزەت و پەیجۆرییەکەوە سەیر دەکەن و دەیانەوێت لێی نزیک ببنەوە، ستریندبێرگیش بێدڵیی خۆی ناکات و پەیوەندی لەگەڵ چەند ئافرەتێک دەبەستێت. پەیوەندییەکان کاتی دەبەن و دەیەوێت تەنها ئارەزووە سێکسییەکانی دامرکێنێتەوە، بە هیچ شێوەیەکیش گوێ ناداتە نەژادی ئافرەت، چەندە پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتی ئەڵمانی دەبەستێت، هێندەیش لەگەڵ ئافرەتانی تر، کە بە هەر هۆیەک بووە بە تەنها یان لەگەڵ مێردەکانیان لە بەرلین ژیاون.

## ستریندبێرگ و فریدا ئوول




ستریندبێرگ لە مانگی یەکی ساڵی ١٨٩٢دا لە یەکێک لە ساڵۆنە ئەدەبی و کۆڕە وێژەییەکاندا (فریدا ئوول)ی تەمەن بیست ساڵان دەبینێت، لە مانگی دووی هەمان ساڵدا پەیوەندییەکی بەتینی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێت.

فریدا ئوول، خەڵکی وڵاتی نەمسایە، خانەوادەیەکی دیار و دەستڕۆیشتوو بوون، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و لە خانووبەرەیەکی پڕ لە کەنیزەک و بەردەستدا گەورە بووە، باوکی پلەوپایەیەکی کولتووری و سیاسیی هەبووە. باوکی فریدا خاوەنی یەکێک لە ڕۆژنامە گرینگەکانی ئەو دەمەی ڤیەننا و دامودەزگای میدیایی هەبووە، فریدایشی لەو ژینگە کولتوورییەدا، بە شێوەیەکی مۆدێردن پەروەردە کردووە. فریدا جگە لە نەمسا، لە فەڕەنسا و بەریتانیاش خرابووە بەر خوێندن و کەسایەتییەکی بەهێزی هەبووە، هەر لەبەر ئەوەیش وەک وەرگێڕ، ڕەخنەگری شانۆیی، ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر و

لەسەر ڕاسپاردەی باوکی بۆ ڕۆژنامەی *Wiener Zeitung* لە بەرلین کاری کردووە، هەر لەو ڕێگەیەوە ستریندبێرگی ناسیوە و وەک کەسێکی ئازاد مامەڵەی لەگەڵ پیاوان کردووە و باکی بە هیچ نەبووە.

فریدا لە ژیانی کولتووری و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکەی چەند وڵاتێکدا ناسرابوو، بووبووە ئافرەتێکی کۆسمۆپۆلیتیکی کولتووری و بە سەربەستی لە نێوان نەمسا، بەرلین، پاریس و لەندەندا کاری کردووە و گەڕاوە و چەندین زمانی زانیوە.

ستریندبێرگ، هەموو ئەو سیفەتانەی، کە لە ئافرەتدا دەیویست، لە فریدادا دەدۆزێتەوە: کەسێکی ئازاد، سەربەخۆ، هونەرمەند و لە پێش هەموو شتێکیشەوە ئافرەتێکی شۆخ و بە ئەتەکێت بووە. فریدا دواتر کتێبێک لەسەر پەیوەندییەکەی نێوان خۆی و ستریندبێرگ دەنووسێت، لەو کتێبەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو هەمیشە دەستپێشخەری هەموو شتەکان بووە.

ستریندبێرگ چەندە حەزی بە باوەشی ئافرەت کردووە، چەندە بەبێ ئافرەت نەیتوانیوە بژی، هێندەیش دڵی پیسبووە و لە هەمان کاتدا کەسێکی شەرمن بووە، ئەمەیش وای لێکردووە، کە لەگەڵ هیچ ئافرەتێک هەڵنەکات. ئیرەیی و دڵپیسی، ستریندبێرگی گیرۆدەی شەڕێکی درێژخایەن لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئافرەت و دەوروبەرەکەی کردووە.

هەرچەندە فریدا لەگەڵ ستریندبێرگ لە پەیوەندییەکی کراوەدا بووە، بەڵام بە نهێنی هاوسەرگیری دەکەن، خۆیان لە خەڵکی دەشارنەوە، ستریندبێرگیش هەندێک ئافرەتی تر بەردەرگای پێ

دەگرن. ئەم بارودۆخە دەبێتە سەرەتای شەڕێکی تری پڕ لە ژان و ئازار، چ بۆ ستریندبێرگ خۆی و چ بۆ فریدا.

یەکێک لە ڕۆژنامەکان بەو نهێنییە دەزانێت، وەک هەواڵێکی گرینگ بڵاوی دەکاتەوە و ستریندبێرگ و فریدا دەبنە جێگەی باس و قسە و قسەڵۆکی خەڵکی. فریدا ناچار دەبێت پەیوەندی بە باوکییەوە بکات و ڕەزامەندیی لێ وەربگرێت. هەموو خانەوادەکەی فریدا، کە ناو و ناوبانگی ستریندبێرگیان بیستبوو، بە نائارامی لەم پەیوەندی و هاوسەرگیرییەیان دەڕوانی. لە مانگی چواری ساڵی ١٨٩٣دا ستریندبێرگ و فریدا بە شێوەیەکی فەرمی دەبنە هاوسەری یەکتری.




### لە مانگی هەنگوینییەوە بۆ لەندەن

ستریندبێرگ و فریدا لە بیستی مانگی پێنجدا هەر دوو هەفتە دوای زەماوەند و مانگی هەنگوینییان دەچن بۆ لەندەن. فریدا هەوڵ دەدات لە بەریتانیا یارمەتیی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی تریندبێرگ بدات و شانۆنامەکانی پێشکەش بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە هەموو پەیوەندییەکانی دەخاتە گەڕ، سەرەتا پەیوەندی دەکات بە هونەرمەندێکی شانۆکارەوە، بە ناوی (تۆماس گرین) کە لە شانۆی *The Independent Theatre* کار

دەکات، تا شانۆنامەی (باوک) پێشکەش بکەن، لە هەمان کاتدا پەیوەندی دەکات بە دەزگای (ولیام هینمان)ـەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بە ئینگلیزی.

ئەم سەفەرەی لەندەن هێندە سەرکەوتوو نابێت، ستریندبێرگ زمانی ئینگلیزی نازانێت و هەمیشە ناچار دەبێت فریدا قسەی بۆ بکات و قسەی ئەوانیشی بۆ وەربگێڕێت. ئەمە جگە لەوەی، کە خۆیشی لە بارێکی دەروونیی خراپ و پەشێودا دەژی، هەروەها لە لەندەن کەسێکی نەناسراویش دەبێت و ئەو پێگە و ناوبانگەی پاریس و بەرلینی نابێت. هەر لە سەرەتاوە شتەکان بە پێچەوانەوە دەکەونەوە، دەزگای بڵاوکردنەوەکە زیاتر فریدا دەبێتە جێگەی سەرنجیان و دەیانەوێت لەگەڵ ئەو مامەڵە بکەن، هەر وایش دەبێت، پەیوەندییەکی هاوڕێیانە و پێکەوەکارکردن لە نێوان فریدا و دەزگای ناوبراودا دروست دەبێت. ستریندبێرگ دوای چەند ڕۆژێک بە تەنیا دەگەڕێتەوە و فریدا لە لەندەن دەمێنێتەوە. لە لەندەنەوە نامەیەک بۆ ستریندبێرگ دەنووسێت و دەڵێت: "...من تۆم خۆشدەوێت! ئێستا دەتوانم بە ڕاشکاوی ئەوەت پێ بڵێم. من نەمدەزانی کەسێکی وەک تۆ بوونی هەیە... و دواتر من تۆ دەبینم، لە نزیکەوە دەتناسم، هەندێک جار تووڕە دەبم، هەندێک جاریش هەست دەکەم، کە بەختیار نیم. زیاتر و زیاتر خۆشم ویستیت، تۆم بە هەموو گیانم خۆشدەوێت، بە هەموو هەستەکانم، تۆم بە شێوەیەکی شێتانە خۆشدەوێت..."

**زەنگی نائارامی**

ستریندبێرگ، فریدا ئوول ئاگادار دەکاتەوە، کە نایەوێت بە هیچ جۆرێک ڕۆمانی (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) بخوێنێتەوە. وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم ڕۆمانە لەسەر پەیوەندییە چڕ و ئاڵۆزەکانی ژیانی خۆی و سیری، ژنی یەکەمی ڕۆنراوە و لەوێدا هەموو نهێنییەکانی خراونەتە ڕوو، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕەفتارە توندوتیژەکانی ستریندبێرگ و قسە ڕەق و کێشە قووڵ و تێڕوانینە خراپەکانی بەرامبەر بە سیری و بە هەموو نەژادی ئافرەتان لەم کتێبەدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام فریدا هەرچەندە پەیمان بە ستریندبێرگ دەدات، کە ئەو کتێبە نەخوێنێتەوە، کەچی دەیخوێنێتەوە، بەمەیش پەیمانەکەی دەشکێنێت. (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) فریدا تووشی خورپە و نائارامی و دڵەڕاوکێ دەکات، هەست بەو چارەنووسە دەکات و دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە ستریندبێرگ ڕقی لە هەموو شتێک و لە هەموو کەسێکە، هاوڕێکانی، ژنەکەی، خۆی و تەنانەت منداڵەکانیشی. فریدا دەزانێت لە هەر ساتێکدا بێت، درەنگ یان زوو بارانی هەوری پڕ لە قینی ستریندبێرگ بەسەر ئەمیشدا دەبارێت و بە هەمان شێوەی سیری واز لەمیش دەهێنێت. هەموو شتێک لە تەمومژێکی نادیاردا دەسووڕێتەوە، خۆشەویستی لەبری ئەوەی شتێکی جوان بێت، وەهمێکی پڕ لە بێوەفایی و ناپاکییە و نایەڵێت بە ئارامی بژی. ژیانی فریدا لەگەڵ ستریندبێرگ لە ژیانی سیری باشتر نابێت، دۆزەخی

ژنومێردایەتی، کێشەی ژن و پیاو، سەرلەنوێ وەک بازنەیەکی بێهودە لە سوڕانەوەدا دەبێت.

ستریندبێرگ دوای چەند ساڵێک بەسەر ئەو هاوسەرگیرییەدا، دوای دوورکەوتنەوە و بەجێهێشتنی هەموو شتەکان، لە ساڵی ١٨٩٨دا ڕۆمانی (دێر) دەنووسێت، ئەم ڕۆمانەیشی تەرخان دەکات بۆ پەیوەندییەکانی خۆی و فریدا. لەم ڕۆمانەیدا وەک بەشێک لە بەرهەمەکانی تری، کە وێنای ژیانی هاوسەرگیریی خۆی و کەسایەتیی (سیری)ی کردووە، بەتایبەتیش (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک)، فریدا دەبێتە قوربانی و هێرشی دەکرێتە سەر.

ئەوەی جێگای ئاماژە و ئاوڕلێدانەوە و ڕاڤەکردنە ئەوەیە ستریندبێرگ لە ڕۆمانی (گوتاری بەرگریلەخۆکردنی شێتێک)دا کاراکتەری سەرەکی، کە کەسایەتیی خۆیەتی ناوی (ئاکسل)ـە و سیریش (ماریا)، بە هەمان شێوە پاڵەوانەکانی ڕۆمانی (دێر)یش ناویان (ئاکسل و ماریا)یە. بەم شێوەیە ژیانی فریدا تێکەڵاوی ژیانی سیری بووە، سیری لە فریدادا زیندوو دەبێتەوە و ژیانی هەردووکیان لە گەمەیەکی ترسناکی هاوسەرگیری و کێشەیەکی ئەبەدیی نێوان ژن و پیاودا ڕەنگیان داوەتەوە.

ستریندبێرگ هەموو ژیانی، ژنەکانی و پەیوەندییەکانی بە دونیای دەرەوە، دەکاتە شیعرێکی هێماگەل و ئەو کەسانەی، کە بە تەنیشت ئەوەوە دەژیان، لە ژیانی خۆیدا، لە نووسینەکانیدا چەندە لە چەقدا بوون، هێندەیش لە پەراوێزدا.

ستریندبێرگ هەر لەم ساڵانەدا بەشێکی ژیانی تەرخان دەکات بۆ تاقیکردنەوەی زانیاری، لێکۆڵینەوەی کیمیایی و مەسەلە زانیارییەکان. پرۆژە ئەدەبییەکانی پشتگوێ دەخات، بۆ ماوەیەک لە نووسین دوور دەکەوێتەوە و لەبری ئەوە دەکەوێتە نووسینی چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانیاری و شیکردنەوەی توخمەکانی کاربۆن و گۆگرد.

ستریندبێرگ لەپاڵ لێکۆڵینەوە زانستی و تاقیکردنەوە کیمیاییەکانیدا، ڕۆمانی (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) لە مانگی نۆی ساڵی ١٨٩٢دا بە زمانی ئەڵمانی بڵاو دەکاتەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆمانە چەندین کێشە و گرفتی گەورەی بۆ دەنێتەوە، بۆ نموونە کتێبەکە قەدەغە دەکرێت و لە کتێبخانەکاندا کۆدەکرێتەوە، هەروەها خۆیشی بە تاوانی پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتی دەدرێت بە دادگایەکی ئەڵمانی.

دوو ساڵ دواتر، لە ساڵی ١٨٩٥دا دادگایەکی تری ئەڵمانی، ستریندبێرگ و (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) ئازاد دەکات، بەڵام چاپی کتێبەکە هەر بە دەستبەسەرداگیراوی دەمێنێتەوە.

مانگی دەی ساڵی ١٨٩٢ هەر دوابەدوای قەدەغەکردنی (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) و ڕاکێشانی ستریندبێرگ بۆ دادگاکان، فریدایش بۆی دەردەکەوێت سکی پڕە. ئەم ڕووداوە بە تەواوی فریدا شپرزە دەکات، تووشی پەشێوی و دڵەڕاوکێ دەبێت و کێشە و شەڕی نێوانیشیان دەگاتە ترۆپک.

فریدا دەیەوێت سکەکەی لەبار ببات، ستریندبێرگ هیچ گوێ بە مەسەلەکە نادات و لەو باڵەخانەیەی، کە لە بەرلین تیای دەژیان، جیا دەبنەوە. فریدا لە پەرچەکردارێکی بەهێزدا بەرلین بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ ڤیەننا، بۆ ماڵی باوکی.

ستریندبێرگ دەچێت بۆ (بروین)، لەوێ کتێبە زانستییەکەی (ئەنتیبارباروس) کە تەرخانی کردبوو بۆ سروشتناسی و کیمیاگەری و ڕەخنەگرتن لە تێزەکانی داروین و هیگڵ، دەنووسێت. دوای ئەوە لە مانگی یانزەدا، پاش قەیران و شەڕ و ئاژاوەیەکی بەردەوام لەگەڵ فریدا، پێکەوە دەچن بۆ ماڵی باپیرە و داپیرەی فریدا، کە لە گوندێکی بچووکی ناوچەی دۆرناخ دەژیان. ئەم گوندە دەکەوێتە ناوچەیەکی دڵڕفێن و نزیک دەریای دانووب.

ماڵە باپیرانی فریدا چەند خانوویەکیان لەم گوندەدا دەبێت، سەرەتا ستریندبێرگ و فریدا لە بەشێکی تایبەتی خانووبەرە گەورەکەدا لەگەڵ باپیرە و داپیرەیدا دەژین، دواتر دەگوێزنەوە بۆ ناو یەکێک لە خانووە بچووکەکانی ناو کێڵگەکان.

ستریندبێرگ بۆ ماوەی چەند مانگێک لەم گوندەدا دەژی، هەندێک هێور دەبێتەوە، خەریکی خوێندنەوە و نامەنووسین و وێنەکێشان دەبێت. لە ساڵی ١٨٩٤یشدا کتێبە زانستییەکەی (ئانتیبارباروس) لە بەرلین بە زمانی ئەڵمانی بڵاودەکرێتەوە. بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بێدەنگییەکی ترسناک لە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێت، ئەمەیش هێندەی تر ستریندبێرگ شێتگیر دەکات.

ئەم بێدەنگییە بەرامبەر بە (ئانتیبارباروس) وا لە ستریندبێرگ دەکات بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەی تردا بگەڕێت تا بەرهەمەکانی بە ئەڵمانی بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی پێنجدا نامەیەک بۆ (کارین)، کچە گەورەکەی دەنووسێت و داوای لێ دەکات بێت لە نەمسا و لە ناوچەی دۆرناخ لەگەڵ ئەو و فریدادا بژی. ستریندبێرگ ئەوە بۆ کارینی کچی ڕوون دەکاتەوە، کە بێت لێرە فریدا فێری زمانی سویدی بکات، تا بتوانێت بەرهەمەکانی بۆ وەربگێڕێتە سەر زمانی ئەڵمانی، ستریندبێرگ پەیمان بە کارین دەدات، کە پارە و دیاری، لە پاداشتی ئەوەی ژنەکەی فێری سویدی دەکات، بداتێ. کارین بە توندی وەڵامی ئەم نامەیەی باوکی دەداتەوە، کە ئەو بە هیچ شێوەیەک لە دایکی جیا نابێتەوە، هەروەها کارین ئەوەش بیری باوکی دەخاتەوە، کە ئەو تاکو ئێستا هیچ پارەیەکی بۆ ئەوان نەناردووە، هیچ شتێکی لە ژیانی ئەوان نەخستووەتە ئەستۆی خۆی، نە نامەی بۆ نووسیوون، نە سەردانی کردوون، نە پارەی بۆ ناردوون و بە تەواوی ئەوانی لەبیر کردووە، کەچی ئێستا دەتەوێت پارە و دیاریم بدەیتێ بۆ ئەوەی ژنەکەت فێری سویدی بکەم! کارین لە کۆتایی نامەکەیدا بە باوکی دەڵێت: "تۆ کەسێکیت، کە هیچ شەرم ناکەیت."

**شێشتین و نزیکبوونەوە لە کۆتایی**

فریدا و ستریندبێرگ لە ٢٦ی پێنجی ساڵی ١٨٩٤دا کچێکیان دەبێت و ناوی دەنێن (شێشتین). ستریندبێرگ لە ترسی دابڕان و دوورکەوتنەوە، بە هەرحاڵ لە سەرەتادا خۆی دوورەپەرێز دەگرێت لە شێشتینی کچیان و نایەوێت هۆگری بێت.

ستریندبێرگ باش دەزانێت ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ فریدا تا سەر نابێت و لێکجیابوونەوە و دابڕان تەنها چارەسەر و تەنها ڕێگەیە. هەر ئەو هاوینە و دوای لەدایکبوونی شێشتین، ستریندبێرگ ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە: لەگەڵ فریدا ناگونجێن، شەڕ و دەمەقاڵێ بەردەوام دەبێت، فریدا هەست بە خەمۆکی دەکات، هەروەها شیری نابێت، لەبەر ئەوە ناتوانێت شیر بدات بە شێشتین، منداڵ دەگری و ژنان کۆدەبنەوە و کەسێک دەدۆزنەوە، کە شیر بدات بە شێشتین. سەرباری هەموو ئەمانەیش، کتێبە تازەکەی (ئانتیبارباروس) بە تەواوی پشتگوێ دەخرێت، تەنانەت کتێبخانەکانیش نایانەوێت بیفرۆشن، دادگا لەسەر کتێبی (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) چاوەڕوانی دەکات، کچە گەورەکەیشی بە شێوەیەکی توندوتیژ نامەی بۆ دەنووسێت. هەموو ئەم شتانە وا لە ستریندبێرگ دەکەن، کە بیر لە ڕاکردن بکاتەوە، بە تەواوی واز لە فریدا بهێنێت و بەرەو پاریس بکەوێتە ڕێ، بەو هیوایەی ئەو سەرکەوتنانەی لە بەرلین بەدەستی هێنابوون، لە پاریس دووبارەیان بکاتەوە. ستریندبێرگ بەر لەوەی بەرەو پاریس بکەوێتە ڕێ، ڕێگەی بۆ خۆش دەکات: لە بیستویەکی مانگی شەشی ١٨٩٤دا شانۆنامەی (خاوەنقەرز) لە پاریس لەسەر

شانۆی *Theatre Oeuvre* بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایش دەکرێت، هەروەها لەگەڵ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە فەڕەنسییەکاندا بۆ چاپکردنی ڕۆمانەکانی (ژووری سوور، لە ئەوسەری دوورگەگەل و گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) ڕێک دەکەوێت.  لە هەمان کاتدا چەندین گوتار بە فەڕەنسی دەنووسێت، کە پاییزی هەمان ساڵ، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەکانی پاریسدا بڵاودەکرێنەوە.

ستریندبێرگ بەرلەوەی نەمسا و ناوچەی دۆرناخ بەجێ بهێڵێت، جیهانێکی یۆتۆپی بۆ خۆی دەخولقێنێت، خەون و خەیاڵ، واقیع و ئەندێشە و وەهم تێکەڵاو دەکات؛ لەو دونیایەدا خۆی لە هەموو کەسێک، بەتایبەتی لە کەسە نزیکەکانی دەرباز دەکات، فەلسەفە و زانستە سروشتییەکان دەکات بە یەک و دەکەوێتە هەوڵی دروستکردنی ئاڵتوون، هەروەها چەندین کتێب سەبارەت بە بودا و بودیزم دەخوێنێتەوە و دەکەوێتە لێکۆڵینەوەی ئایینی و فەلسەفەی دین لە بودیزمدا، لە مەسیح ڕادەمێنێت و خۆی بە مەسیح دەزانێت و لە پشێوییەکی خودگەراییدا بەبێ ئارام دەسووڕێتەوە. بیروبۆچوونەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و ڕێچکەیەکی تر لە خۆ دەگرن، ڕێچکەیەک کە لە سەروو وزە و تواناکانی مرۆڤەوەن و خۆی بە شتێکی تر لە سەروو مرۆڤەوە دەزانێت، هەروەها لە کاتێکدا ستریندبێرگ خۆی بۆ سەفەرەکەی پاریس ئامادە دەکات، نیگەرانییەکانی زیاتر دەبن، کێشەکانی لەگەڵ فریدا پەرە دەسێنێت، شەڕ دەکەن، ئاشت دەبنەوە، دەبن بە دوژمنی یەکتری و لە یەکتری خۆش دەبن.

له ئەنجامدا فریدا بە کچە شیرەخۆرەکەیەوە ماڵەکەی بۆ چۆڵ دەکات و بە تەنیا لە خانوویەکی تردا دەژی، داپیرە و باپیرەی بە بارودۆخەکە بێزار دەبن، سترینبێرگیش هەر لە دونیای خۆیدا دەژی و گوێ بە دەورووبەرەکەی نادات.

ستریندبێرگ دواتر لە ڕۆمانی (دێر)دا ڕۆیشتنەکەی لە دۆرناخەوە بۆ پاریس باس دەکات، دووپاتی دەکاتەوە، کە هەستی بە پەیوەندییەکی بەتین و بەهێز بەرامبەر بە فریدا و کچەکەیان کردووە، ویستوویەتی بگەڕێتەوە بۆ لایان، بەڵام بڕیاری کۆتایی داوە و ددانی بە خۆیدا گرتووە، دەڕوات بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە.



# بەشی حەوتەم

# دۆزەخی ژیان و ڕۆمانی دۆزەخ

**پاریس، دەروازەیەك بۆ دۆزەخێكی دەروونی**

ستریندبێرگ لە مانگی هەشتی ساڵی ١٨٩٤دا فریدا و شێشتین لە دۆرناخ، بەبێ ئەوەی ئاوڕیان لێ بداتەوە، لەنێو کۆمەڵێک گیروگرفتدا، بە تەنها بەجێ دەهێڵێت و دەچێت بۆ پاریس. هەر کە دەگاتە پاریس پێشانگەیەک بۆ ئەو تابلۆیانە دەکاتەوە، کە لە دۆرناخ کێشابوونی، هەروەها دەستیش دەکاتەوە بە وێنەکێشان، مۆتیڤەکانی دۆرناخ و سروشتی جوانی نەمسا، تێکەڵاوی ژینگەی پاریس و دونیا ڕەش و شپرزەکەی ناوەوەی خۆی دەبن.

ستریندبێرگ لە پاریس هەر زوو هەست بە تەنیایی و ئازاری ویژدان و بۆشاییەکی گەورە دەکات و دەکەوێتە نامەنووسین بۆ فریدا، لە نامەکانیدا بە وردی باسی چۆنیەتیی گوزەرانی ژیانی خۆی؛ بۆ نموونە نرخی ئەو شتانەی دەیانکڕێت، ئەو خانووەی تێیدا دەژی، بۆ بەرچایی و نانی نیوەڕۆ چی دەخوات و پەیوەندیی بە چ کەسێکەوە هەیە و کێ دەبینێت و لە کێ خۆی دەدزێتەوە، بۆ دەکات، هەر لەم نامانەیشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو چەندە یادی فریدا و منداڵەکانیان دەکات، کە ئەوان تەنها هیوای ئەون و بەبێ ئەوان ناتوانێت بژی، هەروەها لە نامەکانیدا هانی فریدایش دەدات، کە بێت بۆ لای ئەو بۆ پاریس و پێکەوەژیانێکی پڕ لە بەهرە و داهێنان بژین.

فریدا لە ناوەڕاستی مانگی نۆدا بە تەنیا و بەبێ (شێشتین) دەگاتە پاریس و نزیکەی مانگێک دەمێنێتەوە، ئەمەیش دوا پێکەوەگوزەران و ژیانی ئەم خێزانە دەبێت. ستریندبێرگ هەر

زوو هەست دەکات فریدا جۆرە پەیوەندییەکی جیاواز لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەکات، ئەمەیش بۆ ئەو دەبێتە مایەی ناڕەحەتی، لەبەر ئەوە فریدا بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ نەمسا.

ئەم مرۆڤە بێدەرەتانە لەسەر یەکێک لە شەقامەکانی پاریس ماڵئاوایی لە فریدا دەکات، فریدا دەگەڕێتەوە بۆ نەمسا و ئەوە دوامالئاوایی نێوانیان دەبێت و چیی تر یەکتر نابیننەوە. لە یەکێک لەو دوانامانەیشدا، کە بۆ فریدای نووسیوە، دەڵێت: "ئەم زستانە سەختە بەسەر چوو. بەهارە... و هاوینیش تێدەپەڕێت، بۆ ئەوەی زستانێکی تر بێت. ژیان چ گێلییەکە! هەروەها ئێمەیش؟"

ستریندبێرگ ئەو ژیانەی لە پاریس دەستی پێکردبوو، جێگەی هیچ کەسێکی تری تیا نەدەبووەوە، بەتایبەتیش ئافرەت، پلانەکانی زۆر بوون و دەیویست لە تەنیاییەکی ڕەهادا بژی.

دوای ئەوەی فریدا لەسەر ئەو شەقامە بەجێ دەهێڵێت، دەگەڕێتەوە بۆ هۆتێلەکەی *Hotel des Am□ricains*، لەم هۆتێلەدا جگە لە خۆی، ژنومێردێکی نەرویژی دەژین، ئەمانە دەبنە هاوڕێی ستریندبێرگ و لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتیی دەدەن، بەتایبەتی لە ڕووی فرۆشتنی تابلۆکانییەوە. ستریندبێرگ دەیویست پاریس لە ڕووی زانست و ئەدەبەوە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، پەرە بە تاقیکردنەوە زانستییەکانی بدات، نووسین لە گۆڤار و ڕۆژنامە گرینگەکاندا بڵاو بکاتەوە، دەزگا گەورەکان کتێبەکانی چاپ بکەن و شانۆنامەکانیشی لەسەر شانۆکانی پاریس نمایش بکرێن.

ستریندبێرگ لە دەستپێکی سەفەرەکەیدا و لەنێو پشێوییەکانی ژیانی و نیگەرانییەکانیدا چەندین سەرکەوتنی گەورە لەم پایتەختە گرینگەی کولتووری ئەورووپا بەدەست دەهێنێت، بەتایبەتیش لە دەوروبەری ساڵانی ١٨٩٤ و ١٨٩٥دا زیاتر وەک هونەرمەند و نووسەرێکی گەورە دەناسرێت.

**شانۆیەکی نوێ لە پاریس و سەرکەوتنەکانی ستریندبێرگ**

شانۆکارێکی ئەو دەمەی پاریس، کە ناوی *Aur□lien Lugn□-Poe* دەبێت شانۆی *Theatre del'Oevre* دادەمەزرێنێت، ئەم شانۆیە لە سیمبولیزمەکانەوە نزیک دەبێت و دەیانەوێت شانۆیەکی جودا لە بزووتنەوەی شانۆی فەڕەنسیدا بخوڵقێنن. ئەم شانۆیە لە یەکەم کارە شانۆییەکانیدا و لە مانگی شەشی ساڵی ١٨٩٤دا شانۆنامەی (خاوەنقەرز) نمایش دەکەن. *Lugn□-Poe* کە ڕیژیسۆر و دامەزرێنەری ئەم شانۆیە دەبێت، کەسێکی ئەنارکیست دەبێت و زیاتر بە شێوازێکی سیمبولی کار دەکات و شتە نهێنیئامێز و غەیبییەکان سەرنجیان ڕاکێشاوە، ئەمەیش لە کار و پرۆژەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. (خاوەنقەرز) سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ ستریندبێرگ وەک نووسەر و بۆ ئەم ڕیژیسۆرە لاوەیش، هەروەها ستریندبێرگ لەگەڵ سەرکەوتنەکانی ئەم شانۆنامەیە و لە زستانی ١٨٩٤دا زنجیرە گوتارێک بە فەڕەنسی لە پاریس بڵاودەکاتەوە، لەم گوتارانەدا چەندین بابەتی جۆراوجۆر دەخاتە بەر باس و گفتوگۆ، بۆ نموونە کیمیاگەری، فیزیک، فەلسەفە، کاریگەریی

ڕووناکی بەسەر هونەری وێنەگرتنەوە، پەیوەندییەکانی سوێد و فەرەنسا لە دیدێکی مێژووییەوە... هتد. ئەم گوتارانەیش وێنەی فرە کولتووری و ئاستی ڕۆشنبیریی ئەم نووسەرە پێشان دەدەن.

شانۆی *Theatre del'Oevre* لە مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٩٥دا بە نمایشکردنی شانۆنامەی (باوک) سەرکەوتنێکی گەورەی تر بۆ شانۆکەیان و بۆ ستریندبێرگ تۆمار دەکەن.

*Lugn□-Poe* وەک ڕیژیسۆری شانۆنامەکە پێگەیەکی بەهێز بە کاراکتەری (کاپتن) دەبەخشێت، بۆ نموونە لە کۆتاییدا لەبری ئەوەی ببێتە قوربانی و بکەوێتە تەڵەی (لاورا)ی ژنیەوە، هەڵدەسێتە سەر پێ و لە دەرگا سەرەکییەکەوە دەچێتە دەرەوە. شانۆنامەی (باوک) دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ستریندبێرگ، چ وەک شانۆنامەنووس و چ وەک نووسەر، بینەران لە شەوی یەکەمی نمایشەکەدا پەرچەکردارێکی بەهێزی پۆزەتیڤیان دەبێت و هەموو ڕۆژنامە و ڕەخنەگرەکانیش بە کەرنەڤاڵی شانۆ ئاماژەی بۆ دەکەن.

لە مانگی یەکی ساڵی ١٨٩٥یشدا ڕۆمانی (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) بۆ یەکەمجار بە فەرەنسی بڵاودەبێتەوە، لە هەمان کاتدا لە حەوتی مانگی یەکی ساڵی ١٨٩٥یشەوە ئەو زنجیرە گوتارەی سەبارەت بە ئافرەت بڵاویان دەکاتەوە، دەبێتە جێگەی گفتوگۆیەکی گەورەی هەموو لاپەڕە کولتوورییەکانی ڕۆژنامەکان. ستریندبێرگ سەرلەنوێ لەم گوتارانەیدا دید و بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی سەبارەت بە ئافرەت بڵاو

دەکاتەوە، ئەم بۆچوونانە لە شارێکی کۆسمۆپۆلەتیکی وەک پاریسدا هەندێک نامۆ دەبن، هەر لەبەر ئەوەیش ئەو هەڵڵایە دەنێتەوە.

شانۆنامەی (خاتوو ژولیا) بە پێچەوانەی نمایش و شانۆنامەی (باوک)ـەوە، لە پاریس کاردانەوەی جۆراوجۆری دەبێت، بینەران مامەڵەی (یان) لەگەڵ ژولیا-یان بە لاوە پەسەند نابێت و گاڵتەی پێدەکەن، ڕەخنەگرەکان دەبن بە دوو بەشەوە، هەندێکیان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە هیچ حاڵیبوونێک لەم دەقەدا نییە، هەندێکی تریش وەک شاکارێکی گەورە و بێوێنە ئاماژەی بۆ دەکەن. هەندێک لە ڕەخنەگر و شارەزایانی شانۆ، لە دەروازەکانی ڕێبازی ناتورالیزمەوە دەڕواننە دەقەکە و هەر لەم ڕووەیشەوە بە مۆدێلێکی گرینگ و سەرکەوتووی ئەو ڕێبازەی دادەنێن.

بەڵام لەپڕ سمبولیستەکان بە چەشنێکی تر (خاتوو ژولیا) دەخوێننەوە، ئەم شانۆنامەیە، کە ستریندبێرگ وەک شانۆنامەیەکی ناتورالیست نووسیبووی، لە لای سمبولیستەکان دەبێتە شانۆنامەیەکی سیمبولی و لە بنەماکانی تەوژمە سیمبولیستییەکانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. کاراکتەری (یان) ڕاڤەی کەسێکی توندوتیژی بۆ دەکرێت، کوشتنی باڵندەکەی ژولیایش دەبێتە هێماگەلێک بۆ چارەنووسی خاتوو ژولیا و هەموو ژولیاکانی کۆمەڵگەی ئەو دەمەی ئەورووپا.

هەر لەم ماوەیەدا، کە ستریندبێرگ لە نێوەندە کولتوورییەکەی پاریسدا دەبێتە ناوێکی دیار، ئەمیل زۆلا لە

یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا، دەڵێت (ستریندبێرگ مامۆستای سیمبولیستەکانە). ستریندبێرگ لە پاریس لەگەڵ ئەو هەموو چالاکی و سەرکەوتنانەیدا، بە قۆناغێکی دژواری ژیاندا دەڕوات، تووشی ڕەشبینی و نەخۆشی و ئاڵۆزییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و قەیرانێکی دینی گران دەبێت، ئەم ئاڵۆزییەیش لە پاییزی ساڵی ١٨٩٤ـەوە دەست پێدەکات و تا هاوینی ساڵی ١٨٩٧ درێژەی دەبێت. کە ڕزگاریشی دەبێت لێی، بە زمانی فەرەنسی دەست دەکات بە نووسینی ڕۆمانی (دۆزەخ). ئەم ڕۆمانە هەندێک تەمومژاوییە و هەموو شتێک بۆ خوێنەر ڕوون و ئاشکرا نین تیایدا. هەموو ڕۆمانەکە پیاچوونەوەیەکە بە ژیانی خۆیدا، بیۆگرافیای ژیانێکی ئاڵۆزی پڕ لە کێشەی دەروونی و دۆزەخی ئەو قۆناغەیەتی، هەر لەم ڕوانگەیەوە لە مێژووی ئەدەب و کولتووری سوێدیدا، ئەو قۆناغە لە ژیانی ستریندبێرگدا بە (دۆزەخ) ناو دەبرێت.

ستریندبێرگ وەک دۆکیۆمێنتێک لە ڕۆمانی دۆزەخ دەڕوانێت، دۆزەخێک سەبارەت بە قەیرانێکی ڕۆحی و دەروونی، کە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا تووشی دەبێت و بە تەواوی پەکی دەخات.

لە دۆزەخدا سەرلەنوێ ژیان و گوزەرانی دەبێتەوە سەرچاوە و سترەکتۆری ڕۆمانەکە؛ بەم شێوەیەیش بەردەوامییەکە و بەشێکی تری ڕۆمانی (کوڕی کارەکەر و گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) و بەرهەمەکانی تری ئەون. وردەکارییەکان لەم کتێبەدا، هەر وەک کتێبەکانی تری ڕووداو و بارودۆخی ڕاستەقینەی ژیانی خۆیەتی، بەڵام سترەکتۆرە گشتگرەکە و هێڵە

گشتییەکە، وەهم و خەیاڵە و لە دیدێکی فەلسەفی و تێڕوانینێکی دوورمەودادا داڕشتووەتەوە. دۆزەخ و بەرهەمەکانی تریش چەندە لەسەر ژیانی خۆی ڕۆنراون، هێندەیش ڕاستییەکی ناوەکی، تۆژاڵێکی تەنکی مرۆڤایەتی و ڕەهەندێکی ئەدەبیی قووڵ لەخۆدەگرن و گوزارشت لە کێشە ئەبەدییەکانی مرۆڤ دەکەن، هەروەها دەبنە دۆکیۆمێنتێکی مەودا فراوان و چڕ بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

ستریندبێرگ لە دەستپێکی یاداشتەکانیدا، کە هەر لەم ماوەیەدا دەست بە نووسینیان دەکات، دەڵێت: "ژیانم کەوتە بەر دۆخێکی گرانی ئەوتۆ، کە خۆم بە دۆزەخ ئاماژەم بۆ کردووە. لە ساڵی ١٨٩٧یشدا بۆ دووپاتکردنەوەیەکی ئەو دۆزەخەی ژیانم ڕۆمانی (دۆزەخ)م نووسی، کە بووە خاڵێکی گرینگی وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە سەرتاپای ژیانمدا." دواتر دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەم کتێبە و زیاتر لە ناوەڕۆک و ڕەهەندەکانی دەدوێین.

هەرچەندە شانۆنامەی (باوک) بە سەرکەوتوویی لەسەر شانۆکانی پاریس نمایش دەکرێت، ڕۆمانەکانی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی فەڕەنسی و بە بەردەوامی بابەتی جۆراوجۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکاتەوە، بەڵام هاوسەنگیی ڕۆحی و باری دەروونیی زیاتر و زیاتر تێکدەچێت و تەنگژە دەروونییەکەی دەگاتە ئاستێکی ترسناک.

ستریندبێرگ لەم قۆناغەی ژیانیدا هەست دەکات هەمیشە دوای دەکەون و لەژێر چاودێریی کەسانێکی نادیاردایە، لە

هەمان کاتدا نەخۆشە، هەژارە، تەنیایە، دەترسێت و وا دەزانێت خەڵکی و هێزە نادیارەکان دەیانەوێت بیکوژن. لەگەڵ هەموو ئەم بارودۆخ و پاڵەپەستۆ ترسناکانەدا، هەموو کاتەکانی خۆی بۆ تاقیکردنەوە زانستییەکانی تەرخان دەکات، یاری بە ماددە کیمیاییەکان دەکات، کاربۆن و گۆگرد بەکاردەهێنێت و دەیەوێت ئاڵتوون دروست بکات، گوتاری زانستی سەبارەت بە کیمیاگەری دەنووسێت و لە وەهمێکی بێسنووردا دەژی، ئەو ئامێرانەیش کە بۆ تاقیکردنەوەکانی بەکاریان دەهێنێت، ئامێری ساکار و سەرەتایی بوون، هەندێکیان هەر خۆی دروستی کردبوون، ئەمەیش دەبێتە هۆی سووتانی هەردوو لەپی دەستی و برینداربوونیان و بە تەواوی پێستی دەستی دادەماڵرێت. هەندێک لەو سویدییانەی لە پاریس دەژین فریای دەکەون و پارەی بۆ کۆدەکەنەوە تا بتوانێت چارەسەری نەخۆشییەکانی بکات.

مانگی یەکی ساڵی ١٨٩٥ لە نەخۆشخانەی (سانکت لویس) لە پاریس بۆ ماوەی مانگێک لەژێر چاودێریدا دەبێت و دەستی بە خوێواو تیمار دەکەن.

ستریندبێرگ لە ڕۆمانی دۆزەخدا، کە لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کرد، باسی ئەوە دەکات، کە بە ڕێگەوە دەبێت بۆ نەخۆشخانە، لە دوکانێک لە نزیک نەخۆشخانەکەوە دوو کراسی سپی دەکرێت، کڕینی ئەم کراسە سپیانەیش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەو لەو کاتانەدا بە قووڵی بیری لە مەرگ کردووەتەوە.

ستریندبێرگ-ێکی بێپەروا ناتوانێت بە ئارامی لە نەخۆشخانەکەیشدا بسرەوێت، بە دەستی بەستراوەوە دەکەوێتە نووسینی گوتاری زانستی و نامە و هەوڵی ئەوەیش دەدات تاقیگەی نەخۆشخانەکە بۆ تاقیکردنەوەکانی بەکاربهێنێت، هەروەها دەچێتە دەرەوە، بە شەقامەکاندا پیاسە دەکات و لە یەکێک لە قاوەخانەکان دادەنیشێت، هەندێک لەو کەسانەیشی کە لە هەڵمەتی پارە کۆکردنەوەکەدا بەشدار دەبن، ئەم ڕەفتارەی ستریندبێرگیان بە دڵ نابێت. نەخۆش دەبێت لە نەخۆشخانە بکەوێت، هەژار کە پارەی دەرمانی نییە، نابێت لە قاوەخانەکان دابنیشێت، ستریندبێرگ خۆی بە (سواڵکەر) دەزانێت. وشەی سواڵکەر بە شێوەیەکی بەهێز کار لە هەست و هۆشی دەکات، خۆی بە بچووک دێتە بەرچاو و ئەمەیش لە نووسینەکانیدا ڕەنگ ئەداتەوە.

ستریندبێرگ لە ڕۆمانی (دۆزەخ)دا بەم شێوەیە وێنای ئەو هەستە دژوارەمان بۆ دەکات، هەستی خۆ بە سواڵکەر زانین و بچووکبوونەوەی خودی خۆی: (کوڕێکی گەنج بە ئاماژە بۆکردنێکەوە، دراوێک فڕێ دەداتە سەر مێزەکەم، هەر وەک ئەوەی من تێنەگەم. وەک نامۆیەک و تەنها لە هیوای مرۆڤایەتیدا ناوێرم بەشەڕ بێم. هەر لەوێدا دادەنیشم و تووڕەیی چاوی کوێر کردووم و لە هەوڵی ئەوەدام ئەوە لێک بدەمەوە، کە چی ڕوویداوە.

ئەو دراوێک دەدات بە من، هەر وەک ئەوەی بیدات بە سواڵکەرێک!

سواڵکەر! چەقۆیەک بوو، کە من دەیکەم بە سنگی خۆمدا.

سواڵکەر! ئا، لەبەر ئەوەی تۆ شایەنی هیچ شتێک نییت و تۆ....)

هەروەها لە بەشی یەکەمی سێینەی (بەرەو دیمەشق)دا، کاراکتەرێکی سواڵکەر رۆڵێکی گرینگ دەگێرێت، کاراکتەری سەرەکیی شانۆنامەکە (نەناسراو)، کە ستریندبێرگ خۆیەتی، ئەم سواڵکەرە دەبینێت، لەوە دەگات، کە ئەو ڕووبەڕووی کەسایەتیی خۆی بووەتەوە. ستریندبێرگ لەم بارە دەروونییە خراپەدا کۆڵ نادات و هەموو بەهار و هاوینی ساڵی ١٨٩٥ خەریکی تاقیکردنەوە کیمیاییەکانی دەبێت، زۆرجار بەرەنجامی زانا گەورەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و هەندێک جاریش هێرشیان دەکاتە سەر.

ستریندبێرگ دەیەوێت تاقیکردنەوە کیمیاییەکانی و بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە زانستە سروشتییەکان تێکەڵاوی شیعر و بەرهەمە ئەدەبییەکانی بکات و یەکەیەکی ئەدەبیی جیاوازیان لێ دروست بکات، لەم ڕووەیشەوە خۆی بە (شاعیری کیمیاگەر و شیعری کیمیایی) ئاماژەیان بۆ دەکات.

ئەم نووسەرە لەم قەیرانەدا سەرلەنوێ و بۆ چەندین جار بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، پلانی بۆ دادەنێت و دەکەوێتە گفتوگۆی ئەوەوە، کە بە چ شێوەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت، بەڵام هەمیشە لەم بڕیارەی پاشگەز دەبێتەوە و ڕۆژێکی تری تاریکی ژیان لەنێو دونیایەکی پڕ لە پشێوی و شێتییەکی تەواو و بیرکردنەوەیەکی قووڵی دینی و خودگەراییدا، بە تەنها دەباتە سەر، ئەمەیش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە ستریندبێرگ لەو پشێوییەدا، لەو بێهیوابییەدا، لەو تەنهاییەدا و لەو دونیا سەرەوژێرەدا، بڕوای بە ژیان هەبووە و خۆی لە مەرگ دزیوەتەوە.


ڕۆحی بریندار‌ی ئەو سەرلەنوێ لەناو قەیران و تەنگژەدا لەدایک دەبێتەوە، بێئارام سەیری ئاسۆ دوورەکانی کردووە و لەگەڵ ئەستێرەکانی ئاسماندا لە پەیڤێکی قووڵ و دووورودرێژدا بووە، ئەم قۆناغەیشی دەروازەکان بەرەو ڕووی ستریندبێرگێکی تری دوای قەیرانی دۆزەخ دەکاتەوە: شیعر و نووسینەکانی مەودایەکی فراوانتر لەخۆدەگرن، بەهایەکی قووڵ و دیدێکی دەوڵەمەند، فۆرم و ناوەڕۆکەکانی پێکدەهێنن.

ستریندبێرگ بە شێوەیەکی تر شتە لێکچووەکان دەبینێت، لە هەمان کاتدا جیاوازییەکان و زیاتر بڕوای بە خۆی و بە ئەندێشە فراوانەکەی خۆی دەبێت. سروشت، خەون، واقیع، ئەندێشە، وەهم، شیعر، ڕۆمان، پڕۆسە، شانۆ... هتد تێکەڵاو دەکات، فۆرمی تر دەخوڵقێنێت و وێنای گەردوونێکی ترمان بۆ بەرجەستە دەکات.

ستریندبێرگ دوای ئەم قۆناغە زیاتر لە خۆی، لە چواردەورەکەی، لە سروشت و لە وشەکانیش نزیک دەبێتەوە و مامەڵەیەکی مرۆڤانەیان لەگەڵ دەکات و بە هەستێکی تەندروستەوە سەیری دونیا، لە ئێستا و لە ئایندەیشدا دەکات.

ستریندبێرگ داهێنان لە وێنەی خودادا دەدۆزێتەوە، تۆنێکی ئایینی، هەستێکی ڕۆحی، وەک یەکەیەکی فەلسەفی لە بەرهەمەکانیدا بەکار دەهێنێت: خودا هونەرمەندە و لە پرۆسەی خوڵقاندندا دونیا و گەردوونی خوڵقاندووە، شیعریش لەم دونیایەدا ئاوێنەیەکی خودا و من و دونیا نادیارەکانی تیا ڕەنگدەداتەوە.

**هۆتێلی ئۆرفیله و یادەوەرییە نهێنیئامێزەکان**



ستریندبێرگ له مانگی دووی ساڵی ١٨٩٦دا دەگوێزێتەوە بۆ هۆتێلێکی تر بە ناوی (هۆتێل ئۆرفیله) *Hotel Orfila* ، هەر لەم ماوەیەیشدا زیاتر سەر دەکاتە سەر خواردنەوە و تاقیکردنەوە کیمیاییەکانی و کەم له ژوورەکەی خۆی دەچێتە دەرەوە. هەر له ساڵی ١٨٩٥ـەوە بیری لەم هۆتێله کردووەتەوە، زۆرجار بە بەردەمیدا پیاسەی کردووە و له ڕۆمانی (دۆزەخ)یشدا باسی کردووە. ستریندبێرگ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە هۆتێلەکە له (دێر) چووە و بە دوابەشی زنجیرە ڕووداوێک، کە دەسەڵاتێکی گەورەی نادیار ڕێکی خستووە، ناوزەد دەکات.

ناوی هۆتێلەکە دەگەڕێتەوە بۆ زانایەکی گەورەی کیمیایی بە ناوی (مارتیۆز ئۆرفیلە) کە ستریندبێرگ چەند هەفتەیەک بەر لەوەی بگوێزێتەوە ئەم هۆتێلە، لە سندوقێکی شیندا، لە دوکانێکی کۆنی کتێبفرۆشەکاندا، کتێبەکانی سەبارەت بە کیمیاگەری، کە لە ساڵی ١٨٣٠دا دەرچووبوون، دەدۆزێتەوە. ئەم کتێبانە دەبنە ئینجیلی ستریندبێرگ بۆ لێکۆڵینەوە کیمیاییەکانی و هەتا دوا ڕۆژەکانی ژیانی، لەگەڵ خۆی دەیانگێڕێت.

لەم هۆتێلەدا زیاتر لە پێنج مانگ دەمێنێتەوە، هەر لەم هۆتێلەیشدا قەیران و تەنگژە دەروونییەکەی و بارە نائارامەکەی خراپتر دەبێت.

هۆتێل ئۆرفیلە دەبێتە هێمای ستریندبێرگێکی شێت و پەرپووت و قۆناغی دۆزەخەکەی. هەر لەم کاتەیشدا هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی ئاڵتوون چڕ دەکاتەوە. خۆڵ، گۆگرد، ئاسن و زیو و کاربۆن و ئامێرەکانی بەکارهێنانی تووخمە کیمیاییەکانی، بە چەشنێک لە ژووری هۆتێلەکەدا کەڵەکە کردووە، کە جێگەی خۆی نەبووەتەوە و بیری کردووەتەوە ژوورێکی تر بۆ شتەکانی بگرێت. هەر لەم ڕەوشە و لەم تەنیاییەدا دەست دەکات بە نووسینی یاداشتەکانی و ڕۆژانە، بە شێوازی ڕۆژژمێر ئەوەی هەستی پێدەکات، ئەوەی دەیبینێت و ئەوەی نایبینێت، ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەری ڕوویانداوە، بە وردی تۆمار دەکات.

لە مانگی پێنج و شەشی هەمان ساڵەوە ئەم ڕۆژژمێرە، کاراکتەر و فۆرمی یاداشتنامە لە خۆ دەگرێت و نووسینەوەی شتەکان چڕتر و فراوانتر دەبن. لە مانگی شەشی ساڵی

١٩٠٨یشدا، كە سەرلەنوێ بە تەنگەژەیەكی تری دەروونیدا دەڕوات، واز لە نووسینی یاداشتەكانی دەهێنێت.

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەوەیە كە ئەم یاداشتانە لە سەرەتاوە فۆرمێكی میتافیزیكی و فرەمانا و فرەڕەهەندیان لە خۆگرتووە، هەروەها لەبری زمانی سویدی، بە زمانی فەڕەنسی دەیاننووسێت. بۆ ئەم مەبەستە لەژێر كەریگەریی بیروبۆچوونەكانی نووسەری گەورەی سویدی (ئیمانۆئێل سوێدنبۆرگ)، كە لە سەدەی شازدەدا ژیاوە، دەست پێدەكات، بەڵام لە ساڵی ١٩٠٨دا بە چەند وشە و كورتە ڕستەیەكی ڕۆژانەی، وەک (گواستمەوە بۆ شەقامی درۆتنینگاتانی ژمارە ٨٥) كۆتایی بە نووسینی ئەم یاداشتەگەلە دەهێنێت.

ئەوەی ئاشكرایە ستریندبێرگ بیرۆكەی نووسینی ئەم یاداشتانەی لە ئەنجامی تەنگەژەیەكی خودگەرایی و دینی، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٨٩٠ەوە لە لای دروست بووە، خودی تەنگەژەكەیش لە ساڵی ١٨٩٢ـەوە، دوای جیابوونەوەی لە ژنی یەكەمی (سیری) دەركەوتووە. یەكێک لە نیشانەكانی ئەم ڕەوشە ئاڵۆزە ئەوە بووە، كە ستریندبێرگ نووسەرێكی فرەبەرهەم بووە، بەڵام لەگەڵ دەركەوتنی ئەم بارودۆخەدا چیی تر نەیتوانیوە بنووسێت. یەكێک لە هۆكارەكانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، كە ئەم نووسەرە هەستی بە گوناهـ و ئازار كردووە، ئەم هەستەیشی هەر لە منداڵییەوە لەگەڵدا بووە، لە كاتی جیابوونەوەی لە سیری زیاتر و چڕتر و قووڵتر دەبێتەوە.

یاداشتەکانیشی هەر وەک ڕۆمان و شانۆنامە و نامە و یادوەرییەکانی، وێنەیەکی چڕ و وردی ژیانی خۆی بەرجەستە دەکەن، سەرگوزشتەی هونەرمەندێکی ڕچەشکێنمان بۆ دەگێڕنەوە و زیاتر لە وردەکارییەکانی ژیانی ئەم نووسەرەمان نزیک دەکەنەوە. هەر لەبەر ئەوە ئەم یاداشتگەلە، لە هەموو ڕوویەکەوە، بە دۆکیۆمێنتێکی بێ ڕتووش و بیۆگرافیایەکی گشتگر و ڕاستەوخۆ و وردی ژیانی ستریندبێرگ دادەنرێن. هەر خۆیشی بە ماوەیەکی کورت، بەر لە مردنی باسی ئەوەی کردووە، کە ئەم یاداشتە پڕ لە ڕاز و نهێنییانە، دوابەشەکانی ژیان و بیۆگرافیای ئەو پێکدەهێنن. خوێنەر بە هۆی ئەم یاداشتگەلەوە زۆر لە ژیانی ڕۆژانە و بیرکردنەوەی نووسەرێکی گەورە نزیک دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی دونیای هەست و سۆزی بە شێوەیەکی چڕ و ڕاستەقینە، بەبێ هیچ دەمامکێک دەبینێت.

ئەوەی لێرەدا گرینگە دووپاتی بکەمەوە، کە ئەم یاداشتگەلە بەرهەمێکی ئەدەبیی خاوەن ستایل و فۆرمی تایبەتی خۆی نییە و ستریندبێرگیش بەو مەبەستە نەینووسیون، بەتایبەتی لە دەستپێکی نووسینەوەی یاداشتەکاندا، بەڵکو زیاتر هەوڵێکی بێشومار و گەورەی ئەم نووسەرەیە بۆ نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە خودی خۆی و دەوروبەرەکەی. ئەوەی لەو یاداشتانەدا تۆمارکراوە، تەنها بۆ خۆی نووسیوە و لە سەرەتایشەوە مەبەستی بڵاوکردنەوەی نەبووە.

ستریندبیرگ له ناوەڕاستی مانگی حەوتی ١٨٩٦ له هۆتێل ئۆرفیله ڕادەکات و له نامەیەکیدا، که دوای ڕاکردنی بۆ یەکێک له هاوڕێکانی نووسیوە، باسی ئەوە دەکات، کەسێک ویستوویەتی له ژوورەکەی خۆیدا بیکوژێت، که له ژوورەکەی تەنیشتیەوە گوێی له دەنگێکی پڕ له ڕاز و نهێنی بووە و پلانیان بۆ کوشتنەکەی داناوە.

ستریندبیرگ ساڵ و نیوێک لەوەوبەر، که بۆ داگیرکردنی ژیانی کولتووری ئەم وڵاتە دێت، یەکێک دەبێت له کەسە ناسراو و نووسەرە دیارەکانی پاریس. شانۆنامەکانی لەسەر شانۆکان نمایش دەکران، گوتارەکانی له ڕۆژنامە گرینگەکاندا بڵاودەکرانەوە و دەبوونە جێگەی سەرنج و گفتوگۆ، ئێستایش بە تەواوی لەبیر چووەتەوە، خۆیشی کەم و زۆر وازی له ئەدەب و هونەر هێناوە، هیچ شتێک، نه شانۆنامە و نه هیچ پرۆژە و کارێکی ئەدەبیی تازەی نەنووسیوە، باری تەندروستیی نالەبارە و لەسەر لێواری شێتبوونە و لێکۆڵینەوە کیمیاییەکانیشی هیچ ئەنجامێکیان بەدەست نەهێناوە و هیچ ئاڵتوونێکیش بەرهەم نەهاتووە.

هاوینی ساڵی ١٨٩٦ سەردانێکی کورتی شاری مالمێۆ و ئیستاد، له سوێد دەکات، لەوێوە دەڕوات بۆ بەرلین و دواتریش لەسەر داوای دایکی فریدا دەچێت بۆ ماڵی خەزوورانی له مۆندسێ، نزیکی سالزبۆرگ له نەمسا، تا ماوەیەک لەگەڵ کچەکەی بژی.

ستریندبیرگ له گوندێکی دوورەدەست، له خانوویەکی گەورەی ماڵی دایکی فریدا و نەنکی دەژی، چاودێریی کچەکەی

دەکات و بەرهەمەکانی سوێدنبۆرگ و کۆمیدیای خودایی دانتێ دەخوێنێتەوە، بە خۆیدا دەچێتەوە و لە ڕامانێکی قووڵدا دەبێت، هەست دەکات ژیانی بۆ گەڕاوەتەوە و بەهێزە.

ستریندبێرگ لەم شوێنەدا کار لەسەر کەسایەتیی خۆی، وەک قوربانییەک دەکات، هەروەها ئەو پاییزە لەگەڵ دایکی فریدا، نەنکی و پووری دەژی، دایکی فریدا (ماریا ئوول) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ستریندبێرگ هەرچەندە ئەو ماوەیە هێمن و لەسەرخۆ بووە، بەڵام هەندێک جار بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە ڕەفتاری کردووە و زۆرجار بەوانی گوتووە، کە لەگەڵ تارماییە دوژمنکار و دوژمنە سەرسەختەکانیدا لە شەڕدایە.



# بەشی هەشتەم
# کۆتایی بازنەکە و
# گەڕانەوەیەکی یەکجارەکی

ستریندبێرگ لە بیستوحەوتی مانگی یانزەی ساڵی ١٨٩٦دا کتوپڕ بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ سوێد؛ لە بەرلینەوە دەچێتە دانیمارک، ماوەیەکی کورت لە کۆپنهاگن دەمێنێتەوە، لە سەرەتای مانگی دوانزەیشدا بە تەواوی دەگەڕێتەوە بۆ سوێد و لە باشووری سوێد و لە شاری (لوند) جێگیر دەبێت.

لە لوند پەیوەندی دەکات بە هاوڕێ کۆنەکانییەوە و هاوڕێی تازە پەیدا دەکات و کۆمەڵە گەنجێک لە خۆی کۆدەکاتەوە، کە هەموو وەک مامۆستا سەیری دەکەن، هاوڕێکانی و خەڵکی شارەکەیش ڕێزی دەگرن.

ستریندبێرگ ساڵێک لە شاری لوند دەمێنێتەوە، لەم ساڵەدا شانۆنامەکانی (سەرگوزشتەی پادشاکان، گوستاڤ ڤاسا، تاوان و تاوان و ئەدڤێنت "جەژنی قوربان" و ڕۆمانی دێر) دەنووسێت، لە هەمان کاتدا دەکەوێتە خۆ ئامادەکردن و نەخشەدانان بۆ نووسینی ڕۆمانی (دۆزەخ).

هەرچەندە ستریندبێرگ بڕیاری بە تەواوی گەڕانەوەی بۆ سوێد دابوو، لە شاری لوند بە ئارامی و بەبێ کێشە دەژیا، دەینووسی و کەسانێکی زۆری لە دەور بوون، بەڵام هەستی دەکرد پارچەیەک لە ژیانی لە پاریس لێ بەجێماوە. ئەو دۆزەخەی لە پاریس تووشی بوو، ئەو قەیرانە دینییەی بە تەواوی بوونی ئەوی خستە ژێر گوشار و پرسیار و تاقیکردنەوەیەکی مەحاڵەوە، بووبووە ئەزموونێکی دەوڵەمەند و نەدەکرا پشتی تێ بکات یان هەر وا بە ئاسانی لە بیری خۆی بەرێتەوە. نووسینی ڕۆمانی (دۆزەخ) دەبێتە واقیعێکی

هەستپێکراو و بڕیارێکی بێ پاشگەزبوونەوە و پرۆژەیەکی گرینگی ئەزموونێکی تاڵ.

ستریندبێرگ لە سێی مانگی پێنجی ساڵی ١٨٩٧دا دەست دەکات بە نووسینی ڕۆمانی (دۆزەخ) و لە بیستوپێنجی مانگی شەشی هەمان ساڵدا تەواوی دەکات و ئەم کتێبەیش هەروەک ڕۆمانی (گوتاری بەرگری لەخۆکردنی شێتێک) بە زمانی فەڕەنسی دەنووسێت. دۆزەخ زنجیرەیەکی ترە لە بیۆگرافیای ژیانی خۆی: ستریندبێرگ لەسەر ستریندبێرگ دەنووسێت، بەڵام ئەم دوانە هەمان کەس نین، پاڵەوانی ڕۆمانەکە قوربانیی دەستی ڕۆژگارە و نووسەرەکەیشی حیکایەتخوانە.

ستریندبێرگ لە دۆزەخدا باسی کەسایەتییەکی قوربانی دەکات، کە هێزە نادیارەکان ڕاوی دەنێن و لە گرژییەکی بێسنووردا، لە دۆزەخی سەرزەمیندا دەژی. ئەم کەسایەتییەش خودی خۆیەتی، بەڵام ستریندبێرگی نووسەر، کە دۆزەخ دەنووسێت دەبێتە کەسی گێڕەرەوە، ئەزموونەکانی خۆی لە زەمەنێکی تردا دەگێڕێتەوە، هەروەها لە خۆی دەپێچێتەوە، هەوڵ دەدات ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی پاریس بە چاوێکی تر و لە دیدێکی ترەوە ببینێت.

ستریندبێرگ لە دۆزەخدا بەم شێوەیە پێناسەی خۆی لە کەسی قوربانییەکەدا دەکات: "بە تاسە و تامەزرۆیی بەهەشتەوە لە دایک بووم، وەک منداڵێک بۆ قێزەوەنیی بوون گریام، هەستم دەکرد لەنێو خزم و کەسوکار و کۆمەڵگەدا بێگانەم. هەر لە سەردەمی منداڵییەوە بە دوای خودای خۆمدا گەڕام، بەڵام

شەیتانم دۆزییەوە. من لە گەنجیمدا خاچی مەسیحم لە کۆڵ نا و حاشام لە خودایەک کرد، کە قایلمەندە بەوەی ببێتە کەڵەگای کۆیلەگەلێک، کە دەستی جەللادەکانیان ماچ دەکەن."

دۆزەخەکەی ستریندبێرگ گەشتی کەسێکی بێئارام، نیمچەشێت، خەمۆک، دابڕاو، نەخۆش، داماو و ماندووە بەنێو دۆزەخێکی سەرزەمیندا، کە ئەتمۆسفێر و چواردەورەکەی خۆی بۆ خۆی خوڵقاندووە.

دۆزەخ وەک سەفەرێک وایە، کە ستریندبێرگ خۆی پێوە خەریک دەکات و بە گوشار و تەنگژە و مەترسییەکانی ژیانیدا دەچێتەوە، کە مرۆڤ بەنێو خودی خۆیدا دەگەڕێت، هەموو جیهان لەگەڵ خۆیدا دەبات و هەموو شتەکان دەبنە چەمکێکی زیندوو، تەنانەت مردووەکانیش لە دۆزەخدا زیندوو دەبنەوە.

دەکرێت دۆزەخ وەک سەرگوزشتە و چیرۆکێک بخوێنرێتەوە، کە هیچ پاڵەوانێک لە خۆ ناگرێت؛ هەر وەک سەرگوزشتەکان ئاژەڵ و باڵندەکان دەدوێن، ئاماژەکان دەبەخشێت بە بەرد، قوچەکە ئاسنینەکەی سەر تاوەری کڵێساکان دەداتە شەقەی باڵ.

کاراکتەری دۆزەخ هەر وەک سەرگوزشتەکان کەسێکی پەڕپووت و سواڵکەرە، هەروەها ڕابەرێکی سەرکەوتوویشە، کە بە ئەزموون و تەقەلاکانی لە بواری زانستە سروشتییەکاندا، دەبێتە کەسێکی نەمر. هەر وەک خەونی منداڵێک، کە پاڵەوانی چیرۆکەکان کەسێکی بچووک و بەستەزمانە، بەڵام تاقانەیە و لە چەقی جیهاندایە.

ستریندبێرگ کەسایەتیی قوربانییەکە بە حیکایەتخوانێکەوە، بە نووسەرەوە، کە خۆیەتی دەبەستێتەوە و هەر بۆ ئەم مەبەستەیش لە چەندین ڕەوش و ڕووداوی کتێبەکەیدا دەگەڕێتەوە سەر یادەوەرییەکانی خۆی، وەک خۆی لێرەدا سەرلەنوێ تۆماریان دەکات، بەمەیش ئەو بەشانەی یاداشتەکانی دەبنە بەشێک لە سەفەری قوربانییەکە بۆ دۆزەخ. قوربانییەکە دەبێتە نووسەری ئەو کتێبانەی، کە ستریندبێرگ لە فەڕەنسا و لە قۆناغی دۆزەخدا نووسیونی.

ستریندبێرگ بەوپەڕی وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کاراکتەری قوربانی و کەسی گێڕەرەوە دەکات، کە دەیشیانبەستێتەوە بە یەکترییەوە، ئەو دیدە بۆ خوێنەرەکانی ئاشکرا دەکات؛ کە کەسی قوربانی و کەسی گێڕەرەوەی کتێبەکە، هەمان کەسە و ئەو کەسەیش ستریندبێرگ خۆیەتی.

کەسایەتی یان کاراکتەری قوربانی، ناوەوەی ستریندبێرگ، ئەو کەسەیە لە خۆی و نووسینەکانی و ژیانی خۆی، وەک نووسەرێک دابڕاوە، لە هەڵگەڕانەوەیەکی تەواوی بوونی خۆیدا دەژی و هەست بە ئازارێکی گەورەی ڕۆحی و ویژدان دەکات.

ئەو واقیعەی ستریندبێرگ لە دۆزەخدا باسی دەکات، لە زەمەنێکی ڕەهادا بزر دەبێت، ئەو پاڵەوانەی لەم زەمەنە ڕەهایەدا دەسوڕێتەوە، دەبێتە هێماگەلێکی بەهێزی ڕەوشەکانی مرۆڤ، کە ژیانی قوربانییەکە ڕۆژ بە ڕۆژ لەم دۆزەخە و لەم زەمەنە دوور مەودایەدا دەسووڕێتەوە، لە شوێنێکەوە دەچێت بۆ شوێنێکی تر: نەخۆشخانە، هۆتێل، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر

(له فەرەنساوە بۆ سوید و نەمسا) له دەرەوەی شوێن و کاتەوه دەبێتە پاڵەوانێکی گەورە، نمایندەی هەموو مرۆڤایەتی و کەسێکی خاوەن پەیام.

ئەم پاڵەوانە بە سانایی دەتوانێت لە دەرەوەی کات و شوێندا بژی، لە بنەما بیۆگرافیاکانی ستریندبێرگ دابماڵرێت و وێنەی ستریندبێرگێکی ترمان لە کات و شوێنێکی تردا بۆ بەرجەستە بکات.

ئەم گەشتەی قوربانییەکە، گەشتی نهێنییەکانی ژیانە و پڕە لە پڕیشکەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، هەموو کەسێک بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەشێک، وێنەیەک، ڕەوشێک لەم پڕیشکانەی بەردەکەوێت و بەشێک لە ژیانی خۆی لەم پڕیشکانەدا دەدۆزێتەوە.

ستریندبێرگ هاوینی ساڵی ١٨٩٧ لە نووسینی ڕۆمانی (دۆزەخ) دەبێتەوە، یەکەوڕاست دەینێرێت بۆ دەزگاکانی سوێد، وەردەگێردرێتە سەر زمانی سوێدی و ئەڵمانی، چەندین دەزگای فەرەنسی و ئەڵمانیش دەکەونە خۆ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە.

## دوا سەفەری ستریندبێرگ بۆ پاریس




ستریندبێرگ لە کۆتایی مانگی هەشتی ساڵی ١٨٩٧دا، لە کاتێکدا ڕۆمانی (دۆزەخ) لە سوید لەژێر چاپدا دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ پاریس. دۆزەخ لە مانگی یانزەی ساڵی ١٨٩٧دا بڵاو دەکرێتەوە، هاوڕێیەکی ژیانی گەنجی و دێرینی ستریندبێرگ خۆی، (ئۆگین فاڵستێت) لە فەڕەنسییەوە وەریدەگێڕێتە سەر زمانی سویدی، ستریندبێرگ بە وەرگێڕانەکەدا دەچێتەوە و ڕەزامەندیی لەسەر دەردەبڕێت.

کە ڕۆمانی (دۆزەخ) بڵاودەبێتەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێت، کتێبەکە خوێنەرێکی یەکجار زۆر لە خۆی کۆدەکاتەوە و لە کۆتایی مانگی یانزەدا لە بازاڕەکاندا نامێنێت و چاپی دووەم لە سەرەتای مانگی دوانزەدا دەکەوێتە بازاڕەوە. ستریندبێرگ دوای ڕۆمانی (دۆزەخ) دەست دەکات بە نووسینی ڕۆمانی (ئەفسانە) و ئەمەیش بەردەوامییەک یان بەشێکی تر دەبێت لە دۆزەخ و لەسەر بیرەوەری و بیۆگرافیای ژیانی خۆی دەینووسێت.

ستریندبێرگ، لە پاریس سەردانی ئەو شوێنانە دەکاتەوە، کە تێیاندا ژیاوە و بەو شەقامانەدا دەگەڕێت، کە لەوەوبەر پیاسەی پێدا کردوون، لەو قاوەخانانە دادەنیشێت، کە ساتە دژوارەکانی ژیانی تێیاندا بردووەتە سەر و لەو فرۆشگەیانە شت دەکڕێت،

که به گیرفانی بەتاڵەوە لە جامخانەکانیانی ڕوانیوە. بە بیرەوەرییە ناخۆشەکانیدا دەچێتەوە، هەست بەو قەیرانە گرانە دەکات پێیدا تێپەڕیوە و لە دوورەوە بە ڕامانەوە، لە ڕەهەندێکی ترەوە سەیریان دەکاتەوە. لەم کاتانەدا لە سەرەتای مانگی سێی ساڵی ١٨٩٨دا لەماوەی چەند ڕۆژێکدا بەشی یەکەمی سێینەی (بەرەو دیمەشق) دەنووسێت، ئەو چەند ڕۆژە بە چڕی، بەبێ وەستان و لە ڕەوشێکی تەندروستدا، ئەو شانۆنامەیە دەنووسێت.

ستریندبێرگ لە یاداشتەکانیدا سەبارەت بە سەرەتاکانی نووسینی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) دەڵێت: "ئەمڕۆ چەندین جار دەستم کرد بە گریان، کۆتایی پەردەی سێیەمم نووسی." فرمێسکەکانی ستریندبێرگ فرمێسکی قووتاربوون و ڕزگاری و سەرفرازی دەبێت، قووتاربوون لە گوشار و قەیرانە دینی و دەروونییەکەی، ئەو دۆزەخەی تێیدا ژیابوو، لە گەڕانەوە و سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە و دەستکردنەوە بە نووسین.

دیمەن و بەشەکانی، دیالۆگ و ڕۆنانی درامی و کاراتەرەکانی، ناوەڕۆک و دیدە فەلسەفییە چڕە ئاڵۆز و گرانەکەی لە (بەرەو دیمەشق)دا، کە بەشێکی زۆری لە بیۆگرافیای ژیانی خۆیەوە وەردەگرێت، بە ئاسانی دێن بە دەستەوە و بە شێوەیەکی سروشتی فۆرمی خۆی وەردەگرێت.

ستریندبێرگ فرمێسکی خۆشی بە چاوەکانیدا دێنە خوارەوە، چونکە سەرلەنوێ دەتوانێت بنووسێت و پشت بکاتە ڕابوردوو، هەروەها بە هێز و بڕوایەکی پتەوەوە بڕوانێتە داهاتوو.

له شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)دا پاڵەوانی یەکەم و کەسایەتیی سەرەکیی دەقەکە، ناوی (نەناسراوە) بە هەمان شێوە ئەو کەسەی، کە لەگەڵ ئەم نەناسراوە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە و گەشتەکەیان دەکەن، کەسێکی وەک کاراتەری نەناسراو، نەناسراوە و بە (خانم) ئاماژەی بۆ دەکات. هەموو ڕووداوەکانیش بە شێوەیەکی مەجازی لە دید و بینینی کەسایەتیی نەناسراوەوە دەبینرێن؛ کەسایەتییەک دابەش دەبێت بۆ چەندین کەسایەتیی تر، بەمەیش هەریەکەیان لایەنێک لە لایەنەکانی کەسایەتییە سەرەکییەکە دەردەخات، لە هەمان کاتدا ئەو کەسایەتییە جیاوازانەیش پێکەوە کێشەکانی بیر و هۆشی ناوەوەی خودەکە، خودی نەناسراو ڕوون دەکەنەوە.

نەناسراو یەکەوڕاست هەمان پاڵەوانی ڕۆمانی (دۆزەخ) قوربانییەکەیە، دەرکراوێک، لە هەمان اتدا شەیتانێکی نەفرەتلێکراو یان ڕزگارکەرێک، کە هەموو گەردوونی ڕاگرتووە. هەندێک پێیان وایە شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) هەر ڕۆمانی (دۆزەخ)ـە و کراوە بە شانۆنامە یان ڕووکارێکی تری ئەو گەشتەیە لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە بۆ ناوەوەی کاراکتەرەکە، قوربانی/ نەناسراو و ڕێگەچارەیەکە، دەروازەیەک و قوتاربوونێکی ترە لەو دۆزەخە.

لەم شانۆنامەیەدا ستریندبێرگ بە شێوەیەکی ئاسان ژیانی لە فۆرمێکی درامی و لە دەقێکی شانۆییدا بەرجەستە کردووە، ڕێگە بە خۆی دەدات لە خودی درامەکەدا فۆرمی خۆی وەربگرێت. ڕووداوەکانی شانۆنامەکەیش هەمان ئەو شوێنانەن، کە

ڕووداوەکانی ڕۆمانی (دۆزەخ) تێیاندا ڕوو دەدەن: سەرەتا لە گۆڕەپانێکدا، نزیک کڵێسایەک، قاوەخانە، فەرمانگەی پۆست، لە لای دوکتۆر، لە ژووری ئوتێلەکەدا، لە لای زەریاکەوە... هتد، هەروەها کەسایەتیی (نەناسراو) لە شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)دا، بە هەمان گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوەچووندا، هەروەک قوربانییەکەی ڕۆمانی (دۆزەخ) دەڕوات.

یەکێک لە دیدە سەرەکییەکانی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) و خاڵە گرینگ و چەقەکانی ڕووداوەکان، هەروەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەوەیە کە کەسی (نەناسراو) چەند کەسێکە و هەمیشە لە دابەشبوون و کەسایەتیی تر و جیاوازدا دەردەکەوێتەوە و ڕووبەڕووی خۆی و کەسەکانی تریش دەبێتەوە.

ستریندبێرگ، لە ڕوانگەی ئەندێشەیەکی پڕ لە فەنتازیاوە ڕووناکی، مۆسیقا، سیمبول، خەون و شیعری تێکەڵاو کردووە تا ڕاستی و بنەما گرینگە ڕۆحییەکانی خودا، مردن، ژیان و ئەبەدییەت، دوور لە ڕواڵەتە ماددییەکان بەرجەستە بکات و وێنەیەکی ترسناکیان لێ پێکدەهێنێت.

ناونیشانی شانۆنامەکە (بەرەو دیمەشق)، ئاماژەیەکە بۆ گەشتەکەی (ساوڵ) بەرەو دیمەشق و بڕواهێنانی بە مەسیحییەت؛ ساوڵ لە ڕێگە خەونێکی ترسناک و ناخۆش دەبینێت، ئەمەیش وای لێ دەکات لە دژایەتیکردنی مەسیحەوە ببێتە لایەنگری و بڕوا بێنێت و ببێتە مەسیحی.

ستریندبێرگ ئەو ناونیشانە لە (تەورات)ـەوە وەردەگرێت، وەک وێنەیەکی گرینگ و هێمایەکی دینی و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی، بەرجەستەی گەشتە ئەفسووناوییەکەی کاراکتەری (نەناسراو) دەکات.

ستریندبێرگ لە نامەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە بە نووسینی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) گەیشتووەتە ئاستە قووڵەکانی لێبووردەیی و قوتاربوونێکی رۆحی و سەرفرازی، نووسینی ئەم شانۆنامەیە ڕەوشێکی پڕ لە ژیان و هیوایەکی تر و دونیایەکی کراوە بۆ ستریندبێرگ دەستەبەر دەکات. ستریندبێرگ لە شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)دا سەرلەنوێ دەروازەیەکی نوێ بە ڕووی شانۆی ئەورووپیدا دەکاتەوە، هەر چۆن بە شانۆنامەکانی (باوک) و (خاتوو ژولیا)، ڕێبەرایەتیی تەوژمێکی نوێی لە شانۆی ناتورالیزمدا کرد و شانۆی ئەورووپی بۆ قۆناغێکی تر پەڕاندەوە، بە هەمان شێوە بە شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) ئەو گۆمە مەنگەی شانۆی ئەورووپی تێی کەوتبوو شڵەقاند و سەرەتایەکی پتەوی بە ڕووی شانۆیەکی گوزارشتئامێز و ئێکسپرێشیونیستدا کردەوە.

ستریندبێرگ لەم دواسەفەرەی پاریسیدا هەست بە ئارامی دەکات، لە دەروازەکانی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)یشەوە دەگاتە پەشیمانییەکی ڕۆحی و تۆبە و گەڕانەوە، دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سوێد تا ئەو پرۆژانەی، کە لە مێشکیدا دەسووڕانەوە ڕێکیان بخات و بکەوێتە نووسینیان، بەتایبەتیش نووسینی شانۆنامە مێژووییەکانی و سەرپەرشتیی نمایشکردنی شانۆنامەکانی و پەیوەندیکردن بە شانۆکانەوە.

له سویدیش دەرگای شانۆکانی بۆ دەکرێنەوە، خوێنەرێکی زۆر له دەوری کتێبەکانی کۆدەبنەوە و دەزگاکان بەرهەمەکانی چاپ و بڵاو دەکەنەوە، خۆیشی دووردەکەوێتەوە له تەقەلا کیمیاییەکانی و واز له گەڕان بە دوای ئاڵتووندا دەهێنێت و دەکەوێتە نووسینی کۆمەڵێک شانۆنامە.

ستریندبێرگ له سەرەتای مانگی چواری ساڵی ۱۸۹۸دا پاریس بەجێ دەهێڵێت و بە تەواوی دەگەڕێتەوە بۆ سوید سەرەتا له شاری لوند دەمێنێتەوە، له مانگی پێنجیشدا ڕۆمانه نوێیەکەی (ئەفسانە) بڵاو دەکاتەوە.

له مانگی حەوتی ساڵی ۱۸۹۸دا، کە دەگەڕێتەوە بۆ ستۆکهۆڵم، ڕۆمانی (دۆزەخ) له پاریس بڵاو دەکاتەوە، بڵاو کردنەوەی ئەم ڕۆمانه سەرەتایەکی تر دەبێت بۆ ستریندبێرگێکی نووسەر، بابەتی ڕۆمانەکە ئەو گۆڕانکارییانەی له مۆراڵی قوربانییەکدا، له هەستی خۆبەزلزانییەوە بۆ لەخۆپێچانەوە و تۆبە، له زۆربەی کارەکانی تریدا، بەتایبەت، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)، ئەدڤێنت و تاوان و تاواندا دووبارە دەبنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا ستریندبێرگ خەونەکانی بە تەواوی له پاریس نایەنە دی، هەرچەندە له نێوان ساڵانی ۱۸۹٤ — ۱۸۹٥دا یەکێک دەبێت له گرینگترین ناوە گەورەکانی دنیای ئەدەب و کولتووری فەرەنسی، بەڵام هەرگیز ناتوانێت پاریس بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

مانگی شەشی ساڵی ۱۸۹۹ دوای چەندین ساڵ له ژیانی تاراوگە بە تەواوی دەگەڕێتەوە بۆ ستۆکهۆڵم.

ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٨٨٣ـەوە بەبێ وەستان لە سەفەردا دەبێت، لەم وڵاتەوە بۆ ئەو وڵات، لەم شارەوە بۆ ئەو شار، لەو هەرێمەوە بۆ ئەو گوند، ئێستایش ئەو گەشتە بازنەییە کۆتایی هاتووە و دەگەڕێتەوە بۆ وێستگەی یەکەم، بۆ یادەوەرییەکانی منداڵی، بۆ لای هاوڕێ کۆنەکانی، بۆ ناو خوشک و براکانی و بۆ ئەو ژیانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ستۆکهۆڵم بە جێی هێشتبوو.

سەرەتا لە دوورگەی (فوریوسوند) کە یەکێکە لە کۆدوورگەکانی ستۆکهۆڵم، جێگیر دەبێت و هەر لەم هاوینەدا شانۆنامەی (ئێریکی چوارەدەیەم) دەنووسێت، دوای هاوینیش دەگوێزێتەوە بۆ ناوجەرگەی ستۆکهۆڵم و دەست دەکات بە نووسینی شانۆنامەی (گوستاڤ ئادۆڵفی دووەم).

ستریندبێرگ لەم قۆناغەدا لە مێژووی پادشاکانی سوێددا دەژی و پادشاکانی لە زنجیرە شانۆنامەیەکی مێژووییدا بەرجەستە کردووە.

**گەڕانەوە بۆ سوێد، گەڕانەوە بۆ سەر شانۆکان**

پاییزی ساڵی ١٨٩٩ زۆربەی شانۆکان دەقەکانی ستریندبێرگ پێشکەش دەکەن و دەرگای شانۆکان بە تەواوی بە ڕووی ئەم نووسەرەدا دەخرێتە سەر پشت: شانۆنامەی (گوستاڤ ڤاسا) سەرکەوتنێکی گەورە لەسەر (شانۆی سوێدی) بە دەست دەهێنێت، ڕەخنەگر و بینەران پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکەن، نمایشەکەیش لە ساڵی ١٨٩٩وە تا ساڵی ١٩٠٢ بە بەردەوامی پێشکەش دەکرێت. هەر دوابەدوای گوستاڤ ڤاسا، ئێریکی

چواردەیەم، لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٠ یشدا شانۆنامەی (تاوان و تاوان) لەسەر شانۆی پادشایەتی پێشکەش دەکرێت.

شانۆنامە مێژووییەکانیشی دوای گەڕانەوەی بۆ سوێد، سەرلەنوێ دەرگای سەرکەوتنەکان بۆ ستریندبێرگ دەکەنەوە، بینەران خۆیان لە مێژووی وڵاتەکەیاندا، لە ژیاننامەی پادشاکانیاندا و لە ڕووداوەکانی ڕابردوودا دەدۆزنەوە، مێژوو بووبووە ئاوێنەیەک بۆ ڕەنگدانەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو ڕۆژگارەی سوێد.

زۆربەی ڕەخنەگرەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە لە پشت کەسایەتییە مێژووییەکانی ستریندبێرگەوە، بۆ نموونە (ئێریکی چواردەیەم و گوستاڤ ڤاسا)، پاڵەوانی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) "کەسی نەناسراو"، کە ستریندبێرگ خۆیەتی، وەستاوە.

کاراکتەری (نەناسراو) وەک وزەیەکی بەهێز و داینەمۆیەک، پاڵەوانە مێژووییەکان دەجولێنێت، ڕووداوەکان دەبات بەرەو پێشەوە، سترەکتۆرەکان دادەڕێژێتەوە، ئەتمۆسفێرەکان دەخولقێنێت و کاراکتەرەکان وێنا دەکات.

شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) کردنەوەی گرێی قەیرانەکەی ستریندبێرگ و دۆزەخە دەروونییەکەی، هەروەها کردنەوەی دەرگاکانیشە. کەسی (نەناسراو) سزادراوەکەیە، ئەو کەسەیە لە گەشتێکدا بە ڕێگەوەیە، کە هەموو دونیا چاوەڕوانییەتی. ستریندبێرگ سیفاتەکانی کەسێتی لەم کاراکتەرە وەردەگرێتەوە و ناوی دەنێت (نەناسراو) و لە پانتایی گەشتێکی دوورودرێژی

ئەفسووناویدا دەیسووڕێنێتەوە: کەسی نەناسراو تێکەڵەیەکە لە چەندین کەس، لە چەندین ڕووی جیاوازی ستریندبێرگ و بەرجەستەیەکی چڕ و دەوڵەمەندی مێژووی مرۆڤایەتییە.

ستریندبێرگ ژنێک، خانمێک، کە ئەویش هیچ ناوێک هەڵناگرێت و لە سیمای ئافرەتێک دابڕاوە و ڕووتکراوەتەوە، دەبێتە هاوسەفەری کەسی نەناسراو.

ئەویش، واتە (خانمەکە) بە هەمان شێوەی کەسی نەناسراو چەندین کەسایەتیی تر لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، بەمەیش چەندین پەرچەکردار، هەست و هۆشی جیاواز و خانمی هەمەچەشنە، ڕووبەڕووی کەسی نەناسراو دەبنەوە.

ستریندبێرگ بەم دوو کاراکتەرە وێنای ئەو مرۆڤانەمان بۆ دەکێشێت، کە لە دەرەوەی کات و شوێنەوە، لە تەقەلایەکی بێوچاندان و ئێمەی مرۆڤیش خۆمانی تێدا دەبینینەوە.

لە کاتێکدا شانۆکان یەک لە دوای یەک شانۆنامەکانی ستریندبێرگ نمایش دەکەن، ئەویش جگە لە یاداشتەکانی، بەردەوام شانۆنامەی نوێ دەنووسێت، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا گوتار و گوتاری ڕەخنەیی بڵاو دەکاتەوە. ناوی ستریندبێرگ بە هەموو شوێنێکەوە دەبینرێت و دەخوێنرێتەوە، خەڵکی سەردانی دەکەن و لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان دەستی ڕێزی بۆ هەڵەبڕن و ئاماژەی بۆ دەکەن.

ستریندبێرگ سەرلەنوێ خۆی لە سەردەمێکی تری بووژانەوەدا دەبینێتەوە و بەردەوام دەنووسێت.



کـــە شـــانۆنامەکانی ستریندبێرگ لەسەر شانۆی پادشایەتی و شانۆکانی تری ستۆکهۆڵم نمایش دەکرێن، لە هەمان کاتدا و لە ساڵی ١٨٩٩وە کچەئەکتەرێکی تەمەن بیستودوو ساڵی، لە وڵاتی نەرویژەوە دێت و لە شانۆی پادشایەتی، وەک ئەکتەر کار دەکات.

ئەم ئەکتەرە، کە ناوی (هارییەت بۆسە) دەبێت، ناو و ناوبانگی ستریندبێرگ مەستی دەکات، هەوڵ دەدات لێی نزیک بێتەوە و بەبێ هیچ دوودڵییەک دەیەوێت پەیوەندیی لەگەڵدا دروست بکات. هارییەت لە بەهاری ساڵی ١٩٠٠دا ڕۆڵی (پیوک)

له شانۆنامەی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) ی شەکسپیر دەبینێت، هەروەها شانۆی پادشایەتی (دراماتن) شانبەشانی ئەو دەقەی شەکسپیر، پلانی ئەوەیان دەبێت، کە بەشی یەکەمی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) پێشکەش بکەن، لەبەر ئەوە ستریندبێرگ ناچار دەکەن ئەو نمایشە ببینێت، چونکە هارییەت پێشنیار کرابوو بۆ ڕۆڵی خانمەکە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە بەشی یەکەمی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) زیاتر لە دوو بەشەکەی تری لەسەر شانۆکان نمایش کراوە، هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشی یەکەم زیاتر شیاوی تێگەیشتنە و دوو بەشەکەی تر لە فەلسەفە، دین و دیدێکی گرانی تەمومژاویدا بزر بووە.

بەهاری هەمان ساڵ، هارییەت لە شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)دا ڕۆڵی خانمەکە دەبینێت، ستریندبێرگیش لەو چرکەساتەوە، ئەم ئەکتەرە گەنجە لە نمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)دا دەبینێت، عاشقی دەبێت و حەزێکی ئیرۆتیکیی بەرامبەر بەم ئەکتەرە گەنجە و بەم خانمە شۆخە لە لا دروست دەبێت.

لە کۆتاییەکانی مانگی پێنجی هەمان ساڵدا بۆ یەکەم جار هارییەت سەردانی ستریندبێرگ دەکات بۆ ماڵەوە، تا باسی وردەکارییەکانی شانۆنامەکە بکات و پێکەوە گفتوگۆی ڕۆڵەکەیشی (خانمەکە) بکەن.

هەر دوای چەند مانگێک چیرۆکی خۆشەویستیی هارییەت و ستریندبێرگ: ئەکتەرێکی گەنجی قەشەنگ و نووسەرێکی پەنجا

ساڵە دەست پێدەکات.  ستریندبێرگ لە خەونی ئەم عیشقە تازەیەیدا دەژی، گەمە لەگەڵ هارییەت دەکات، پەیمانی جۆراوجۆری پێ دەبەخشێت، زیاتر و زیاتر یەکتری دەبینن و بیر لەوە دەکاتەوە لە دەقە شانۆییەکانیدا، کاراکتەری جیاوازی بۆ بنووسێت.

پاییزی هەمان ساڵ لە کاتێکدا هارییەت لە دراماتن خەریکی مەشقی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) دەبێت، ستریندبێرگ شانۆنامەی (جەژنی هەڵسانەوە) و هەردوو بەشی (سەمای مەرگ) دەنووسێت. شانۆنامەی (سەمای مەرگ) بەتایبەتی بەشی یەکەمی یەکێکە لە شاکارە گەورەکانی ستریندبێرگ و بە شێوەیەک لە شێوەکان بەردەوامییەکی ئەو گەمەی دەسەڵاتەیە، کە ستریندبێرگ لە شانۆنامە ناتوراليستييەکانیدا کاری لەسەر کردبوو، بەڵام لە (سەمای مەرگ)دا دوای ئەزموونی (دۆزەخ) و گەشتەکانی ستریندبێرگ، ئەم گەمەی دەسەڵاتە ڕێچکەیەکی تر، زیاتر نزیک لە چەمکەکانی دۆزەخی سەرزەمینەوە لەخۆ دەگرێت: هەڵوەشاندنەوەی واقیع، هەڵگەڕانەوە، هەست بەگوناهکردنێکی پڕ لە گوشاری دینی و تۆبە و لێبووردەیی و دەسەڵاتی هێزە نادیارەکان، سترەکتۆر و دیمەن و ڕۆنانی درامی و کاراکتەر و ڕووداوەکان پێکدەهێنێت.

ستریندبێرگ بۆ ئەم شانۆنامەیە سوودی لە ژیانی ژنومێردایەتیی (ئاننای خوشکی و هۆگۆ ڤۆن فیلیپ)ی مێردی وەرگرتووە و وەک مۆدێلێک بەکاری هێناون. ستریندبێرگ دەیەوێت لەم سەمای مەرگەدا، باسی ئەوە بکات، کە دۆزەخی

سەر زەوی لە پەیوەندیی ژنومێردایەتیدا کۆدەبێتەوە، ئێدگار و ئالیس، کە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەم شانۆنامەیەن، هێماگەلی ئەم دۆزەخەن. (سەمای مەرگ) دوای ئەوەی ڕیژیسۆری ئەڵمانی (ماکس ڕاینهارت) ساڵی ١٩١٢ لە بەرلین نمایشی دەکات، ناوبانگێکی گەورەی نێونەتەوەیی بەدەست دەهێنێت و دەبێتە یەکێک لەو شانۆنامانەی، کە لەسەر زۆربەی شانۆکانی جیهان نمایش دەکرێت.

کاراکتەری (ئێلیۆنۆرا)یش، کە یەکێکە لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی شانۆنامەی (جەژنی هەڵسانەوە)، بنەمایەکی ئەفسانەیی هەیە، بەدەم نەخۆشیی دەروونییەوە گیرۆدەیە و بە شیعرییەتێکی باڵا نووسراوە. (ئیلیۆنۆرا) دیوێکی تری قوربانییەکەی ڕۆمانی (دۆزەخ)ە، ژن/ پیاو لە دوورگەکانی وڵاتی شێتی و ئاڵۆزی و گرژییەکانی دەروون و ئازاری گیان، بەڵام لە سترەکتۆرێکی بەهێز و ڕیتواڵێکی دینیدا بەرجەستە بووە. هەردوو کاراکتەرەکە: قوربانییەکە لە دۆزەخ و ئێلیۆنۆرایش لە جەژنی هەڵسانەوەدا، لە هەوڵی ئەوەدان ئەو پەیامە نهێنییە بدۆزنەوە، کە لە پشت کەسایەتییەکانیانەوەیە، ئەو نهێنییە چییە، کە ئەم کەسانە بەرەو لێوارەکانی شێتی، گوشار و قەیرانی دەروونی و بۆ دونیا ڕەشەکانی پشت جەستە و گیان دەبات؟

ستریندبێرگ لە شانۆنامەی (جەژنی هەڵسانەوە)دا بە تەواوی پابەندە بە ڕیتواڵە دینییەکانەوە، بە دابەشکردنی کاتە پیرۆزەکان و ڕووداوەکانی ژیانی مەسیح و ئەو جەژنەوە (پێنجشەممەی

پیرۆز، هەینیی ڕەش و ئێوارەی جەژنی هەڵسانەوە.) ئەم شانۆنامەیە چەندین ڕەهەندی ئەفسانەیی، بنەما ئاڵۆزەکانی دەروون و پێکهاتە پتەوەکانی ڕۆنانی کاراکتەرەکان، بە تایبەتیش (ئێلیۆنۆرا) لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و مەودایەکی قووڵ و ڕەهەندێکی فیکری و سترەکتۆرێکی دینیی پێ دەبەخشێت. ستریندبێرگ بۆ وێناکردنی کاراکتەری (ئێلیۆنۆرا) گەڕاوەتەوە بۆ ژیانی ڕاستەقینە و سوودی لە (ئێلیسابێت)ی خوشکی خۆی، کە نەخۆشیی دەروونیی هەبووە، وەرگرتووە. شانۆنامەی (جەژنی هەڵسانەوە) لە دراماتن نمایش دەکرێت، ستریندبێرگ خۆی پێشنیاری ئەوە دەکات، کە هارییەت ڕۆڵی (ئێلیۆنۆرا) ببینێت.

هارییەت لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە بۆ ستریندبێرگی نووسیوە، دەڵێت: "لە ڕۆڵە بچووکەکان ڕزگارم بکە، با لە عیشقی دراماکانتا ببمە (پریمادۆنا)یەکی گەورە." هەرچەندە ستریندبێرگ ڕۆڵی (ئێلیۆنۆرا)ی لە شانۆنامەی (جەژنی هەڵسانەوە)دا تایبەت بۆ ئەو نووسیبوو، بەڵام ئەو نامەیە کاریگەریی خۆی دەبێت، ستریندبێرگی عاشق دەیویست بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ هارییەت، لە واقیع و لە وەهمدا، لە ماڵەوە و لەسەر شانۆ لەگەڵ ئەودا بژی.

سەرەتای ساڵی ١٩٠١ لە دیدێکی ڕۆمانسی و لە حەزێکی بێوێنەی هارییەتەوە، شانۆنامەی (وەک قوو سپی) دەنووسێت. ئەم شانۆنامەیە ڕەنگدانەوەیەکی ڕێبازە سیمبولییەکەی (مۆریس مەتەرلینگ)ە، کە ستریندبێرگ لە نزیکەوە چاودێریی

شانۆنامەکانی کردبوو، هەروەها بە شێوەیەک لە شێوەکانیش کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەم نووسەرە گەورە بەلجیکییەوە.

کچە شازادەی قووی سپی، وێنەیەکی ڕۆمانسیی هارییەت و ستریندبێرگ لە ڕێگەی ئەم کاراکتەرەوە ئاماژە بە پاکیزەیی دڵدارەکەی دەکات و وێنەیەکی بەرزی پڕ لە حەز و شەهوەتی هارییەتمان بۆ وێنا دەکات.

بۆ نووسینی ئەم کچە شازادەیە سوود لە پۆرترێتی کاراکتەرە ئافرەتەکانی شانۆنامەکانی شەکسپیر وەردەگرێت و ڕۆڵەکە لەسەر چەندین ئاست و بە چەندین شێوە: لە سەرگوزشتە کۆنەکانەوە بۆ ئەو دەمە، لە شازادەی چیرۆکە ئەفسانەییەکانەوە بۆ کەسایەتیی هارییەت، لە بنەماکانی ڕۆمانی (دۆزەخ)ەوە بۆ تێڕوانینە غەیبییە میتافیزیکییەکانەوە و لە هەموو ئاستەکانیشدا، مەودایەکی قووڵیان پێ دەبەخشێت. لە هەمان کاتدا کار لە بەشی سێیەمی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)دا دەکات، پەیوەندییەکانی خۆی و هارییەت دەکاتە مۆدێل و پرسیار لە هارییەت دەکات، لە ڕوانگەی وەڵامەکانیشییەوە هەندێک لە ڕەوشی کاراکتەرەکان دیاری دەکات.

ستریندبێرگ دەیەوێت بزانێت هارییەت چ وەڵامێکی بۆ چارەنووسی کاراکتەری (نەناسراو) هەیە؛ پشت لە ژیان بکات و بچێتە دێرێکەوە بە تەنها وەک کەشیشێک بژی یان ژیانی خۆی ببەستێتەوە بە ژیانی ئافرەتێکەوە و هاوسەرگیری بکات. هارییەت نازانێت کاراکتەری (نەناسراو) ستریندبێرگ خۆیەتی،

هەر لەبەر ئەوەیشە ئەو وەڵامە بۆ ئەو گرینگ و یەکلاکەرەوەیە. بەشی سێیەمی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) دەبێتە گەمەیەکی خۆشەویستی و هەردووکیان لە پشت پەردەکانی ئەو شانۆنامەیەوە خۆیان حەشار دەدەن.

لەو سێینەیەدا هەموو ژیانی هاوسەرگیریی خۆی و پەیوەندییەکانی بە دونیای ئافرەتەوە دەخاتە ژێر تێڕوانینێکی سەراپاگیرەوە، بۆ نموونە ژنی یەکەمی سیری فۆن ئێسن، ژنی دووەمی فریدا ئوول، بوونەتە وێنەیەکی بەرجەستەکراو و ئامادە لە کاراکتەری (خانم)دا، لە بەشی سێیەمیشدا زەماوەندی ستریندبێرگ و هارییەت، ژنی سێیەمی پانتاییەکی دیاریکراو داگیر دەکات.

ستریندبێرگ، کە بەم شێوەیە عاشقی هارییەت دەبێت، بە وردی گیروگرفتەکانیان، نامەکانیان، ساتە خۆش و ناخۆشەکانیان، ئەو خەونانەی بەوەوە دەیبینین و تەنانەت پەیوەندییە سێکسییەکانیشیان لە یاداشتگەلەکەیدا، بە وردی تۆمار دەکات. زمانەکەی تۆنێکی تر لە خۆ دەگرێت، لەگەڵ دەسەڵاتە نادیار و غەیبییەکاندا ئاشت دەبێتەوە، حەزێکی گەورەیش باوەش بە پاشەڕۆژێکی ڕووناکدا دەکاتەوە. ستریندبێرگ چەندە لە واقیعدا دەژیا، هێندەیش لە نووسینەکانیدا، لە شیعر و خەونەکانیدا، ئەمەیش بە شێوەیەکی باڵا بە تەکنیکێکی بەرز، زمانێکی شیعری و بە شێوازێکی ئەفسووناوی لە نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.



# بەشی نۆیەم

# خاتوو بۆسە، کۆرپەیەکی بچووکتان لە من دەوێت

## ستریندبێرگ و هاوسەرگیریی سێیەم

ستریندبێرگ و هارییەت لە سەرەتاکانی مانگی سێی ساڵی ١٩٠١دا هاوسەرگیری دەکەن، بەم شێوەیە ئەم نووسەرە دژە ئافرەتە بۆ جاری سێیەم ژن دەهێنێت و ژیانی خۆی دەبەستێتەوە بە کچەئەکتەرێکی گەنجەوە. ستریندبێرگ لەم قۆناغەی ژیانیدا، واقیع و خەون، شیعر و ژیان تێکەڵاو دەکات و لەسەر شانۆکانی ژیان ڕۆڵێکی تر دەگێڕێت، بەڵام ئەم نووسەرە بێدەرەتانە، هەر لە هەفتەی یەکەمی ئەم هاوسەرگیرییە نوێیەدا، هەست بە بارودۆخێکی جیاواز، پاڵەپەستۆی دەروونی، ڕەوشێکی غەمگین و تەنگەنەفەسی دەکات و دەیەوێت لە هەموو شتێک ڕابکات، لە هەمان کاتدا دەست دەکات بە نووسینی شانۆنامەیەک سەبارەت بە (کارڵی دوانزەیەم)، پادشایەک کە هەموو ژیانی بەبێ ئافرەت دەباتە سەر و لەگەڵ ئافرەت ناژی. لەوە دەچێت ستریندبێرگ بوونی خۆی لەگەڵ ژیانی کارڵی دوانزەیەم بەراورد بکات؛ ژیانێک بەبێ ئافرەت و لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی هاوسەرگیری و خۆشەویستییەوە.

ستریندبێرگ نەیدەتوانی وەک کارڵی دوانزەیەم بەبێ ئافرەت، بەبێ خۆشەویستی، بەبێ منداڵ و بەبێ ئەو شەڕە ئەبەدییەی نێوان ژن و پیاو بژی، هەروەها چەندە لەم شانۆنامەیەدا پادشایەکی تەنهامان بۆ بەرجەستە دەکات، هێندەیش لە دیدێکی دوور لە دابونەریتگەرییەوە، پۆرترێتی پادشایەکمان بۆ دەکێشێت، کە لە گەمەی دەسەڵات و بەهێزیی پادشایی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ وڵات و دەورووبەرەکەی و ئافرەتانیشدا دەکات.

ستریندبێرگ لە مانگی شەشی هەمان ساڵدا شانۆنامەی (کارڵی دوانزەیەم) تەواو دەکات.

هارییەت دوای پەیوەندییەکی چەند مانگی و دروستبوونی خۆشەویستی و هاوسەرگیری، بەم شێوەیە ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە: "دەستەکانی خستە سەر شانم، بە قووڵی چاوەکانی تێبڕیم و لێی پرسیم: خاتوو بۆسە کۆرپەیەکی بچووکتان لە من دەوێت؟

منیش لەوپەڕی بێئاگایی و خەواندنی موگناتیسیدا، وەڵامم دایەوە: بەڵێ!

بەو شێوەیە بووینە مارەبڕی یەکتری."

ستریندبێرگ و هارییەت بۆسە پێکەوە هەڵناکەن، هەمیشە ناکۆکییان دەبێت، لە یەکتری جیا دەبنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ لای یەکتری. ستریندبێرگ دڵی لە هەموو شتێک پیس دەکات، لە هەموو شتێک بە گومان دەبێت، لە هەموو شتێک دەکۆڵێتەوە، لە خەوندا دەژی و جیاوازیی تەمەنیش هێندەی تر کێشەکان ئاڵۆز دەکات: هارییەت کچێکی گەنج، قەشەنگ، ئەکتەر و چاوی هەموو کەسێکی بە سەرەوە دەبێت، ستریندبێرگیش بیست ساڵ لەو بەتەمەنتر، بە ئەزموون، ناسراو و لە سەروو هەموو ئەمانەیشەوە ئەو وەک نووسەر و وەک مرۆڤ کەسێکی ئاڵۆز بووە و هەڵکردن لەگەڵیدا ئاسان نەبووە.

ئەم ڕەوشە لە پاییزی ساڵی ١٩٠١دا دەگاتە ئاستێکی چاوەڕواننەکراو، هارییەت چیتر ناتوانێت لەناو گومان و بەهەڵەحاڵیبوون و لێپێچینەوەیەکی بەردەوامدا بژی و بۆ ماوەی

پێنج هەفتە ستریندبێرگ بە جێ دەهێڵێت. هارییەت بەپێی نامەیەک، کە لە بیستودووی مانگی ئۆگۆستی ساڵی ١٩٠١دا نووسیویەتی، دەڵێت: "چیی تر ناگەڕێمەوە بۆ لات." ستریندبێرگیش لە وەڵامی ئەو نامەیەدا دەڵێت: "بە هیچ شێوەیەک ئەم پەیوەندییە خێزانییەمانم بۆ لێک نادرێتەوە، خۆشترین و ناشیرینترین ساتەکانی ژیانمە، هەندێک جار تەنها خۆشەکەیان دێتە پێشەوە، بەمەیش دەگریم، دەگریم تا خەوم لێ دەکەوێت، بۆ ئەوەی بەشە ناشیرینەکەیم بیربچێتەوە."

ئەو پێنج هەفتەیەش، کە ستریندبێرگ بە چل ڕۆژ ئاماژەی بۆ دەکات، دەبێتە تەنگژیەکی گەورە و قەیرانێکی دەروونی، بەپێی نامە و یاداشتەکانی گرانترین ساتەکانی ژیانی بووە و پسپۆرانی بواری ستریندبێرگ بە (قەیرانی سێپتێمبەر) ناوزەدیان کردووە. (چل ڕۆژ ئازار و پەژارە، گرانترین ساتەکانی ژیانم) وەک ستریندبێرگ خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەها ستریندبێرگ ئەو چل ڕۆژە، کە لە ڕاستیدا چلوپێنج ڕۆژ بووە، دەبەستێتەوە بە ڕووداوە گەورەکانی دونیاوە، بە ئازارەکانی مەسیحەوە و بە چیرۆکەکانی ئینجیلەوە: لە ماوەی چل ساڵدا منداڵەکانی ئیسرائیل لە بیابانەکاندا دەگەڕێن، مەسیح بۆ ماوەی چل ڕۆژ بە زمانی بەڕۆژووەوە لە بیابانەکاندا دەژی و شەیتان لە هەوڵی هەڵخەڵەتاندن و لەخشتەبردنیدا دەبێت. ئەو چل شەو و ڕۆژە دەبنە چەقی ژیانی و هەموو ڕووداوەکانی تر دەچنە پەراوێزەوە.

هارییەت لەم کاتەدا سکی بە دوامنداڵی ستریندبێرگ پڕ دەبێت، ئەمەیش هێندەی تر مەسەلەکە ئاڵۆز دەکات، هەموو

سوید ڕۆژانە بە پەرۆشەوە چاودێریی ژیانی ستریندبێرگ و هارییەت دەکەن. ستریندبێرگ لەم تەنگژە چل شەو و ڕۆژییەدا، لەم گێژاوی کێشە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە ئاڵۆزەدا، تای نووسینی لێ دێت و بە بەردەوامی کار لەسەر چەند دەقێکی شانۆیی، بابەتی ڕۆژنامەوانی، باسی سروشتناسی، ڕۆمان، شیعر و یاداشتەکانی دەکات، هەروەها سەدەها نامە دەنووسێت.

ستریندبێرگ لەم ساڵەدا گەلێک فرەبەرهەم بووە، جگە لەو بابەتانەی بەردەوام لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویان دەکردنەوە، حەوت شانۆنامەی گەورەی نووسیون، هەر بۆ نموونە: بەشی دووەمی بەرەو دیمەشق، کارلی چواردەیەم، بەشی سێیەمی بەرەو دیمەشق، کریستینا و خەونەنمایشێک.

زۆربەی ڕەخنەگرەکان ئاماژە بۆ بارودۆخی دەروونیی ستریندبێرگ، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، بەم شێوەیە دەکەن: "ئەو تەنها و تەنها لەو کاتانەدا بە تەواوی بەختیار بووە، کە بە شێوەیەکی قووڵ هەستی بە پەژارە و نائومێدی کردووە."

ستریندبێرگ تا هارییەت دەگەڕێتەوە بۆ لای بە بەردەوامی نامەی بۆ دەنووسێت، لە هەندێکیاندا دەگری، داوای لێ دەکات بگەڕێتەوە بۆ لای، وێنەکەی ماچ دەکات، خەمی گەورەی خۆی بۆ باس دەکات و ددان بەوەدا دەنێت، کە هەرگیز بەبێ ئەو ناتوانێت بژی، لە هەندێکی تریشیاندا هێرشی دەکاتە سەر و ئەوەی بیر دەخاتەوە، کە (ئەو) ئەوی دروستکردووە و بەبێ ئەو، (ئەو) هیچ نییە! لە هەمان کاتدا وەک هەمیشە و لە هەموو قەیرانێکدا بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە و لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت: "کۆتایی

ژیانم نزیکه، خۆم کۆتایی بەم ژیانەم دەهێنم... مردن چاوەڕێمە!" لە یاداشتەکانیشیدا دەنووسێت: "هەست دەکەم، کە چۆن ئەم ئافرەتە بە جوانترین بەشەکانی ڕۆحی منەوە هاتوچۆ دەکات و بانگهێشتم دەکات بۆ هاودەمی و پێکەوەبوون. من هەست دەکەم بە هۆی ئەوەوە پیس بووم، پیاوی نامۆ بە تێڕوانینە ناپاکەکانیان ئەو پیس دەکەن. بەو شێوەیە منیش پیس دەکەن. بە هۆی ئەم ئافرەتەوە ڕۆدەچمە خوارەوە بۆ نێو قوڕ و چڵپاو، هەرچەندە ئێمە لە یەک جیابووینەتەوە، بەڵام دەنگی هەمیشە لە دوورەوە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە."

هەر لەم گێژاوەدا بە ماوەیەکی کورت شانۆنامەی (کریستینا) کچی شا گوستاڤ ئەدۆڵفی دووەم دەنووسێت. ئەم شازادەیە ئامادە نابێت ببێتە شاژنی سوێد و دەسەڵات بگرێتە دەست، دژی هەموو پرنسیپەکان دەوەستێتەوە و ژیانێکی تر هەڵدەبژێرێت. ئەم شازادەیە پایە و ڕۆڵێکی گەورە و گرینگی لە مێژووی سوێددا هەبووە و خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزیش بووە.

ئەم دەقە شانۆییەی ستریندبێرگ یەکێکە لە شانۆنامە بەهێزەکانی و لە پشت کاراکتەری کریستیناوە، وێنای ئافرەتی لە چەندین دیدی جیاوازەوە کردووە: نهێنیئامێز، فریودەر، ترسناک، وزە و هێزێکی کاریگەر.

ستریندبێرگ ئەم شانۆنامەیە و کاراکتەری کریستینا، بەتایبەتی بۆ هارییەت دەنووسێت، تا لەم ڕێگەیەوە قایلی بکات بگەڕێتەوە بۆ لای. ستریندبێرگ، کریستینای لە هارییەتدا بینیوە، هەڵسوکەوت و جووڵەکانی، نەبرەی دەنگ و نیگا و

زەردەخەنەی سەر لێوی؛ هارییەت هەمیشە لە بیر و هۆشیدا ژیاوە، لە کاراکتەرەکانیدا گەمەی کردووە و لە دەقەکانیدا بەرجەستەی کردووە.

دواتر هارییەت وەک ئەکتەر لە ڕۆڵی کریستینادا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت و هەنگاوێکی گەورە لە بواری ئەزموونی نواندندا دەچێتە پێشەوە.

هارییەت ڕۆژی پێنجی مانگی دە، دوای چل شەو و چل ڕۆژ دەگەڕێتەوە بۆ لای ستریندبێرگ. ستریندبێرگ دەستبەجێ و لە هەمان ڕۆژدا دەست دەکات بە نووسینی شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) و وێنە خەونئامێزەکانی کۆشکە هەڵکشاوەکەی ئەو شانۆنامەیە ڕۆدەنێت. شانۆنامەیەک، کە دواتر ستریندبێرگ جێگەیەکی گەورەی لەنێو بەرهەمەکانیدا پێ دەبخشێت، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، لە خۆشترین ساتەکانی ژیانیدا نووسیویەتی و بە (خۆشەویستترین دراماکانم، کۆرپەی ئازارە گەورەکەم) ئاماژەی بۆ کردووە.

هارییەت لە چەندین نامە و بۆنەی جیاوازدا دووپاتی کردووەتەوە، کە ستریندبێرگ ڕۆڵی (ئەگنێس) کچی ئیندرای خواوەند، کە کاراکتەری سەرەکیی ئەم شانۆنامەیەیە، بۆ ئەو نووسیوە. ستریندبێرگ خۆیشی لە دوانزەی مانگی نۆی ساڵی ١٩٠١دا نامەیەکی بۆ هارییەت ناردووە، لەو نامەیەدا دەڵێت: "کۆشکە هەڵکشاوەکە دەنووسم، خەونەنمایشێک، کارێکی گەورە، جوان هەر وەک خەونێک، بێگومان ئەمە باسی تۆ دەکات! ئەگنێس لەو کاتەی تۆ بەندەکە لە کۆشک ڕزگار دەکەیت. بۆم هەیە ڕووبەڕوو باسی ئەمەت لەگەڵدا بکەم؟"

**خەونەنمایشێك**

یەکێک لە مۆتیڤە سەرەکی و گرینگەکانی شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) مەسەلەی نایەکسانی و ئازارچێشتنە، ئەم مەسەلەیەیش بە شێوەیەکی بەهێز لای کارەکتەرە پیاوەکان بەرجەستە دەبن، ئەم کاراکتەرانەیش هەموویان، بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەزموونی ژیانی ستریندبێرگ خۆین.

ستریندبێرگ بە نووسینی ئەم شانۆنامەیە، کە تەنها بە چەند هەفتەیەک نووسیویەتی، سەرلەنوێ وێنای ڕەوش و بارودۆخی مرۆڤایەتیمان بۆ دەکێشێت. هەموو شتێک لە هەموو شتێکدایە، هەموو کەسێکیش لە هەموو کەسێکدا هەن. دونیا و فیگۆر و کەسیاتییەکان و مرۆڤیش لە خەوندا بە سەربەستی دەسووڕێنەوە. شاعیریش مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەم شتانە، بە هەمان شێوەی خودا، کە بەرامبەر بە دونیا هەیەتی، دەکات.

هەر لە سەرەتاوە یەکێک لە مۆتیڤ و بیرۆکە سەرەکییەکانی شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) لە شانۆنامەی (کریستینا)دا دەردەکەوێت؛ کریستینا ئەو پیاوەی خۆشدەوێت، لە هەوادا لە دایک بووە و لە هەوادا دەژی، هەر لەبەر ئەوەیشە سەختە لەسەر زەوی و لەناو خەڵکی ئاساییدا هەناسە بدات و بژی.



## پێناسی ستریندبێرگ بۆ خەونەنمایشێك

ستریندبێرگ لە پێشەکییەکی کورتی شانۆنامەکەدا، دید و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە (خەونەنمایشێک) و تەکنیکی خەون ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: "دەکرێت هەموو شتێک لە خەوندا ڕوو بدات، هەموو شتێک لە خەوندا شیاو و لواوە، زەمەن و شوێن بوونیان نییە، لەسەر بنەمایەکی نادیار و واقیعییانە وەهم دەڕێسێت و نەخشەی نوێ دەچنێت: تێکەڵەیەک لە زەین، ئەزموون، هۆنینەوەی ئازاد، ناماقووڵییەت و ڕاگوزاری. کەسایەتییەکان لەت دەبن، دوو بەرابەر دەبن، دووبارە دەکرێنەوە، دەبنە هەڵم. دەئاخزێن، ڕەوان دەڕۆن، گرد دەکرێنەوە، بەڵام ئاگاییەک چاوەڕێی هەموان دەکات، ئەویش ئاگایی ئەو کەسەیە کە خەونەکە دەبینێت، چونکە چ نهێنیگەلێک، چ ناکۆکییەک، چ بیرێکی ویژدانی و چ یاسایەک نین. ئەو کەسەی خەونەکە دەبینێت داوەری ناکات، ڕاشکاوانە نادوێت، تەنها دەگێڕێتەوە، بەوەی خەونەکە زیاتر دەردهێن، بۆیە کەمتر شادمانانەیە، تۆنێکی لە خەم تێدایە، لە میانەی ئەو چیرۆکە پارسەنگ تێکچووەدا هەڵگری هاودەردییە لەگەڵ هەموو شتێکی زیندوودا. خەون،

ڕزگارکەر، بە زۆری شەرمهێن وەدیار دەکەوێت، بەڵام کاتێک ئازارەکە دەجەڕێت، ئیدی خۆی بێدار دەبێتەوە و کەسی ئازارچەشتوو لەگەڵ واقیعدا ئاشت دەکاتەوە، کە هەرچەندێک پڕ لە پەژارە بێت، بە بەراورد لەگەڵ خەونە ئازاراوییەکەدا، ئەو پەژارەیە لەم ساتەدا دەبێتە جۆرە لەزەتێک."

ئەم پێشەکییەیش دووپاتکردنەوەیەکی ئاشکرای ئەم نووسەرەیە، کە چ ئاگادارییەکی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە زانیارییەکانی بواری لێکدانەوەی خەون هەبووە. ستریندبێرگ لەوێدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە چۆن لە خەوندا کات و شوێن و کەسی خەونبینیش بوونیان نامێنێت و هەموو سنوور و یاسایەک لادەبرێت. ستریندبێرگ بەوە ناوبانگی دەرکردووە، کە دژی ئافرەت بووە و لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا هێرش دەکاتە سەر ئافرەت و ئافرەت دەکاتە هێماگەلێکی دڕندە، دێوەزمە، گێل، ناپاک و شێت، بەڵام لە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک)دا بە تەواوی لە ئافرەت خۆشبووە. ستریندبێرگ شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) لەو ڕقە پاک دەکاتەوە و لەبری ئەوە بووەتە لایەنگیری ئەوان و نوێنەری خودا و دەنگی مرۆڤایەتی لە کاراکتەری ئیندرا (ئافرەتێک)دا کۆدەکاتەوە و ئەو ڕۆڵ و پێگە گەورەیە دەبەخشێت بە ئافرەت و لە ئافرەتدا بەرجەستەی دەکات.

(ئەگنێس) گەشتێکی خواوەندی بە ناوەوە و دەرەوەدا دەکات، لە ئاسمانەوە، لە باوەشی هەورەکانەوە دێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی و زۆر بە قووڵی خۆی دەخزێنێتە نێو ئەزموونەکانی

خۆشەویستی، خێزان، دەستلێکبەردان، ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوە و تەنانەت مەسەلە کۆمەڵایەتییە جیاواز و هەمەچەشنەکانیشەوە. لە هەمان کاتدا جوڵانەوە و ئاڕاستەیەکی پێچەوانەیش لە ناوەوە بۆ دەرەوە، لەم ئاڕاستەیەوە (ئەگنێس) گەورە دەبێت، دەکرێتەوە و لە جیهانە بچووکەکەیەوە دێتە دەرەوە و ئاوێزانی جیهانە گەورەکە، گەردوون و تێکەڵاوی مرۆڤ دەبێت.

لەم گەشتەوە ئەگنێس لە کچی خوداوە دەبێتە مرۆڤ و هەست بە ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤ دەکات.

ستریندبێرگ هەوڵی داوە هەموو کاراکتەرە پیاوەکان لە کاراکتەرێکدا کۆبکاتەوە و هەموو ئافرەتەکانیش لە ئافرەتێکدا. لە سەرەتادا بیری لەوە کردووەتەوە هەموو شانۆنامەکە تەنها دوو کاراکتەر، پیاوێک و ژنێک لەخۆبگرێت، لە یەکێک لە دەستنووسە کۆنەکانیدا کاراکتەرەکانی لەژێر دوو ناودا یان دوو خانەدا، پیاو و ئافرەت کۆکردووەتەوە. هەر لەو دەستنووسە کۆنانەدا پێشنیاری چەندین ناونیشانی بۆ شانۆنامەکە نووسیوە، بۆ نموونە درامای ڕارەوەکە، کۆشکێکی هەڵکشاو، کچی ئیندرا، هەروەها ئەم ناوانەیشی بۆ دیمەنەکان نووسیوە: پاییز، دوای هاوین، زستان و سەرلەنوێ پاییز، بەڵام دوایی لەسەر (خەونەنمایشێک) دەگیرسێتەوە.

ستریندبێرگ شانۆنامەکەی لەسەر سێ مەسەلەی گرینگ ڕۆناوە، یەکەمیان: (مرۆڤ شایانی بەزەییە) ژیان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر زەوی ئازار و ژانە، خوداکانیش پێویستە ئەم ڕاستییە بزانن. دووەم: خۆشەویستی بەسەر هەموو شتێکدا

سەردەکەوێت، لەوانەیە خۆشەویستی بتوانێت ڕێگەیەک لەنێو ئەم ئازار و ژانەدا بدۆزێتەوە. سێیەمیشیان: هەڵهێنانی مەتەڵی جیهانە، ئەوەی لە پشت ئەو دەرگا ئەفسووناوییەوە پێویستە ئاشکرا بکرێت، کە بنەمای ئازارەکانی مرۆڤی لەسەر بونیادنراوە یان ماناکانی ڕێگەیەک بۆ کۆتاییهێنان بەو دەرگایەوە بەندە.

ستریندبێرگ دەیەوێت بەم شانۆنامەیە ئەوە دووپات بکاتەوە، کە ژیان پەژارەیە. بنەمای ئەم بیرۆکەیەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی دەڵێن لە ڕوانگەی ئازار و ژانەوە دەگەینە دیدێکی ڕوون و ئاشکرا. لە پشت گوتەی کچەکەیشەوە، کە دەڵێت، (مرۆڤ شایانی بەزەییە) فەلسەفەی شۆپنهاوەر خۆی حەشارداوە، بەتایبەتی بەهای ئازارەکانی مرۆڤ، بەرزترین ئاستەکانی پاکییە.

ستریندبێرگ کاریگەریی کتێبەکەی شۆپنهاوەر (دونیا وەک ئیرادە و بیر)ی بەسەرەوە بووە، بیرۆکە فەلسەفییەکەی ئەو کتێبەیش (گرینگیی ئیرادەی ژیان زیاتر بوونێکە لە ناوەوەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوە تەنها بەرەو هەستکردن بە نەبوونمان دەبات، بۆیە پێویستە نەفیی ئەو بوونە بکرێت.) ئەم کاریگەرییەش تەنها لە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک)دا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو بەر لە خەونەنمایشێک، لە سێینەی (بەرەو دیمەشق) و دواتریش لە شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی)دا دەبێتە ناوەندێکی گرینگ.

(خەونەنمایشێک) شانۆی شیعرە، شیعرە لە شانۆدا و فەنتازیایەکی شیعری بنەماکانی پێکهێناوە: (شیعر چییە؟ واقیع



نییە، بەڵام زیاتر لە واقیع... خەون نییە، بەڵام خەونێکی بێئاگایە.) هەروەک ستریندبێرگ خۆی ئاماژەی بۆ کردووە. ستریندبێرگ بە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) دەروازەیەکی بەرین بە ڕووی شانۆیەکی ئێسپرێشیونیزم و مۆدێرنی ئەورووپیدا دەکاتەوە و شانۆی ئەورووپی لە قۆناغێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ قۆناغێکی تر.

دوای نووسینی شانۆنامەی (خەونەنمایشێک) و لە سەرەتای مانگی دوانزەدا، شانۆنامەی (ئێنگل برێک) نمایش دەکرێت، ئەم دەقە یەکێک نییە لە کارە چاکەکانی ستریندبێرگ، نمایشەکەیش سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنێت، بەڵام ستریندبێرگ لە مانگی دووی ساڵی ١٩٠٢دا سەرکەوتنێکی گەورە بە شانۆنامەی

(کارڵی دوانزەیەم) لە دراماتن بۆ ڕەوتی شانۆی سویدی بەدەست دەهێنیت، لە هەمان کاتدا دەست دەکات بە نووسینی شانۆنامەی (گوستاڤی سێیەم) و لە ناوەڕاستی مانگی سێدا تەواوی دەکات.

شانۆنامەی (گوستاڤی سێیەم) یەکێکە لە کارە سەرسووڕهێنەرەکانی ئەم نووسەرە و پڕە لە دیمەن و ڕووبەڕووبوونەوەی چاوەڕواننەکراو. ستریندبێرگ ڕۆڵێکی گەورە و پرشنگدار بەم پادشایە دەبەخشێت، لەنێو حەزێکی هەڵەشە و شەیدابوون بۆ شانۆ و هونەری نواندن و پادشایەکی کولتووریدا، سێبەرێکی قووڵی ژیانی ئەم پادشایە لە هەڕەشەی کوشتن، خیانەت، پڕوپاگەندەی ژیانی سێکسی و تەنیاییدا بەرجەستە دەکات.

ستریندبێرگ بە تەواوکردنی شانۆنامەی (گوستاڤی سێیەم) بەشێکی زۆری مێژووی سوێد و ژیانی پادشاکانی دەکاتە قۆناغێکی گرینگی شانۆییە مێژووییەکانی. بۆ نووسینی ئەم شانۆنامە مێژووییانە کاتێکی زۆری بە پشکنین و لێکۆڵینەوەی سەرچاوە و ڕووداوە مێژووییەکانەوە خەریک نەکردووە، بەڵکو زۆر لەو گرفت و کێشانەی، کە لەو شانۆییە مێژووییانەدا خستوونیەتە ڕوو، ڕاستەوخۆ لە بارودۆخ و ڕەوشی ژیانی خۆیەوە وەریگرتوون، بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵی چارەسەر، دید و تابلۆی قووڵی درامییەوە، توانیویەتی چەندین کاراکتەری ئاشکرا و بەهێز ڕۆبنێت.

ستریندبێرگ بۆ نووسینی ئەم شانۆنامە مێژووییانە سوودێکی زۆری لە مێتود و تەکنیکی شانۆییە مێژوییەکانی شەکسپیر وەرگرتووە، بەتایبەتیش لەو ڕووەوەی کە کاراکتەرە مێژووییەکانی بە شێوەیەکی ساکار بەرجەستەی گرفت و کێشە ڕۆژانەییەکانی ناو ژیانی ڕۆژانەیان کردووە. لەناو شانۆنامە مێژووییەکانیشیدا شانۆنامەی (گوستاڤ ڤاسا) بە یەکێک لە باشترین و پێگەیشتووترین بەرهەمە شانۆییەکانی دادەنرێت.

گۆستاڤ ڤاسا پادشایەکی بەهێز بووە و لە نێوان ساڵەکانی ١٥٢٣ – ١٥٦٠دا حکومڕانیی کردووە، ئەم پادشایە دەسەڵاتی لە چنگی کڵێساکان دەرهێناوە و توانیویەتی سوێد لە ژێر دەسەڵاتی دانیمارک ڕزگار بکات.

ستریندبێرگ بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە سنوور و ڕووداوە مێژووییەکانی وەک خۆی وەرگرتووە، هەر بەو شێوەیەیش کاراکتەر و پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەی هێناوە، بەڵام بە شێوەیەکی هونەری و تازە دایڕشتوونەتەوە، قۆناغێکی درێژی مێژوویی بە شێوازێکی چڕ لە هێڵ و ڕووداوێکی شانۆیی و ڕۆنانێکی درامی سەرکەوتوانەدا کۆکردووەتەوە.

لە بیستوپێنجی مانگی سێشدا ستریندبێرگ و هارییەت کچێکیان دەبێت و ناوی دەنێن (ئاننا- ماریا). بە لەدایکبوونی ئاننا- ماریا، ژیانی هاوسەریی ستریندبێرگ و هارییەت باشتر نابێت، بەڵکو هەر دوای چەند مانگێک ناکۆکییەکانیان سەرهەڵدەدەنەوە، کێشەکانیان زۆرتر و ئاڵۆزتر دەبن و سەرلەنوێ لە یەکتری جیا دەبنەوە.

هەر لەم کاتانەدا، لەنێو ئەم تەنگژە و گێژاوی ژیانی ڕۆژانەیەدا، هارییەت پەیوەندییەکی دڵداری لەگەڵ کەسێکی تر، هاوتەمەنێکی خۆی، کە ئەویش ئەکتەر دەبێت، دەبەستێت. ئەم مەسەلەیە بە قووڵی ستریندبێرگ بریندار دەکات، هەست بە خیانەتێکی گەورە دەکات و هەموو دونیا بۆ ئەو دەبێتە ژوورێکی تاریک و غەمگین و تەنها.

دواتر هارییەت لەساڵی ١٩٣٢دا سەبارەت بەو سەردەمە و نامەکانی ستریندبێرگ گوتوویەتی: "ستریندبێرگ بە تەمەن لە من زۆر گەورەتر بوو، ئەو ژیانی خۆی ژیابوو، لەگەڵ شتگەلەکانی ژیاندا تەواو بووبوو، بەڵام من هێشتا هەر دەستم پێ نەکردبوو."

ستریندبێرگ و هارییەت لە ساڵی ١٩٠٢ـەوە بە تەواوی لە یەکتری جیادەبنەوە، هارییەت ماڵەکە بۆ ستریندبێرگ بە جێ دێڵێت و بە تەنها دەژی. ستریندبێرگ مانگی هەشتی ساڵی ١٩٠٢ لە نامەیەکدا بە هارییەت دەڵێت: "چیت لە من دەوێت؟ تۆ ئێستا سەربەستیت، ئارام و بەختیاریت، کە تۆ هەستت بەمانە لەگەڵ مندا نەدەکرد.... ئامێز بۆ ئەو بەختیاری و دڵخۆشییە بکەرەوە، کە من لێم زەوت کردبوویت، بەڵام واز لە من بهێنە با خەونەکانم پاک بن. دوای چارەنووسی خۆت بکەوە، بەو شێوەیەی خۆت دەتەوێت، بەڵام لە چارەنووسی من نزیک مەبەرەوە، وەک ئەوەی کەسێکی تر هەڵیبسووڕێنێت."

ستریندبێرگ و هارییەت لە بەهاری ساڵی ١٩٠٤دا بە فەرمی لە یەکتر جیادەبنەوە، ئەم جیابوونەوەیەش ستریندبێرگ

دەخاتەوە نێو تەنیاییەکی ڕەهاوە. لەم ژیانە نوێیەیدا لەنێو خەمەکانی و یادەوەری و چاوەڕوانی و ژیانێکی پڕ لە پەشێویدا، بە چڕی دەست دەکاتەوە بە نووسین. هەر لەم کاتەدا پەخشانەکانی (تاک و تەنیا) و کۆمەڵە شیعری (یاریی وشە و وردە هونەر) بڵاودەکاتەوە و لەسەر دوو ڕۆمانیش (ژوورە گۆتییەکان) و (ئاڵا ڕەشەکان) کار دەکات. لە هەمانکاتدا و شانبەشانی ئەم هەموو ڕووداوە، دەزگاکان دەکەونە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی، جیاکردنەوە و ئامادەکردن و سەرلەنوێ چاپکردنیان، بۆ نموونە هەموو ڕۆمان و نۆڤڵێت و چیرۆکەکانی، کە لە نێوان ساڵانی ١٨٩٩ – ١٩٠٢دا نووسراون، لە چەند بەرگێکی جیادا و شانۆنامەکانیشی، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٠٢– ١٩٠٤دا نووسراون، لە بەرگێکی تایبەتدا بڵاو دەکرێنەوە.

لەم قۆناغەدا دەزگای چاپەمەنی و چاپخانەکان وەک ستراتیژێکی نوێ، کتێب بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشن و لەم بازارە نوێیەیشدا، بەرهەمەکانی ستریندبێرگ ڕەواجێکی زۆریان دەبێت و بە هەزارەها دانەیان لێ دەفرۆشرێت. هەندێک لە کتێبەکانی چاپی حەوتەم و هەشتەم دەکرێت، قوتابی و نەوەیەکی گەنج ئەم کتێبانە دەکڕن و ستریندبێرگ لە هەموو کاتێک زیاتر لە خوێنەرەکانییەوە نزیک دەبێتەوە و زیاتر دەچێتە ناو خەڵکەوە و دەبێت بە بەشێک لە بەرهەمەکانی.



# بەشی دەیەم

# لە "ئالاّ ڕەشەکان"ـەوە بۆ "کتێبە شینەکان" و ساتیرێکی کوشندە

ستریندبێرگ دوای جیابوونەوەی لە هارییەت، لەو خانووەی کە بۆ ئەم ژنی سێیەمەی پێکەوەی نابوو، بە تەنیا دەژیا، بەو هیوایە بوو هارییەت بگەڕێتەوە بۆ لای و ژیانێکی تر دەست پێبکەنەوە، بەڵام ئەم ئاواتەی نایەتە دی و لەو خانووە گەورەیەدا جگە لەوەی شەڕ لەگەڵ هارییەت و کۆمەڵگە و خودی خۆیدا دەکات، نامە دەنێرێت بۆ هارییەت و هەموو کەسێکی دوور و نزیک و بە چڕی و بە بەردەوامی دەست دەکات بە نووسین. ستریندبێرگ سەرلەنوێ لەم تەنیاییەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو شێوازە ساتیرییەی لەوەوبەر لە ڕۆمانەکانی تریدا، بۆ نموونە (ژووری سوور، ژنومێردایەتی و مەملەکەتی نوێ)دا کاری لەسەر کردبوو. ئەگەر لەو کارانەیدا هێرشێکی تەنزئامێزی کردبێتە سەر بنەما کۆمەڵایەتییەکان و ژن و دەسەڵات، ئەوا لەم قۆناغەی ژیانیدا بە ڕۆمان و نووسینە ساتیرییەکانی هێرش دەکاتە سەر دونیای ئەدەب و هونەر و ڕۆژنامەوانی و دامودەزگا کولتووری و کەسایەتییە دیارەکان. تەنانەت ڕادیکاڵەکانیش لەم هێرشە ڕاستەوخۆ و توندوتیژە ساتیرییەی ستریندبێرگ ڕزگاریان نابێت.

ستریندبێرگ لە ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان)دا بە توندی هێرش دەکاتە سەر نووسەرانی ئەو دەمە و بە دز و پیاوکوژ و تاوانباری دووڕوو و بێمۆراڵ ئاماژەیان بۆ دەکات، بۆ نموونە (گوستاڤ ئەف جەیەرستام) یەکێک دەبێت لە نووسەرە دیار و گەورەکانی ئەو سەردەمە، دەکەوێتە بەر هێرشێکی توندوتیژی بێبەزەییانەی ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان).

کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە نووسەرێکە و دەبێتە وێنەیەکی کاریکاتێری گوستاڤ جەیەرستام؛ گاڵتە بە کەسایەتیی ئەم نووسەرە و بەرهەمەکانی دەکات و لە هەموو ڕوویەکەوە گەمارۆی دەدات و دەیشکێنێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەم نووسەرە لەوەوبەر هاوڕێیەکی نزیکی ستریندبێرگ بووە، بەڵام ئێستا بە ڕکەبەری خۆی دەزانێت و هێرشی دەکاتە سەر. دوای تەواوکردنی ئەم ڕۆمانە، هەر زوو دەینێرێت بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڵام هیچ دەزگایەک بڵاوی ناکاتەوە و هەر زوو دەستنووسەکەی بۆ دەنێرنەوە. دوای ئەوە بە بەردەوامی لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩٠٦دا هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاڵا ڕەشانەی دەدات، هەروەها هەوڵەکانی لەگەڵ دەزگاکانی دەرەوەی وڵاتی سویدیش بێسوود دەبێت و هیچ شوێنێک قایل نابێت ئەم ڕۆمانە بڵاو بکاتەوە.

یەکێک لە هاوڕێ دێرینەکانی دوای خوێندنەوەی دەستنووسەکە، ئامۆژگاریی ستریندبێرگ دەکات ئەم ڕۆمانە بڵاونەکاتەوە، هەروەها ئەو هاوڕێیەی ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکات، کە بڵاوکردنەوەی (ئاڵا ڕەشەکان) بۆ ئەو وەک خۆکوژی وایە و زیانی زۆرترە لە سوود، بەڵام ستریندبێرگ گوێ بەو گوتانە نادات و دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بووە ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان) بڵاو بکاتەوە.

ستریندبێرگ ئەوەی دەینووسی، خێرا دەگەیشتە دەستی خوێنەرەکانی، بەرهەمەکانی زوو چاپ دەکران و هەر زوویش بڵاودەکرانەوە، خۆیشی هەمیشە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی

نووسین و داهێناندا دەبێت، بەڵام ئەم مەسەلەیە بۆ ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان) وا ناکەوێتەوە، وەک لەوەوبەر ئاماژەیشمان بۆ کردووە، هیچ دەزگایەک نایەوێت چاپی بکات و دەستنووسەکە لە چەکمەجەی مێزەکەیدا دەمێنێتەوە.

**بیتهۆڤن و شەوچەرەی مۆسیقا**

لە کاتێکدا ستریندبێرگ عەودالّی دۆزینەوەی دەزگایەک دەبێت بۆ چاپ و بڵاو کردنەوەی (ئاڵا ڕەشەکان) و تۆڵەکردنەوە لە ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و کولتوورییەکەی سوێد، بە شەو لەماڵەوە کۆنسێرتی مۆسیقا ڕێک دەخات. بۆ ئەم مەبەستە گروپێک لە هونەرمەندە بەتواناکانی بواری مۆسیقای ئەو دەمەی ستۆکهۆڵم لە ماڵەوە کۆ دەکاتەوە تا سیمفۆنیاکانی بیتهۆڤن بژەنن. ستریندبێرگ شەیدای مۆسیقای کلاسیکی، بەتایبەتیش بیتهۆڤن دەبێت و بە بەردەوامی گوێی لە سیمفۆنیاکانی گرتووە، هەندێک جار هەر لەژێر کاریگەریی بیتهۆڤندا بەرهەمەکانی نووسیون. ئەم شەوە مۆسیقییانەیش، کە ستریندبێرگ بە (پیرەمێردەکانی بیتهۆڤن) ئاماژەی بۆ دەکرد، وەک خۆراکی ڕۆح وابوون بۆ ئەو.  زۆرجار (ئاکسل)ی برای ئامادەی ئەم شەوانە بووە و لەسەر پیانۆ دانیشتووە و بەشداریی ئەم ئاهەنگە مۆسیقییانەی کردووە.

لەم قۆناغەی ژیانیدا دەیویست لە ناوەندەکە دانەبڕێت، هەر لەبەر ئەوەیشە خەڵکێکی زۆر لە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی بۆ ئەم شەوانە بانگهێشت دەکردن، بەدەم شەرابخواردنەوە و نانخواردنەوە، گوێیان لەم سیمفۆنیایانە گرتووە، هەروەها بە

پێچەوانەی ئەو نەوەیەوە، کە لە ڕۆمانی ئاڵا ڕەشەکاندا هێرشیان دەکاتە سەر، لە نەوە نوێیەکە نزیک دەبێتەوە و تێکەڵاوی نووسەرە گەنجەکان دەبێت، یارمەتییان دەدات، هانیان دەدات و بە چاوی ڕێزەوە سەیریان دەکات.

ئەم شەوە مۆسیقییانە لە ماڵی ستریندبێرگ، بەتایبەتی شەوانی شەمموان هەر بەردەوام دەبێت و هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە دوو مانگ بەر لە مردنی ستریندبێرگ، دوا ئێوارەخوانی بیتهۆڤنیان گێڕاوە.

## چاپی یەکەمی "ئاڵا ڕەشەکان"

دوای سێ ساڵ و لە ساڵی ١٩٠٧دا دەزگایەکی بچووک، کە کار بۆ فراوانبوونی چاپەمەنییەکانیان و دابەشکردنی کتێبە چاپکراوکانیان بە شێوەیەکی بەربڵاو دەکەن، بڕیار دەدەن دەستبەجێ ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان) بڵاوبکەنەوە، هەروەها خاوەنی ئەم دەزگایە خوێنەرێکی هەمیشەیی ستریندبێرگیش دەبێت، هەر لەبەر ئەوە چاپکردنی ئەو ڕۆمانە بە ئەرکێکی سەرشانی خۆی دەزانێت.

دواجار، لە کۆتایی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٠٧دا ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان) بڵاو دەکرێتەوە و خوێنەرێکی زۆر لە خۆی کۆدەکاتەوە و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لە بازاڕەکاندا نامێنێت. دەزگای ناوبراویش لەبەر ئەو هەڵلایەی کتێبەکە لە نێوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا دەینێتەوە، بڕیار دەدات چاپێکی تری ڕۆمانەکە نەکاتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی ستریندبێرگ لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە ڕۆمانەکە ئەمدەست و ئەودەست بکات و لە

بازاڕی ڕەشدا، بە نرخێکی بەرز بفرۆشرێتەوە. بڵاوکردنەوەی (ئاڵا ڕەشەکان) وەک چاوەڕوان دەکرا بە شێوەیەکی بەهێز ستریندبێرگ وەک نووسەرێکی گەورە و ناسراو و بەئەزموون، بریندار و لەکەداریش دەکات. ڕۆژنامەکان لایەنگیری ئەو کەسانە دەکەن، کە لە ڕۆمانەکەدا هێرشیان کراوەتە سەر، لەبەر ئەوە ڕۆمانەکە دەکەوێتە بەر شاڵاو و ڕەخنەیەکی بێبەزەییانەی ڕەخنەگر و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی سوێد.

وەک لەوەوبەر باسمان کرد یەکێک لەو نووسەرانەی ستریندبێرگ لەم ڕۆمانەدا بە توندی هێرشی دەکاتە سەر و بە زمانێکی تەنز و گاڵتەئامێز بەرجەستەی دەکات، هاوڕێ دێرینەکەی (گوستاڤ ئەف جەیەرستام) دەبێت. ئەم نووسەرە هێرشەکانی ستریندبێرگ کاریگەرییەکی زۆریان، بەتایبەتی لە رووی دەروونییەوە تێدەکات و دوای دوو ساڵیش بەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان) دا، لەپڕ کۆچی دوایی دەکات و دەمرێت.

بە مردنی ئەم نووسەرە، سەرلەنوێ ستریندبێرگ و ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان) دەکەونەوە بەر ڕەحمەتی ڕەخنە و تەنانەت خەڵکی ئاساییش: بە پیاوکوژ ئاماژە بۆ ستریندبێرگ دەکەن و هۆی مردنی (جەیەرستام) دەخەنە ئەستۆی ئەو.

دواجار ستریندبێرگ ناچار دەبێت ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە ڕۆمانەکەی، وەک داکۆکییەک بنووسێت، بەڵام ئەم ڕوونکردنەوەیە تا ستریندبێرگ خۆی لە ژیاندا دەبێت بڵاو ناکرێتەوە.

## کتێبە شینەکان

ساڵی ١٩٠٦ ستریندبێرگ دەست دەکات بە نووسینی یەکێک لە کتێبە پرۆسە گەورەکانی، بە ناوی (کتێبە شینەکان)ـەوە. ئەم کتێبە بە چڕی و درێژی و لە چوار بەرگدا باسی ڕەوشی ئەدەبی، کولتووری، هونەری، زانیاری و ئایینی دەکات، هەروەها لە زۆر ڕووەوە هێرشێکیشە بۆ سەر زۆربەی کەسایەتییە هونەری و کولتووری و ڕۆشنبیرەکانی سوێد، ئەوەی لە ڕۆمانی (ئالا ڕەشەکان)دا ڕزگاری بووبێت و بەر تەنز و ساتیری ستریندبێرگ نەکەوتبێت، لە کتێبە شینەکاندا ڕزگاری نابێت و بەر دەکەوێت. ئەم کتێبە شینە تەنها هێرشکردنە سەر ڕۆشنبیرانی سوێد و سوێد نەبووە، بەڵکو لە بواری زانست و زانستە سروشتییەکاندا هێرشێکی توندیش دەکاتە سەر هەموو کولتوور و زانست و سیستەمی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئەورووپا. ستریندبێرگ لەم کتێبەدا فۆرمێکی جیاواز بە کار دەهێنێت و مامەڵە لەگەڵ هەموو شتێک، گەورە و بچووک: تێکستی کورت، بیرەوەری، ڕەوشی ژیانی ڕۆژانە، کورتەچیرۆک، پەخشان، ئاکار و مۆراڵ، زمان، زانستی سروشتی، ماتماتیک، دەقی فەلسەفە، وتووێژ لەگەڵ (سوێدنبۆرگ) و هەندێک جاریش لە بیۆگرافیا و ژیانی خۆیەوە دەست پێدەکات. ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری چوار بەشەکەی تەرخان کردووە بۆ باسی مۆسیقا، بیتهۆڤن و ڤاگنەر دەبنە لایەنێکی گرینگی ئەم باسکردن و ئاوڕلێدانەوەیە.

ستریندبێرگ، لەم کتێبەدا هێرشیش دەکاتە سەر ئەستێرەناسەکان، کیمیاگەرەکان، زانستناسان و بیری زرەزانستی، لەبەر ئەوەی لە لێکۆڵینەوە و ئەزموونە زانستییەکانیان خودایان پشتگوێ خستووە، هەروەها بۆ ئەوەی بە هۆی ئەم کتێبەیەوە تووشی گێچەڵ و لێپێچینەوە و دادگا نەبێتەوە، بۆچوون و هێرشەکان ئاوێتەی چەندین هێماگەل و نهێنیئامێز و سیمبوڵ دەکات. لە سەرەتادا ئەم کتێبە، کە لە هەزار و دووسەد لاپەڕە و چوار بەش پێکهاتووە، بە (سینتێزێک لە ژیانم) ناوزەد دەکات، بەڵام دواجار ناونیشانەکەی دەبێت بە (کتێبە شینەکان). ئەم کتێبە گەورە شینە، لە زۆر ڕووەوە دەروازە بۆ دونیایەکی تری ناوەوەی مرۆڤ دەکاتەوە، ژیان دەبەستێتەوە بە مردنەوە و مەرگ دەبێتە سیمبولێکی بەهێزی ژیانێکی تر. ستریندبێرگ ئەم کتێبە گەورەیە، وەک هەموو بەرهەمەکانی تری بە دەست نووسیوە و لە هەموو ژیانیدا هیچ جۆرە ئامێرێکی چاپی بۆ نووسین بە کار نەهێناوە. دەستوخەتی بە درێژایی ژیانی لە فۆرمێکی جواندا جێگیر بووە و ئاسان بووە بۆ خوێندنەوە. جۆرە کۆنتراستێک لە نێوان ستایلی نووسین و هێزی هەست و سۆز و چۆنیەتیی بیرکردنەوەیدا هەیە، پیتەکانی بە شێوەیەکی هێمن هەڵگری ئەو بورکانە بەهێزەن، کە نووسینەکانی لەخۆ دەگرن. ئەو شێواز و فۆرمەی لە دروستکردنی پیت و وشەکاندا هەن، لە کاتی چاپکردندا بزر دەبن و جۆرە هێزێکی ئەفسوونی لە دەستوخەتدا هەیە، کە یادەوەریی زمان لە چاخە جیاوازەکاندا لە خۆ دەگرێت. کە

ستریندبێرگ بە دەستوخەتی خۆی، بە قەڵەمەکەی دەستی و لەسەر ڕووپەڕی کاغەزێکی سپی دەنووسێت و پیت و وشەکان فۆرمی خۆیان وەردەگرن، ئەزموونی ستریندبێرگ، یادەوەرییەکانی، ژیانی ئێستا و ڕابردووی و ئەو دونیایەی، کە لەوبەری وشەکانییەوە وەستاون و بوونیان هەیە، هەر وەک تۆنی مۆسیقا بە تەنهایی لەدایک دەبن.

بەدەستنووسین بۆ ستریندبێرگ جۆرە کردارێکی ڕۆحی و مێتیدیشن بووە، هەموو پیت و وشەیەک سەرەتایەک بوون بۆ چرپەیەک، جەنگێک، شەڕێکی ناوخۆ، خوێن و ژیان بە بەرکردنیاندا، هەموو پیت و وشەیەک بەشێک بووە لە پرۆسەی نووسینەکە.

**ستریندبێرگ لە چوار کتێبی شیندا**

ستریندبێرگ، کە هەموو ساڵەکانی کۆتایی ژیانی بۆ نووسینی ئەم کتێبە تەرخان دەکات، بەم شێوەیە بڵاویان دەکاتەوە: بەرگی یەکەم، کتێبێکی شین ١٩٠٧، بەرگی دووەم، کتێبێکی تازەی شین ١٩٠٨، بەرگی سێیەم، کتێبێکی شین ١٩٠٨، بەرگی چوارەم، کتێبێکی تری شین ١٩١٢.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە شینە پێشکەش دەکات بە (ئیمانوئێل سوێدنبۆرگ) کە بە مامۆستا و ڕابەر و ڕێگەپێشاندەری خۆی دەزانی. ئەم زاتە گەورە سوێدییە ساڵی ١٦٨٨ لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە و ساڵی ١٧٧٢ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. سوێدنبۆرگ جگە لەوەی پسپۆڕ و شارەزایەکی گەورەی زانستە سروشتییەکان بووە، فەیلەسووف و ڕاڤەکارێکی بەتوانای

ئینجیل و سۆفییەکی مەسیحیش بووە. تەرمی ئەم زانا گەورەیە لە ساڵی ١٩٠٨دا دەهێنرێتەوە بۆ سوێد و لە ڕێوڕەسمێکی گەورە و شکۆمەنددا، لە کڵێسای شاری ئۆپسالا بە خاک دەسپێردرێتەوە.

ستریندبێرگ لەم بەشی یەکەمەیدا گەڕاوەتەوە بۆ سەر مەسەلەی ئافرەت و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو هەرگیز خۆی بە دوژمنی ئافرەت نەزانیوە، ئەو هەمیشە ئافرەتێکی خۆشویستووە و منداڵی لە سێ ئافرەت دروست کردووە، بەڵام ئەو بەها و پێگەی ئافرەتی لە هەموو ڕوویەکەوە لە خوار پیاوەوە داناوە و هەرگیز بە چاوی یەکسانی سەیری ژنی بەرامبەر بە پیاو نەکردووە. هەر لەم دەروازەیەوە هێرش دەکاتە سەر ئیبسن، دوژمنە گەورەکەی خۆی و بە توندی ڕەخنە لە شانۆنامەی ( ماڵی بووکەڵە) دەگرێت، کە بووبووە سیمبوڵ بۆ سەربەستیی ئافرەت.

(نورا) کە کاراکتەری سەرەکیی ئەم شانۆنامەیەیە، لە لای ستریندبێرگ کەسێکی درۆزنە، ناڕەسەنە و خۆی بە قوربانیی دەستی پیاو دەزانێت، کە وا نییە. ئەوەی نورایش دەیکات، جگە لە ملکەچکردنی مێردەکەی هیچی تر نییە، نورا دەیەوێت خاوەندەسەڵات، سوڵتان و حکومڕان بێت، بەبێ ئەوەی بۆ ئەم کارە لە دایک بووبێت. ئەو وەک ئافرەت هیچ هەست و سۆزێکی نە بۆ ماڵ و منداڵ هەیە و نە بۆ مێردەکەی. نورا دوای ئەوەی هەموو شتەکان دەشێوێنێت و ماڵەکەی تێکدەدات، لە ماڵەوە دەچێتە دەرەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە (نورا بۆ کوێ

دەچێت؟) بێگومان بۆ سەر شەقامەکان، هەموو دەروازەکانی ماڵ، دەچنەوە سەر شەقامەکان.

لە بەشی دووەمدا بە چڕی باسی ئەو قەیران و دابڕان و بارە دەروونییە خراپەی خۆی دەکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی هارییەت لە چواری مانگی چواری ساڵی ١٩٠٨دا هاوسەرگیری لەگەڵ (گونار فینگۆر)دا دەکات. هەروەها بەشی کۆتایی و بەشی سێیەم، لەژێر کاریگەریی سوێدنبۆرگدا تەرخان دەکات بۆ ژیان لە دوای مەرگ.

لەم بەشەدا وێنەی مەرگ لە چەندین ڕەنگی جوانی دوورگەیەکدا دەکێشێت، لەم دوورگەیەدا ژیان تەواو بووە، مرۆڤ لە پشوویەکی ئەبەدی، دوای هەموو نەهامەتییەکانی دونیا بە ئارامی لە ڕەوشێکی تایبەتمەند و لە دەرەوەی کات و شوێنەوە لە دایک دەبێتەوە. هەر لەم دوورگەی مەرگەدا، ڕابەرێکی گەورە، مامۆستایەکی ڕۆحی دێت و هەندێک شت بۆ مردووەکان ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە بۆچی ئەو کەسانە بوونە دایک و باوکی ئێمە و کەسانێکی تر نەبوون، بۆچی بەو شێوەیە ژیانیان گوزەراندووە، بۆچی ئەو کارانەیان کردووە، کە خۆیان حەزیان پێ نەکردووە و ناچار کراون، بۆچی کەسانێکی تر ئەو مافەیان بە خۆیان داوە کەسانێکی تر بچەوسێننەوە. بەڵام هیچ شتێک دەربارەی نهێنییە گەورەکانی دونیا فێر نابن، تەنها ئەوەیان بۆ دووبارە دەکرێتەوە، کە ئەو زانیارییانەی لەسەر زەوی وەریانگرتووە و فێری بوون، هەمووی درۆیە و دوورن لە ڕاستییەوە.

مردووەکان لەم دوورگەیەدا دەیانەوێت بە شێوەیەکی تەبا و لێبووردەیی لەگەڵ ئەوەی بەسەرچووە و تێپەڕیوە، سەرلەنوێ یەک بگرن و بڕوای خودا بە دەست بهێننەوە.

بەشی چوارەمی ئەم کتێبە، کە ساڵی ١٩١٢ بە چەند مانگێک بەر لە کۆچی دوایی خۆی بڵاو دەکرێتەوە، تەنها دوانزە لێکۆڵینەوە لە خۆ دەگرێت.

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی بەشی چوارەم دەربارەی ماتماتیکە، ستریندبێرگ لەم بەشەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو هەر زۆر کەم لە گوتار و کتێبە زانستییەکاندا ئاوڕی لە ماتماتیک داوەتەوە، لەبەر ئەوە لێرەدا هەوڵی داوە ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە.

کتێبە شینەکان، وەک کۆکردنەوە و پیاچوونەوەیەکی ئەو بوارانەیە، کە ستریندبێرگ بە درێژایی تەمەنی کاری لەسەر کردوون، هەر لەم ڕووەیشەوە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوانی بواری ستریندبێرگ، بە یاداشتگەلێکی گەورە و گشتگر ئاماژەی بۆ دەکەن. هەندێکی تر بە ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنە و پڕ لە ڕامان لە ژیانێکی لێوانلێو لە بەرهەم، هەڵکشان و داکشان، ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی ژیان و مەرگ، ناوزەدیان کردووە. ستریندبێرگ لەم کتێبەوە، ئەو هەستەی لە لا دروست بووە و گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی، کە ژیان بەرەو کۆتایی دەڕوات، هەر بۆیە گوتویەتی: "هەموو ئەوەی دەمەوێت و دەمویست بیڵێم، گوتم."

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە شینانەی ستریندبێرگ، خوێنەرێکی زۆر لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە دەوری

ئەم نووسەرە کۆ دەبنەوە و کتێبەکە سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست دەهێنێت، هەتا خۆیشی لە ژیاندا دەبێت، بۆ چەندین جار چاپ دەکرێتەوە.



**دوا چیرۆکەکان**

ستریندبێرگ هەر لە ساڵی ١٩٠٦دا، جگە لە (کتێبە شینەکان)، بە دوو ڕۆمانی بچووک (ئاهەنگی سەربانگرتن) و (قۆچی قوربانی) کۆتایی بەو پرۆسەی گێڕانەوەیە دەهێنێت، کە بە درێژایی تەمەنی ئەدەبیی خۆی کاری لەسەر کردبوو.

ئەم دوو ڕۆمانە کورتە، بەراورد بە ڕۆمان و نووسینەکانی تری لە زۆر ڕووەوە لە ئاستێکی ئەوتۆدا نین و ئاماژەیەکن بۆ لەدەستدانی دەسەڵاتی ئەدەبی. لەگەڵ هەموو کەموکورتییەکیشدا، ڕۆمانی (ئاهەنگی سەربانگرتن) لە زۆر ڕووەوە جێگەی سەرنجە، بەتایبەتی ستریندبێرگ تەکنیکێکی نوێ و جیاوازی بۆ گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە بە کار هێناوە.

لەم تەکنیکەیدا ڕێگەی بە خۆی داوە لە ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی سەدەیەکی نوێدا دەر بکەوێتەوە. پاڵەوانی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە، کەسێکی (کۆنسێرڤاتۆرە)، واتە ئەو

کەسەی پیشەی ئەوەیە، کە کاری هونەری دێرین کۆدەکاتەوە و چاکیان دەکاتەوە. ئەم کەسە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە، بە هۆی ڕووداوێکەوە لە ماڵەکەی خۆیدا، لە ستۆکهۆڵم لە جێگەدا کەوتووە و لە سەرەمەرگدایە. لە نائاگایی (اللاشعور) ئەم کەسایەتییەوە هوروژمی وێنە کە نە سەرەتایان هەیە و نە کۆتایی، لە ژیانی ئەم مرۆڤەوە دێنە دەرەوە و دەردەکەون، ئەمەیش مەنەلۆگێکی ناوەوەی ئەم کەسەیە، کە لە سەرەمەرگدایە و بە چڕی وەک چەندین وێنەی مەجازی بەرجەستە دەبن. ئەم تەکنیکە هەمان مێتودە، کە جێمس جۆیس لە دوابەشی ڕۆمانی (یۆلیسیس)دا و لە مەنەلۆگە بەناوبانگەکەی (مۆلی بلووم)دا بە کاری هێناوە. ستریندبێرگ لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، کە ئەم پاڵەوانە دەمرێت، وێنەیەکی بەرزی دوا شاکارەکانی خۆی دەخوڵقێنێت: کە ڕۆحی ئەم مرۆڤە دەردەچێت و لە مەرگێکی هەتاهەتاییدا ون دەبێت و دەتوێتەوە، چەندین کاراکتەری نوێ و کەسایەتیی تر، وەک پریشکی ئەو ڕۆحە کوژاوەیە، لەو جەستە مردووەوە دێنە دەرەوە، ئەمەیش پاشماوەی ئەو پەرچەکردارانەیە لە خودی نووسەرەوە بڵاو دەبنەوە یان بەرجەستەیەکی ئەو کەسانەی لە ژیانیدا بیری لێ کردوونەتەوە و ڕووبەڕوویان بووەتەوە.

لەم ڕەوشەدا و لەپڕ، لە ونبوونی پاڵەوانەکەدا، لە سێبەری مەرگی کەسایەتییەکەدا، پیاوێکی پیری زانا، منداڵێک و ئافرەتێکی ساکار دەردەکەون، هەر لێرەیشەوە منەکان، بەتایبەتی (منی) نووسەر بەرەو هەڵوەشان و پارچەپارچەبوون دەچێت.

لەم بارودۆخ و وێنەیەدا ئەو کەسەی بە منداڵی لە دایک بووە و ئێستا لە سەفەری مەرگدا دەتوێتەوە، لە دەمامکێکدا دەردەکەوێتەوە، ئەو دەمامکەی خۆمان لە پشتیەوە حەشارداوە و ڕۆڵەکانی خۆمانمان لە ژیاندا پێ بینیوە.

لە دوابەشەکانی ڕۆمانەکەیشدا ستریندبێرگ ئافرەتە ساکارەکە دەبینێت بەناو ئەو ئاوێنەیەدا ڕەتدەبێت، کە ڕەنگدانەوەی هەموو ژیان و ڕووداوەکانی خۆیەتی.

ستریندبێرگ بەم چەشنە و لەم دوو ڕۆمانە بچووکەدا ژیانی خۆی کۆدەکاتەوە و سەرلەنوێ ئەندێشە و واقیع تێکەڵاو دەکات و وێنەیەکی تری چڕ و هێماگەلی سەفەری ژیان و مەرگمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەردوو ڕۆمانەکەیش دەبنە دەروازەیەک بۆ پەڕینەوە و خۆتەرخانکردن و پیاچوونەوەی ژیان و دەستکردن بە نووسینی (کتێبە شینەکان) و چاودێریکردنی ئەو (مەرگ)ەی بە ڕێگەوەیە.



# بەشی یانزە
# شانۆی ئینتیم و
# خەونە دێرینەکەی ستریندبێرگ

له سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە شانۆنامەکانی ستریندبێرگ له ئەورووپا بە گشتی و لە ئەڵمانیا بەتایبەتی، بەردەوام نمایش دەکران. شانۆ ئەزموونگەری و ئاڤانگاردەکان بە پیر شانۆنامە و دەقەکانی ستریندبێرگەوە دەچوون، بە شێوازی جۆراوجۆر و لە فۆرمی هەمەچەشندا بەرجەستە دەکران و ڕیژیسۆرە گەورەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن، بۆ نموونە (ماکس ڕاینهارت) یەک لە دوای یەک چەندین شانۆنامەی ستریندبێرگ پێشکەش دەکات و دیدی ڕیژی خۆی و چۆنیەتیی کار و دروستکردن و کردنەوەی شانۆکانی بە دەقەکانی ستریندبێرگ تاقی دەکاتەوە.

(خاتوو ژولیا) لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٤دا لەسەر شانۆی *Kleines Theater* لە بەرلین سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست دەهێنێت. ستریندبێرگ سەرەتا بە شانۆنامە ناتورالیستییەکانی و دواتریش بە ڕەوتە چڕە ئێسپرێشیونیستەکانی، شانۆکانی ئەڵمانیا دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەڵمانییەکان لە کارەکانی ستریندبێرگدا بە دیدێکی پتەوی شانۆیی و تێڕوانینێکی ئەزموونگەرییەوە ڕاڤەی شانۆنامەکانیان دەکرد و دیالۆگە چڕ و نواندنە بەهێزەکان دەبوونە بنەمایەکی دیدە ئەزموونگەرییەکانیان.

شانۆکانی بەرلین و شارە گەورەکانی تری ئەڵمانیا، زۆر لە پێش سویدەوە، شانۆنامە تازەکانی ستریندبێرگیان پێشکەش دەکرد و دەنگوباس و هەواڵە نوێیەکانی، بەر لە ڕۆژنامەکانی سوید، دەبوونە مانشێتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەڵمانیا.

(جەژنی هەڵسانەوە) لە فرانکفۆرت و (سەمای مەرگ) لە کۆڵن نمایش دەکران، هەروەها ئەم گروپانە بە نمایشەکانیان بەنێو هەموو شارە گەورە و هەرێمەکانی ئەڵمانیادا گەشتی هونەری دەکەن، بەم شێوەیەیش ستریندبێرگ دەبێتە ئەستێرەی هەموو شانۆ گەورە و بچووکەکانی شار و شارۆچەکەکانی ئەڵمانیا.

ئەم گرینگیدانەی شانۆکانی ئەڵمانیا بە ستریندبێرگ، دوای مردنیشی هەر بەردەوام دەبێت و شانۆکان لە پێشبڕکێی نمایشکردنی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە سویدییەدا دەبن، هەر بۆ نموونە ساڵی ١٩١١ و لە وەرزی شانۆیی شانۆکانی ئەڵمانیا، تێکڕا ١٢٧ جار شانۆنامەکانی ستریندبێرگ پێشکەش دەکەن، ساڵی ١٩١٢ ژمارەی نمایشە پێشکەشکراوەکان دەگاتە ٢٨١ جار، وەرزەکانی ساڵی ١٩١٥ و ١٩١٦ نزیکەی ٧٨٩ جار و ساڵانی ١٩٢٢-١٩٢٣یش ژمارەی پێشکەشکردنی دەقە شانۆییەکانی دەگاتە ١٠٢٤ جار.

## کاریگەریی ئەڵمانییەکان بەسەر سویدەوە

بێگومان ئەو تەوژمە بەهێزە ستریندبێرگییە ئەڵمانییە، کاریگەریی بەسەر سویدیشەوە دەبێت و پرسیار لە لای شانۆکار و شانۆکان و تەنانەت بینەرانیش دروست دەکات. هونەرمەندەکان دەکەونە خۆیان، دەقەکانی ستریندبێرگ دەخوێننەوە و دەکەونە نمایشکردنی شانۆنامەکانی، تەنانەت ئەو شانۆنامەنەیش کە تا ئەو کاتە لە بیر کرابوون، دەهێنرێنەوە پێشەوە و سەرلەنوێ کاریان تێدا دەکەن. ڕیژیسۆرێکی گەنج بە ناوی (ئاوگوست ڤاڵک) لە ساڵی ١٩٠٦دا بۆ یەکەمجار شانۆنامەی (خاتوو ژولیا) لەسەر شانۆکانی سوید پێشکەش دەکات.

ئەم نمایشە سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست دەهێنێت و گروپەکەیش لە گەشتێکی هونەریی بێوێنەدا بۆ ئەو دەمەی سوید (خاتوو ژولیا) لە زۆربەی شارەکان نمایش دەکەن، لە دواوێستگەی ئەو گەشتەیاندا دەگەنە ستۆکهۆڵم. ئەم شانۆنامەیە لە سیانزەی مانگی دیسێمبەری ساڵی ١٩٠٦دا لەسەر (شانۆی گەل) پێشکەش دەکرێت. ستریندبێرگ، کە هەمیشە بیری لە دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەتمەند بە خۆی دەکردەوە، ئەم هەوڵە و سەرکەوتنی نمایشی (خاتوو ژولیا) دەقۆزێتەوە بۆ سەرلەنوێ وروژاندنی شانۆیەکی تایبەت بە خۆی، بۆ ئەم مەبەستەیش میواندارییی (ئاوگۆست فالک) بۆ ماڵی خۆی دەکات.

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە هەوڵەکانی ستریندبێرگ

ستریندبێرگ، هەر لە دەستپێکی هەوڵە شانۆییەکانیەوە، خەونی بە شانۆیەکی تایبەت بە خۆیەوە بینیووە، بۆ نموونە پاییزی ساڵی ١٨٧٦ لە نامەکەیدا، کە بۆ ژنی یەکەمی (سیری فۆن ئێسن)ی نووسیوە، باسی گرینگیی شانۆیەک بۆ نمایشکردنی دەقەکانی خۆی دەکات.

ستریندبێرگ هەر لەم ساتە بەراییانەی ژیانی هونەری و ئەدەبیی خۆیەوە، ئەوەی بۆ یەکلا دەبێتەوە، کە لایەنە کردەییەکە و پرۆسەی شانۆیی کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر بەرەوپێشەوەچوون و گەشەکردنی دەقە شانۆییەکانەوە هەیە. لەم نامەیەیشدا، کە بۆ (سیری)ی ناردووە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە شانۆیەکی تایبەت بە خۆی، توانا هونەرییەکانی، بەتایبەتی لە نووسینی شانۆنامەکانیدا بەهێزتر دەکات. ستریندبێرگ ساڵی ١٨٨٠ دا، بۆ یەکەمجار هەوڵی داوە خانووبەرەیەک بە کرێ بگرێت بۆ ئەوەی شانۆیەکی تیا بکاتەوە، لە ساڵی ١٨٨١یشەوە هەوڵی کۆکردنەوەی خەڵکی بۆ ئەو مەبەستە داوە. لە پاییزی ساڵی ١٨٨٧دا هەوڵی داوە (ئاوگوست لیندبێرگ) کە ئەکتەرێکی ناسراوی ئەو دەمە بووە، قایل بکات تا پێکەوە شانۆیەکی گەڕۆک دابمەزرێنن.

ستریندبێرگ، لە یەکێک لە نامەکانیدا کە بۆ لیندبێرگی نووسیوە، دەڵێت: "سەرلەنوێ بونیادی شانۆ یان گۆڕانکاری، خەون و مەبەستی من نییە، چونکە ئەوە کارێکی گرانە و بە من ناکرێت، مەبەست تەنها هەوڵێکە بۆ نوێکردنەوەی هونەری

شانۆ." هەروەها لە ساڵی ١٨٨٨دا ویستوویەتی شێوە (شانۆیەکی سەربەست)ی بچووک لەسەر شێوازی شانۆکەی ئەندریە ئەنتوان لە پاریس دابمەزرێنێت، بۆ ئەم مەبەستە دیدێکی هونەریی هەبووە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەم شانۆیە پێویستە هۆڵێکی بچووکی چوارسەد کورسی و تەنها هەشت ئەکتەریش لە خۆ بگرێت.

یەکەم هەوڵە سەرکەوتووەکانی ستریندبێرگ لە ساڵی ١٨٨٨دا دەبێت، کە لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک، شانۆ ئەزموونگەرییەکەی بە یارمەتیی (سیری) دادەمەزرێنێت، ئەم شانۆیەیش تەمەنی درێژ نابێت و تەنها دوای سێ نمایش، دادەخرێت. سەرلەنوێ لە ساڵی ١٨٩١ – ١٨٩٢دا دەیەوێت لە ستۆکهۆڵم شانۆیەک دابمەزرێنێت، ئەم هەوڵەیشی سەرکەوتوو نابێت. دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٩٣دا، کە لە بەرلین دەژی، هەوڵێکی تری لەم چەشنە دەدات، ئەم هەوڵەیشی ناگات بە هیچ ئەنجامێک. لە ساڵی ١٩٠٥یشدا پلانی شانۆیەکی بچووکی گەڕۆکی دەبێت، شانۆیەک تەنها سێ ئەندام و ژنە بچووکەکەیشی، هارییەت، ببێتە ئەستێرە و ئەکتەری یەکەمی ئەم شانۆیە. هارییەت، کە لەو کاتەدا لە شانۆی پادشایەتی کاری دەکرد، بەدەم ئەم هەوڵەی ستریندبێرگەوە ناچێت و ئەم پلانەیشی لە بیر دەچێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی، کە ساڵی ١٩٠٦ ئاوگۆست فاڵک دەبینێت، خەونی دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بە خۆیشی دێتە دی و ئەو شانۆیە فۆرمێکی هونەریی ئاشکرا لە خۆ دەگرێت، بەمەیش شانۆی (ئینتیم) لە دایک دەبێت.

**دامەزراندنی شانۆی ئینتیم**

ستریندبێرگ و فالك بۆ یەکەمجار لە ماڵی ستریندبێرگ کۆدەبنەوە و پلانی دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بە خۆیان دادەڕێژن: ستریندبێرگ وەک شانۆنامەنووس و فالکیش بەڕێوەبەری هونەری و ڕیژیسۆری ئەم شانۆیە.

ئەم دوو هونەرمەندە لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون شانۆیەکی ئینتیم لەسەر شێوازی شانۆکانی فەڕەنسا و ئەڵمانیا دابمەزرێنن، ساڵی دواتریش پلانەکانیان دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ستریندبێرگ دەستبەجێ دەکەوێتە نووسینی کۆمەڵێ شانۆنامەی نوێ و بە ماوەیەکی کورت چوار شانۆنامە بۆ ئەم شانۆیە دەنووسێت.

ئەم شانۆنامانە لەژێر کاریگەریی ستایلی (ژوورەنمایش)ی ڕیژیسۆری ئەڵمانی (ماکس ڕاینهارت) لە بەرلین دەنووسێت و دەقە شانۆییەکانیشی هەر بە (ژوورەنمایش) ناوزەد دەکات. هەر لەم کاتەدا، بەم شێوەیە چەمک و تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە شانۆی ئینتیم ڕوون دەکاتەوە: "ئەگەر ئێستا لە من بپرسن شانۆیەکی ئینتیم چیی دەوێت، مەبەست لە بیرۆکەی (ژوورەنمایش) چییە؟ دەتوانم بەم شێوەیە وەڵامی بدەمەوە: ئێمە لە دراماکەدا هەوڵی دۆزینەوەی هۆکارە پڕ لە مانا و بەهێزەکان دەدەین، بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار دایاندەڕێژینەوە. لە چارەسەرکردندا هەوڵی وەلاوەنانی هەموو جۆرە زەخرەفەکاری، کاریگەریی چاوەڕواننەکراو، چەپڵەڕێزان، ڕۆڵی بریقەدار و سەرەکی دەدەین. نابێت هیچ جۆرە فۆرمێکی

دیاریکراو نووسەر ببەستێتەوە، لەبەر ئەوەی هۆکارەکە خۆی، هەلومەرج بۆ فۆرم دادەنێت، بە مانایاکی تر سەربەستی لە چارەسەرکردندا، تەنها پابەندی یەکەی پرۆژە و شێواز و هێڵە هەستییەکان دەبن."

ستریندبێرگ ئەم دەقە شانۆییانە وەک جووڵە یان (تاکتێکی) مۆسیقی دەنووسێت: هەر شانۆنامەیەکیش تاکتێکی مۆسیقیی خۆی پێک دەهێنێت و تێکڕا پێکەوە پارچە مۆسیقایەکی چەند بەشی دەخوڵقێنن. جووڵەی یەکەم (باوبۆران)، دوای ئەوە (زەویی سووتاو) و (سۆناتای تارمایی و کەڵک) دێن.

ستریندبێرگ لەم ستایلە نوێیەدا، فۆرمێکی نوێ و زمانێکی جیاوازی شانۆیی دەخوڵقێنێت، فەلسەفە و ناوەڕۆکی ئەو شانۆنامە کورتانە قووڵ و پڕمانان، دنیادیدەیی و دونیایەکی گەورەی ئاڵۆز، هەندێک جار بە کەرەستەی دیاریکراو، زمانێکی سادە و لە هەمان کاتدا ئەتمۆسفێرێکی سوریالیستی بەرجەستە کراون.

ئەم شانۆنامانە وەک ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان) ڕەشن، بۆ نموونە کاراکتەری قوتابییەکە لە شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی)دا گەردوون بە شێتخانە ناوزەد دەکات، هەروەها چەندین جار وەک مەیتخانە یان دۆزەخ ناوی دەبات.

ستریندبێرگ لەوەوبەر ڕووداوی شانۆنامەکان، بۆ نموونە: بەرەو دیمەشق، تاوان و تاوان و ئەدڤێنت، لە دەرەوە، لە گۆڕەپانەکان، گۆڕستان، ناو باخچە، گوێ ڕووبارەکان ڕوو دەدەن و هەر وەک شانۆنامەکانی شەکسپیر بە بەردەوامی کات

و شوێن دەگۆڕێن، بەڵام شانۆنامەکانی (ژوورەنمایش) لە یەک شوێن، ناو ژوورێکی تەسک یان نزیک بانیژەیماڵەکان ڕوو دەدات.

ستریندبێرگ هەست بە گرینگی و بەهای ئەم شانۆنامانەی خۆی دەکات، هەروەها دەیشزانێت (ژوورەنمایش) شتێکی نویَ و جیاوازە، لەبەر ئەوە لە ڕێگەی نامەکانی و لەگەڵ بابەتی تری شانۆییدا هەوڵیداوە چەمک و بۆچوونەکان و فۆرمی ئەو شانۆ نوێیەی ڕوون بکاتەوە و بنەمایەکی تیۆرییان بۆ دابنێت. لەم ڕووەوە لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە لە ساڵی ١٩٠٧دا نووسیویەتی، سەبارەت بە (ژوورەنمایش) دەڵێت: "بابەتێکی بچووک، گشتگر و قووڵ چارەسەرکراو، کەسایەتی و ئەکتەری کەم، دیدێکی گەورە و فراوان، فەنتازییایەکی سەربەست، بەڵام زۆر بە وردی داڕێژراو، پڕ لە ئەزموون، ساکار، لەگەڵ ئەمەیشدا زۆر ساکار نا، دوور لە هەموو جۆرە ماشێنە کۆن و گەورەکان، هیچ یاسایەکی داڕێژراوی پێنج پەردەیی، ڕۆڵی بچووک و لاوەکی و شەوگاری درێژ لە خۆ ناگرێت."

هەر لەم کاتەدا، کە ڕۆژنامەکان بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (ئالا ڕەشەکان)ـەوە هێرش دەکەنە سەر ستریندبێرگ، خەڵکی و خوێنەرەکانی سەرلەنوێ بە چاوی گومانەوە تێی دەڕوانن و بەرەیەکی گەورە دژ بەم نووسەرە لە هەموو سوێددا دروست دەبێت، ستریندبێرگ خەریکی دامەزراندنی شانۆکەی دەبێت. شانۆی ئینتیم لە گەرمەی ئەو پشێوییەدا، شانبەشانی گوتارە ڕەخنەییە توندەکان، کە دژ بە ستریندبێرگ دەنووسرێن فۆرمی هونەریی خۆی وەردەگرێت.

ستریندبێرگ و فاڵک ئەمبارێک لە نزیک سەنتەری ستۆکهۆڵم دەدۆزنەوە و دەیکەن بە هۆڵ و بنکەی شانۆکەیان. دوای دۆزینەوەی ئەم ئەمبارە و شوێنی شانۆکەیان، بەم بۆنەیەوە خوانێک لە ماڵەکەی خۆیدا بۆ هەندێک لە میوانە هەڵبژاردەکانی ساز دەکات.


ستریندبێرگ پارەیەکی زۆر لەم شانۆیەدا خەرج دەکات و ڕۆژ بە ڕۆژ بە گرینگییەوە چاودێریی دروستکردنی خانووبەرەی شانۆکە دەکات، هەروەها دامەزراندنی ئەم شانۆیە چەندین گرفتی ماددیی بۆ دروست دەکات؛ کرێی شانۆکە، نۆژەنکردنەوەی شوێنەکە، مووچەی ئەکتەرەکانی و دارایی بەڕێوەبردنی شانۆکە دەبنە تەنگژە و سەرئێشە بۆی، هەر بۆ نموونە دەستبەجێ پێویستی بە دوو هەزار کرۆن دەبێت، بۆ ئەوەی یەکەم کرێی شانۆکەی بدات. ئەم ڕەوشە ستریندبێرگ ناچار دەکات بە نابەدڵی و بێزارییەوە بیر لە فرۆشتنی یاداشتگەلەکەی بکاتەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی دەکات بە دەزگای (بۆنیەر)ەوە، تاکە مەرجیشی بۆ فرۆشتنی ئەم یاداشتگەلەی ئەوە بووە، کە لە لای خۆی بمێنێتەوە تا بتوانێت بەردەوام بێت لە نووسینی ڕۆژانەیاداشتەکانی. لەم ڕووەوە لە نامەیەکیدا بۆ دەزگای ناوبراو دەڵێت: "ئێوە دەبێت ئەو بڕوایەتان بە من هەبێت، کە یاداشتگەلەکە لە لای خۆم بمێنێتەوە، تا بتوانم بەردەوام بم لە نووسینی یاداشتەکان و بەم شێوەیەیش گەشە بکات [...] من ئەم یاداشتگەلە بۆیە دەفرۆشم تا کرێی شانۆکەمی پێ دابین بکەم، ئەگەرنا ئەمە بازرگانی نییە بەم یاداشتگەلەوە

دەیکەم!  ئەگەر ئێوەیش هیچ ڕێگەیەکی تر لەبری ئەم پێشنیارەی من شک دەبەن، ئەوا پێم بڵێن! بێگومان ئێوە دەتوانن یاداشتگەلەکە لە لای من ببینن."

ستریندبێرگ لەگەڵ ئەم هەموو گرفت و قەیرانانەدا بەردەوام دەبێت لە سەر پلانە هونەرییەکانی شانۆکەی و بڕیار دەدات، کە دەقی شانۆنامەنووسانی تریش، نەک تەنها هەر شانۆنامەکانی خۆی، لەم شانۆیەدا نمایش بکرێن، بێگومان کە شانۆکە دەکرێتەوە ئەم قسەیەی ستریندبێرگ نابێتە واقیعێکی هەستپێکراو، بەڵکو تەنها شانۆنامەکانی خۆی تێدا نمایش دەکرێن.

شانۆی ئینتیم لە کاتی کردنەوەیدا تەنها ١٦١ کورسیی دانیشتنی بۆ بینەران لە خۆ گرتووە، تەختەی شانۆکە شەش مەتر درێژ و چوار مەتر قووڵ، ئەمەیش پێویستی بە ڕەوش و بارودۆخێکی جیاواز و خولقاندنی فۆرمێکی تازە بووە بۆ نووسینی شانۆنامەکان و نمایشکردنیشیان. ئەمانە هەمووی هەر لە سەرەتاوە دیدی ستریندبێرگ دەبێت بۆ نەخشە و سترەکتۆری هونەری ئەو شانۆ چاوەڕوانکراوە.

**(ژوورەنمایش) و سەرەتاکانی شانۆی ئینتیم**



شانۆی ئینتیم لە بیستوشەشی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٠٧دا بە شانۆنامەی (کەڵک) کە ستریندبێرگ بەتایبەتی بۆ ئەم شانۆ نوێیەی خۆی نووسیبووی، دەکرێتەوە.

ستریندبێرگ خۆی ئامادەی کردنەوە و شەوی یەکەمی نمایشەکە نابێت، لە ماڵەوە بە بێئارام چاوەڕوانی بەرئەنجام و دەنگۆی کردنەوەی شانۆکەی و کاردانەوەی بینەران دەکات.

(کەڵک) سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بە دەست ناهێنێت، ڕەخنەگرەکان بە توندی هێرش دەکەنە سەر نمایش و شانۆنامەکەیش، ئەمەیش دەبێتە هۆی قەیرانێکی ماددی و مەعنەوی بۆ ئەندامانی ئەو گروپە تازەیە و هەر دوای سیانزە جار، ناچار دەبن بە هۆی نەبوونی بینەرەوە نمایشەکە ڕابگرن.

بەپێی ئەو ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوانەی ئەمڕۆ لە بەردەستدان، سەرنەکەوتنی یەکەم نمایشی (کەڵک) دەگەڕێتەوە بۆ

تێنەگەیشتنی ڕێژیسۆر و کەمئەزموونیی ئەکتەرەکان، هەروەها هەندێک لە ڕەخنەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە نمایشەکە لە پلانێکی ساکاری ڕیالیستییانەی بەرتەسکدا بەرجەستە کراوە و بە هیچ شێوەیەک توخم و مەودا قووڵ و ترسناکەکانی دەقەکە نەدۆزراوەتەوە.

شانۆنامەی (کەڵک) بەنێو مەرزەکانی ناتورالیزم و شانۆیەکی ئێسپرێشیونیستدا گوزەر دەکات، ئەم دوو تەوژمە تێکەڵاو دەکات و دەروازەیەکی جیاواز و مۆدێرن بە ڕووی شانۆی سوێدی و شانۆی جیهانیشدا دەکاتەوە. ئەم شانۆنامەیە یەکێکە لە ڕەشترین و توندوتیژترین بەرهەمەکانی ستریندبێرگ، کە دژی ئافرەت نووسرابێت؛ کاراکتەری دایک ڕۆڵی سەرەکیی هەیە و بەرپرسیارە لە هەموو ڕووداو و کارەساتەکان و ئەو دۆزەخەی بۆ منداڵەکانی کردووەتەوە، کەڵکیش وەک ناونیشان مانایەکی مەجازی و دووفاق لە خۆ دەگرێت. ستریندبێرگ کەڵک وەک هاوکێشەیەکی گەڵتەئامێز و ئاڕاستەیەکی پێچەوانە و سیمبولیزم، دەبەخشێتە کاراکتەری دایک.

کەڵک باڵندەیەکە، ئەگەر خواردنی بۆ منداڵەکانی دەست نەکەوێت، ئەوا بەچکەکانی بە خوێنی خۆی پەروەردە دەکات، بێگومان ئەم وێنەیەش تەواو پێچەوانەی کاراکتەری دایکە لەم شانۆنامەیەدا، کە بەرجەستەی ساتەوەختێکی دژوار و کارەساتئاسای ئەم خێزانە و پەیوەندییەکانیان دەکات. کە شانۆنامەکەیش دەست پێدەکات باوکی ئەو خێزانە مردووە، کوڕ

و کچێکی لە دوای خۆیەوە بە جێ هێشتووە، هەمیشە برسییانە و لە سەرمادا هەڵدەلەرزن.

دایکی ئەم کوڕ و کچە پەیوەندییەکی نزیک و پڕ لە ڕاز و نهێنیی لەگەڵ زاواکەی هەیە، ئەم دایکە لە ڕێگەی نامەیەکی باوکە مردووەکەوە (مێردەکەی) تاوانبار دەکرێت بە دز، خۆپەرست و بەرپرسیاری یەکەمی مەرگی خۆیشی.

شانۆنامەکە بە دیالۆگێکی نێوان دایک و مارگرێتی کارەکەر دەست پێدەکات، هەر لە سەرەتاوە و لە ڕێگەی ئەم دیالۆگەوە هەموو هێڵە گشتی و گرفتە سەرەکی و گرینگەکانی شانۆنامەکە ئاشکرا دەبێت. هەر لەم دیمەنە کورتەیشدا بۆمان دەردەکەوێت مێردی دایک، واتە باوکی کوڕ و کچەکە، تازە بە خاک سپێردراوە، لەبەر ئەوە بۆنی مەرگ لەماڵەکە دێت و هەست بە نائارامی دەکەین و داهاتوویەکی نادیار چاوەڕوانی ئەم خێزانە دەکات.

هەر لەم دیمەنەیشدا خۆویستی، بەرچاوتەنگی و پیسکەیی کاراکتەری دایک دەردەکەوێت، دایک خۆیشی پەردە لە ڕووی خەونە ئیرۆتیکییەکانی لەگەڵ زاواکەیان هەڵدەماڵێت.

ئەم دەروازە و دەستپێکەی شانۆنامەکە، دواتر لە کۆمەڵێ دیمەنی تردا بە قووڵی هەموو نهێنییەکان ئاشکرا دەکەن و کاراکتەرەکان یەک لە دوای یەک پلان، خەون، ئارەزوو و نهێنییەکانیان بۆ یەکتر و بۆ بینەرانیش، بە شێوازێکی سوریالی، ڕیالیستییانە و خەونئامێز دەخەنە ڕوو.

ستریندبێرگ و فاڵک بۆ ڕزگارکردنی شانۆکەیان دەستبەجێ نمایشی کەڵک ڕادەگرن و لەبری ئەوە شانۆنامەی (خاتوو ژولیا) و (زەویی سووتاو) دەخەنە ڕیپۆرتوارەوە و نمایشیان دەکەن، ئەم شانۆنامانەیش ئەو سەرکەوتنە بە دەست ناهێنن، ئەمەیش قەیرانە داراییەکەی شانۆی ئینتیم قووڵتر دەکاتەوە و ستریندبێرگ دەخاتە ژێر باری قەرزەوە.

دوای ئەم قەیرانە و نمایشکردنی شانۆنامە ڕەشەکانی (ژوورەنمایش)، ستریندبێرگ هەندێک دەقی تری هەڵدەبژێرێت، کە فۆرم و ستایلێکی تریان دەبێت.

لە کۆتایی مانگی سێی ساڵی ١٩٠٨دا شانۆنامەکەی (کریستینا) پێشکەش دەکەن، ئەم نمایشە سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست دەهێنێت و بینەران بە هروژم ڕوو دەکەنە شانۆی ئینتیم. بەم شێوەیە شانۆی ئینتیم پێ دەنێتە قۆناغێکی ترەوە و بینەران بە شێوەیەکی تر ڕوو دەکەنە ئەم شانۆیە.

ساڵی ١٩٠٨ نووسەری بەناوبانگی ئینگلیز (جۆرج بێرناردشۆ) لەگەڵ خێزانەکەی سەردانی ستریندبێرگ دەکەن، ستریندبێرگیش یەکێک لەو شتانەی بە شانازییەوە پێشانی بێرناردشۆی دەدات، شانۆی ئینتیمە، هەروەها ستریندبێرگ ئەکتەرەکانی کۆدەکاتەوە و ناچاریان دەکات نمایشێکی خاتوو ژولیا، بەتایبەتی بۆ بێرناردشۆ و خێزانەکەی نمایش بکەن.

ستریندبێرگ لە هەمان کاتدا، کە خەریکی چالاکییەکانی شانۆی ئینتیم دەبێت و دەقە شانۆییە تازەکانی دەنووسێت، بەبێ ماندووبوون، بەردەوام دەبێت لەسەر نووسینی (کتێبە شینەکان).

بەشی یەکەمی لە پاییزی ساڵی ١٩٠٧دا بڵاو دەکاتەوە، هەزارەها دانەی لێ دەفرۆشرێت و لەنێو خوێنەراندا ڕەواجی زۆر دەبێت و ئەمدەست و ئەودەست دەکات، لە ساڵی ١٩٠٨یشدا بەشی دووەمی بڵاو دەکرێتەوە. ئەو پارەیەی لە قازانجی فرۆشتنی (کتێبە شینەکان) دەستی دەکەوێت، لە شانۆکەیدا بە کاری دەهێنێت و لە هەندێک لە قەرزەکانی ڕزگاری دەبێت.



**سۆناتای تارمایی**

ستریندبێرگ دوای سەرکەوتنەکانی شانۆی ئینتم بە شانۆنامەی کریستینا و سەردانەکەی جۆرج بێردناردشۆ و ئەو پێشوازییە گەرموگوڕەی لە بەشی یەکەم و دووەمی (کتێبە شینەکان) دەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانۆنامەکانی (ژوورەنمایش) و شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی) دەخاتە ڕیپۆرتواری شانۆی ئینتیمەوە. سۆناتای تارمایی، بۆ یەکەمجار لە بیستویەکی مانگی یەکی ساڵی ١٩٠٨دا لەسەر شانۆی ئینتیم پێشکەش دەکرێت. نمایشەکە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە، هەر وەک شانۆییەکانی تری (ژوورەنمایش)، کەڵک، زەویی سووتاو و باوبۆران، کە لەوەوبەر لەسەر شانۆی

ئینتیم پێشکەش کرابوون، دەکەوێتە بەر ڕەخنەی توندوتیژ، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە نمایشەکە تەنها دوای دوانزە جار ڕابگیرێت، دوای ئەوە (سۆناتای تارمایی) تا ستریندبێرگ خۆی لە ژیاندا مابوو، جارێکی تر پێشکەش ناکرێتەوە.

ستریندبێرگ، ئەم شانۆنامەیەی لە ئاوازێکی مۆسیقی (پیانۆ سۆنات)ی ژمارە دووی بیتهۆڤنەوە وەرگرتووە، ئەو پیانۆ سۆناتەی بیتهۆڤن یەکێک بووە لەو پارچە مۆسیقایانەی کە ستریندبێرگ خولیای بووە، گوێی لێ گرتووە و لە ناواخن و زمانە مۆسیقاییەکەیشی گەیشتووە.

ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا کاراکتەرەکانی ڕووبەڕووی ڕابردوویان دەکاتەوە، پەردە لەسەر هەموو نهێنییەکانی تاوان و شەڕ و گوناهکاری ژیانیان هەڵدەماڵێت. هەمیشە ئەو ڕابردووە ڕەشە ڕاویان دەنێت و دەبێتە تارماییەکی ترسناک و هەڕەشە لە ئێستا و داهاتوویان دەکات، هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوون و ڕزگاربوونیان نییە و تەنها ڕێگە ئەوەیە، کە مرۆڤ دەبێت باجێکی گرانی هەموو ڕووداوێکی ناهەمواری پڕ لە تاوانی ژیانی ڕابردووی خۆی بدات. تەنها گەنجەکان توانای ئەوەیان هەیە لەو تارماییانە قوتاریان بێت، لەبەرئەوەی گەنجەکان لە سەرەتای ژیاندان و ڕابردوویان نییە، بەڵام ستریندبێرگ ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، تاوان وەک چەمکێکی شەڕانگێز لە هەر قۆناغێکی ژیان و تەمەنی مرۆڤدا بکرێت، ژیان ژەهراوی دەکات. هەندێک جار گەنجەکان دەبنە قوربانیی دایک و باوک و باجێکی گەورە و سەختی گوناهەکانی ئەوان دەدەن، لەبەر ئەوە هەندێک جار ئەو

چەمکە ترسناکە ژیانی لاوەکانیش دەشێوێنێت، بەمەیش هیچ قوتاربوونێک لە ژیاندا بۆ هیچ کەسێک نامێنێتەوە.

ئەم شانۆنامەیە لە سەرەتادا بە شێوەیەکی سەرسوورهێن لە دەرەوەی خانووبەرەکاندا دەجولێتەوە، بەڵام بە شێوازێکی ئەفسووناوی و خێرا دەچێتە ناوەوە (ناوەوەی خانووەکە)، هەروەها لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا، لە ئێستایشەوە بۆ داهاتوو، لە ڕواڵەتیشەوە بۆ ڕاستی. ئەم گەشتە بەرجەستەی وێنەیەکی دەورانی ژیانە، لە گەنجێتییەوە بۆ پیربوون، لە پیربوونیشەوە بۆ دواوێستگەکانی ژیان و مەرگ. مەرگ کۆتاییهێنەری هەموو ڕووداوەکان، کاراکتەرەکان و تەنانەت ژیان خۆشیەتی. مەرگ جۆرێکە لە قوتاربوون و سەرفرازی لە گوناهـ و تاوان و ئازارەکانی دونیا.

### نامەی کراوە بۆ ئەندامانی شانۆی ئینتیم

ستریندبێرگ هەر لە سەرەتای کردنەوەی شانۆی ئینتیمەوە دەزانێت، کە ئەکتەرەکانی بێئەزموونن، ئاگوست فالکیش ئەو ڕیژیسۆرە نییە بتوانێت لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتیی ئەم ئەکتەرانە بدات. لەبەر ئەوە خۆی بە بەردەوامی هاریکاریی ئەکتەرەکانی دەکات، لە کاتی پرۆڤەکاندا یارمەتییان دەدات و بە بەردەوامی لە شێوەی نامەی کراوەدا ڕاڤەی ڕۆڵەکانیان بۆ دەکات و لە کاراکتەرەکانیان نزیکیان دەخاتەوە، دواتر ئەو پێشنیار و ئامۆژگاری و نامە و دید و ڕوونکردنەوانەی، کە ستریندبێرگ بۆ ئەکتەرەکانی دەنووسی، لە بەرگێکی ساکاردا لە لایەن دەزگای بۆنیەرەوە بڵاو دەکرێنەوە. چەند ساڵێک دواتریش

سەرلەنویّ ئەو نامانە لە بەرگێکی تایبەتدا، بە ناوی (نامەی کراوە بۆ شانۆی ئینتیم) بڵاو دەکرێنەوە.

ستریندبێرگ لەم نامانەدا زمان و فۆرمێکی ساکار و دوور لە هێما و تەمومژ بە کار دەهێنێت، وەک کەسێکی پیشەیی و دڵفراوان بۆچوونەکانی بۆ ئەکتەرە کەمئەزموون و گەنجەکانی دەخاتە ڕوو. ستریندبێرگ خۆی لە سەرەتای ژیانیدا وەک ئەکتەر دەست پێدەکات، دووجار ژنی ئەکتەری هێناوە، درامانووسێکی بەسەلیقە و ڕچەشکێن بووە و زۆربەی ئەکتەرە گەورەکانی سوێد هاوڕێی بوون، لەبەر ئەوە نامە کراوەکانی و لەو فۆرمە ساکارەدا پەیڤێکی قووڵە، پێناسەیەکی گشتگرە و شیکردنەوەیەکی بابەتیانەیە بۆ هونەری نواندن و بۆ دەقە شانۆییەکانی خۆی و بۆ ڕەهەندە دراماتۆرگییەکان. ژیانی ستریندبێرگ شانۆیەکی ئاڵۆز بووە، دونیایەکی پڕ لە ڕووداو و کارەکتەر: هەموو شتێک چاوەڕواننەکراوە، خەونە، کتوپڕییە، مەجازە، واقیعێکی سەرەوژوورە، سەفەرێکی بێکۆتاییە، هێماگەلێکی چڕە، ئەندێشەیەکی بێمەودایە، شاعیرێکی شەیدایە و زیندەخەونێکی بەردەوامە. دەتوانین ئەمە وەک پێناسەیەک بۆ شانۆنامەکانیشی دابنێین. لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە بۆ (شێشتین)، کچە نەمساوییەکەی لە (فریدا ئوول) نووسیویەتی، دەڵێت: "لە هەموو درامایەکدا دیمەنەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەروەها کەسایەتییەکانیش، بەڵام لە دوادیمەندا هەموویان دەردەکەونەوە و دێنەوە سەر شانۆ، شانۆنامەنووسەکە نابێت تەنها یەک کەسیش لە یاد بکات. ئەمەیش ڕێسا و بنەما

هەتاهەتاییەکانی هەموو درامایەک و ژیانیشە." ستریندبێرگ خۆیشی لە هەموو ژیانیدا، لەسەر ئەم بنەما و ڕێسایانە دەقە شانۆییەکانی وەک تۆڕی ماسیگرتن چنیوە، ڕووداو و کاراکتەر و ڕۆنانە درامییەکەی لەسەر بنەما و سترەکتۆرێکی پتەو دارشتووە.  بە هەموو شێوەیەک دەیویست ئەمەیش بۆ ئەکتەرەکانی شانۆی ئینتیم ڕوون بکاتەوە، تا لەم ڕێگەیەوە لە دونیای دەقەکانی بگەن.

ستریندبێرگ لە نامەکانیدا دەیویست ئەوە فێری ئەکتەرەکانی بکات، کە ئەکتەر هەر وەک شانۆنامەنووس دەبێت گوێگرێکی باش و زیندوو بێت؛ لەسەر شەقامەکان و لە قاوەخانە و لە بار و  تەنانەت لەسەر جێگەی نووستنیش گوێ لە هاوتوخمەکانی بگرێت.  دید و بۆچوونەکانی ستریندبێرگ بۆ هونەری نواندن لە واقیعەوە، لە چاودێریکردنێکی وردی خەڵکی و لە ئەزموونی مرۆڤ خۆیەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە.

ستریندبێرگ، کە شانۆنامەکانیشی دەنووسێت هەمان مێتود و هەمان سەرچاوە بە کار دەهێنێت؛ کاراکتەر و ڕووداوەکان لە ژیانەوە، لە خەونەوە و لە شیعرێکی بەرزی میتافۆرییەوە گوزەر دەکەن و لە دونیایەکی تری جیاوازەوە، بە جلوبەرگێکی ترەوە، بە زمان و ئاخاوتنێکی ترەوە، دێنەوە و لە پەیوەندییە تازەکاندا بەرجەستە دەبنەوە.

هەر لەم نامانەدا ستریندبێرگ ڕاڤەی هەندێک لە شانۆنامەکانی شەکسپیر دەکات، بەم شێوەیە و لەم ڕێگەیەیشەوە باسی خۆی و شانۆنامەکانی خۆی دەکات. ئەکتەر، ڕیژیسۆر و خوێنەر، کە لەم

نامانەدا لێکۆڵینەوە شەکسپیرییەکانی دەخوێنێتەوە، دەرگایەکی تری بە ڕووی ستریندبێرگدا بۆ دەکرێتەوە.

ئەم شانۆنامەنووسە لە سروشتی مرۆڤەوە، لەو کاتانەیەوە کە کەسێکی بەهێزە، بێهێزە، دڵفراوانە، شەڕخوازە، قینلەدڵە، دڵپیسە، میهرەبانە...هتد ڕاڤەی ئەکتەر و هونەری نواندن دەکات. نواندن بنەما و سترڤکتۆرێکی زیندووە لە ژیانی مرۆڤ خۆیەوە، لە دونیا چڕەکەی پەیوەندییەکانەوە، لە ساتەوەختە جیاوازەکانەوە وەردەگرێت و دەروازە بۆ ئەکتەرەکانی و بۆ هونەری نواندن دەکاتەوە. ستریندبێرگ دەیەوێت ئەوە لە ئەکتەرەکانی بگەیەنێت، کە شانۆ هونەرێکە لە چاوتروکانێکدا دەژی، هەر بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەر شەکسپیر و ڕاڤەی هاملێت-ان بۆ دەکات.

لە هاملێتەوە، لە گەمەی شێتی و لە نواندنێکی نواندنئامێزەوە بۆ دەوروصەرەکە و بۆ خودی خۆیشی، هونەری نواندن دەبێتە بنەمای گەڕان و گەشتێکی درێژخایەنی مرۆڤی ئەکتەر و ئەکتەری مرۆڤ.

هەر لەم نامانەدا، لە هاملێتەوە دەچێتە سەر ماکبێس، ئۆتێللۆ، ڕۆمیۆ و جولێت، باوبۆران، لیری پادشا، هێنریکی حەوتەم و خەونی شەوێکی چلەی هاوین، ئەمە جگە لەوەی چەند باسێکی تریان لەژێر ئەم ناونیشانانەدا، بۆ دەنێرێت: "کۆکردنەوەی دید و بۆچوونەکانی ڕێژیسۆرێک بۆ ئەندامانی شانۆی ئینتیم، دراما مێژووییەکانی شەکسپیر، هەندێک تێبینی و هەڵوێست سەبارەت بە ڕەخنە و هونەری نواندن، پاشکۆیەک دەربارەی قەیرانی شانۆ." ستریندبێرگ لە هونەری نواندنەوە وانەیەکی چڕ و بەپێز دەربارەی

شەکسپیر بە ئەکتەرەکانی دەڵێتەوە و ئاستی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی هونەرییان بەرز دەکاتەوە.

ئەم نامانە چەندە ئاراستەی ئەکتەرەکانی شانۆی ئینتیم کراون، هێندەیش گرینگن بۆ ڕیژیسۆر و ڕۆڵی ڕیژیسۆر لە پرۆسە کردەییەکەی هونەری شانۆدا، ڕیژیسۆر دەبێتە خوێنەرێکی گرینگی شانۆنامەکە، پردێکی پتەوی نێوان شانۆنامەنووس و ئەکتەرەکان و دواتریش بینەران.

ئامۆژگارییەکانی ستریندبێرگ بۆ ڕیژیسۆر ئەوەیە، کە نەکەوێتە تەڵەی تەمومژاوی و وێنەی هەڵە و گرانکردنی تێگەیشتنەوە و هەوڵ بدات لە دیدێکی ساکار و تێگەیشتنێکی ورد و قووڵی دەقەکە و ڕەوشی ئەو ڕۆژگارەوە مامەڵە لەگەڵ هونەری ڕیژی و ئەکتەرەکانیش بکات.

### شانۆی ئینتیم و هەستانەوەیەکی تر

شانۆی ئینتیم، دوای پێشکەشکردنی شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی) کە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بە دەست ناهێنێت و ناچار دەبن نمایشەکە ڕابگرن، ستریندبێرگ لەوە دەگات بینەران لە ئەزموونی (ژوورەنمایش) ناگەن. لەبەر ئەوە ڕێپۆرتوارێکی تر بۆ شانۆی ئینتیم لە کۆمەڵێک لە شانۆنامە کۆن و نوێیەکانی ڕێک دەخات. بۆ ئەم پلانە تازەیەی شانۆنامەی (جەژنی هەڵسانەوە، هەردوو بەشی سەمای مەرگ، وەک قوو سپی و باوک) هەڵدەبژێرێت. ئەم شانۆنامانە وزە و هێزێکی تر بەم شانۆ بچووکە و بە ڕەوتی شانۆی سوێدی و ستریندبێرگیش دەبەخشن.

ستریندبێرگ لەم کەرنەڤاڵە نوێیەی شانۆکەیدا، بەتایبەتی بە سەرکەوتنی شانۆنامەی (باوک) خۆشحاڵ دەبێت: فالک خۆی ڕۆڵی (کاپتن) دەبینێت و کچەکەشیان (بێرتا)، کچە ئەکتەرێکی گەنج (فانی فالکنەر) کە ستریندبێرگ حەزی لێ دەکات، دەبینێت.

ڕەخنەگرەکان هەر بە باشی باسی نمایشەکە ناکەن، بەڵکو باسی دەقەکەیش وەک یەکێک لە گرینگترین شانۆنامەکان ئاماژەی بۆ دەکەن. ستریندبێرگ دیالۆگ و دیمەنی یەکەم و ئەو شتانە لادەبات کە پەشیمانە لێیان، بەمەیش دەقەکە زیاتر چڕ دەکاتەوە، چ دیالۆگ و چ وێنای کارشتەرەکان لە یەکتر نزیک دەخاتەوە و تۆنێکی پڕ لە ئازار، شەڕ و لە هەمان کاتدا لێبووردەیی لە خۆ دەگرێت.

شانۆی ئینتیم بە نمایشەکانی جەژنی هەڵسانەوە و باوک، دەکەوێتەوە سەر پێی خۆی و سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست دەهێنێت. دوای ئەوە ستریندبێرگ بیر لەوە دەکاتەوە هەر سێ بەشەکەی (بەرەو دیمەشق) پێشکەش بکات، هەر بەشەی شەوێک و بەو شێوەیەیش لە سێ شەودا هەر سێ بەشەکەی ئەم سێینەیە نمایش بکرێتوبەڵام ئەم پلانە سەر ناگرێت و لەبری ئەوە شانۆنامەی (وەک قوو سپی) پێشکەش دەکرێت، فانی فالکنەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بە شێوازێکی ساکار و بە نواندنێکی ئاسایی ڕێگەی خۆی بۆ ناو دڵی بینەران و ڕەخنەگرانیش دەکاتەوە.

شانۆی ئینتیم تەنها چوار ساڵ بەردەوام دەبێت و بە هۆی بارێکی گرانی داراییەوە، ناچار دەبن شانۆکە لە مانگی دوانزەی

ساڵی ١٩١٠دا، دوو ساڵ بەر لە مردنی ستریندبێرگ دابخەن، بەڵام ئەم شانۆیە، لەو چەند ساڵەی تەمەنیدا دەتوانێت بیستوچوار شانۆنامەی ستریندبێرگ نمایش بکا، هەروەها تێکڕا ١٠٥٢ جاریش ئەو نمایشانە پێشکەش کراون. ئەمە جگە لەوەی لە دەرەوەی شاری ستۆکهۆڵم و لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی سوێد نمایشەکانیان پێشکەش کردووە و بە گەشتی هونەریش لە نەرویژ و دانیمارک، بەشێک لە بەرهەمەکانیان پێشکەش کردووە.



# بەشی دوانزە

# لەدەستدانی تەواوی هارییەت بۆسە و

# ژیان لە تاوەری شین

بەهاری ساڵی ١٩٠٨ هارییەت لە نامەیەکدا ستریندبێرگ ئاگادار دەکاتەوە، کە شووی بە هاوتەمەنێکی خۆی بە ناوی (گونار فینگۆر) کە ئەویش ئەکتەرە و لە بواری شانۆدا پێکەوە کار دەکەن، کردووەتەوە. ئەم هەواڵە بۆ ستریندبێرگ شتێکی چاوەڕوانکراو دەبێت، لەوەوبەر ناکۆکییان هەبووە و بۆ چەندین جار جیابوونەتەوە و بە یەکەوە نەگونجاون، هەروەها ستریندبێرگ هەستی بە پەیوەندییەکانی تری هارییەت، بەتایبەتیش بە گونار فینگۆرەوە کردبوو.

ستریندبێرگ لە خەونەکانیدا لەگەڵ هارییەت دەژی و لە یادەورەییەکانیدا بە وردی باسی ئەوە دەکات، کە چۆن لەسەر جێگە پێکەوە دەژین. لە ئەندێشەکانیدا، بە شەو هارییەت بەردەوام سەردانی دەکات، دەچنە جێگەوە لەگەڵ یەک و لە ڕۆح و جەستەی یەکتردا دەتوێنەوە، بە شێوەیەکی قووڵتر لەسەر جێگەکردن و سێکس لەگەڵ جەستەی وەهمئامێزی هارییەت شەوگار بەسەر دەبات و هەست بە گیانی و بە دڵی دەکات، کە لەناو دڵی ئەودا لێدەدات و خۆی و هارییەت لە یەک جەستەدا دەبینێت. لەم قەیران و تەنگەژە دەروونییەدا، بە تەنیا و لە تەنیاییدا دەچێتە خەڵوەتەوە و یادی هەموو ئەو ڕۆژانە دەکاتەوە، کە لەگەڵ هارییەت بەسەری بردوون: ڕۆژی زەماوەندکردنیان، ماڵدروستکردنیان، شەڕەکانیان، ئەو کاراکتەرانەی بەتایبەتی بۆ ئەوی نووسیبوون...هتد. دەگەڕێتەوە سەر یادەوەری و یاداشتەکانی، بەو ڕۆژانەدا دەچێتەوە و

شەوگاری تری وەهمی لە یادەوەرییەکانیدا تۆمار دەکات و خەونی پێوە دەبینێت.

هەموو شتێک کۆتایی هاتووە، بەڵام هەموو شتێک سەرەتایەکی تر لەنێو تەنیایی و ئازار و خەم و پەژارەدا لە خۆ دەگرێت. چەند کورتەچیرۆک و ڕۆمان، لەسەر ستایل و بنەماکانی هونەری گێڕانەوە و سەرگوزشتە دەنووسێت، سەرگوزشتەیەکی خۆشەویستی لەگەڵ وەهمی واقیعێکی بزربوو، واقیعێکی بەسەرچوو دروست دەکات و خۆی دەبێت بە پاڵەوانی سەرەکیی ئەم داستانە سەرگوزشتەئامێزانە. جگە لە بەرهەمەکانی، بە بەردەوامی کار لەسەر یاداشتگەلەکەی دەکات و ڕۆژانە خەونەکانی تۆمار دەکات، پەیوەندییە ڕۆحییە جەستەییە نەبینراوەکەی خۆی و هارییەت، بە زمانێکی شیعری و هەندێک جاریش لە وێنە و هێما و سیمبوڵدا دەنووسێتەوە. لە مانگی چواری ساڵی ١٩٠٨دا، لە یاداشتگەلەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە خەونیدا، لە هۆتێلێکی گەورەدا بە دوای ژوورەکەی خۆیدا گەڕاوە، چووەتە ئاسانسوارەکەوە و دەستبەجێ لە ژێریدا پچڕاوە و بە گرمەگرمێکی ترسناکی گەورە کەوتووەتە خوارەوە، بەڵام قوتار بووە و لەو ڕووداوە کارەساتئاسایەدا هیچی لێ نەهاتووە.

ستریندبێرگ سەبارەت بەم خەونەی خۆی، کە لە یاداشتەکانیدا تۆماری کردووە، دەڵێت: "خەبەرم بووەوە! بیرم کردەوە ڕەنگە ئەوە شانۆی ئینتیم بێت، من وەک ئاسانسۆرێک پێیدا سەرکەوتووم و لەژێر پێمدا دارماوە، یان ئەم خەونە مانای

سەرلەنوێ بەئاگاهاتنەوەی عیشقەکەی منە بۆ هارییەت، کە سەرلەنوێ گەنج بووەتەوە، هەروەها منیشی پاکژ کردووەتەوە، لەبەر ئەوەی چواردە ڕۆژە هیچ مەییم نەخواردووەتەوە و بە وردی چاودێریی خۆمم کردووە، ئەم کاتە بە عیشقی خۆی تێپەڕیوە و ئێستایش ئەو عیشقە کەمبووەتەوە و بەرەو نەمان دەچێت."

ستریندبێرگ جگە لە وەهم و یاداشتەکانی بەردەوام نامەیش بۆ هارییەت دەنووسێت و لەسەر دوو ئاست: وەهم، یاداشت و خەونەکانی؛ واقیع: لە ڕێگەی نامەکانیەوە بەردەوام لەگەڵ هارییەت لە پەیوەندیدا دەبێت و نامەی عیشقی بەسەردا دەبارێنێت، هەروەها لە هەموو نامەکانیدا ئەوە بۆ هارییەت دووبارە دەکاتەوە، کە ئەو بەرگەی مانگی هەنگوینی و شەوی یەکەمی هاوسەرگیری ئەو ناگرێت، لە یەکێک لە نامەکانیشیدا بە ڕاشکاوی دەڵێت: "من خەریکی خۆئامادەکردنی شەوی خوێناویی خۆمم." هارییەت و گونار فینگۆر لە کۆتایی مانگی پێنجدا زەماوەند دەکەن، ڕۆژی دوایی ئەم نووسەرە بێدەرەتانە لە یاداشتەکانیدا، لە خەیاڵدا سەردانی هارییەت دەکات و لەبری مێردە تازەکەی لەگەڵی دەچێتە جێگەوە. لە نێوان چێژێکی گەورە و ئازارێکی زۆردا دەژی: چێژی ئەندێشە و ئازاری واقیع – هەر لەم ڕۆژانەیشدا لە یاداشتەکانیدا ئەوەی تۆمار کردووە، کە بەردەوام دەگری: "هێندە گریام ڕۆحم خەریک بوو لە جەستەم ڕابکات."

ستریندبێرگ له کۆتایی مانگی شەشدا، له یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: "دوای شەست ساڵ ئەشکەنجە! داوا له خودا دەکەم لەم ژیانه ڕزگارم بکات! ئەو شادمانییه بچووکەی هەبوو، وەهم یان درۆ! تەنها شتێک له ژیاندا هەر کارکردن! بەڵام ئەمەیش له هەندێک ڕووەوه کارێکی بێهوودە یان بێسوود یان زەرەرمەند! ژن، منداڵ، ماڵ هەمووی هەر ساختە بوون! تەنها شتێک وەهمی بەختەوەریی پێ دەبەخشیم شەراب بوو! هەر لەبەر ئەوەیش بەردەوام دەمخواردەوە."

له هەمان کاتدا تووشی ئازارێکی بەهێزی ناو سک دەبێت، هارییەت بە هۆکاری ئەم ئازارە تاوانبار دەکات و هەست دەکات ژیان له تەواوبووندایه و مەرگ بەڕێوەیه. چەند پزیشکێک سەردانی دەکەن و چارەسەری بۆ دەنووسن، بەڵام هیچ شتێکیش نادۆزنەوە مایەی مەترسی بێت، ئەمەیش سەرەتای نەخۆشییە گەورەکەی ستریندبێرگ دەبێت، کە کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت.

## فانی فاڵکنەر و جێگەیەکی تر بۆ خۆشەویستی



ستریندبێرگ لەم گێڕاوەدا، لە شانۆی ئینتیم کچێکی کۆمبارس، کە تەمەنی تەنها حەڤدە ساڵان دەبێت، بە ناوی (فانی فاڵکنەر)ەوە سەرنجی ڕادەکێشێت. دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ گرینگی بەم کچە دەدات و بڕیاریش دەدات لە شانۆنامەی (جەژنی هەڵسانەوە)دا ڕۆڵی (ئێلیۆنۆرا) کە سەرەکیترین کارشکتەری دەقەکەیە و شانۆی ئینتیم لەو کاتەدا خەریکی خۆئامادەکردن دەبن، ببینێت، بەمەیش دەیەوێت بە شێوەیەک لە شێوەکان فانی فاڵکنەر بخاتە جێگەی هارییەت و ئەو ڕۆڵەی ئەوی پێ ببەخشێت و بیکات بە ئەکتەر و لەبری هارییەت کەسایەتیی تایبەتی لە شانۆنامە تازەکانیدا بۆ بنووسێت.

ئەم نووسەرە لەگەڵ هەموو کێشەکانی ئەو ڕۆژگارانەیدا، بە بەردەوامی فانی فاڵکنەر دەبینێت، لە ڕێگەی ئەویشەوە دەزانێت هارییەت چی دەکات و چۆن دەژی. فانی فاڵکنەر هەموو هەواڵەکانی بۆ دەهێنێت و لە هەموو شتێک ئاگاداری دەکاتەوە.

کە هارییەت بە تەواوی وازی لێ دەهێنێت و شوو دەکاتەوە، ستریندبێرگ ئەو خانووەی بەتایبەتی بۆ هارییەتی پێکەوە نابوو و پێکەوە تیا دەژیان، چۆڵ دەکات. هەر لەسەر پێشنیازی فانی فاڵکنەر دەگوێزێتەوە بۆ نهۆمێکی نوێ لە درۆتنینگاتانی ژمارە ٨٠، خانووبەرەیەک خانەوادەکەی فانی فاڵکنەر دەیاندا بە کرێ و سەرپەرشتییان دەکرد.

ستریندبێرگ لە یانزەی مانگی حەوتی ساڵی ١٩٠٨دا دەگوێزێتەوە بۆ ئەم خانووبەرە نوێیە و هەر هەمان ڕۆژ بە تەواوی واز لە نووسینی یادەوەرییەکانیشی دەهێنێت و بۆ هەتاهەتایە یاداشتگەلەکەی دادەخات. لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە لەم ماوەیەدا نووسیویەتی، دەڵێت: "کارلاڤێگنی ژمارە ٤٠ کۆتایی هات و چیی تر بوونی نییە! قۆناغێکی حەوت ساڵیی ژیانم تەواوبوو! خوای بەخشندە دەیدات و هەر ئەویش لێت وەردەگرێتەوە!"

ستریندبێرگ، کە لە کارلاڤێگن دەگوێزێتەوە، لە جلەکانی زیاتر هیچ شتێکیماڵەکە لەگەڵ خۆی نابات تا ڕزگاری بێت لە هەموو یادەوەرییەک و لە هەموو شتێک، کە هارییەت و ئەو ڕۆژگارەی بهێنێتەوە یاد.

ئەم شوێنە تازەیە دەبێت بە دواناونیشان و دوامالّی تا لە چواردەی مانگی پێنجی سالّی ١٩١٢دا کۆچی دوایی دەکات. کە دەیشگوێزێتەوە بۆ ئەم ئەپارتمانە نوێیەی، چەندین یادەوەریی تری لە لا زیندوو دەبنەوە، ژینگەی ئەم ئەپارتمانە لە قۆناغەکانی تری ژیانیدا جێگەیەکی گرینگیان هەبووە و شانۆی کۆمەلّێ ڕووداوی سەردەمی مندالّی و هەرزەکاریی ئەو بوون.

ستریندبێرگ لەم شەقامە و ناوچەکانی دەورووبەریدا ژیاوە، لە قوتابخانەکانی ئەم ناوچەیەدا خوێندوویەتی و لەگەلّ بنەمالّەکەیدا سەردانی کلّێساکەی ئەوێیان کردووە. هەر لەم ناوچەیەدا سیری، ژنی یەکەمی دەناسێت، کە لەو دەمەدا لەگەلّ مێردەکەی لەو ناوە دەژیان: سیری و مێردەکەی لە هەمان خانووبەرەدا دەژیان، کە لەوەوبەر مالّی باوانی ستریندبێرگ بووە و بە مندالّی لەم خانووەدا گەورەبووە.

هەروەها ستریندبێرگ هەر لەم ناوچەیەدا و لە ناوەندێکی ئەرشیفدا، کە تەمەنی سی سالّ دەبێت بە دوای بەلّگە و دۆکیۆمێنتدا دەگەڕێت لەسەر مێژووی ستۆکهۆلّم. سالّی ١٨٧٩ کتێبێک بە ناوی (ستۆکهۆلّمی کۆن)ـەوە دەنووسێت، کتێبەکەیش لە ڕوانگەی ژیانی خۆیەوە باسی مێژووی ئەم شارە دەکات و ئەم شەقامە شوێنێکی گرینگی لەم کتێبەدا داگیرکردووە.

## تاوەری شین و ژیانێکی تەنهایی

دوای ماوەیەک ئەم هەوارە تازەیەی بە (تاوەری شین) ناوزەد دەکات، هەر زوویش ئەم ناوە بە هەموو ستۆکهۆڵمدا بڵاو دەبێتەوە. هۆکاری ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە لەسەر سووچی ئەو باڵەخانەیەی ستریندبێرگی تێدا ژیاوە، دوکانێکی وردەواڵەفرۆش هەبووە و شتی لە لا کڕیوە. ئەم دوکانە زەرفێکی تایبەتی هەبووە تا کڕیارەکانی ئەو شتانەی تێبکەن، کە لەو دوکانە کڕیویانە، لەسەر ئەو زەرفەیش وێنەی هەموو خانووبەرەکەی بە ڕەنگی شین لەسەر کێشراوە. ستریندبێرگ ئەو زەرفانەی لە دوای بەکارهێنان فڕێ نەداوە، بەڵکو لەبری ئەوە وێنەی سەر زەرفەکە دەبڕێت و دەینووسێنێت بەو نامانەوە، کە بۆ خەڵکی ناردوون. لە کۆتایی هەموو نامەیەکیشدا دەنووسێت (لەگەڵ سڵاوی ستریندبێرگ لە تاوەرە شینەکەوە).

ئێستا ئەم دواماڵەی مۆزەخانەیە و هەندێک لە شتە تایبەت و کتێب و کەلوپەلەکانی ستریندبێرگی تێدا پارێزراوە.

ستریندبێرگ لەم تاوەرە شینەدا بە تەنها دەژی، بەڵام هەر لەم تاوەرەدا و لەم چەند ساڵەی دوایی تەمەنیدا گەلێک فرەبەرهەم بووە، لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵدا زیاتر لە بیستودوو بەرهەمی تازەی نووسیوە، شانۆنامە، پرۆسە، ڕۆمان، پەخشان، بابەتی ڕۆژنامەوانی، لێکۆڵینەوەی زمان و هەزارەها نامە.

ئەو شانۆنامانەی لەم تاوەرە شینەدا دەیاننووسێت، دوو ئاراستەی جیاواز و لە دوو فۆرمی دژبەیەکدا کۆدەبنەوە، بۆ نموونە فۆرمێکی بچووکی (ژوورەنمایش) بۆ شانۆکەی خۆی (شانۆی ئینتیم) لە لایەک، شانۆنامەی گەورەی پێنج پەردەییش بۆ شانۆ گەورەکان، لە لایەکی ترەوە. هەر لەم تاوەرەیشدا کۆتایی بە کتێبە گەورەکەی (کتێبە شینەکان) دەهێنێت.

**هاوینێکی تەنها و شانۆنامە مێژووییەکان**

ستریندبێرگ لە یەکەم هاوینی ژیانی ئەم تاوەرە شینەدا سێ شانۆنامەی مێژوویی دەنووسێت: دوایین سوارچاک، سەرۆکی کاتەکیی دەوڵەت و بیالبۆ-یارڵ. ڕووداوەکانی دوو شانۆنامەی یەکەمیان لە سەدەی شازدەدا ڕوو دەدەن و کاراکتەرەکانیشی هەر لەو زەمەنەوە هێناوە.

ستریندبێرگ، هەر بە ماوەیەکی کورت لەسەر داوای دراماتن (شانۆی پادشایەتی) و بۆ یادی شەست ساڵەی لەدایکبوونی خۆی شانۆنامەی (دوایین سوارچاک) دەنووسێت. ئەم شانۆنامەیە باسی کەسایەتیی ناسراوی سوێدی (ستێن ستورە) دەکات و ستریندبێرگ هەموو شانۆنامەکەی لەسەر قسەیەکی ئەم پیاوە، کە دەڵێت: "هەموو ئەو شتانەی دەتانەوێت خەڵکی بۆ ئێوەی بکات، پێویستە ئێوەیش بۆ خەڵکی بکەن" ڕۆناوە.

ستریندبێرگ لەم شانۆنامە مێژووییەیدا، ئەو تەنزە دووپات دەکاتەوە کە ژیان لە خۆی دەگرێت، ئەسپسوارێکی مەسیحیی

بەئەمەک و مرۆڤپەروەر، دەبێتە جێگەی گاڵتەوگەپی کڵێساکەی خۆی و کەوتنە پەراوێزەوە.

ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە مەسەلەی دەسەڵات لە دوو بۆتەدا دەگیرسێتەوە، وەرگرتنی ڕێچکەیەکی ماکیاڤیلی یان ڕەوتێکی ڕیالیزمیی پراگماتیزمی، ئەم مەسەلەیەیشیان زیاتر لە شانۆنامەی دووهەمیدا (سەرۆکی کاتەکیی دەوڵەت) کە باسی ژیانی شا گوستاڤ ڤاسایەکی گەنج دەکات، بە شێوەیەکی قووڵتر ڕەنگدەداتەوە.

ستریندبێرگ سەرلەنوێ لە (سەرۆکی کاتەکیی دەوڵەت)دا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ژیانی گوستاڤ ڤاسا، ڕووداوەکانی شانۆنامەکەیش باسی ئەو زەمەنە دەکات، کە گوستاڤ ڤاسا دەسەڵات دەگرێتە دەست، خودی شانۆنامەکە بە گرتنە دەسەڵاتی پادشایەتیی گوستاڤ ڤاسا کۆتایی دێت.

ستریندبێرگ لە چوار شانۆنامەدا مامەڵەی لە ڕەوشی وڵات و ژیان و سیاسەتی گوستاڤ ڤاسا وەک پادشایەکی تاکڕەوی ئەم وڵاتە کردووە، لەم شانۆنامەیەدا ڕووبەڕووی گوستاڤ ڤاسایەکی گەنج دەبێتەوە.

ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا دیدی خۆی بۆ کەسایەتیی ئەم پادشایە ڕوونکردووەتەوە و ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە گوستاڤ ڤاسایەکی پراگماتیکی کەسێکی لەبارە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست و وڵات بەڕێوە بەرێت. ئەم پادشایە ڕێگە بە هیچ شتێک نادات ببێتە بەربەست لە بەردەم هەوڵەکانی بۆ بونیادنانی سویدێکی ئازاد و سەربەست.

ستریندبێرگ بۆ یەکەمجار لە شانۆنامەی (ئوستاد ئولۆن)دا وێنەی کاراکتەری گوستاڤ ڤاسامان بۆ دەکێشێت، کە دژی بیروبۆچوونەکانی ئولۆف دەوەستێتەوە، بەڵام لە شانۆنامەی (گوستاڤ ڤاسا)دا، کە تایبەتە بە ژیانی گوستاڤ ڤاسا و ڕووداوەکانی، وێنەی ئەو پادشایەمان پیشان دەدات، کە زۆر بە خێرایی بڕیار دەدات، ئەمەیش دەبێتە هۆی چەندین هەڵە و بەدحاڵیبوون و لە کۆتاییشدا بە سزای خۆی دەگات.

لەم دوو شانۆنامەیەی کۆتاییەکانی ژیانیدا کەسایەتیی گوستاڤ ڤاسا لە چەقی ڕووداوەکاندا نییە، هێندەی بڕیارەکانی و ئەو ڕووداوانەی لە دەوری ئەو دەسووڕێنەوە، لە چەقی شانۆنامەکاندان و کار دەکەنە سەر ڕێچکەی ڕووداوەکان.

شانۆنامەی سێیەمیشیان (بیالبۆ- یارڵ) کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٩دا تەواوی دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ سەر کەسایەتییە مێژووییە گەورەکان و مەسەلەی ئازادی و هەر لە ڕوانگەی ئەو کەسایەتییانەوە ڕووداوەکان لەو دەمەی سوێددا دروست دەکات. ستریندبێرگ لەم دوا شانۆنامانەدا بە تەواوی دیدی خۆی بۆ مێژوو و لە مێژوودا ڕوون دەکاتەوە و مێژوو دەکات بە پردێک بۆ چوونە ژوورەوەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە و شیکردنەوەی ڕەوشە سیاسی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان. هەرچەندە ئەم دوابەرهەمە مێژووییانەی ستریندبێرگ لەسەر شانۆکانی دراماتن و شانۆی سوێدی و هەندێک لە شانۆکانی تری دەرەوەی شاری ستۆکهۆڵم نمایش دەکرێن، بەڵام هیچیان سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنن.

ئەم شانۆنامانەی لەناو بەرهەمەکانی تریدا و بە بەراورد لەگەڵ ڕەوتی شانۆنامەکانیدا ئەو بایەخەیان نییە، ئەمەیش لە زۆر ڕووەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ستریندبێرگ ڕووداوەکانی لە چاخەکانی ناوەڕاستدا گیرکردووە، فۆرمێکی سەرگوزشتە و چیرۆکە کۆنەکان لە خۆ دەگرن و لە ئەتمۆسفێرێکی کۆن و کۆنباودا دەسووڕێنەوە.

## فانی فاڵکنەر، ئەڵتەرناتیڤ یان شازادەی تاوەری شین

فانی فاڵکنەر، کە وێنەیەکی تەواو پێچەوانەی هارییەت دەبێت، لە یەکەم ساڵی ژیانی ستریندبێرگدا لەم تاوەرە شینەدا، بەردەوام سەردانی دەکات. ئەم ئافرەتە گەنجە لە بنەڕەتدا خەریکی وێنەکێشان دەبێت، نەک شانۆ و بە ڕێکەوت و بە هۆی هاوڕێیەکییەوە لە شانۆی ئینتیم دەگیرسێتەوە. ستریندبێرگ وەک پەرچەکردارێک لە جیابوونەوەکەی لە هارییەت و تەنهایی و ژیانێکی نائارامدا دەیەوێت گرینگیی پێ بدات و بیکات بە ئەکتەر.

پاییزی ساڵی ١٩٠٨ کە ئاوگوست فاڵک و شانۆی ئینتیم خەریکی خۆئامادەکردن و پرۆڤەی شانۆنامەی (وەک قوو سپی) دەبن، کە ستریندبێرگ لەوەوبەر بەتایبەتی بۆ هارییەتی نووسیبوو، ئێستا دەیەوێت فانی فاڵکنەر ئەو ڕۆڵە ببینێت. ستریندبێرگ دەیەوێت فانی فاڵکنەر لە جلوبەرگەکانی هارییەتدا ببینێت و وێنەیەکی تری هارییەت لە واقیع و لە خەیاڵدا دروست دەکات. ستریندبێرگ هەموو ڕۆژێک ئامادەی پرۆڤەکانی شانۆنامەی (وەک قوو سپی) دەبێت و بە شێوەیەکی چڕ و ڕاستەوخۆ یارمەتیی ڕیژیسۆری نمایشەکە دەدات، بەتایبەتیش خۆی لەگەڵ ڕۆڵەکەی

فانی فاڵکنەرماندوو دەکات و هەوڵ لەگەڵ ئەو کچە گەنجە بێئەزموونە دەدات، تا بتوانێت ئەو ڕۆڵە گران و سەراپاگیرە لە هەموو ڕوویەکەوە ببینێت.

کە لە کۆتایی مانگی دەی ساڵی ١٩٠٨دا شانۆنامەکە لەسەر شانۆی ئینتیم نمایش دەکرێت، فانی فاڵکنەر سەرکەوتنێکی باش بە دەست دەهێنێت و ڕەخنەگرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەو ئەکتەرە گەنجە بێئەزموونە وەک پاکیزە لە ڕۆڵەکەیدا بەرجەستە بووە.

ستریندبێرگ دواتر فانی فاڵکنەر وەک بەردەست و سکرتێری خۆی دادەمەزرێنێت و مووچەیەکی بۆ دەبڕێتەوە و بە هەموو شێوەیەک خۆی لێ نزیک دەکاتەوە.

فانی لە ماڵەوە کتێبەکانی بۆ ڕێک دەخات، نووسینەکانی بۆ پاکنووس دەکات، ڕۆژنامەی بۆ دەکڕێت و تەنانەت هەندێک کاروباری ناوماڵیشی بۆ ڕایی دەکات، بەڵام کە ستریندبێرگ دەکەوێتە پێشکەشکردنی دیاری و دەیەوێت جلوبەرگی گرانبەهای بۆ بکڕێت، خانەوادەکەی فانی بە شێوەیەکی بەهێز بەرپەرچی ستریندبێرگ دەدەنەوە و دەیوەستێنن.

ستریندبێرگ ناچار دەبێت لە نامەیەکدا داوا لە فانی فاڵکنەر بکات، کە چیی  تر بە تەنها سەردانی نەکات بۆ ماڵەوە: "بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەموو بەدحاڵیبوون و دەرگاکردنەوەیەک، کە ئارامیمان بشێوێنێت، بگرین؛ داوات لێ دەکەم کە چیی تر ئێوە بە تەنها نەیەنە ژوورەکەمەوە." ئەمەیش بۆ ستریندبێرگ دەبێتە گێژاو و تەنگەژەیەکی تر، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە نوێیەیش دەکەوێتە نووسینی شانۆنامەیەکی نوێ، کە لە (هەزار و یەک شەو)ـەوە وەریدەگرێت.

## کەوشەکانی ئەبو قاسم



ستریندبێرگ لە ماوەی تەنها یەک هەفتەدا، لە یەکی نۆوە بۆ هەشتی نۆ شانۆنامەی (کەوشەکانی ئەبو قاسم) دەنووسێت، بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیەیش تەنها سوودی لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوەوە وەرنەگرتووە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی وردی (قورئان)یشی کردووە، کە لەو دەمەدا بە ئەڵمانی بڵاودەکرێتەوە.

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەم داستانە دێرینەی ڕۆژهەڵات، واتە چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە) هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە جێگەی سەرنجی ستریندبێرگ بووە و زۆرجار گەڕاوەتەوە سەری و سوودی لێ وەرگرتووە.

ستریندبێرگ بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە فۆرمی شانۆی سەرگوزشتە و گێڕانەوەی بە کار هێناوە، هەروەها شیعر و پەخشانی تێکەڵاو کردووە و ستایلێکی جیاوازی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو چیرۆکە دێرینانە دۆزیوەتەوە.

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە شاری بەغدای سەردەمی (هارونەڕەشید)دا ڕوودەدەن و باسی ئەوە دەکات چۆن ئەبو قاسم، کە بازرگانێکی ڕەزیل و چاوچنۆکە بە هۆی جووتێ کەوشی کۆنەوە تووشی چەندین بارودۆخی ناهەموار و کێشەی

سەیر سەیر دەبێت. هارونەڕەشیدی خەلیفەی بەغدا زۆرجار خۆی دەگۆڕێت و بە نهێنیی بە ناوشاردا دەگەڕێت، تا ڕاستەوخۆ لە ڕەوشی ژیان و گوزەرانی خەڵک بگات. ئەم خەلیفەیە جارێک پێڵاوی سواڵکردنەکەی لەنێو دەرگای ماڵی ئەبو قاسمدا دادەنێت، ئەبو قاسمی پیسکەیش ئەو پێڵاوە شڕانە داگیر دەکات، ئەمەیش کێشە بۆ ئەم بازرگانە دەنێتەوە، دواتر دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بووە لەم کەوشانە ڕزگاری ببێت، بەڵام بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە دەگەڕێنەوە بۆ لای، هەروەها ئەم بازرگانە کچێکی زۆر قەشەنگی هەیە، کە ناوی (سولەیکە)یە و لەنێو کێشەی کەوشەکانی ئەبو قاسمدا (گیوری) شازادە عاشقی دەبێت و دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەکی گەورەوە، بەڵام سولەیکە لە خەودا ئاگادار کراوەتەوە، کە وریا بێت و هەرگیز بڕوا بە پیاو نەکات، چونکە پیاو هەم ناپاک و هەم بێوەفا و دەستبڕن، هەر لەبەر ئەوەیشە سولەیکە بڕیاری داوە بە هیچ شێوەیەک شوو نەکات و هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ کەسێک پێکنەهێنێت.

ئەبو قاسم بە هۆی ڕووداوەکانی کەوشە دڕاوەکانەوە دەکەوێتە بەندیخانەوە، سولەیکەیش وەڵامی عیشقی گیوریی شازادە ناداتەوە و گیوریش ناچار دەبێت پەنا بۆ پینەچییەکی فێڵباز بەرێت تا دڵی سولەیکەی بۆ نەرم بکات.

پینەچییەکە لە کاراکتەری (حەسەن)دا بەرجەستە دەبێت و پلانەکانی نزیکبوونەوەی شازادە لە سولەیکەوە دادەڕێژێت. شازادە لە جلوبەرگی پیاوێکی پیری نەخۆشدا، لە بەردەرگای

ماڵی سولەیکەدا دەکەوێت، کە سولەیکە بە لایدا تێدەپەڕێت هەستی بەزەیی دەجوڵێت و دەیەوێت یارمەتیی بدات، بەڵام هەر بۆ دڵنیایی پرسیاری تەمەنی لێ دەکات، پینەچییەکە یەکسەر وەڵامی دەداتەوە، (کە ئەم نەخۆشە وەک سەگێکی پیر وایە).

سولەیکە، کە لەوە دڵنیا دەبێت ئەو کەسە پیاوێکی پیرە، دەیەوێت یارمەتیی بدات و هەندێک لە ئازارەکانی کەم بکاتەوە، حەسەنی بێدەرەتانیش ئەوە بۆ سولەیکە ڕوون دەکاتەوە، تەنها ئەو دەتوانێت یارمەتیی ئەم پیرەمێردە نەخۆشە بدات و ئازارەکانی کەم بکاتەوە "تەنها ئێوە و هیچ کەسێکی تر نا." سولەیکە لە جێگەی پیرەمێرد/ شازادە دەچێتە پێشەوە و ئەو نەخۆشە بە (پیرەمێردی بەستەزمان) ناوزەد دەکات و دەستی دەگرێت تا بزانێت دەمارەکانی دەجوڵێن. سولەیکە هەست دەکات ترپەی دەمارەکانی پیرەمێرد زۆر بەرزە، بۆیە خێرا دەست دەخاتە سەر دڵی، بەمەیش دڵی شازادە لەژێر لەپی دەست سولەیکەدا دەوەستێت، بەڵام لە هەمان کاتدا و لە خۆشیی ئەو دەستە نەرمەی سولەیکە دڵی دەکەوێتە لێدان.

سولەیکە لەو بڕوایەدایە ئەم پیرەمێردە لە سەرەمەرگدایە و گیانەڵایەتی، لەوساتەدا چاویان بە چاوی یەکتر دەکەوێت و لەپڕ چاو دەبڕنە چاوی یەکتر. سولەیکە بە ئارامی لە چاوەکانی پیرەی نەخۆش دەڕوانێت، هەست بە جەستە گەنجەکەی دەکات و بەو شێوەیەیش دەدۆڕێت و خۆی دەدات بە دەست عیشقی گیوریی شازادەوە، کە لە بەرگی پیرەمێردەکەدا خۆی حەشارداوە.


ستريندبێرگ ئەم دیمەنەی وەک هێمایەک بۆ ئەو پەیوەندییەی خۆی بە فانی فاڵکنەرەوە نووسیوە، خۆی لەو پیرەمێردە نەخۆشەدا بینیوە و فانی فاڵکنەریش لە سولەیکەدا. ئەم شانۆنامەیە هەر لە ساڵی ١٩٠٨دا لە شاری یاڤلێ نمایش دەکرێت و کچەکەی ستریندبێرگ دەوری تیا دەبینێت. هەرچەندە دەقەکە هیچ جۆرە کێشەیەکی دراماتیکی و دیمەنی جۆراوجۆر لە خۆ ناگرێت و زیاتر مەنەلۆگێکی لیریکیی کاراکتەرەکان و دیمەنەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام نمایشەکە سەرکەوتنێکی باش بە دەست دەهێنێت.

ستریندبێرگ خۆی ئەم شانۆنامەیەی بە (دواسیمفۆنی) ناوزەد کردووە و تۆنێکی میلۆدرامی و هەستێکی تەنیایی سترەکتۆر و بنەماکانی پێک هێناوە.

ستریندبێرگ لە تاوەرە شینەکەدا هەست بە تەنیاییەکی کوشندە دەکات و لە یادەوەرییەکانیدا دەژی و پەرۆشی دوورکەوتنەوەی هارییەت دەبێت. دەیەوێت ئەم بۆشاییەی هارییەت، بە فانی فاڵکنەر پڕ بکاتەوە، نامەی بۆ دەنووسێت و بە هەموو شێوەیەک لێی نزیک دەبێتەوە و فانی فاڵکنەریش بە نهێنی و بە ئاشکرا سەردانی دەکات بۆ ماڵەوە.

ستریندبێرگ داوای هاوسەرگیری لە فانی فاڵکنەر دەکات، ئەویش بەم داوایە قایل دەبێت و دەیانەوێت زەماوەند بگێڕن، بەڵام فانی فاڵکنەر هەر دوای دوو ڕۆژ لەم بەڵێنەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و لە ستریندبێرگ دوور دەکەوێتەوە.

## شارێگە و دواگۆرانیی ستریندبێرگ



ستریندبێرگ لە ساڵی ١٩٠٩دا بە شانۆنامەی (شارێگە) کۆتایی بە پرۆژە شانۆییەکانی دەهێنێت و دواشانۆنامەی خۆی دەنووسێت، هەموو دید و بۆچوونە فیکری و دراماتۆرگییەکانی لەم شانۆنامەیەدا کۆدەکاتەوە و لە حەوت بەشدا تەکنیکێکی جیاواز لە نێوان شیعر و پەخشاندا بە کار دەهێنێت. لەم شانۆنامەیەدا لە لایەکەوە زمانێکی شیعریی بەرز و لە لایەکی تریشەوە گاڵتەوگەپی لە ئاستێکی نزمدا تێکەڵاو کردووە، پەلاماری نەیار و دوژمنەکانی داوە و لە هەمان کاتدا خۆی خستووەتە بەردەم دادگای ڕۆژگارەوە و لە لێپێچینەوەیەکی

گشتگر و سەرپاگیردا وێنەیەکی تری خۆیمان بۆ بەرجەستە دەکات. حەوت دیمەنەکەی ئەم شانۆنامەیە، وەک حەوت وێستگەی ڕێگەیەکی دوورودرێژ و گەورە وان و لە هەر وێستگەیەکدا ڕووبەڕووی، بۆ نموونە منداڵێکی بچووکی خۆشەویست، ژاپۆنییەک و کەسانێک حەز بە چارەیان ناکات و ناکۆکیی لەگەڵیان هەیە، دەبێتەوە. ئەم وێستگانە گوزارشت لە ژیانی خۆی لە هەردوو ڕووی ناوەوە و دەرەوە دەکەن.

ستریندبێرگ، کە لە ساڵی ١٩٠٩دا تەمەنی دەبێت بە شەست ساڵ، لە هەموو کاتێک زیاتر لە برەودا دەبێت و خوێنەرێکی یەکجار زۆری دەبێت. کۆی بەرهەمەکانی لە چاپێکی هەرزاندا بە هەزارەها دانەی لێ دەفرۆشرێت: بەرهەمەکانی سەرەتای ژیانی، ئەوانەی لە تاراوگە نووسیبوونی، ئەو بەرهەمانەی ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ژیانی هاوسەرگیریدا بڵاوی کردبوونەوە، شانۆنامەکانی و ئەو بەرهەمانەیشی لە دوای گەڕانەوەی بۆ ستۆکهۆڵم نووسرابوون، لە سەرانسەری سویددا بڵاو دەکرێنەوە و لەنێو خوێنەرەکانیدا ئەمدەست و ئەودەست دەکەن. بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمانەی ستریندبێرگ وێنەیەکی گشتگری ئەم نووسەرەیان بۆ خوێنەرەکانی خستبووە ڕوو؛ ستریندبێرگێکی گەنج، کامڵ، پیر، تووڕە، بریندار، نەخۆش، ئاشق، تەنها، شێت، شەیدا، ڕاونراو و کەسێکی بەئەزموونیان بەو سەردەمە دەناساند.

لێشاوی بەرهەمە چاپکراوەکانی جۆرە شوورەیەکی بەرگرییان بە دەوری ستریندبێرگێکی پیر و نەخۆش و تەنیادا


ڕۆنابوو. دواجار گەلی سویدی، دامودەزگاکانی، ناوەندە ڕۆشنبیری و شانۆکان ددانیان بەم نووسەرەدا نابوو، بە ڕێزەوە سەیریان دەکرد و ڕێزیان لێ دەنا.

سۆسیال دیموکراتەکان لە پێش هەموو کەس و دامودەزگایەکەوە وەک نووسەرێکی گەورەی خۆیان و دەنگێکی نەمر و بەهێزی وڵاتەکەیان ئاماژەیان بۆ دەکرد. ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی تری خۆیان پڕکردبووەوە بە پیاهەڵدان و ستایشی ستریندبێرگ و کۆڕ و سیمینار و کۆبوونەوەیان بۆ ئەو و سەبارەت بە کار و بەرهەمەکانی ڕێک دەخست. لە ڕۆژنامەکانی خۆیاندا بە زمانحاڵی خەڵکی هەژار و چینی ژێرەوەی کۆمەڵ ناوزەدیان دەکرد.

ستریندبێرگ لە نامەیەکدا سوپاسی سۆسیال دیموکراتەکان دەکات و ئاماژەیش بۆ ئەوە دەکات، کە ئەوان بە زمانحاڵی فەقیر و هەژارەکان ئاماژەی بۆ دەکەن و دەڵێت: "کە بە هیچ شێوەیەک لەو ڕۆژەوەی (کوڕی کارەکەر)م نووسیوە، لەو چینە جیانەبوومەتەوە."

هەر بە یادی ڕۆژی لەدایکبوونی و پڕکردنەوەی شەست ساڵەی تەمەنییەوە گروپێکی لاوانی سۆشیال دیموکراتەکان بە بەردەمی ماڵەکەیدا دەڕۆن و شانۆکانیش شانۆنامەکانی نمایش دەکەن، بەڵام هەر لە یادی شەست ساڵەی ستریندبێرگدا چەندین ڕووداوی تری گرینگ ڕوو دەدەن، کە یادی ستریندبێرگ دەکەوێتە پەراوێزەوە و ئەو بەهایەی خۆی وەرناگرێت، کە ئەو خۆی چاوەڕوانی دەکرد، بۆ نموونە هەر لەم ڕۆژانەدا

کەسایەتییەکی تری سویدی (سفێن هێدین) لە ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاستەوە بە سەرکەوتنێکی گەورەوە دەگەڕێتەوە بۆ سوید و پێشوازییەکی بێوێنەی لێ دەکرێت. سفێن هێدین لە بواری دۆزینەوەی کیشوەر و وڵات و شوێنی نوێدا ناوبانگێکی گەورە دەردەکات و چەندین کتێبی گرینگ لەسەر مەسەلەکانی بایۆلۆژیا و نەژادی مرۆڤ بڵاو دەکاتەوە، هەروەها نووسەرێکی تری سویدی، خاتوو (سێلما لاگەرلێڤ)، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەردەگرێت.



## بەشی سیانزە

## دواشەڕ و ناکۆکییەکانی ستریندبێرگ

ستريندبێرگ لە بیست و نۆی چواری ساڵی ١٩١٠دا گوتارێک لە ڕۆژنامەی (ئافتۆن – تیدنیگن) بە ناوی (فیرعەونپەرست) بڵاو دەکاتەوە، ئەمەیش دەبێتە دەستپێکی زنجیرەگوتارێک، کە سەرلەنوێ دۆخە سیاسی و کولتووری و فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکەی ئەو دەمەی سوێد بە تەواوی دەشێوێنێت.

دواتر ئەم گوتارانە لە مێژووی ئەدەبی سوێدیدا بە (شەڕی ستریندبێرگ) ئاماژەی بۆ دەکرێت.

ستریندبێرگ لە یەکەم گوتارەکانیدا هێرش دەکاتە سەر شا (کارلی دوانزەیم) و بە فیرعەون ناوزەدی دەکات و دەیکاتە وێنەیەکی کاریکاتۆری، ڕاستەوخۆ هێرشێکی توندیش دەکاتە سەر هەموو بنەماڵەی پادشایەتی لە وڵاتی سوێددا.

ستریندبێرگ لەم گوتارانەدا هەمان ستریندبێرگیی گەنجی ڕادیکاڵە و بە دیدێکی چەپڕەوانەوە سەیری شتەکان دەکات و هەر لەو دیدەیشەوە هێرش دەکاتە سەر دەسەڵاتی پادشا، کڵێسا، دامودەزگاکانی سەربازی و سیستەمی بەرگریی وڵات، هەندێک لە فیگۆرە سیاسییەکان و بیرۆکراتی کۆمەڵگەی سوێد و ناوەندە باڵادەستەکان. لە هەمان کاتدا بە هەموو تواناوە بەرگری لە مەسەلە دیموکراسییەکان دەکات.

ستریندبێرگ دەیەوێت بەم گوتارانەی پێگەی خۆی وەک نووسەری گەل و شاعیری گەورەی نەتەوەیی بە دەست بهێنێتەوە و ئەوە دووپات بکاتەوە، کە ڕاستییەکان تەنها لە لای ئەون.

بۆ ئەوەی ئەم شەڕە چڕ و خەست بکاتەوە، ستریندبێرگ هەر لە یەکەم گوتارەکانییەوە بە ناو هێرش دەکاتە سەر کەسایەتییە دیارەکان، لە پادشاوە بیگرە تا دەگاتە سەر نووسەر و هونەرمەند و سیاسەتمەدار و سەرنووسەری ڕۆژنامەکان.

پاشخانی ئەم شەڕەیش چەندین هۆکاری کەسێتی، سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، دەروونی... هتد لە خۆ گرتووە، بەتایبەتیش جیاوازییە سیاسی و فیکری و ئەدەبییەکان دەبنە بنەمایەکی گرینگ و سترەکتۆری ئەو شەڕە: چەپ دژی ڕاست، ناسونالیستەکان دژی مۆدێرنەکان و سۆشیال دیموکراتەکانیش پێگەی خۆیان قایم دەکەن، ناڕەزایی خەڵک و بەتایبەتی چینی کرێکاران پەرەدەسێنێت و خۆپیشاندەران دەڕژێنە سەر شەقامەکان.

گوتارەکانی ستریندبێرگ وێنەیەکی ئاشکرا و گشتگری ڕەوشی ئەدەبی و سیاسیی ئەو ڕۆژگارەی سوێد بەرجەستە دەکەن و هەڵوێستی ستریندبێرگیش ڕوون دەکەنەوە. بێگومان ستریندبێرگ ئەم ناکۆکییانەی ناو کۆمەڵ دەقۆزێتەوە و بۆ مەبەستی خۆی و لە گوتارەکانیدا بە کاریان دەهێنێت. ستریندبێرگ لە گەرمەی ئەم پشێوی و کێشانەدا دەبێتە سیمبول و چینە ناڕازییەکان لە شەڕی دژ بە ئەریستۆکراتەکاندا، خۆیان بە (کوڕی کارەکەر) وەک ئاماژەیەک بۆ کتێبەکەی ستریندبێرگ، ناوزەد دەکەن.

هەر لەم کاتەیشدا هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سۆشیال دیموکراتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ستریندبێرگ بووە بە کەسێکی بە ئیمان و نزیک لە مەسیحییەتەوە، ئەمەیش لەگەڵ

پەیڕەو و پرۆگرام و ئایدۆلۆژیای سۆشیال دیمۆکراتەکاندا ناگونجێت، بەڵام هەر خۆیان وەڵامی ئەو بۆچوون و ڕەخنانە دەدەنەوە و لە بڵاوکراوەکانیاندا ئەوە دەخەنە ڕوو، کە دین شتێکی کەسەکی و پریڤاتە و هیچ پەیوەندیی بە بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژییەوە نییە، دوژمنەکانیشی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ستریندبێرگ وازی لە ڕادیکاڵیزم هێناوە و بووە بە مەسیحی، ستریندبێرگیش ئەوەیان بۆ دووپات دەکاتەوە، کە (مەسیحییەت زۆر لە ڕادیکاڵیزم ڕادیکاڵترە.)

ئەم شەڕەی ستریندبێرگ کاردانەوەیەکی ئەو بێزارییەیش بوو، کە هەستی دەکرد پەراوێزخراوە و ئەو گرینگییەی ئەو دەیویست، پێی نەدراوە، بۆ نموونە گەڕانەوە و پێشوازیکردنێکی بێهاوتا و گەورەی (سڤێن هێدین) وەک پاڵەوانێکی نەتەوایەتی، کە ڕۆژێک دواتر یادی شەست ساڵەی لەدایکبوونی ستریندبێرگ دەخاتە پەراوێزەوە.

هەر لەم کاتانەدا شاعیر و نووسەرێکی تری سوێدی (فارنەر فۆر هیدینستام) تەمەنی پەنجا ساڵەی پڕ دەکاتەوە و هەموو گەل و دامودەزگاکانی سوێد، وەک کەسایەتییەکی گەورەی نەتەوایەتی، بەشداریی ئەو یادکردنەوەیە دەکەن. هیدینستام چ وەک شاعیر و چ وەک ڕۆماننووس کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ڕۆمانی مۆدێرنی سوێدییەوە، بەتایبەتی بەر لە ساڵانی ١٩٣٠ هەبووە. کە لە مانگی دوانزەی هەمان ساڵیشدا نووسەرێکی تری سوێدی، خاتوو (سێلما لاگەرلێڤ) خەڵاتی

نۆبڵی ئەدەبی پێ دەبەخشرێت، هێندەی تر ستریندبێرگ شێتگیر دەکات.

ئەم شەڕەی ستریندبێرگ، کە بە گەورەترین شەڕ و کێشەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ئەدەبی سوێدیدا هەژمار دەکرێت، هەموو ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکەی سوێد و هەموو گەلی سوێد دەکات بە دوو بەشەوە: لەگەڵبوون یان دژبوون. بەشێکیان بەرگرییان لە ستریندبێرگ دەکرد و بەشەکەی تریشیان، بەتایبەتی ئەو نووسەرانەی کەوتبوونە بەر شاڵاوی ئەم شەڕەوە، هەروەها ئەو کەسانەی بەرگرییان لێ دەکردن، هێرشیان دەکردە سەر ستریندبێرگ و هەموو پرۆژە ئەدەبییەکەیان خستبووە ژێر پرسیارەوە.

ستریندبێرگ هەر بەوەوە ناوەستێت، بەڵکو بە توندی ڕەخنە لە نوێنەر و دەنگە گرینگەکانی ناسیونالیستەکان دەگرێت و هێرشێکی توندیش دەکاتە سەر ئەکادیمیای سوێدی و سەرۆک و ئەندامەکانیان.

یەکێتیی لاوانی سۆشیال دیموکراتەکان بۆ ئەوەی گوتارەکانی ستریندبێرگ کاریگەرییەکی زیاتری هەبێت و بە شێوەیەکی بەربڵاو لەناو خەڵکدا بڵاوببنەوە، بە ڕەزامەندیی ستریندبێرگ خۆی، ئەم گوتارانە کۆدەکەنەوە و بە چوار نامیلکەی بچووک چاپیان دەکەن و بە خۆڕایی دابەشیان دەکەن.

لە هەمان کاتدا داواکارییەکی جەماوەریش لەناو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە، بۆ ئەوەی ستریندبێرگ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەربگرێت، بەڵام ئەم داوایەی جەماوەر و ئەو خەونەی ستریندبێرگیش هەرگیز نایەتە دی.



ساڵی ١٩١٠ وەک پەرچەکردارێک دژ بە ئەکادیمیای سویدی و بە دەستپێشخەریی چەندین ناوی دیاری ئەدەب و ڕۆژنامەگەری و دواتریش بە پاڵپشتی سۆشیال دیموکراتەکان، پێشنیاری ئەوە دەکرێت، کە ستریندبێرگ بکرێتە کۆڵەکەیەکی نەتەوایەتی و سمبوڵ و شانازیی گەلی سوێد. بۆ ئەم مەبەستە پارەیەکی وای بۆ کۆ بکرێتەوە، کە تا دەمرێت پێویستی بە هیچ جۆرە کارێک نەبێت و بە ئارامی بژی و بنووسێت.ئەم پێشنیازە دەبێتە بانگەوازێک و بە ئیمزای دووسەد کەسێک لە هەموو

گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێتەوە، ستریندبێرگیش ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ وەرگرتنی ئەم ڕێزلێنانە نەتەوەییە. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٢دا بە چەند مانگێک بەر لە مردنەکەی، چلوپێنج هەزار کرۆنی بۆ کۆدەکەنەوە؛ ستریندبێرگ ئەم ڕێزلێنانە بە (دژە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی) پێناسە دەکات. ستریندبێرگ ڕێزێکی گەورە بۆ ئەم ڕێزلێنانە جەماوەرییە دادەنێت، پارەکەیش کە لەو کاتەدا یەکجار زۆر بووە، دەبەخشێت بە چەندین دامودەزگای خێرخوازی.

### سنووره فراوانەکانی زمان و گەردوونێکی بێکۆتا

لە گەرمەی ئەم کێشە و پشێوی و شەڕی ستریندبێرگییەدا، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی چەندین گوتاری دژ و ڕەخنەی توند و داپڵۆسێندا، ئەو پشت دەکاتە هەموو شتێک و دەست دەکات بە لێکۆڵینەوەی زمان و زانستە زمانەوانییەکان. ستریندبێرگ لە ڕۆژنامەی چەپەکان و سۆشیال دیموکراتەکاندا، لە زنجیرەگوتارێکدا دەکەوێتە شەنوکەوی زمان و بنەما زمانەوانییەکان و لێکۆڵینەوەی زانستیی زمان. دواتر گوتارەکانی لە کتێبێکی سەربەخۆدا بە ناوی (نامەی کراوە بۆ نووسەرە گەنجەکان) بڵاو دەکاتەوە. لەم کتێبەدا وشە و بەهای وشە و ئامرازەکانی زمان و نووسین دەبنە کەرەستەیەکی گرینگ و دەروازەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی زمان و زمانی ئەدەبی و شرۆڤەکردنی جیاوازیی نێوان زمانەکان، هەروەها هەر لەم کتێبەدا ئاوڕێکی بە بەها لە لایەنە کردەییەکانی بەکارهێنانی

زمان و تەکنیکی نووسین و گرفت و تەنگەژەکانی نووسین لە بوارە جۆراوجۆرەکان، ڕۆمان، شیعر، پەخشان و شانۆنامەدا دەداتەوە و چەندین چارەسەر و ڕێگە بۆ نووسەرە گەنجەکان دەدۆزێتەوە. هەر لەم ڕووەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر بەشێک لە نووسینەکانی خۆی، نموونەیان لێ دەهێنێتەوە و دەیانبەستێتەوە بە چەمکەکانی زمان و سترەکتۆرە ئەدەبی و زمانەوانییەکان و لە شیکردنەوەیەکی هەمەلایەندا دەیانخاتە ڕوو. ستریندبێرگ بە زمانە وێنەییەکەی، لە وێنەی زمانەوانیدا پێناسەی کۆمەڵ و گرفتە دەروونی، فەلسەفی، هونەری... هتد دەکات و مەودا و دیدێکی تر دەبەخشێتە گرفتە زمانەوانییەکان و سەرلەنوێ لە نووسینەکانیدا بە شێوازێکی تر دەیاننووسێت.

ستریندبێرگ وەستای وشە دەبێت، گەمە بە وشە دەکات و هەزارەها وشەی نوێ دەهێنێتە ناو زمانی سویدییەوە و بە شێوەیەکی مۆدێرن لە ڕێگەی زمانە دەوڵەمەندەکەیەوە وشە و دەستەواژە و ڕستە دادەهێنێت، ناو دەبەخشێت بە شتگەلی زۆر لەو ئامرازە تازە بەکارهێنراوانەی، کە دێنە ناو کۆمەڵی سویدییەوە.

ستریندبێرگ لەم شرۆڤەی زمانەوانییەدا، لە بنەماکانی وشەوە، لە بەهای وشەوە، لە سترەکتۆری وشەوە، لە نەژادی وشەوە، لە مانا جیاوازەکانی وشەوە، لە زەمینەسازیی وشەوە دەست پێدەکات و بۆ ئەم مەبەستەیش فەرهەنگی وشە دەکاتە بنەمایەکی گرینگی لێکۆڵینەوەکانی. فەرهەنگی وشە و سەرچاوەکانی زمان و بنەماکانی ڕێزمان شی دەکاتەوە.

بۆ ئەم لێکۆڵینەوە زمانەوانییە سەرچاوەیەکی زۆری کۆ کردووەتەوە و پشتی پێ بەستوون، بۆ نموونە زیاتر لە سێسەد کتێب بە حەفتا زمان سەبارەت بە زانستەکانی زمان و لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی لە کتێبخانەکەیدا هەبوون. ئەم هەموو سەرچاوەیەیش ئەو دەروازەیەیان بۆ کردووەتەوە تا بە قووڵی لایەنە جۆراوجۆرەکانی زمان شی بکاتەوە. ستریندبێرگ لەم گەمەی وشە و زمانەدا هەوڵی داوە بیسەلمێنێت بنەما و نەژادی هەموو زمانەکانی دنیا، ئەو زمانە پیرۆزەیە، واتە زمانی عیبرییە، کە تەوراتی پێ نووسراوە. هەر لەبەر ئەوەیشە بە قووڵی دەگەڕێتەوە سەر بنەماکانی زمانی عیبری و وەک زمانێکی پیرۆز و دایکی هەموو زمانەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. لە یەکێک لە کتێبەکانیدا، کە ساڵی ١٩١٠ بڵاوی کردووەتەوە، هەوڵی داوە بەراوردکاری لە نێوان زمانی چینی، ژاپۆنی، فینلەندی، تورکی و زمانە ئەفریقاییەکان لە لایەک و زمانی عیبری لە لایەکی ترەوە بکات.

ستریندبێرگ جگە لەو کتێبەی بە ناوی (نامەی کراوە بۆ نووسەرە گەنجەکان) و ئەو زنجیرە گوتارەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاویان دەکاتەوە، چەند کتێبێکی تریش سەبارەت بە گرفتەکانی زمان بڵاو دەکاتەوە. هەندێک لەو کتێبانە بریتی بوون لە: ڕەگوڕیشەی زمانەکانی جیهان، بنەما بەراییەکانی زمان، سەرچاوەکانی زمانی چینی... هتد. ستریندبێرگ هەوڵی داوە لەم کتێبانەدا سترەکتۆر و بنەما لەیەکچووەکانی زمان و فۆنەتیک و دەنگی وشەکان، لەنێو هەموو زمانە جیاوازەکاندا

بدۆزێتەوە. یەکێک لە کتێبەکانیشی تەرخان دەکات بۆ زمانی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا و بە هەمان شێوە هەوڵی ئەوە دەدات بنەما لێکچووەکانی ئەم زمانە لەگەڵ زمانەکانی تری دونیادا بدۆزێتەوە.

لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ستریندبێرگ هەمان زەمینە و هەمان بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستە سروشتییەکانی لە خۆ دەگرێت: هەموو ئەو شتانەی بوونیان هەیە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پابەندن بە یەکەوە، هەموویان هەمان شتن و یەک خواوەند خوڵقاندوونی، هەر بۆیە توێژینەوەکان بنەما سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ستریندبێرگ دەگەڕێننەوە بۆ هەستێکی قووڵی ئایینی و گەورەیی و مەزنیی خواوەندێک، کە هەموو ئەم شتانەی خوڵقاندووە.



# بەشی چواردەهەم
# مەرگ و دواوێستگەکانی ژیان

ستریندبێرگ لە دواساڵەکانی تەمەنیدا زیاتر بە خۆیدا دەچێتەوە، هەست بە ئازاری ویژدان دەکات و دەیەوێت منداڵەکانی لە ژنی یەکەمی (سیری)، لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و هەندێک لە گەرمی و هەست و سۆزی باوکایەتییان پێ ببەخشێت.

(گریتە)ی کچی دوای ئەوەی خوێندن لە بواری نواندندا تەواو دەکات، لەگەڵ کوڕی ئاننای خوشکی ستریندبێرگ زەماوەند دەکات و لە فینلاندەوە بە تەواوی دەگوێزێتەوە بۆ سوێد و لەگەڵ مێردەکەی لە ستۆکهۆڵم جێگیر دەبێت. لە هەمان کاتدا ستریندبێرگ نەخۆشییەکەی لێ هەڵدەداتەوە و ئازاری سکی گوزەرانی لێ دەشێوێنێت، لە ساڵی ١٩١١دا باری تەندروستیی هێندە خراپ دەبێت، هەست بە نزیکبوونەوەی مەرگ و ڕۆژی کۆتایی تەمەنی خۆی دەکات.

نەخۆشییەکە دەبێتە زەنگێکی بەهێز و ستریندبێرگ ئاگادار دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەوە دەکەوێتە خۆی و بە خێرایی بەرهەمەکانی کۆدەکاتەوە و ڕێکیان دەخات تا سەرلەنوێ وەک پرۆژەی (کۆی بەرهەمەکانی) چاپیان بکات، بۆ ئەم مەبەستە دەزگایەکی پێویستە، هەروەها کەسانێک بۆ ئەوەی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و مافی لەچاپدانی بەرهەمەکانیشی وەربگرێت.

دەزگای بۆنیەر، کە هەر لە سەرەتاوە بەرهەمەکانی ستریندبێرگیان بڵاوکردبووەوە، دێنە پێشەوە و (سەدوپەنجا هەزار) کرۆن دەدەن بە ستریندبێرگ، بەڵام ستریندبێرگ بەم برە پارەیە قایل نابێت. دوای گفتوگۆیەکی دووردرێژ دەزگای ناوبراو ئەو پارەیە زیاد دەکات و (دووسەد هەزار) کرۆن وەک

مافی لەچاپدانی بەرهەمەکانی دەدەن بە ستریندبێرگ. ئەم پارەیەیش لەو ڕۆژگارەدا یەکجار زۆر دەبێت، ستریندبێرگ قایل دەبێت و دەزگای بۆنیەر دەکەوێتە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی سەرلەنوێی کۆی بەرهەمەکانی ستریندبێرگ، بەپێی ساڵی نووسینیان و وەک زنجیرەکی پێکەوەبەستراو لە چاپێکی جواندا.

ستریندبێرگ لە نامەیەکدا بۆ ئەو دەزگایە دەڵێت: "ئەمە بۆ من، کە هەرگیز خاوەنی هیچ نەبووم، پارەیەکی یەکجار زۆرە، لەبەر ئەوە من بەپێی مەرجەکانی ئێوە وەریدەگرم."

ستریندبێرگ بەم پارەیە زۆر دڵخۆش دەبێت، ڕاستەوخۆ منداڵەکانی لە فینلاندەوە بانگ دەکات و هەریەکەیان بەشی خۆی وەردەگرێت، برە پارەیەکیش بۆ سیری دەنێرێت: "ئەمە بۆ دایکتان، قەرزێکی کۆنە و بەسەر شانمەوەیە."

سیری بە نامەیەکی کورت سوپاسی ستریندبێرگ دەکات و دەڵێت: "منیش ئەمە وەک قەرزێکی کۆن وەردەگرم، سوپاس." لە کاتێکدا ستریندبێرگ بە بۆنەی فرۆشتنی بەرهەمەکانییەوە ئاهەنگ دەگێڕێت و ئەو پارە زۆرە بۆ داهاتووی ژیانی منداڵەکانی دادەنێت، نەخۆشییەکەی زۆری بۆ دەهێنێت، پزیشکەکان نازانن گرفتەکە چییە و هیچ شتێکی ئەوتۆ نابینن، کە بتوانن بیبەستنەوە بە شوێنی ئازارەکەیەوە.

لە هاوینی ساڵی ١٩١١دا ستریندبێرگ بە تەواوی ماندووە، هەست دەکات زیاد لە تەمەنی خۆی پیر بووە، وزەی نەماوە و لەگەڵ تارماییەکاندا دەژی. لە هەندێک نامەی ئەم چەند مانگەی هاویندا ورەی بەرداوە و لە خۆئامادەکردندایە بۆ مەرگ و


ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانێکی تر: "لەماڵەوە دانیشتووم و چاوەڕوانم، چاوەڕوانی شتێکی نادیار! ترس و دوودڵی، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان هێمن!" هەر لەم کاتەیشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ساڵی ١٩١٢ ساڵی مەرگی ئەوە و فریای ئەوە ناکەوێت ساڵێکی تر بژی، هەر وایش دەبێت.

کە بە تەواوی پەکی دەکەوێت چەند پزیشکێک بە بەردەوامی سەرپەرشتیی دەکەن، لە شانزەی مانگی چواردا نەشتەرگەرییەکی بۆ دەکەن، لە نۆزدەی هەمان مانگدا لە نامەیەکدا بۆ کچە بچووکەکەی (ئاننا- ماریا)، کە ئەو دەمە تەمەنی دەگاتە دە ساڵان دەنووسێت: "کچە بچووکە خۆشەویستەکەم، سوپاس بۆ گوڵە سوورەکانت! بەڵام بە هیچ شێوەیەک سەردانم مەکە. ئێرە پڕە لە شووشەی دەرمان، دوکتۆر و دەردەسەری، هیچ شتێکی دڵخۆشکەری لێ نییە. دڵخۆش بە و لەگەڵ گەنجەکانی هاوتەمەنی خۆتدا بەختیار بە، غەمیش بۆ پیرەکان مەخۆ، کە هەموو ئاواتیان ئەوەیە ئەم دونیایە جێ بهێڵن."

لە کۆتایی ساڵی ١٩١١دا زۆربەی کاتەکانی ژیانی بە ئازارەوە دەتلێتەوە، لە جێگەدا دەکەوێت و بیر لە ژیانی ڕابردووی دەکاتەوە. لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی ١٩١٢دا بۆ ماوەیەک باری تەندروستیی باش دەبێت، دەتوانێت بجوڵێت و لەسەر جێگەکەی بەرزدەبێتەوە. ستریندبێرگ ئەم باشبوونە کاتییەی تەندروستیی بە هەل دەزانێت و خێرا بابەتێکی دوورودرێژ لە دیدی ئەزموون و ژیانی پڕ لە کێشە و پرۆسەی

نووسینی خۆیەوە دەنووسێت. ڕۆژنامەکان بابەتەکە لە ڕووپەری یەکەمی ڕۆژنامەکانیاندا بڵاودەکەنەوە و نیوەندی ئەدەبی و خوێنەرانیش هەست بە جۆرە ماڵئاواییەک دەکەن، هەستێکی چاوەڕوانی، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی باڵ بە سەر ستۆکهۆڵمدا دەگرێت. لە هەمان کاتدا ئەوەیش بە منداڵەکانی ڕادەگەیەنێت: "لەو بڕوایەدام ئەوەی ویستوومە بیکەم؛ کردوومە، هەموو ئەوەی ویستوومە بیڵێم؛ گوتوومە."

ستریندبێرگ لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا و دوای ئەوەی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی دەبێتەوە، نەخۆشی زۆری بۆ دەهێنێت و بە تەنها دەژی، خۆی خەریکی سیاسەت دەکات، نامە بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتە دەنێرێت و خۆی لە مەسەلەی بەرگریی وڵات و سوپا و جبەخانەیش هەڵدەقورتێنێت.



هەرچەندە نەخۆشی ماوەیەک لە نووسین دووری دەخاتەوە، بەڵام بە تەواوی لە ژیانی ڕۆشنبیری و کولتووری و سیاسیی ئەوکاتەی وڵات ناکەوێت و دواچرکەکانی ژیانی لە شەڕێکی بێکۆتا و سەرسەختدا دەبێت.

**شای شاعیران و شاعیری گەل**

کهستریندبێرگ پێ دەنێتە تەمەنی شەستوسێ ساڵییەوە، لە لایەن خەڵکی ستۆکهۆڵم و چینی کرێکار و پارتی سۆشیال دیموکراتەکانەوە لە خۆپیشاندانێکی جەماوەری و گەورەدا ڕێزێکی تایبەت لەم نووسەرە دەگرن.

نزیکەی دە تا پانزە هەزار کەس بە شاپڵیتە و مۆسیقا و گۆرانییەوە لە بەردەم ماڵەکەیدا کۆدەبنەوە و هاوار دەکەن: "ستریندبێرگی گەل و شای شاعیران."

ڕۆژی دوایی ڕۆژنامەکان بە ڕیپۆرتاژێک ئەم ڕێزلێنانە جەماوەرییە خۆڕسکە بەم شێوەیە دەگێڕنەوە: "جەماوەرێکی یەکجار زۆر لە دەورووبەری سەعات حەوتی ئێوارە لە ناوچەی تێگنێرلوندن، لە پشتەوەی شەقامەکە کۆدەبنەوە، هەر دوای نیو سەعات، هەرا و دەنگەدەنگی خەڵک دەگاتە ئاسمان. بە دەنگی دەهۆڵ و مۆسیقا خەڵکەکە ئاگادار دەکرێنەوە. دوای ئەوە لێشاوی ئاپۆرەی خەڵکەکە دەبینرێت، کە ڕێیان دەکرد بەرەو شەقامی درۆتنینگی ژمارە ٨٠. ئەو ڕیزە درێژەی خەڵکی، کە ئاڵا سوورەکان و شاپڵیتەی ئاگرەکانیان بەرزکردبوونەوە، باخچە تاریک و ئاسمانە ڕەشەکەی ئەو ئێوارەیەیان ڕووناک دەکردەوە. شەپۆلی خەڵکەکە لە خوارووی شەقامی درۆتنینگەوە بەرەو جەرگەی شەقامەکە شۆڕدەبوونەوە، چاوی هەموو جەماوەر بەرز دەیڕوانییە تەنها یەک بانیژە، کە ئەویش لە نهۆمێکی بەرزی سووچی خانووبەرەکەدا بوو. بانیژەکە کەسی تێدا نەوەستابوو، بەڵام خەڵکەکە هەر بەردەوام دەیانڕوانییە ئەو پەنجەرەیەی گڵۆپە جوانەکەی شاعیری تێدا داگیرسابوو.

لەپڕ جەماوەر هاواریان کرد: "بڕوانە ئەوەتا، ئەوە خۆیەتی لە بانیژەکەدا وەستاوە." سلاو و هوتاف و هاوارهاواری خەڵکەکە بەرزبووەوە. هەولّی چوونە پێشەوەی خەڵکی، دەنگدانەوەی هاوار و ستایشە بەردەوامەکانیان، ماندووبوونی بۆ نەبوو، تەنانەت دەمی تەنیا یەک کەسیش نەمابوو دەنگی لێوە نەیەت و هاوار نەکات. هیچ دەستێک بێ سرەوت و جووڵە نەبوو، هەموو شتێک، جەستە و ئەندامەکانی جەستەی خەڵکی لە سەما و جووڵەدا بوون، کلاوەکان بە هەوادا بەرزدەبوونەوە، دەستەسڕە سپییەکان بە دەست خەڵکەوە دەشەکانەوە، چەپڵەڕێزان دەنگی دەدایەوە: "بژی ستریندبێرگ" ئەو هاوارە دووبارە و دەبارە دەبێتەوە: "بژی نووسەری ئازاد! بژی شاعیری گەل!"

لە بانێژەکەدا، بە تەنیشت ستریندبێرگەوە کچە بچووکەکەی (ئاننا- ماریا) ڕاوەستابوو، ئاننا- ماریای گچکە چەپکە گوڵەکانی باوکی بە دەستەوە بوو، هێدی هێدی وەک کاردانەوەیەکی ئەو ڕێزەی خەڵکەکە بۆ باوکی، گوڵەکانی هەڵدەدا بەسەر ئەو خەڵکەدا. چەپکە گوڵەکان دیاریی ئەو ڕۆژەی خەڵکەکە بوون بۆ ستریندبێرگ. ستریندبێرگ ئەو دیمەنەی ئاننا- ماریا سەرنجی ڕادەکێشێت، ئەویش دەست دەداتە چەپکە گوڵێکی تر و وەک ڕێزێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ خەڵکەکە، بۆ خوێنەرەکانی، گوڵەکانی دەستی بە سەریاندا دەبارێنێت.

ئەوە گەورەترین ساتەکانی ژیانی ستریندبێرگ بوو. هیچ شاعیرێکی سوێدی بەو شێوەیە ڕێزی لێ نەگیراوە. هیچ کەسێک بەو شێوەیە جەماوەر نەچووە بە پیرییەوە. ئەو ئاگرەی

ستریندبێرگ لەنێو گەلەکەی خۆیدا هەڵگیرساندبوو، ڕووناکییەکەی گەڕایەوە بۆ خۆی. بە ئاگری دەستی شاپڵیتەی خەڵکەکە، دواڕۆژەکانی ڕووناک و گەرم بوون. ئەو ڕێزەی خەڵک لەویان گرت، ئەو بە گوڵباران وەڵامی دانەوە."

ڕۆژی دوایی ستریندبێرگ بە گوتارێک سوپاسگوزاریی خۆی بۆ ئەو خەڵکەی، کە بەو شێوەیە ڕێزیان لێنا، دەردەبڕێت. لە هەمان کاتدا هەر لەو گوتارەدا ژیانی ئەدەبی و هونەریی خۆی کۆدەکاتەوە و بە چەند دێڕێک لە کۆتایی گوتارەکەیدا بە خوێنەرەکانی دەبەخشێت.

ستریندبێرگ لە مانگی چواری ساڵی ١٩١٢ـەوە بە تەواوی باری تەندروستیی خراپ دەبێت و دەکەوێت. ئازاری سک بە بەردەوامی شاڵاوی بۆ دەهێنێت و هەردەم دەڕشێتەوە. لە نامەیەکدا کە بۆ پزیشکەکەی نووسیوە، بەم شێوەیە باسی ڕەوشی نالەباری تەندروستیی خۆی دەکات: "ئێستا بە درێژایی ڕۆژ ئازارم هەیە و ئەمەیش چ پەیوەندیی بەوەوە نییە چی دەخۆم و چی ناخۆم! هەندێک جار تەنها تەزوولە دەکات، هەندێک جار زیاد دەکات، بەڵام هەرگیز بێئازار نیم. ئەوەیش هیچ پەیوەندییەکی بە دانیشتن و ڕۆیشتن و ڕاکشانمەوە نییە. تەنها بۆ ئەوە دەچمە ناو جێگە تا جلەکانم دابکەنم، بەڵام ئێستا ئەوە چ سوودێکی نییە، کە لەسەر دەم دەنووم ئەوسا ئازارەکەم نامێنێت، بە لای چەپدا باشترە، بەڵام لەسەر پشت ئەوە هەر زۆر خراپە. ئارەزووی خواردنم کەمبووەتەوە، دڵم هیچ نابات، وەڕسیم لە ژیان بە شێوەیەکی نیگەران زیاد دەکات. سەعاتێک

یان دوو سەعات خەوم لێ دەکەوێت و ئیدی ئازار لە خەوم ڕادەپەڕێنێت. دوانزە سەعاتی شەو، هەشتی بێکۆتاییە."

ئەو پزیشکانەی چارەسەری ستریندبێرگ دەکەن، هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە لەوانەیە بەرد لە گورچیلەیدا بێت، یان ناوسکی تووشی هەوکردن بووبێت، بەڵام دواتر بۆیان دەردەکەوێت کە دووچاری جۆرێکی کوشندە لە شێرپەنجەی ناوسک و گەدە بووە.

کە پزیشکەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، ستریندبێرگ تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی ناوسک بووە، هەواڵەکە خێرا بە هەموو سویدا بڵاودەبێتەوە و ڕۆژانە ڕۆژنامەکان دواهەواڵەکانی ڕەوشی تەندروستیی ستریندبێرگ بڵاودەکەنەوە.

نەخۆشی و ئازاری بەردەوام و نزیکبوونەوە لە مەرگ و کۆتایی ژیان، ستریندبێرگ ناترسێنێت، ورە بەر نادات و نامەی سوپاس بۆ ئەو کەسانە دەنووسێت و دەنێرێت، کە گوڵیان بۆی ناردووە، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان یارمەتییان داوە و لەم ساتانەی ژیانیدا پشتیان گرتووە.

ستریندبێرگ لەم ساتە دژوار و سەختەی ژیانید، هەواڵی کۆچی دوایی سیری ژنی یەکەمی پێ دەگات. ئەم هەواڵە یەکجار دڵگرانی دەکات و بە قووڵی خەمبار دەبێت. چەپکە گوڵێکی گەورە دەنێرێت بۆ سەر گۆڕەکەی و بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و بەخۆداچوونەوە.

سیری تەنها سێ هەفتە بەر لە ستریندبێرگ، لە بیستویەکی مانگی چواری ساڵی ١٩١٢دا کۆچی دوایی دەکات. ستریندبێرگ

هەر دوای مردنی سیری، وەسیەتنامەیەک دەنووسێت: "هیچ جۆرە نەشتەرگەرییەک بۆ جەستەم نەکرێت، هەروەها نمایش نەکرێت، تەنها پێشانی کەسە نزیکەکانم بدرێت. هیچ جۆرە دەمامکێکی مەرگم بۆ دروست نەکرێت، وێنە نەگیرێت. من دەمەوێت بەیانییەک لە سەعات هەشتدا ببرێم بۆ گۆڕستان، تا نەبمە جێگەی سەیرکردنی خەڵک. هیچ ڕێوڕەسمێک و سێرەمۆنییەک لە کاتی بەخاکسپاردندا نەکرێت، هەروەها لە کڵێسایش. دەمەوێت لە گۆڕستانە تازەکەی (گۆڕستانی باکوور) بنێژرێم، بەڵام لە ناوچەی دەوڵەمەندەکان نا، بەڵکو دوور لە شوێن و گۆڕەکانی ئەوانەوە. نابێت لەسەر گۆڕەکەم مۆسیقا بژەنرێت، یان گۆرانی بوترێت و گوتار بخوێندرێتەوە، تەنها قەشە ئەوەی پێویستە بە کتێبەکەی دەستییەوە دەیکات و دەیخوێنێتەوە."

ستریندبێرگ ڕۆژی چواردەی مانگی پێنجی ساڵی ١٩١٢، لە سەعات چوار و نیوی دوانیوەڕۆ کۆچی دوایی دەکات. لە ڕۆژی یەکشەممەی نۆزدەی هەمان مانگدا، لەسەر داوای خۆی بەیانی زوو، لەگەڵ کازیوەی بەیاندا بە خاک دەسپێردرێت. هەرچەندە ستریندبێرگ داوای ئەوەی کردبوو بە هێمنی و دوور لە چاوی خەڵک و میدیا و بەبێ هیچ جۆرە ڕێوڕەسمێک بنێژرێت، بەڵام هەزارەها کەس بەر لە تاریکوڕوون لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکانەوە دەوەستن. حکوومەت نوێنەری خۆی دەنێرێت، یەکێتیی قوتابیان، یەکێتیی نووسەران، شانۆ و شانۆکاران و چەندەها دامودەزگای تری کولتووری، هونەری و پیشەیی لە

هەموو باکووری ئەورووپاوە ئامادەدەبن، هەروەها پارلەمانتارەکانی سۆشیال دیموکرات ڕۆڵێکی گەورە لە مەراسیم و بەڕێکردنی تەرمەکەی ستریندبێرگدا دەبینن، ئەمە جگە لە سەندیکای کرێکاران، کە بە زیاتر لە سەد ئاڵای سوورەوە بەشداری دەکەن. بەم جۆرە ژیانێکی چڕ و دەوڵەمەند و پڕ لە بەرهەم و داهێنانی نووسەرێکی نەترس و بێدەرەتان، گەڕیدە و ئاشقێکی بێپەروا کۆتایی دێت.

## سەرچاوەکان

**بە سوێدی:**


1. Brandell, Gunnar, Strindberg - ett författarliv, Forsta delen, Läroår och genombrott,
1849 – 1883, Bonniers 1987
2. Brandell, Gunnar, Strindberg – ett författarliv, andra delen. Borta och hemma,
1883 – 1894, Bonniers, 1985
3. Brandell, Gunnar, Strindberg – ett författarliv, tredje delen. Paris, till och från,
1894 – 1898, Bonniers, 1983
4. Brandell, Gunnar, Strindberg – ett författarliv, fjärde delen. Hemkomsten – det
nya dramat, 1898 – 1912, Bonniers, 1989
5. Lagercrantz, Olof, August Strindberg/Eftertankar om Strindberg, Bonniers, 1980 –
och 2007
6. Ollén, Gunnar, Strindbergs dramatik, sveriges radios forlag, 1982
7. Myrdal, Jan, Johan August Strindberg, Natura och kultur, 2000
8. Bark, Richard, Strindbergs drömspelsteknik i drama och teater, Student litteratur,
1981
9. G Carlson, Harry, Strindberg och myterna. Författarförlaget, 1979
10. Cavallin, Anna och westerståhl Stenport, Anna (red.), Det gäcknde könet,
Strindberg och genusteori, Symposion, 2006

11. Ekman, Hans – Göran, Villornas Värld, Studier i Strindbergs kammarspel,
Gidlunds förlag, 1997
12. Lamm, Martin, August Strindberg, Aldus/Bonniers, 1961
13. Meidal, Björn ochWanselius, Bengt, Strindbergs Världar, bokförlaget Max ström,
2012
14. Karin, Petherich och Göran Stockenström, Ockulta Dagboken, kommentarer,
August Strindbergs Samlade verk, Norstedts, 2011
15. Ekman, Hans – Göran, Teatermästaren Strindberg, två studier, gidlunds förlag,
2012
16. Kant, Yngve, Den andra Infernokrisen, August Strindberg 1907 – 1908
17. Hogeman, Anders, Med Strindberg, Hill och Aguéli i Paris, gidlunds förlag, 2012
18. Bohman, Stefan. Höök, Erik. Larsson, Camilla Ludvigsson, Lina. Olson, Stina
Strindberg i Blåtorent, Carlsson bokförlag, 2012
19. Strindberg, August, Ockulta dagboken, August Strindbergs samlade verk 59:1.
Norstedts – 2012
20. Strindberg, August, Inferno, August Strindbergs Samlade verk 37. Norstedts,
2009
21. Soderstrom, Goran, Strindberg – Ett liv- LIND & CO, 2013

**به کوردی:**

١.	ڕەئووف، دانا، ستریندبێری– سۆناتای تارمایی لە نێوان ڕاینهارت و بێریماندا، چاپی یەکەم، سوێد ٢٠٠١

٢.	ئاوگوست سترینباری، باوک، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە کوردۆ گەلالی، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوێد، ١٩٩٤

٣.	ئاوگوست ستریندبێرگ، پاریا، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە و پێشەکیی بۆ نووسین، فەرهاد شاکەلی، سوێد ٢٠٠٠

٤.	ئاوگوست ستریندبێری، سۆناتای تارمایی، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، عەبدوڵلا قادر دانساز، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧

٥.	ئاوگوست ستریندبێری، کەڵک، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، خەبات عارف، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧

٦.	ئۆگۆست ستریندبێری، خەونە نمایشێک، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دلاوەر قەرەداغی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩

٧.	ئاوگۆست ستریندبێری، خاتوو ژولیا، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، عەلی عوسمان یاقووب، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩

٨.	ئۆگۆست ستریندبێری، جەژنی هەڵسانەوە، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، خەبات عارف، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩

٩.	ئۆگۆست ستریندبێرگ، بەرەو دیمەشق، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، خەبات عارف، دەزگای ئاراس، ٢٠١٠

**فیلم، DVD**

1. Strindberg – Ett liv, DVD, 4 delar, 1985
2. August, DVD, 2 deler, 2007